# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٢٣) حوزەیرانی
٢٠١٩

**ئەم ژمارەیە بە سپۆنسەری سەنتەری زەهاوی**
**بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی چاپکراوە**

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤ - ٠٧٥١١٤١٢٥٤٣**
**tofeqkarem@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

**ڕاوێژکاران**

پ. د. موحسین عەبدولحەمید
پ.ی. د. عوسمان عەلی
پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی
پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی
م.ی ئیدریس سیوەیلی

**سایتی گۆڤاری خاڵ:** **www.xalkurd.com**

**تیراژ:** ١٥٠٠
**نرخ:** ١٥٠٠ دینار

# لەم ژمارەیەدا

## تەوەری ژمارە: [بەها باڵاكان لە بەردەم هەڕەشەی جیهانگیریدا]


قەیرانی بەهاكان، چییەتی- ماهیەت- پاڵنەرەكان، پۆلێن ............................... ناصح مەلاكەریم ٥
پەیڤێك لەسەر بەها زانستییەكان و ڕەنگدانەوەیان لە توێژینەوە ئاینییەكاندا .... د. سەباح بەرزنجی ١٣
گفتوگۆی گروپی گوڵنار لەگەڵ د. كەریم قەرەچەتانی ............................................................ ١٩
مرۆڤ وەك بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی پڕ بەها .................................................. عومەر عەلی ٣٤
بەها جیهانییەكان ...................................................................................... و. ڕیدار ئەحمەد ٣٩
تەزكیەی نەفس یانی چی؟ ....................................................................... ئیكرام كەریم ٥١
زانستی بەها باڵاكان ................................................................................ نەرمین مستەفا ٦١
پەروەردە لە ژێر بەرگی جیهانگیریدا ............................................ بوخاری عەبدوڵای قەسریٚ ٦٧
بەها ئەخلاقییەكان لە سەردەمی جیهانگیرییدا ................................ د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی ٧٣
گۆڕانی پێش فەرزە ئەخلاقییەكان ....................................................... نعمان محمد ئەڵماس ٨٤
بەها قورئانییەكان و جێكەوتە جیهانییەكانی ......................................... د. مستەفا جابر عەلوانی ٨٨
چەمكی «عەدالەتو یەكسانی» تیشكۆسازییەكی فرەڕا ........................................... زانا ناجی ١٠١
بەهاو نەریتی كورد لەدیدی بیانییەكاندا ................................................. سەریاس محەمەد ١٠٧


### بابەتی گشتی


ڕانانێك بۆ كتێبی كوردانی كاكەیی ئەهلی هەق و شەبەك ....................................... سەلاح سالار ١١٥
ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی لەنێوان كەلتوورو دەقدا ............................................ كامەران جەمال ١٢٣
گرنگی پرسیار و وەڵام و ئادابەكانی ......................................................... ئیمداد تەها ١٢٤




# تەوەری داهاتوو

## کوردۆلۆجی: لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

١_ مەبەست لەکوردۆلوجی چییەو چ پەیوەندییەك لەنێوان ئەم چەمکەو «رۆژهەڵاتناسی» دا هەیە لەڕووی ناوەڕۆك و لەڕووی مێژووی سەرهەڵدانەوە، بەو پێیەی کورد یەکێکە لەگەلانی زیندوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

٢_ ئەو بوارە مەعریفیانە چین کە دەچنە خانەی کوردۆلۆجی و چۆن بەیەکترەوە پەیوەست دەبنەوە؟

٣_ ئایا کوردۆلۆجی تەنها نووسینی بیانییەکانە لەسەر کورد یان ئەکرێت لەگەڵ «توێژینەوە کوردییەکان» دا ئاوێتە بکرێت کە لەلایەن نوسەران و گەریدەو لێکۆڵەرانی کورد خۆیانەوە نوسراون؟

٤_ جگە لەبیانییەکان چەند لیکۆڵەرێکی عەرەب لێکۆڵینەوەیان لەسەر کورد کردووەو گرنگییان بە بابەتە کوردناسییەکان داوە، چۆن دەکرێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت؟

٥_ ئایا تا ئێستا هیچ هەڵسەنگاندن و پۆلێنێك هەیە بۆ دیاریکردنی باکگراوەندو ئامانجی ئەو کەسانەی لەسەر کوردیان نووسیوە بەهەمانشێوەی ئەو قوتابخانە رۆژهەڵاتناسیانەی گرنگییان بە رۆژهەڵات داوە، لەگەڵ شیکارکردنی ناوەڕۆکی بەرهەمە کوردناسییەکان بەشێوەیەکی گشتی؟

٦_ چۆن دەکرێت مامەڵە لەگەڵ کوردۆلۆجی و زانستی کوردناسیدا بکرێت کە دەشێت بەهۆی جیاوازی زمان و کلتوری بیانییەکانەوە وەك پێویست لەناخی کۆمەڵگای کوردی و شوناس و کلتوری نەگەشتبن؟ ئایا دەکرێت تەنها پشت بەم زانستە ببەسرێت بۆ ناسینی کوردو دیاریکردنی ڕەچەڵەك و وێژەو زمان و ئاراستە کۆمەڵایەتییەکانی؟ رۆڵی ئەکادیمست و توێژەرانی کورد لەم کایەیەدا ئەبێت چۆن بێت

٧_ لە قۆناغی یەکەمی زانکۆکانی کوردستان وانەیەك هەیە بەناوی کوردۆلۆجی بەڵام گلەیی و ڕەخنە لەسەر ئەوە هەیە لەلایەك تێکەڵە لە لێکۆڵینەوەی بیانی و ناوخۆیی لەلایەکیتر وێنەیەکی ڕوون و ڕەوانی لەسەر کوردناسی لەدیدی بیانییەکانەوە پێشکەش نەکردوە لە زەینەفۆنەوە تا شاندو نێردە دیبلۆماسییەکانی ئێستا، چۆن دەکرێت ئەم وانەیە دەوڵەمەندو تۆکمە بکرێت.

چاوەڕوانی بابەت وتوێژینەوەی نوسەرو توێژەرە بەڕێزەکان دەکەین بۆ دەوڵەمەندکردنی تەوەرەکە.




# تەوەری ژمارە

## بەها باڵاکان لەبەردەم هەڕەشەی جیهانگیریدا

ئەم گۆڕانکارییانەی لەم سەردەمی تەکنەلۆجیایەدا ڕوودەدەن خێراتر و کاریگەرتر و سەرتاپاگیرترن لەوەی چاوەڕوان دەکرێت، زۆر بابەتی نوێ لەگەڵ خۆی دەهێنێت کە پێشتر نموونەیان نەبووە، زۆری دیکەش دەسڕێتەوە کە ڕیشەدار و قووڵ و بەربڵاو بوون، دەکرێت بوترێت بوارێک نەماوەتەوە کاریگەریی ئەم جیهانگیرییەی لەسەر نەبێت، بە بەها باڵا ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکانیشەوە.

لێرەوە دەپرسین:


ڕێژەی ئەم کاریگەرییانە چەندە کە جیهانگیری کردوویەتیە سەر بەها باڵاکان؟ ئایا ئەو کاریگەرییانە هەموویان نەرێنین یاخود خاڵی ئەرێنیشیان تێدان؟ مەترسی ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی چییە؟ بەرپرسیارێتی و چارەسەر لای کێیەوەو دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمکەدا بکرێت؟

ئەم پرسیارانەو کۆمەڵە پرسیارێکی دیکەمان وروژاند و کردمان بە تەوەری ئەم جارەی گۆڤاری خاڵ، وەک هەموو جارەکانی دیکە مامۆستایان و پسپۆڕانی بوارەکە هەریەکەیان لە ڕوویەکەوە کەوتنە توێژینەوەو دەربڕینی بیروڕای خۆیان لەسەر ئەو خاڵانەو تەوەرەکەیان بە پێزتر و دەوڵەمەندتر کرد.

گۆڤاری خاڵ

# قەیرانی بەهاکان

## چییەتی- ماهیەت- پاڵنەرەکان، پۆلێن





د.ناصح مەلاکەریم

توێژەر و مامۆستای زانکۆ – زانکۆی هەڵەبجە

پرۆفیسۆری یاریدەدەر، دکتۆرا لە فیکری ئیسلامی

## پێشباس:

بەچاوگێڕان بە گۆڕەپانی پەروەدەیی، کلتووریی، مەدەنیەت و ژیاریی، سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، دەرک بەو راستییە تاڵە دەکەین کە مرۆڤایەتی بە دەست دەیان کێشە و ململانێ و قەیرانەوە دەناڵێنێ. لە مەترسیدارتین قەیرانەکانیش (قەیرانی بەهاکانە) لە ژیانی تاکەکەسیەوە تا دەگاتە لوتکەی دەسەڵاتی سیاسی و لەوێشەوە شۆڕ دەبیتەوە بۆ ناوەندە پەروەردەییە کاریگەرەکانی وەک (خێزان، ناوەندەکانی فێرکردن وپەروەردە و پیگەیاندن، میدیا) . ئیتر لێرەوە ئەرکی دڵسۆزان قورس دەبێت لە ناساندن و دەستنیشانکردنی (قەیرانی بەهاکان) و( پاڵنەرکانی) و (پرۆژەی درووست) بۆ ڕوبەڕووبوونەوە و لانی کەم سوککردنی دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی ئەو قەیرانە ترسناکە لەسەر تاک و خێزان بەتایبەتی.

## بەهاکان – قیم- چین؟

بۆ ئەوەی زۆر دوور نەکەوینەوە لە ئامانجی ئەم نووسینە، هەوڵدەدەین ناساندنی ماهیەتی (بەهاکان) نەکەوێتە بۆسەی ململانێی فەلسەفی و سایکۆلۆژی وسۆسیۆلۆی ومۆدێرنە، چونکە بابەتەکە بۆ خوێنەرە جا ئیتر هەرکەس بێت.

- گروپێک لە پسپۆڕانی بواری سۆسیۆلۆژی وپەروەردە، پێناسەی ( بەهاکان) دەکەن بەوەی کە بریتین لە: پێوەرگەلێک کە بەهۆیانەوە بڕیار و حوکم دەدەین بەسەر بیروڕاکان، مرۆڤەکان، کارەکان، هەڵوێستە تاکی و بەکۆمەڵییەکان، لەڕووی ئەرێنی و نەرێنیان، دروستی و نادروستییان.

- توێژەرێکی بواری پەروەردەییش وردتر لە (بەهاکان) دەڕوانێت و پێیوایە بەهاکان (کۆمەڵێک یاسا و پێوەرن کە لە کۆمەڵێکەوە- کۆمەڵگەیەکەوە – سەرچاوە دەگرن و ئەو کۆمەڵ و کۆمەڵگەش دەیانکاتە پێوەر بۆ حوکمدان بەسەر کار ورەفتار و هەڵسوکەوت، ئەم بەهایانە کاریگەری و هەژموونیان بەسەر کۆمەڵگەوە دەبێت و سیفەتی – پابەندکرن و گشتاندن و حەتمییبوون – وەردەگرن، هەر دەرچوون یان لادانێک لەو پێوەرانە و ئاراستەیان، دەرچوونە لە پرنسیپەکانی کۆمەڵ و ئامانجەکانی و نەگۆڕەکانی.

بەپێی ئەم دوو پێناسەیەو پێناسە هاوشیەکانیان بۆ (بەهاکان)، سەرچاوەی بنەڕەتی و بنچینەیی بەهاکان لای تاک، کلتوری ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تیایدا دەژین و پێدەگەن و ڕێنمایی وەردەگرن.

## بایەخی لێکۆڵینەوە لە بەهاکان:

زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین: ئایندەی هەر کۆمەڵگەیەک پشت ئەستورە بەو بەهایانەی کە هەڵیدەبژێرێ زیاتر لەپشت ئەستوری بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا. ئەمرۆش زیاتر لە هەر کاتێکی تر قسەکردن لەسەر بەهاکان گرنگتر و پێویستترە، بەتایبەت کە بەهاکان کەوتوونەتە ژێر میهرەبانی (مۆدێرنە) و (تەکنۆلۆژیا) و (بەجیهانیبوون).

حەتمیەتی قسەکردن دەربارەی بەهاکان و بایەخدان پێیان، دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە فاکتەرێک، لەوانە:

**فاکتەری یەکەم:** پێگەی بەهاکان لەکۆمەڵبوون و کۆبوونەوەی مرۆیی: وەک دەبینین بەهاکان پلەی یەکەمیان گرتووە لە ژیانی مرۆڤدا، چونکە ئەم بەهایانە هەردوو جۆری بازنەی نیوخۆیی رەفتار دیاری دەکەن: بازنەی بیرکردنەوەو بازنەی ئیرادە و ویست. ئەوەتا بازنەی ( بیر- هزر) کار دەکات بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی پێداویستیەکانی مرۆڤ. لەهەمان کاتدا بازنە (ئیرادی)ەکە کار دەکات بۆ ڕووکردنە سەرچاوەی پێداویستیەکان. بەدوای ئەمانشیدا ئەندامەکان دەبزوێن و دەجوڵێن بۆ دەستخستنی ئەم پێداویستیانە.

پێداویستە مرۆییەکانی چەند جۆر وچەند پلەیەک

لەخۆدەگرن کە پسپۆڕان بە (پەیژەی پێداویستیە مرۆییەکان) ناوزەدیان دەکەن. لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژەگەلێک دەبینین بۆ ئەو پەیوەندییە بەردەوامەی هەیە لە نێوان ئەو بەهایانەی قورئانی پیرۆز ڕێنمایی مرۆڤەکان دەکات بۆ دەستخسنیان، لە نێوان تێرکردنی پێداویستیە مرۆییەکان بۆ ئەم بەهایانە. وەک خوای گەورە لەسەر زمانی ئیبراهیم پێغەمبەر – سەلامی خوای لەسەر بێت – دەفەرموێ: **((رَبَّنَا إِنِّي أَسْكَنْتُ مِنْ ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِنْدَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُوا الصَّلَاةَ فَاجْعَلْ أَفْئِدَةً مِنَ النَّاسِ تَهْوِي إِلَيْهِمْ وَارْزُقْهُمْ مِنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ)) إبراهيم: ٣٧.**

وەک دەبینین تێرکردنی پێداویستیە جەستەییەکان لە ڕۆزی وبەروبومە، هەروەها پێداویستیە دەروونیەکان (دڵی خەڵکی ڕاکێشان) و خۆشەویستییان چەند پێداویستیەکن کە ئیبراهیم داوا لەخوای گەورە دەکات تا ببیەخشێت بە نەوەکانی، وەک پێشەکییەک کە یارمەتیدەریان بێت بۆ بەرجەستەبوونی بەهای (سوپاسگوزاری).

چ تیۆرەکەی ماسلۆ، چ ئەو تیۆرە ئیسلامیانەی باس لە پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ دەکەن، هەردووکیان جەخت لە نەگۆڕی و یەکپارچەیی ئەم پێداویستییانە دەکەنەوە لای سەرجەم مرۆڤەکان، بەڵام ئەو( بەهایانەی) چۆنیەتی دەستخستنی ئەم پێداویستیانە دیاری دەکات، دەگۆڕێت بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە سفرەوە بۆ ٣٦٠ پلەی سەدی . فاکتەری کاریگەریش لەم جیاوازیە جۆری ئەو بیروباوەڕ و تێڕوانینایە کە پەیوەندی بە پێداویستیەکانەوە هەیە.

بەکورتی، ئەو بەهایانەی تێرکردنی ئەم پێداویستیانە ڕێکدەخەن، دەکرێن بە دوو بەشەوە: بەشی یەکەم: بەها پێوەریەکان، بەشی دووەم: بەها ڕێژەییەکان . مەبەستیشمان بە ( بەها پێوەریەکان) ئەوانەن کە پێوەرێکیان هەیەو بەهۆیەوە دروستی ئامرازەکانی تێرکردنی پێداویستییەکان دیاری دەکرێت. وە لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێوەرە بڕیاری ڕەوایەتی و نارەوایەتی، دروستی و نادروستی، حەرامی و حەڵاڵی ئامرازەکان دەدرێت. سەرجەم ڕێنماییەکانی ئایینە ئاسمانییەکان لەژێر ئەم جۆرە پێوەرەی بەهاکان جێیان دەبێتەوە. بەڵام (بەها ڕێژەییەکان) ئەو بەهایانەن کە پێوەرێکی بیروباوەڕیی لەپێشتریان نیە. بەڵکو لەدیاریکردنی ڕەوایەتی و نارەوایەتی، دروستی و نادروستی، چاکی وخراپییان، پشت بە ڕێژەی حەز و ئارەزووەکانی تاک و کۆمەڵەکان دەبەستن. فاکتەری کاریگەر و جیاکەرەوەش لە دیاریکردنی ئەم جۆرە بەهایانە (رای زۆرینەیە)، هەروەها مەترسی ئەمجۆرە بەهایانە لەوەدایە کە مۆرکی (ڕاڕایی) و( دوودڵی) پێوە دیارە بەهۆی سێ و دوویی و ڕاڕایی حەز و ئارەزووەکان. لەبەر ئەوەیە ئەمجۆرە بەهایانە بەردەوام چەندین شێواز لە شڵەژان و ناجێگیری دەروونی وکۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنن.

فاکتەری دووەم: زیادبوونی ئاڵۆزییەکانی ژیان و پێویستبوونی مرۆڤی هاوچەرخ بۆ هەستکردن بە شوناس و گەڕان بەدوای ناسنامەدا. چونکە – وەک دیڤید مارتن ناوی لێناوە– (شۆڕشی شارە گەورەکان) بووەتە هۆی دارمانی پێگە و کۆڵەکەکانی (ئینتیما) و سیستمی ئەو بەها کۆنانەی کە ئاراستەی ڕەفتاری تاکەکان وکۆمەڵە ناوخۆیی و هەرێمییە سادەکانیان لە ڕابردوودا دەکرد، دەرەنجامی ئەم (دارمانە)ش کۆمەڵێک لێکەوتەی ترسناک بوو؛ لەوانە:

- هەڵوەشانەوەی ئەو ڕایەی باوەڕی بە (ڕێژەییبوونی) بەهاکان هەبوو.
- تەقینەوەو سەرهەڵدانی چەندین جۆر لە ململانێی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی.
- دەرکەوتنی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی کە پێشتر بوونیان نەبووە؛ وەک هەستکردنی مرۆڤی هاوچەرخ بەنامۆبوون، تەنیایی، گۆشەگیری و دابڕان و ... دەیان نەخۆشی دەروونی و کۆمەڵایەتی تر، کە سەلمێنەری ئەو

> ❞ سەرچاوەی بنەڕەتی و بنچینەیی بەهاکان لای تاك، كلتوری ئەو كۆمەڵگەیەیە كە تیایدا دەژین و پێدەگەن و ڕێنمایی وەردەگرن.

ڕاستیەن كە مرۆڤایەتی پێویستی بە كۆمەڵێك بەهای نوێیە بۆ ڕێكخستنەوەی پەیوەندیەكانی مرۆڤی هاوچەرخ.

فاكتەری سێیەم: ڕووخان و هەرەسهێنانی سنورەكانی نێوان كلتورە نێوخۆیی و هەرێمی و كیشوەرییەكان و تێكەڵاوبوونی بەها جیهانییەكان – بەئەرێنی و بەنەرێنی- بە ژیانی تاك و كۆمەڵەكان. لێرەوە پێویستبوونی هەوڵەكان و یەكخستنی تواناكان دەردەكەوێت بۆ ئاراستەكردنی كارلێكردنی بەهاكان و پاشان جەختكردنەوە لە بەها ئەرێنی و دروستەكان و پەرەپێدانیان و سڕینەوەی بەها نەرێنی وخراپەكان و دەرهاویشتەكانیان، بەمەبەستی بەدیهێنانی هەردوو ئامانجی سەرەكی فەلسەفەی پەروەردە: ( مانەوەی جۆری مرۆیی) و ( گەشەپێدان و بەرزكردنەوەی ئەم جۆرە بۆ ئاستی شكۆ و پێگەی شایستەی لەم بوونەوەرەدا)

ئەو ڕاستیە تاڵەی كە پێویستە هەمووان دانیپیدابنێین: (تەحەددا)ی گەورەو هەڕەشەی قورس كە ڕووبەڕووی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبێتەوە، مەترسی جەنگەكان و چەكی كۆكوژ و ئەتۆم نییە؛ بەڵكو مەترسییەكانی ئەو (بولەمەرزە بەردەوامەیە) لە بواری بەهاكاندا بوونی هەیە و ڕێخۆشكەر و پاڵنەرە بۆ (تووانەوە) و ( لەناوچوونی) كلتورگەلێك و (سڕینەوەی) چەندین كۆمەڵگە.

فاكتەری چوارەم و كۆتایی لە فاكتەركانی بایەخدان بە بەهاكان و قسەكردن لەسەریان: دوای گەشتێكی پڕ مەترسی و پڕوكێنەر بە ناخی مرۆڤ و كۆمەڵی مرۆیی؛ پسپۆڕانی پەروەردە و سۆسیۆلۆژی و سایكۆلۆژی لە ڕۆژئاوا، پەنا بۆ (ڕۆڵی ئایین) دەبەن، وەک سەرچاوەیەكی كاریگەر لە سەرچاوەكانی بەهاكان . لەم ڕووەوە كۆمەڵێك مەرج و نیشانە دادەنێن بۆ ئەو ئایینەی پاڵێوراوە بۆ بەرهەمهێنان و ئاراستەكردنی بەها بنەڕەتی و پێویستەكان، كە تەنها لە ئایینی ئیسلامدا هەیە. لەمبارەوەیە هەریەک لە ( ئەبراهام ماسلۆ) و( ثیودۆر ڕۆزاک) لە نوسینە جیاوازەكانیان راو سەرنجی خۆیان خستووەتەڕوو.

## پاڵنەرەكانی پوكانەوەی بەهاكان

پوكانەوەی بەهاكان شتیكی لەناكاو و كتوپڕ نەبووەو نییە، بەڵكو دەرەنجامی كۆمەڵێك پاڵنەری خودی، ژینگەیی، پەروەردەیی، دەروونیی، كۆمەلایەتیی، سیاسیی، ڕوویداوە، لە گرنگترین پاڵنەرەكانیش:

١. لاوازی قەدەغەكاری_ وازع _ی ئایینی: لە گرنگترین ڕێكارەكانی پەروەردەی ئیسلامی و قەدەغەكارییە ئایینیەكانی ئیسلام ئەمانەن: (خۆشەویستی بۆ خوای گەورە، ترس لە تورەیی وسزاكانی، بەهێزی و بەردەوامی ( نەفسی لۆمەكار)،

خۆپاراستن لە حەرامکراوەکان و تێنەڕاندنی ئەو سنوورانەی شەریعەت دیاری کردوون) . نەبوون یان لاوازی ئەم جۆرە پەروەردە و بەربەست و قەدەغەکار (وازع)انە، ڕێخۆشکەرن بۆ پوکانەوە و لاوازبوونی بەهاکان بە گشتی و بەها ڕەفتارەییە ناوخۆییەکانی تاک بەتایبەتی.

٢. لاوازکردنی پێگەی پەروەردەی ئیسلامی و ڕێگری لە هەر چەشنە دەستێوەردانێکی ئیسلامیی لە کاروباری دەوڵەت، بەتایبەت بواری پەروەردە وفێرکردن:. یەکێک لە فاکتەرە هاندەرەکانی ئەم حاڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١.

٣. تەکنۆلۆژیا: تەکنۆلۆژیا بە یەکێک لە سەرەکیترین پاڵنەرەکانی پوکانەوەی بەهاکان دادەنرێت؛ ئەوەش لەڕێی هەوڵی بەردەوام بۆ کاڵکردنەوەی بەهاکان و لاوازکردنی بەها خێزانییەکان (بەتایبەت حەیا و شەرمکردن) و بڵاوکرنەوەی بابەتە ئیباحی و وروژێنەرەکان و ناساندنی ڕەگەزی مێ وەک شمەکێک و نمایشکردنی ئافرەتان بەڕووتی و ڕازاوەیی و گۆرانی وتن و ریکلامی بازرگانی و، کارکردن بۆ کاڵکردنەوەی بەها کۆمهڵایەتییەکان.. هەروەها کاریگەری میدیا (بینراو، بیستراو، خوێنراو) لە لاوازکردنی پێگەی بەهاکان کەم نییە، بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی (لە ناویشیاندا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) و کەناڵە ئاسمانییەکان و، مۆبایل و، دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن، لە بری هۆشیاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و کارکردن بە دیوی چاکسازی وچاکەکاری، بە پێچەوانەوە کاری هەندێ لە میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بووەتە کارێکی تێکدەرانە و سوککردنی بەها و ئاکارە کۆمەڵایەیتییەکان و دروستکردنی مەترسی لە سەر تاک و خێزان و کۆمەڵ. توێژینەوە مەیدانیەکانیش ئەوەیان ئاشکرا کردووە، کە تاکی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان بە ڕێژەی ٨٠٪ تەماشاکردنی دراماکان و کارە هونەریەکان و زنجیرە دۆبلاژکراوەکانی بەلاوە گرنگترە، بەبەراورد بە جۆرەکانی تری میدیا لە (بیستراو، بینراو، خوێنراو) . هەروەها توێژینەوە مەیدانیەکان ڕۆڵی میدیا لەسەر ڕەفتاری تاک بەگشتی و هەرزەکاران بەتایبەتی دەخەنەڕوو، لەو توێژینەوانەش: توێژینەوەکەی (عبدالحلیم،١٤٠٤هـ – ـ١٩٨٤م: ٢٤٢) کە لە ڕاپرسیەکەیدا، لە ٦٠٪ی بەشداربووان (کە خوێندکاری زانکۆن) دانیان بەوەدا ناوە کە ڕەفتاریان بەشیوەیەک لە شێوەکان کەوتووەتە ژێر کاریگەری دراماکان و زنجیرە تەلەفیزیۆنیەکان. هەروەها توێژینەوە مەیدانیەکەی (طوالبیة وئام و ماجن أسماء ) کە تایبەتە بە گێچەڵی سێکسی لەڕێی ئینتەرنێتەوە، ئەوەی ئاشکرا کردووە، کە لە ٥٤٪ ی بەشداربووانی ڕاپرسیەکەیان (لە ڕەگەزی مێ) ڕایانگەیاندووە لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە گێچەڵی سێکسییان بەرامبەر کراوە. هاوکات ٪ ٤٨ (لە هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ) ڕایانگەیاندووە کە ئەوان لە ریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، پەیوەندی سۆزدارییان بەستووە .(وئام وأسماء، ١٤١٥هـ: ١٢٣).

٤. کەمتەرخەمی لە دابینکردن و تێرکردنی پێداویستییە دونیاییەکانی وەک پێداویستیە ماددی و دەروونی وکۆمەڵایەتییەکان.

٥. ئەو گۆڕانکاریە خێرایەی جیهان بەخۆیەوە بینی – بەتایبەت لەتوپەتبوونی کۆمەڵایەتی – پاش هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات و سەرهەڵدانی سیستەمی نوێی جیهانی.

٦. زاڵبوونی هەژموونی بەجیهانیبوون و لێکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی و کلتورییەکانی ئەو هەژموونە.

## پۆڵێنی بەهاكان:

بۆ دەربازبوون لە (قەیرانی بەهاكان) پێویستمان بە پۆلێنێكی ئیسلامی دەبێت بۆ بەهاكان، تا بتوانین -لانی كەم- پارێزگاری لەشوناس و ناسنامەی ئاینیمان بكەین. ئەگەر بیرمەندانی رۆژئاوا – وەک پێشتر ئاماژەمان پێكرد - هەست بە كاریگەری و رۆڵی ئایین – بە گشتی – بكەن بۆ گێڕانەوەی بەهاكان، ئەوا ئەركی سەرەكی لایەنگرانی پرۆژەی ئیسلامی دەبێ كاركردن بێت بۆ گێڕانەوە و پارێزگاریكردن لەو (بەها پێوەرییانەی) كە بوونی تاك و مانەوەی كۆمەڵگەیان پێوە بەندە و لە رێبازی ئیسلامیەوە سەرچاوە دەگرن.

## لە گرنگترین بەهاكانیش:

یەكەم- كەرامەتی مرۆیی: ئەوەی دەبینرێت و هەستی پێدەكرێ، شكۆ و كەرامەتی مرۆیی لە لوتكەی بەهاكاندا جێگیر بووە و ئایەتی: ((وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ)) الإسراء: ٧٠. لە دەستوری هەمیشەیی موسڵماناندا ئەم بەهایەی چەسپاندووە و جێگیری كردووە. كاركردن بۆ ئەم گێڕانەوەی ئەم بەهایەش بە دروشم و ڕاگەیاندنی چەند جاڕنامەیەک و دانانی رۆژێک – وەک ١٢/١٠ ی هەموو ساڵێک نابیت، بەڵكو گێڕانەوەی شكۆ و كەرامەتی مرۆیی بە دەرخستن وخستنەڕووی ئەم چەند خاڵە دەبێت:

- جێنیشینی مرۆڤ لە زەویدا: مرۆڤ تاكە دروستكراوی خوای گەورەیە كە نهێنی بوون لەخۆ دەگرێت و ژیان لە سەر ئەو راوەستاوە ومانەوەی مەدەنیەت و شارستانیی پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە. خوای گەورەش فەرموویەتی: ((وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ)) البقرة: ٣٠.
- دەرخستنی پێگەی مرۆڤ وەک سەنتەری پەیامە ئاسمانییەكان: پاش سپاردنی ئەركی جێنیشینی بە مرۆڤ، پەروەردگار ئەم دروستكراوە ناوازەو دەگمەنەی پشتگوێ نەخستووە تا ببێتە نێچیری هەوەسبازی و ئارەزووەكانی، بەڵكو بەردەوام پەیامی خۆی ناردووە تا هاتنی كۆتا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت): ((ثُمَّ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا تَتْرَى كُلَّ)) المؤمنون: ٤٤ .
- سەجدە بردنی فریشتەكان بۆ ئادەم: ((وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ)) البقرة: ٣٤
- فەزڵی مرۆڤ بەسەر سەرجەم دروستكراوەكاندا.
- رامهێنان(تسخیر)ی ئەوەی لە ئاسمانەكان و زەویدا هەیە بۆ مرۆڤ: ((أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً)) لقمان: ٢٠
- رێزلێنانی مرۆڤ بە ژیری و بیركردنەوە و تێڕامان: ((إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ)) آل عمران: ١٩٠

دووەم- خۆپارێزی: خۆپارێزی (تەقوا) لە ڕوی زامانەوانییەوە واتە خۆپاراستن لەلادان لە ڕێگای راست . لە ڕووی چەمک و مانایشەوە چەندین پێناسە كراوە، ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لەم نووسینەدا، مانا گشتگیر و فراوانەكەی خۆپارێزییە دوور لە شێوازە باوەكەی. خۆپارێزی لەم نووسینەدا ئاماژەیە بۆ ئەو پێوەر و ئەندازانەی كە مرۆڤی باوەڕدار پێیانەوە بەندە، بە مەبەستی خۆپارێزی لە هەر چەشنە پێكدادانێک لەگەڵ ئەو یاسا و رێكارانەی رێبازی ئیسلامی دیاریكردووە بۆ چۆنیەتی مامەڵەی دروست لەگەڵ خوای گەورە، پاشان بوونەوەر، مرۆڤەكان، ژیان، دوارۆژ.

بەگەڕانەوەش بۆ سەرەتای قورئانی پیرۆز و كتومت پێنج ئایەتی سەرەتای سورەت (بەقەرە)، چوارچێوەیەكی گشتی بۆ خۆپارێزی دەبینین كە ڕەهەندە سەرەكییەكانی خۆپارێزی دیاری دەكەن؛ ڕەهەندی ئایینی كە خۆی دەبینێتەوە لە باوەڕبوون

## کاریگەری میدیا (بینراو، بیستراو، خوێنراو) لە لاوازکردنی پێگەی بەهاکان کەم نییە.

بە غەیب و یەکبوونی پەیامە ئاسمانییەکان و باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی وئەنجامدانی نوێژەکان. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی کە مەبەستی هاوسەنگی کۆمەڵایەتییە. ڕەهەندێکی مەعریفی کە هۆشیاری دەکاتە سەنتەر بۆ گەیشتن بە سەرفرازی. دواتر لە ژێر ئەم سێ ڕەهەندەوە دابەشکاریەک و وردەکاریەکی زۆر دەبینین کە دابەش بووە بە سەر ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پیغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت). ئەم دابەشکاری و وردەکاریەش سەرجەم ڕەفتارە تاکییەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت.

پۆلێنەکانی (بەهای خۆپاریزی)ش زۆرتر و زیاترن لەوەی لێکۆڵینەوەیەکی لەم چەشنەی ئەمەی ئێمە کۆیان بکاتەوە، لە هەمان کاتدا پێغەمبەری ئیسلام – درودی خوای لەسەر بێت- لە فەرموودە ناودارەکەی کە بە فەرمودەی (ئیمان) و ( ئیسلام) و (ئیحسان) ناسراوە، بەهاکانی خۆپاریزی دیاریکردووە.

قورئانی پیرۆزیش پلەبەندی بەهاکانی خۆپارێزی دیاری کردوە؛ وەک دەبینین ئاماژە بە بەرزترین ئاستی خۆپاریزی دەکات وەک ئایەتی: ((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ)) آل عمران: ١٠٢ دیاری کردووە. لەهەمان کاتدا ئاماژە بە نزمترین ئاستی خۆپاریزی دەکات، وەک ئایەتی: ((فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُم)) التغابن: ١٦روونی دەکاتەوە.

### بەرجەستەبوونی بەهاکانی خۆپارێزی:

بەهاکانی خۆپارێزی لە چەند بوارێکەوە بەرجەستە دەبن؛ بواری تاکی (نێوان خوای گەورە ومرۆڤ)، کە بڕگەی یەکەمی ئایەتی: ((وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا)) (النساء: ٣٦) دیاری دەکات. بواری کۆمەڵایەتی، کە دەشێت ناوی (خۆپارێزی کۆمەڵایەتی) لێ بنێین، کە ئەمجۆرەی خۆپارێزی پەیوەندی نێوان تاکەکان ڕێکدەخات و فەرموودەی (الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ) دەبێتە چوارچێوەو بازنەی ڕێکخستنی. بواری وەزیفە و کاروباری گشتی (بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت) کە ئایەتی: ((إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ)) (النساء: ٥٨)، دەبێتە ڕێکار و ڕینمایکاری. سەرجەم ئەو بوارانەش لەسەر دوو پایەی گرنگ ڕاوەستاون؛ ئەوانیش پایەی (دادپەروەری – العدل) وە پایەی (چاکەکاری- الاحسان) وەک خوای گەورە دەفەرموێ: ((إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ)) (النحل: ٩٠).

### لێکەوتە و دەرەنجامەکانی ( بەهاکانی خۆپارێزی)

- بەهاکانی خۆپارێزی دەبنە پارێزبەندی لە زەرەر و زیان و پیلانی نەیارنی ئایین، چونکە ئەمجۆرە پیلانانە بەرهەمی (بەها فشۆڵ و دابەزیوەکانن) کە لەبازنەی (بەهاکانی دووڕوویی) وە دزە دەکەن بۆ ناو کۆمەڵی موسڵمانان. خوای گەورەش فەرموویەتی: ((وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لَا يَضُرُّكُمْ

كَيْدُهُمْ)) (آل عمران: ١٢٠) .

• بەهاكانی خۆپارێزی گەرەنتی خۆشگوزەرانی ئابوورین: (وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَرَكَاتٍ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ) (الأعراف: ٩٦).

• بەهاكانی خۆپارێزی گەرەنتی ئۆقرەیی و ئارامی دەروونی و كۆمەلایەتی دەدەن: ((وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا)) (الطلاق: ٤).

• بەهاكانی خۆپارێزی گەرەنتین بۆ هەر جۆرە لادانێكی ژیری و دەروونی، لە بەرامبەریشەوە پاڵنەرن بۆ دەركەوتن و سەرهەڵدانی عەقڵە بیركەرەوە و داهێنەر و جیاكەرەوەی نێوان چاك و خراپ، حەق و ناحەق، ئەرێنی و نەرێنی: ((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تَتَّقُوا اللَّهَ يَجْعَلْ لَكُمْ فُرْقَانًا وَيُكَفِّرْ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ)) (الأنفال: ٢٩).

**ماوەتەوە بڵێین:**

تێپەڕاندنی (قەیرانی بەهاكان) لە ناساندن و دەستنیشانكردنی فاكتەرەكانی سەرهەڵدانی ئەو قەیرانەوە دەستپێدەكات، هەروەها هەوڵ و شەونوخونی هەموولایەكی دەوێت لە منداڵێكی بەردەرگا و ماڵ تا پیرەژنێكی سەربەرماڵ، بەتایبەتی دەزگا پەروەردەییەكان (خێزان، مزگەوت، ناوەندەكانی فێركردن، گرووپی هاوڕێیان) و دەستبژێرەكان- نوخبە-ی كۆمەڵگە لە بیرمەندان و بانگخوازان و رۆشنبیران.

## سەرچاوەكان:


- احمدبن حمد الخليلى، القيم الإسلامية ودورها في تقديم حلول للمشكلات البيئية العالمية.
- سلافة بكر عبدالله القيم التربوية المستنبطة من حادثة الافک – رسالة ماجستير-.
- علي محمد اليعقوب، القيم الإسلامية وتأثيرات المحيط التربوي والاجتماعي
- ماجد عرسان الكيلانى، فلسفة التربية الاسلامية.
- محمد الزحيلى، حقوق الانسان فى الاسلام.
- محمد بشير محمد البشير، القيم الحضارية: مفهومها وأهميتها ووسائل تطبيقها في السنة النبوية.
- مساعد بن عبدالله المحيا، القيم فى المسلسلات التفازية.
- Abraham Maslw. Religons, values and Peak-Experience.( New York: penguin Books,1978) pp. 57-58.
- Theodore Rozak, Where the Waste Land Ends, (New York: 1972) pp. 264-265.

# پەیڤێك لەسەر بەها زانستییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە توێژینەوە ئایینییەکاندا



**د. سەباح بەرزنجی**

لە دایکبووی ١٩٦٨ شارەزوور. دکتۆرای فیقهو بنەماکانی یاسا. پرۆفیسۆری یاریدەدەرە. خاوەنی ١٤ کتێبی چاپکراو و دەیان توێژینەوەیە. مامۆستا لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی. سەرۆکی سەنتەری زەهاوی.

مرۆڤ بە سروشتی خواکرد هەڵوەدای راستییەکانە لەهەموو شتێک دەکۆڵێتەوە، لە خۆی، لە کات و شوێن، لە سروشت و ژیان، لە رابردوو لە ئێستا و داهاتوو، هێز و توانستەکانی ئەوی شییاندووە بۆ هەموو ئەم بابەتانە، بۆ توێژینەوە و وردبوونەوە. بەسروشتی کۆمەڵایەتیشی مرۆڤ هەوڵیداوە هاوکاریی برا و هاوشێوەکانی بکات لە پێناوی بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان، بۆ نموونە بۆ ئەوەی بە خۆشیی و کامەرانی بژی و لە بەهرەو سوودەکانی خاک و سروشت بەشدار بێت، هەر بۆیە ئەڵقەکانی توێژینەوە و سەرنجدانی زانستیی زنجیرەوار پێکەوە بەستراون. لەگەڵ بوونی رێباز و رێگای جیاواز بۆ توێژینەوەی زانستی و وردبوونەوە لە داتا و زانیارییەکان و دەروازە و رەهەندەکانی، بەهای زانستیی یەک لەو پایەگرنگانەن کە پێویستە لە قۆناغ و هەنگاوەکانی هەر توێژینەوە و توێژەرێکدا بەرجەستە ببن و رەنگ بدەنەوە، کە لەم وگوزەرەدا هەوڵدەدەین ئاماژەی پێبدەین.

پێش ئەوەی پێناسەی بەها زانستییەکان بکەم بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ چەند توێژینەوەیەک بکەم سەبارەت بە پێویستبوونی بەهای زانستی لە هەر پرۆژە و پرۆسەیەکی لەم چەشنە.

١- توێژینەوەی (تایلۆر) و (سوان) (١٩٩٠ز) کە باس لەوە دەکات خویندکارانی خوێندنی باڵا پێویستیان بە چەند بەهایەکی زانستی بەپێی هەلو مەرجی قۆناغەکەیان هەیە.

٢- توێژینەوەی (بینیت) (١٩٩٧ز) کە ئاماژە دەکات بۆ جیاوازیی ناو خویندکاران لە رەچاوکردنی بەها زانستییەکاندا.

٣- توێژینەوەی هاوبەشی (کاکافولیس) و (فۆریست) (١٩٩٩ز) سەبارەت بە کورتهێنانی پرۆگرامەکانی خوێندن.

لە توێژینەوەی یەکەم بە شێوەیەکی کردەیی دەردەکەوێت کە بوونی بەهای زانستی پێویستە بۆ هەموو خوێندکارێک چ جای توێژەران، لەدووەم ئەو راستییە بەرجەستە دەبێت کە لەناو بەها زانستییەکاندا دەشێت ریزبەندیی بکرێت بە پێی کەسەکە و بابەتەکە. لە سێیەم توێژینەوە ئەو دەرەنجامەمان بۆ حاسڵ دەبێ کە لەواقیعی هەر دەزگایەکی فێرکردندا هەر چەند باڵاش بێت بۆی هەیە کەمووکورتی لە پرۆگرامەکاندا یەکێک بێ لە هۆکارەکانی کاڵبونەوەی بەهای زانستی.

## بەهای زانستیی چییە؟

بەها زانستییەکان بریتیین لەو کۆمەڵە بریارە پێوانەییانەی کە مرۆڤەکان دەیدەن سەبارەت بە دیاردە و روداو و شتەکان کاتێک دەیانەوێ بە روانگەیەکی زانستیی رووبەرِوویان ببنەوە. یان بڵێین بریتین لەو وێناکردنە ژیرانە و ویژدانییانەی کە هەڵوێستی مرۆڤ سەبارەت بە پرسە بنیاتی و رێکارییەکانی زانست دیاریدەکەن و دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ ئاسانتر لە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ توخمەکانی ژینگە تێبگات و باشتر راڤەیان بکات.

بەهای زانستی کەوابێ چەمکێکی سێ رەگەزییە: مەعریفی، ویژدانی و رەفتاری کە لە ئەنجامی جۆشخواردنی خوێندکار لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندن دروستدەبێ، وەک ئەمانەتداریی زانستی و مامەڵەی دروست لەگەڵ زانیارییەکان و پاراستنی دۆکۆمێنت و بەڵگەنامەکان و دەرخستنی ئەنجام و ئاسایشی زانستی و ئەتەکێتی گفتوگۆکردن و جیاوازیی بیرورا.

مرۆڤ ئەم بەهایانە لە سەرچاوە ئاینییەکان، کەلتوورییەکان و کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێ و هەستیان پێدەکات و پەسەندیشیان دەکات و دەبنە بەشێک لە پێکنەرەکانی کەسایەتیی ئەو.

گرنگیی ئەم بەهایانە لەوەدا دەردەکەوێ، کە

دەبنە هۆکاریی هەماهەنگیی نێوان سەرچاوە ئاینی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵگە و ئەخلاقییاتی زانست. بەنیسبەت خوێندکارەوە دەبێتە چوارچێوەیەک و لە هەڵوێستەکانیاندا بۆی دەگەڕێنەوە. دەشبنە پێوەرێکی بابەتیانە بۆ رەفتار و چالاکییان.

بۆ مامۆستایانیش رۆڵێکی پێوانەیی دەبینێت سەبارەت بە رۆڵ و چالاکیە زانستی و پەروەردەییەکانیان. جگە لەمانە ئەم بەهایانە پایەیەکی گرنگیی خوێندنی سەرکەوتوون و بەرپرسیارن لە بەرهەمهێنانی زانستی سوودبەخش.

لەرووی بەهاکانەوە لێهاتوویی خوێندکار و مامۆستا و دەزگای پەروەردەیی گەشە دەکات و خەسڵەتی شیکار و لێکدانەوە لەناو فەزای پەروەردەییدا پەرەدەستێنێت. بەبێ بەها زانستییەکان بزاڤی توێژینەوە چەقدەبەستێ و تەنانەت فەلسەفەی زانستیش لە رەوتی خۆی دەوەستێت.

لەتوێژینەوەی زانستیدا سەرەتا دەبێ پێناسەیەکی وردمان بۆ خودی توێژینەوە هەبێ، کە دوای شەن و کەوکردنی ژمارەیەکی زۆر پێناسەی پێشنیارکراو گەیشتین بەم پێناسەیە:

کە توێژینەوە بریتییە لە چالاکییەکی رێکخراو بەمەبەستی دۆزینەوەی وەڵام بۆ چەند پرسێکی دیاریکراو، ئەم پرسانە رەنگە بنەرەتی یان پراکتیکی یان تەکنیکی بن، لە ئەنجامی ئەم چالاکییە پەردە لەسەر نەزانراوێک و راستییەک لادەدرێ، ئەم کارە لەخودی خۆیدا بەکارهێنانی کۆمەڵە زانیارییەکە لە بوارێکی مەعریفییدا کە پێکەوە یەکەیەک پێکدەهێنن و زانیارییەکی نوێیان لێ پەیدا دەبێ.کەواتە توێژینەوە پرۆسەیەکی رێک و پێککراوە بەسەرتا و ئەنجامی روون، لە دەروازەیەکەوە دەچێتەناوی و دواتر بە دەرەنجامێکەوە لێی دێتە دەرەوە.

بۆ دەستنیشانکردنی ئەم بەهایانە پێویستە پێ بە پێی پایەکانی توێژینەوە برۆینە پێش:

## پایەی یەکەم: زانیاریی و داتاکان

کە لەم رووەوە پێویستە زانیارییەکان چەند خەسڵەتێکیان هەبێ وەکوو بنەڕەتی بوون، راستبوون، وردەکاریی، روونی، نوێبوون و بەڵگەداربوون. بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان پێویستە توێژەر ئەماتنەتی بپارێزێ لە گێڕانەوەی زانیاری و بێلایەن بێ و رەخنە قەبووڵ بکات و لێبوردە و عەقڵانی و خاوەنی نەخشە بێ، راستگۆ و سینەفراوان و دڵسۆزی زانست بێ، شان بداتە بەر بەرپرسیارێتی. نەچێتە ژێرباری دەسەڵات و بیروبۆچوونە بۆماوە و کۆنەکان. بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا بەردەوام بەدوای زانستی تازە و سوودبەخشدا بگەرێت.

## پایەی دووەم: مامەڵە لە گەڵ زانیارییەکان

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان، خەڵکی کراون بە چوار گرووپ:

١. گرووپێک وەک مێروولە مامەڵە دەکەن تەنها زانیاریی کۆدەکەنەوە.

٢. گرووپێک وەک جاڵجاڵۆکە وان زانیاری کۆناکەنەوە بەڵام بەبێ زانیاری پێویست بیر و بۆچوون دەردەبڕن.

٣. گرووپی سێیەم وەک هەنگ وان، زانیاری کۆدەکەنەوە، شیکارییان بۆ دەکەن و گۆرانکارییان تێدا دەکەن و بەرهەمی نوێی لێ دەردێنن.

٤. گرووپی چوارەم ئەوانەن کە لەسەر زانیاریی خەڵکی تر دەژین و زانیارییەکان تێکەڵ دەکەن.

لەم سەرووبەندەدا توێژەر دەبێ، خۆی بپارێزێ لە کۆکردنەوەی زانیاری بەبێ شیکار و لە تێکەڵکردن و دەستکاریکردن و خولانەوە لە بیری بەتاڵدا.

## پایەی سێیەم: ڕێکخستنی ڕۆشنگەرانە

هیچ توێژینەوەیەک بەبێ ڕێکخستنێکی ڕۆشنگەرانەی زانیارییەکان سەرکەوتوو نابێت، ئەمە ڕێک ئەو ڕێکارەیە کە لە دێرزەمانەوە زانایانی لۆجیک باسیان کردووە و گرنگییان پێداوە، کە ئەو زانیارییانە پێویستە ڕێکبخرێن و زنجیرەوار بەکاریان بهێنین، بۆ ئەوەی ئەنجامیان هەبێ، لەکۆندا ئەرەستۆ و لە سەردەمی نوێدا فرانسیس بیکۆن زۆر مەبەستیان بووە، توێژەر زانیارییەکانی وا ڕیزبەندیی بکات کە بیگەیەنن بەمەبەست، بیکۆن قسەیەکی جوانی هەیە لەمبارەوە:

« ئەو کەسەی دەشەلێت بەو مەرجەی ڕێگای ڕاست بگرێ زۆر زووتر لەو پاڵەوانی ڕاکردنە دەگاتە مەبەست کە ڕێگای ڕاستی نەگرتووە، واتە هەرچەند پاڵەوانەکە چالاکترە، بەڵام چونکە ڕێگاکەی هەڵە کردووە تاخێراتر ڕابکات زۆرتر لە ئامانجەکەی دوور دەکەوێتەوە».

پایەی چوارەم: بواری تایبەت و دیاریکراو

توێژەری ڕاستەقینە ناتوانێت لەم سەردەمی پسپۆڕییە وردانەدا ناونیشانی گەورە گەورە دەستنیشان بکات بۆ توێژینەوەکانی، ئەو دەبێت بابەتەکانی ورد و وردتر بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی ڕوونتر و کردەیی تر بن، واتە ئەمەش بۆخۆی بەهایەکی زانستییە کە زانای گەورە شۆڕببێتەوە بۆ بابەتە وردیلەکان و خۆی لە ناو مەودا بچووکەکاندا بدۆزێتەوە.

## پایەی پێنجەم: هەماهەنگیی و گونجانی ناوخۆیی توێژینەوە

پێویستە توێژەر ئاگاداری ئەوە بێت کە نابێ لە توێژینەوەکەیدا دژەگۆیی و ناتەبایی هەبێ و هەنگاوەکانی یەکتری تەواو بکەن و یەکتر هەڵنەوەشێننەوە.

پایەی شەشەم: تازەگەریی و داهێنان

ئەم دوو چەمکە بۆخۆیان هەڵگری باری بەهایین، هەربۆیە پێویستە توێژەر بڕوایەکی تەواوی بە تازەگەریی و داهێنان هەبێ و تاپێی دەکرێ لەلاسایی خەڵک و دووبارەکردنەوەی خۆی، دوور بکەوێتەوە.

توێژینەوە ئایینییەکان هەنووکە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیان بە ڕەچاو کردنی بەهای زانستییە، بۆ ئەوەی زۆرێک لە قەیرانی هزریی چارەسەر بکرێ، سەرەتا پێویستمان بە دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوەی ئایینییە، کە لەم بوارانەدا خۆی دەبینێتەوە:

- کەلام و عەقیدە و گرووپە بڕواییەکانی وەک ئەهلی سوننە و موعتەزیلە و جەبرییە و ئەوانی تر.
- فیقهو و ئصوول و یاسادانان و ئەو قوتابخانە و ڕەوتە مەزهەبی و فیقهییانەی لەو بابەتانەوە دروستبوون.
- ئاکار و ڕەوشت و پرسە ئەخلاقییەکان.
- دەروونناسی ئایینی.
- کۆمەڵناسیی ئاینی.
- فەلسەفەی دین.
- مێژووی ئاینەکان.

توێژینەوەی ئایینی پێویستە لەو شێوازە کلاسیکییە دەرباز ببێ کە دەقی پێوەگرتووە و ڕووبکاتە ئاسۆیەکی نوێ لە داهێنان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە تازە و جیددییەکانی ژیاری نوێ و مرۆڤی نوێ و کۆمەڵگای نوێ.

ئایین پەیامی وەحییە کە بڕوای تاکەکەس باشترین وەڵامە بۆی، ئاین بەم پێناسەیە دوو ماف دەدات بە وەرگرەکەی:

- مافی تێگەیشتن لە وتارەکە.
- مافی پرسیارکردن لە ناوەرۆکی وتارەکەی.

> لەکۆندا ئەرەستۆ و لە سەردەمی نوێدا فرانسیس بیکۆن زۆر مەبەستیان بووە، توێژەر زانیارییەکانی وا ریزبەندیی بکات کە بیگەیەنن بەمەبەست

**پاشان پێویستە بزانین کە وەحی سێ پەیامی هەیە:**

– پەیامێک کە گوزارشتە لە بوون ( العقیدة).

– پەیامێک کە فەرمان و بریارە (الفقه).

– پەیامێک کە باس لە بەها و شکۆمەندیی و دژە بەها و ناشکۆمەندیی دەکات (الاخلاق).

زانایانی پێشین لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە دوو سەرچاوەی گەورەی کیتاب و سوننەتیان ئیلهامبەخش بۆ ئیجتیهاد و نوێبوونەوەو لەم پێگەیەوە زانست و مەعریفەی جۆراوجۆریان بەرهەمهێنا، بۆ تێگەیشتن لە پەیامی ئیلاهیی ئیسلام. ئەم تێگەیشتنە هەمیشە داکۆکیی لەوە دەکات کە دین بۆخۆی پێوانەی راست و دروستیی بابەت و بریارەکانە و تاپێی بکرێ پەیامەکانی بۆ چەسپاندنی ئەم راستییە رەهایەیە.

حاڵی حازر توێژینەوە ئایینییەکان ئەو تێگەیشتنەی تێپەڕاندووە وتوێژەران نایەنەوێ تەنها باس لە حەقانییەتی دین بکەن، بەڵکو وێرای ئەوە زۆر مەبەستیانە شیکاریی بۆ گوزارە ئاینییەکان و سرووتە ئایینییەکان و دەرکەوتە ئاینییەکان بکەن، واتە ئایین وەک دیاردە و واقعێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، واتە ئەگەر جاران قسەی ئایینی بریتی بوو لە قسەی خودا و پێغەمبەر، هەنووکە باس بووەتە باسی کاریگەریی بروا ئایینییەکان لە رێنمایی تاک وکۆمەڵگا بۆ بنیاتنانی ژیانێکی دەستە جەمعی شیاوی مرۆڤ. بۆیە توێژینەوە ئایینییەکان دوو ڕەوتی جیددییان بەخۆوە گرتووە:

– توێژینەوەی ئەزموونگەریی لەسەر ئایین وەک لە دەروونناسی ئایین و کۆمەڵناسی ئایین و مێژووی ئایینەکان پەیرەو دەکرێ.

– توێژینەوەی شیکاریی و لۆژیکیی لەسەر ئایین وەک لە فەلسەفەی ئاییندا بەرجەستە دەبێت.

بەهای زانستیی هاوشانی بابەتە زانستییەکانی دیکە لێرەشدا پێویستبوونی خۆی فەرزدەکات و لەقۆناغەکانی توێژینەوەی ئایینییدا دەبێتە رێنما و نیشانەیەکی بەرجەستەی سەرکەوتوویی ئەو توێژینەوەیە.

یەک لە گرنگترین پایە و پێشمەرجەکانی هەر توێژینەوەیەک بوونی ئیدارەیەکی هۆشیاری کارایە کە لە هەموو قۆناغەکاندا چاودێری توێژەر و توێژینەوە بکات و پارێزگاریی لە رەوت و لە خەسڵەتە زانستییەکە بکات.

لە هەموو قۆناغەکانی توێژینەوە دا ئەم ئیدارەیە رۆڵی کاریگەر دەبینێت، لە پلاندانانەوە، تا ئامادەکاریی دارایی و هونەریی و مرۆیی و لۆجستیک، تا پێکهێنانی تیمی توێژەر، تا بەرێوەبردنی کات و تا خزمەتگوزارییەکانی توێژینەوە و تا چۆنیەتی وەرگرتن و دیاری و تۆمارکردنی زانیارییەکان.

ئیدارەی توێژینەوە لایەنی زامنی بەهازانستییەکانە بە پلەی یەکەم و ئەم ئەرکانەی لە ئەستودایە:

– دیاریکردنی ئامانج.

– ویناکردنی گرفتی توێژینەوە.

- گریمانەی توێژینەوە.
- دیاریکردنی نزیکترین و گونجاوترین رێگا بۆ توێژینەوە.
- هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان.
- دیاریکردنی رێبازی توێژینەوە.
- هەڵسەنگاندنی توێژینەوە.

هەستیارترین قۆناغ دوای ئەنجامدانی توێژینەوە بریتییە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆی، کە بۆخۆی پرۆسەیەکی بەهادارە و لێوانلێوە لە پیادەکردنی بەهاکانی وەک راستگۆیی و ئەمانەتداری و دڵسۆزیی و وردەکاریی و رێزگرتن لە کات، کە هەرهەموویان پێویستە لە توێژەر و لیژنەکانی هەڵسەنگاندن و راوێژکاریی رەنگبدەنەوە.

هەر بۆخۆی پابەندبوون بە میتۆدی توێژینەوە بەهایەکی زانستییە، کە لە عورفی ئەکادیمی کۆن و نوێدا میصداقییەتی توێژەر و توێژینەوە دیاریدەکات.

هەبوونی پێناسە و پۆلێنکردن و بەڵگەهێنانەوە، پاشان رەخنە و هەڵوەشاندنەوە و گریمانەهێنانەوە و بەرامبەر بوونەوەی بۆچوونی نەگونجاو و ناڕەوا، دەرخەری هەموو ئەو بەها زانستییانەن کە پێویستە لە هەموو قۆناغ و ساتە وەختەکانی نووسین و توێژینەوەدا بوونیان هەبێ و سایەبانی فەزا مەعریفییەکە بن.

قبووڵکردنی راستیی و رێژەیی بوونی حەقیقەتی زانستیی و دابەشبوونی زانایان بەسەر رەوت و ئاراستەی جیا جیا بەهایەکی گەورەیە لە کەلەپووری ئێمەدا رەنگیداوەتەوە. لەمەولاش جگە لەو رێکارە ناسراوانەی مێژووی توێژینەوەی ئایینیی دەکرێ سوودێکی زۆر لە زانستەکانی سینماتیک (علم الدلالە) و هیرمۆنتیک (علم التاویل) وەربگیرێت و وێنایەکی گونجاو لە تێگەیشتنی دەق بدرێ بەدەستەوە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ لە ناوەوە سەیری بنیاتی ئایین بکەن.

لە هەمان کاتدا دەکرێ واقیعبینانە سەیری توێژینەوە دەرەکییەکانیش بکرێ و ئەو مافە بە توێژەران بدەین کە بە مەنهەج و دیدگای جۆراوجۆر قسە لەسەر ئایین بکەن.

موسوڵمانان دەتوانن هاوسەنگییەک بەدیبێنن لە نێوان شیکاریی چەمکەکان و شیکاریی گوزارەکان، بۆ کۆتایی هێنان بەو جەدەلە مێژووییەی لە ناو توێژەراندا باسی لێ دەکرێت. کە کامیان لە پێشترە: شیکاریی چەمکەکان یان شیکاریی گوزارەکان؟

شیکاریی چەمکەکان سیمای بەرجەستەی بیرکردنەوەی ئیسلامیی بووە، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە پێناسە و دیاریکردنی چەمکەوە دەستپێدەکەن و پاشان دێنەسەر گوزارە و بەڵگە.

بەڵام شیکاریی گوزارەکان سیمای بیرکردنەوەی کانتییە و لە ئەنجامدا پشت بە دوو رەگەز دەبەستێت:

- شیکاری پێکهاتەی لۆجیکییانەی دەق.
- شیکاریی پێکهاتەی زمانەوانی دەق.

ئەم جیاکارییە مەرج نییە سەد لەسەد بێت، بەڵام دەکرێ توێژەری هاوچەرخ هاوسەنگیی پێویست بکات لە نێوانیاندا.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بۆ گرنگیی توێژینەوە میانییەکان (الدراسات البينية) بکەم، کە یەکێکن لە دەسکەوتەکانی سەردەمی نوێ، بەو مانایەی کە هەموو زانستەکان یەکتری تەواو دەکەن و پردی پەیوەندیی جۆراوجۆریان لە نێواندا هەیە و پێویستە دیوارە دەسکردەکانی نێوانیان برووخێندرێت، چونکە بەسندە کردنی یەک پسپۆڕیی بە سنوورە مەعریفییەکانی دەبێتە هۆی بەرتەسککردنەوەی خۆی و رێگرە لە داهێنان ودۆزینەوەی راستیی تازە.

**نموونەی زۆریشمان هەیە لەم بارەوە:**

پزیشکی و کیمیا و فیزیک و دەروونناسی و کۆمەڵناسی پێکەوە دەتوانن تاک و کۆمەڵگایەکی تەندروست و ساغ بەرهەم بهێنن. بەهەمان شێوە شەریعەت و یاسا و زمانناسی و فەلسەفە و لۆجیکیش پێکەوە دەتوانن مرۆڤ رێنمایی بکەن بۆ بەهای بەرز و مافپارێزیی و تێگەیشتنی باش.



دەمەتەقێی گرووپی گوڵنار لەگەڵ

## د. کەریم شەریف قەرەچەتانی

# هەست دەکەم کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی هەرزەکاری دایە



دکتۆر کەریم شەریف قەرەچەتانی مامۆستای زانکۆ و پسپۆری بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی لەم دەمەتەقێیەی گرووپی گوڵناردا باس لە گرنگی و پێگە و کاریگەریی بەها باڵا و جوانەکانی کۆمەڵگە دەکات و پێی وایە بەهای مرۆڤبوون و هاوڵاتیبوون لە پێشینەترینی بەها جوانەکانن.. ئەو پێی وایە کاریگەری تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیا و زنجیرە دراماکان وایکردووە کە خەڵك پشت بکاتە بەها باڵاکان و ڕێژەی توندوتیژی و هەڵوەشانەوەی خێزانیمان زیاد بکات.. ئەو پێی وایە پچڕپچڕ و ناتەبایی گوتاریی ئایینیش لە کوردستان ڕۆڵی هەبووە لە کاڵبوونەوەی بەهاکان و نەمانی خود سەنتەریی و تێریی ڕووح و مەعنەوییەت.. ئەو پێی وایە بەهۆی پابەند نەبوونی تاکەکان بە بەهاکان و نەمانی پەروەردە خێزان بەرەو لێکهەڵوەشان دەڕوات و کە خێزانیش لێکهەڵوەشا، ئەوسا کۆمەڵگەش بەرەو هەڵدێر و هەڵوەشانەوە دەڕوات.. ئەو پێی وایە چارەسەری ئەم دۆخە بریتییە لە: پەروەردە، پەروەردە، پەروەردە! گرووپی گوڵنار ئەمجارە ئاشناتان دەکات بە دیدارێکی دکتۆر کەریم شەریف قەرەچەتانی مامۆستای زانکۆ

**گوڵنار: بەها باڵاکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی کامانەن و چۆن بیانناسینەوە؟**

د. کەریم: کە تۆ باس لە بەها باڵاکان دەکەیت، دەبێ بزانین کە بەها باڵاکان بەرهەمی ئەقڵ و مرۆڤ و کەلتوورن، یەکێک لەو بەهایانە بەها ئایینییەکانە، ئێمە کە لە سایکۆلۆژیادا دەیخوێنین کەسانێک هەن کە بەها ئایینییەکان یا لایەنە ئایینییەکە زیاتر زاڵە لەلایەن، واتە زیاتر نوێژ و ڕۆژوو و خواپەرستی و ئەو شتانەی کە بەرەو ئایینی دەبات، ئەمە چۆن دەناسرێنەوە؟ تەبعەن ئێمە ڕاپرسی تایبەتمان هەیە کاتێک دەبینی کە کەسێک لایەنە ئایینییەکەی و ڕۆژووەکەی و ڕۆژی قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ و خودا و پێغەمبەر لە قسە و کردارەکانی دا ڕەنگ دەداتەوە، بەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کەسە زیاتر بەها ئایینییەکان تیای دا زاڵە، کەسانێکی تر هەن بە پێچەوانەوە بەها ماددییەکان دا تێیان دا زاڵە، واتە هەموو ژیان و ئایدیۆلۆژیا و فیکریان تەرخان دەکەن بۆ مادده و بۆ کڕین و فرۆشتن و بازرگانی، بەهای بازرگانی لەلای ئەم جۆرە کەسانە زاڵە، ئەم جۆرە کەسانە تەنانەت ئەگەر ئایینیشیان هەبێ، نوێژ و ڕۆژووشیان هەبێت و بشچن بۆ حەج دەیانەوێ ئەو پەرستشانە وەک وەسیلەیەک بەکاربهێنن بۆ هێنانەدی حەز و ئارەزوو و بەرژەوەندی ماددی خۆیان، بۆیە دەبینی خەڵکێکی زۆر دەچێت بۆ حەج و عومرە بەس زیاتر وەک بازرگانی لێکی دەداتەوە، بۆیە لای ئەمانە بەهای ماددی و بازرگانی زاڵە! کەسانێکی ترمان هەن بەهای زانستی و تیۆری زاڵە بەسەریاندا،

ئەمانە زاناکان و فەیلەسووفەکانن، ئەمانە زیاتر گرنگی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و گریمانە و کەون و گەردوون و نەزەریات دەدەن، ئەمانە لەوە دەچێ ڕیشێکی درێژ و پرچێکی کوڵکنی هەبێ و هیچ گرنگی بە جوانی نادا و لەوەچێ نە نوێژ بکا نە ڕۆژوو بگرێت، نانی هەبێت بەیانی بیخوات بیر لە نیوەڕۆ ناکاتەوە، بەس گرنگ ئەوەیە زانست و لێکۆڵینەوە هەبێت و بەدوای دا بچێت، ئەمانە بەها تیۆرییەکان لەلایان زاڵە! کەسانێکی تر هەن بەهای هونەری زاڵە لەلایەن، زیاتر بەدوای جوانی و تەنسیق و شتە جوانەکان و چێژبینین لە سرووشت و ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوون و گوڵ و باخ و ئەمانەوەن، ئەمانەش بەها جوانەکان زاڵن لەلایەن، ئیتر بەو شێوەیە، هەیە بەهای میکانیکی یا کرداری و پراکتیکی زاڵە بەسەریاندا! کەواتە هەرکەسە و بەهایەک زاڵە بەسەریدا، مەبەستمان ئەوە نییە کە هەرکەس ئاییندار و خواپەرست بوو ئیتر نابێ کاسبی بکات، کاسبی دەکات بەڵام کاسبییەکەشی بۆ خزمەتی ئایینەکەی بەکاردەهێنێت، مانای وا نییە کە ڕقی لە هونەر بێت، بەڵام هونەرەکەشی بۆ خزمەتی ئایینەکەی بەکاردەهێنێت، مەبەستم ئەوەیە مرۆڤ ئەم بەهایانەی تێدایە، هەمیشە ئەم بەهایانەش یەکێکیان یا دووانیان زاڵە!

ئینجا بێینە سەر کۆمەڵگەی کوردی بزانین کۆمەڵگەی کوردی گرنگی بە چی دەدات، تەبعەن ئێستا کۆمەڵگەی کوردی بەش بەش بووە، تاکەکانی هەریەکەیان کەوتۆتە لایەکی ئەو بەشانەوە، ناتوانی بە ڕەهایی بڵێیت کە ئەم کۆمەڵگەیە زیاتر بیر لە ماددە دەکاتەوە یا زیاتر بەهای ئایینی تێیدا زاڵە، مەبەستیشمان لە ئایینەکان تەنها ئایینە ئاسمانییەکان نییە، چونکە هیندۆسییەکان مانگا دەپەرستن، ئەمە جانبی ڕووحییەکەیە کە ئایینێکی بۆ خۆی درووست کردووە، هەیە کاکەییە هەیە یەزیدییە، ئایینە ئاسمانییەکانیش ئەوە ئیسلامە، یەهوودییە، مەسیحییە، ئەمانەش بەهاکان بوون، کێ بەرپرسە لێیان؟ بێگومان کۆمەڵگە! کە منداڵ دێتە دونیاوە لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا خاوەنی هیچ بەها و قیەمێک نییە، ئەوە کۆمەڵگەیە بەهای پێدەبەخشێت، لە خێزانێکی دیندار و خواپەرست دا منداڵێک دەردەچێت کە لایەنە ئایینییەکەی بەسەردا زاڵە بەڵام مەرج نییە منداڵەکەش وەک دایک و باوکەکەی دەربچێت، لەبەر ئەوەی ئێمە کۆمەڵێک دام و دەزگای کۆمەڵایەتیمان هەیە ئەوان بەرپرسن لێی، دایک و باوک موسڵمانن، خواپەرستن، بەڵام هاوڕێیەکی خراپ بەلاڕێی دا دەبات، ڕاگەیاندنێکی خراپ تێکی دەدات، مامۆستایەکی خراپ تێکی دەدات، زۆرجار دەزگای تر تێکی دەدات بۆ نموونە خاڵێکی یا مامێکی لە ڕێگەی ڕاست لای دەدات! زۆرجار دایک و باوکەکە مولحیدن بەڵام منداڵەکە ئاییندار دەردەچێت بەهۆی کاریگەری برادەرێکی باش یا هەر دامەزراوەیەکی تر! کە دەڵێین کۆمەڵگا هەموو شوێنەکانی وەک دایەنگا و باخچەی ساوان و پەرستگا و خێزان و کۆڵان و برادەر و حیزب و بادی و بارەکانمان مەبەستە. هەموو ئەمانە کە کۆمەڵگە پێکدەهێنن بەشداری دەکەن لە درووستکردن و بونیادنانی قییەم و بەها ئەخلاقییەکانی تاک.

**گوڵنار: کامیان بەهای بەرز و باڵای کۆمەڵگەیە؟ یا کامیان زیاتر وەک بەهای باڵا بناسێنین؟**

د. کەریم: ئەوە دەکەوێتەوە سەر مرۆڤەکان و پەروەردە، خەڵکێک هەیە ڕەهەندە ئایینییەکەی بەسەردا زاڵە، دوای ئەوە ئایینیش تەتەڕوفێکی تێدا هەیە، بۆ نموونە داعس کە تەتەڕوفی کردووە خۆی بەخت دەکات لەپێناوی ئەو بیرەی کە هەیەتی، ئەم بەهایە لای ئەو زاڵە، کەسانی تر هەن بەڵام بەو شێوەیەی ئەم بیر ناکەنەوە، تەنانەت لەناو شیعەکانیش دا کەسایەتییەک هەیە (ئەحمەد قوبانچی) کە شتەکانی دەخوێنێتەوە گومانت لە پرەنسیپەکانی ئایین بۆ درووست دەکات، ئەو پێی وایە بەهەشت نییە دۆزەخ نییە، کێ دەڵێ ئەم ئایەتە

لەلای خوداوە هاتووە، بەڵگە چییە ئەوەی کە هاتووە قسەی بۆ پێغەمبەر کردووە جوبرەئیل بووە، خۆ هیچ ناسێنەرەوەیەکی پێ نەبووە، کێ ناڵێ جنۆکە نەبووە! مەبەستم ئەوەیە ئەمە بیرکردنەوەی ئەم پیاوەیە و خۆشی بە ئاییندار دەزانێت، بەڵام خوێندنەوەیەکی تری هەیە بۆ ئایین، لە ئایینیش دا پلەبەندی هەیە، سێ شت هەیە لە هەموو بەهایەک دا (بیروباوەڕ، حەز و خۆشەویستی بۆ هەموو شتە ئایینییەکانی، جێبەجێکردنیشیان بە ڕەفتار و کردار)، حەج و عومرە و زەکات و تەراویح، هەیە ئاییندارە بەڵام زۆر توند نییە، نوێژ دەکا، ڕۆژوو دەگرێ، حەج دەکات، زەکات دەدات، لەوەچێ زۆرجاریش وازیان لێبهێنێ، هەیشە هەر ئیمان و باوەڕەکەیەتی و تەواو، ئەوەش دەکەوێتە سەر هێزی ئەو بەهایە، هی واش هەیە بەهای سیاسیی هەیە، ئەوەندە پەڕگیرە لەم حیزبەدا کە تەنها لەبواری سیاسەتی حیزبەکەی دا ئیش دەکات، زۆرجار خۆی بەخت دەکات لەپێناوی ئەو فیکرە و ئایدیۆلۆژیایەی کە هەیەتی، ئێمە باسی کەسێک دەکەین کە ئایدیۆلۆژیایەکی پاکی هەبێت، نەک ئەمانەی کە لەسەر حەبل یاری دەکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەر ڕۆژەی لەلای یەکێکن.

لە ئەخلاقیش دا تیۆرێکمان هەیە تیۆریای (کۆلبەرگ) کە ئەخلاقی کردووە بە شەش بەشەوە، شەش قۆناغەکەشی کردووە بە سێ ئاستەوە، ئاستی یەکەمی داناوە بە ماوەی پێش عورف و عادات و تەقالید، دەڵێ کەسانێکمان هەن هەرچی بەها و ئەخلاقێکیان هەبێ بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانە، هەرشتێک بەرژەوەندی کەسی خۆیانی تێدابێ دەیکەن، ئیتر بۆیان گرنگ نییە دژی کۆمەڵگە بێ دژی یاسا بێت دژی مرۆڤایەتی بێت گوێی نادەنێ، بەڵام کە ئەقڵ و مەعریفە زیادبوو، وردە وردە گەشەی ئەخلاقیشی زیاد دەبێت و دەچێتە ئاستی دووەم کە ماوەی یاسا و داب و نەریتە، واتە ئەگەر شتێک زانی دژی عورف و داب و نەریتە نایکات تەنانەت ئەگەر بەرژەوەندی خۆیشی تێدابێ، شتێک بزانێ دژی کۆمەڵگە و یاسا و ئەخلاق بێت، ئەگەر دژی خۆشی بوەستێتەوە نایکات، ئەمە وەک کەسی پێش خۆی نییە لە جۆری یەکەم دا، ئینجا دەڵێ کەسانێکی زۆر کەم هەن کە دەگمەنن، وەکو پوختەیەک کە عادلن لە کۆمەڵگەدا، وەک چۆمسکی و ماندێلا و غاندی، ئەمانەش دەچنە ئاستی سێیەمەوە، کە پێی دەگوترێ پاش یاسا و عورف و داب و نەریت، واتە تێپەڕاندنی ئەو دوو ئاست و کەسەی پێش خۆی. واتە کە زانیان شتێک ناهەقە ئەگەر یاساش بێت قبووڵی ناکەن.

سەردەمی سەدام ئەوەی فیراری بکردایە گوێیان دەبڕی، ئەگەر حاکمێک لەم مستەوایەدا بێ و گەیشتبێتە ئاستی سێیەم گوێی ئەو فیرارە نابڕێت، بەڵام ئەگەر لە ئاستی دووەم دا دەیبڕێت، دەڵێ یاسایە و لە دەست من نییە و ناچارم فەرمانبەرداربم، بەڵام کە چووە ئاستی سێیەمەوە و ئەخلاقی ئەوەندە بەرز بوویەوە ڕێ نادا بەو تاوانە، دەڵێ: ئەوە دژی یاسایە، دژی ئەخلاقە، دژی مرۆڤایەتییە، دژی یاسا و ئایینە ئاسمانییەکانە من جێبەجێی ناکەم ئەگەر لەسێدارەش بدرێم. کەواتە لێرەدا لە ئاستی سێیەم دا واتە دوای ئاستی داب و نەریت و یاسا، دێت موناقەشەی یاسا دەکات، ئایا ئەم یاسایە باشە؟ ئایا ئەم یاسایە بۆ ئەم سەردەمە دەشێت؟ ئایا ئەم یاسایە دادپەروەری تێدایە؟ ئایا ئەم یاسایە مافەکانی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤی پاراستووە؟ خۆ یاسا هەر مرۆڤ دەری دەکات، زۆرجار چەند یاسایەک دەردەچێت هەر بۆ بەرژەوەندی چەند کەسێکە، هەندێ یاسا هەیە زاڵمە، ئێستا لە کوردستان دا یاسا هەیە دەڵێ: دەبێ بە شەرت و شرووت و ڕێنمایی تۆ خۆپیشاندان بکەیت، بەڵام ئەگەر کەسێک لە ئاستی سێیەم دا بێت ئەوە ڕەد دەکاتەوە و دەڵێت: ئازادی ڕەها هەیە بۆ مرۆڤ، ئیتر دێتە دەرەوە، قسە دەکات، خۆپیشاندان دەکات، ڕای خۆی دەربڕێت نابێ تۆ

رێی لێ بگریت! نابێ داوای مۆڵەت و ڕووخسەت لە تۆ بکات، ئەوە مافێکە و خوا پێی داوە و تۆ ناتوانی لێی بسەنیتەوە.

جا مەبەستم ئەوەیە ئەمانە کە کەمینەن دەگەنە مستەوای سێیەم، گوێ بە زۆر لە عورف و عاداتەکان نادەن، وەک عورف و عاداتی: ژن بە ژن و بچووک بە گەورە و شیربایی، چونکە پێی وایە ئەمانە دژی بەها باڵاکانن، دژی ئەخلاق و مرۆڤایەتییە و جێبەجێیان ناکات، کەواتە ئەوە دەکەوێتەوە سەر ئاستی ئەخلاقی کەسەکان، مەرج نییە چ ئەخلاقێکی هەیە یا چ بەهایەکی هەیە، باشە ئەم بەهایەی لە چ ئاستێک دایە؟ چونکە بێگومان ئەگەر موجریمێک یا دز و جەردەیەکیش بگریت قییەمی ئەخلاقی خۆیی و بەهای باڵای هەر هەیە، منداڵەکانی خۆی خۆشدەوێت، خیانەت لە برادەرەکەی ناکات، بەڵام لە هەمان کات دا کۆمەڵێک شت هەن پێشێلیان دەکات.

**گوڵنار: کەوایە گرنگی و بایەخی بەها باڵاکان بۆ کۆمەڵگەی ئێمە چین؟ یا دەتوانن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چ ڕۆڵێک بگێڕن؟**

د. کەریم: خۆت دەزانی مرۆڤ بەبێ بەهاکان نەک هەر ناژی بەڵکو هەر نابێ، بەتایبەتی بەهای ئەخلاقی، زانست و پێشکەوتنی هەموو دونیات هەبێ، ئەگەر هات و بەهای ئەخلاقی لەگەڵ دا نەبێ کارەساتی لەدوایە، خراپ بەکاردەهێنرێت، بۆیە بە بڕوای من یەکێک ئەخلاقی جوان بێت، بەها ئەخلاقییەکانی بەرز بن، ئەگەر نەخوێندەواریش بێت بۆ کۆمەڵگە سوودی زۆر زیاترە لەو کەسەی زانا و فەیلەسووفێک بێت بەڵام ئەهای ئەخلاقی لەگەڵ دا نەبێت. چونکە ئەگەر تۆ زانستی هەموو دونیات هەبێ بەهای ئەخلاقیت لەگەڵی نەبوو خراپی بەکاردەهێنیت، ژان ژاک ڕۆسۆ لە سەدەی هەژدەدا دەڵێت: تاوەکو سەقافەت و ڕۆشنبیری بەرز بێتەوە ئەوەندە ئەخلاق نزم دەبێتەوە، چونکە زانستەکە بۆ فڕت و فێڵ و چەوساندنەوەی خەڵکانی تر بەکاردەهێنرێت.

کەوابێ دەبێ ئێمە جیاوازی بکەین لە نێوان سەقافەت و زانست دا. ئێستا سەرنجی دۆناڵد ترامپ بدەن، قوەت و هێزی هەیە، بەڵام چونکە قیەم و ئەخلاقەکەی وەک ئاستە مرۆڤایەتییەکە نییە، دەبینی هەرچی بوێ ئەوە دەکا، بە ئاشکرا دەڵێت: من پارەی نەوتی عێراق دەبەم، بە ئاشکرا بە سعوودییە دەڵێت: بە شەق پارەت لێدەسەنم! ئەمە چ قیەم و بەهایەکی ئەخلاقی و ئاسمانی هەیە رێ بە تۆ دەدات کە ماڵی خەڵکی بەری، نەوتی خەڵکی بۆ بەرژەوەندی خۆت بفرۆشی، ژێر زەوییەکەی بەری. بۆیە ئەمە دەسەڵاتەکەی هەیە بەڵام قیەمە ئەخلاقییەکەی لەگەڵ دا نییە، مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن و سەربەخۆیی و دادوەریی و ئەمانەی لەگەڵ دا نییە، تەنانەت لەو ئەمریکایەش دا هەزارەها کەس هەن سواڵ دەکەن و لە برسان دا مردوون، بەڵام چینێکی زۆر کەم ئەو هەموو خەڵک و جیهانە دەبات بەڕێوە، من خوشک و برام لەوێ نیشتەجێن دەڵێن: لە زۆربەی خوێندکارەکانی ئەوان زیرەکترین، بەس ئەوەیە ئەوان نوخبەیەکن و پێشڕەوایەتی ئەو وڵاتە دەکەن و دەیبەن بەڕێوە، زۆربەشیان لەوانەن کە لە وەکالەتی ناسان و ئەم هەموو لێکۆڵینەوە و داهێنان و تەکنەلۆجیایە بەرهەم دەهێنن، لە کاتێک دا زۆربەی ئەو داهێنەرانەش لە وڵاتی ئیسلامیی و ڕۆژهەڵات و لای ئێمەوە ڕاو نراون و چوون بۆ ئەوێ لەوێ شوێنیان بۆ کردوونەتەوە و بەکاریان هێناون و خزمەتیان پێدەکەن.

**گوڵنار: دکتۆر باست لە عورف و عادات و نەریتی کۆمەڵگا کرد، ئەمانە چ پەیوەندییەکیان بە بەها باڵاکانەوە هەیە؟**

د. کەریم: بەها باڵاکان لەکوێوە دێن؟ سەرچاوەکەیان کوێیە؟ بێگومان سەرچاوەکەیان ئایینە، عادات و تەقالیدە، کەلتوورە، زانستە، لەوێوە داکەوتوونەتە ناو کۆمەڵگاوە، ئەو کۆمەڵگایانەی کە

زیاتر لەسەر عورف و عادات دەڕۆن بە بێگومانی بەهاکانیان لەو عورف و عاداتانەوە وەرگیراون، بۆ نموونە پەرلەمان یاسای دەرکردووە دەڵێت: تۆ بۆ هێنانی ژنی دووەم پێویستە ڕەزامەندی ژنی یەکەم وەربگریت، بەڵام ئەگەر کەسانێک هەبن لەو ئاستەی دووەم دا بن کە لە سێ جۆرەکەی پێشوو باسمان کردن، ئەم کەسە باوەڕی بە عورف و عادات هەیە، گوێ بەم یاسایە نادات دەڵێت: مادامەکی زۆرینە و کۆمەڵگەکەم و عەشیرەتەکەم و خزم و کەس و کارەکەم پرس بە کەس ناکەن و ژنی دووەم دەهێنن و، مادامەکی ئایین وایگوتووە من هەر ئەسڵەن گوێ بە یاسا نادەم، یاسا پێشێل دەکات، کەوایە ئەم کەسە عورف و عادات و تەقالیدەکان دەکاتە سەرچاوە بۆ بەها باڵاکانی خۆی، بۆ ئەخلاقی خۆی، بەڵام ئەگەر کەسەکە گەشەی زیاتر کردبوو، گەشتبووە ئاستی چوارەم کە لە قۆناغی دووەم دایە، ئەو کاتە بەپێی یاسا هەڵس و کەوت دەکات، دەڵێت: مادامەکی پەرلەمانی کوردستان وای دەرکردووە منیش دەمەوێ کاروبارەکانم بەپێی یاسا بێت! خۆشت دەزانی هەمیشە یاسا پێشکەوتووترە لە عورف و عادات، عورف و عادات بەرهەمی ئەقڵی ناوچە و عەشیرەتێکە، بەڵام یاسا بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی هەموو کۆمەڵگاکەیە، بۆ نموونە ئێستا کە یاسایەک دەردەچێت لە پەرلەمان نوێنەری هەموو خەڵکی تێدایە، بەڵام لە ناوچەیەک دا لە عەشیرەتێک دا عورفێک هەیە هی هەموو کوردستان نییە. بۆیە لە هەموو دونیادا یاسا پێشکەوتووترە لە عورف و عادات، بۆیە ئەو کەسانەی گەشەی ئەخلاقی و فیکریی و ئەقڵیان زیاتر بووبێت کە زانی شتەکە دژی یاسایە عورف و عاداتەکە پێشێل دەکەن، دەڵێت: من ژنی دووەم ناهێنم، نایەوێ پارێزەرێک بگرێ و فرت و فێڵ بکات، هەوڵ دەدا حیلە شەرعی بەکاربهێنێت، یا حیلەی یاسایی بەکار بهێنێت، بۆ نموونە دەچێت لە کەرکووک مارەی دەکات، لەگەڵ ئەوەش دا بەبێ یاساکە نایکا، دەڵێ با کابرا بەپێی عورفەکە بیکات من نایکەم، چونکە یاسا دژییەتی، کەواتە ئەوە پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەوە هەیە، تا کۆمەڵگە هۆشیار بێت بێگومان ئەو سەرچاوەیەشی کە بەهاکانی لێوە دێ هۆشیار دەبێت.

**گوڵنار: کەوایە پێویستە دژیەکی و ناکۆکی لەنێوان بەها باڵاکان و یاسادا هەبێت؟**

د. کەریم: ئەی چۆن نییە، بەڵێ بێگومان دەبێ دژیەکی هەبێت، پێشتریش نموونەم بۆ هێنایتەوە کە ئەگەر یەکێک لە سەردەمی سەددام دا بووایە ئەگەر کەسێک فیراری بکردایە گوێی دەبڕی، بۆیە ئەگەر کەسێک ئاستی ئەخلاق و تێگەیشتنەکەی گەیشتبێتە دوای یاسا و عورف و عادات، گوێ بەم یاسایە نادات، تەنانەت لاشی ئاساییە ئەگەر لەسێدارەی بدەن، تەنانەت ناشترسێت لە لەسێدارەدان، چونکە شتێک ناکات کە دژی ئەخلاق و بنەما ئەخلاقییەکان بێت، ئەو ئاستی ئەخلاقەکەی ئەوەندەیە کە دەڵێت نایکەم چونکە دژی مافی مرۆڤە، دژی یەکسانی و دادوەرییە، کەواتە لێرەدا یاساکە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: دەبێ یاساکە گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، یەکێکی وەکو چۆمسکی کە فەیلەسووفێکی گەورەیە چەندانجار شتیان خستە بەردەمی ڕەتی کردەوە و دژی بوو، ئەو پێی وایە ئەمە ناعەدالەتی و نا یەکسانی تێدایە و پێی وایە ستەمە و سەرمایەدارییە و مژینی خوێنی خەڵکی تێدایە، ئەوانە ئەو کەسانەن کە زۆر کەمن و بەهای ئەخلاقیان دەگاتە سەرووی یاسا و عورف و عاداتەکانی کۆمەڵگە! ئەمانە مەرج نییە هەر یاسا جێبەجێ نەکەن، ئەگەر یاسا مرۆڤانە بێت جێبەجێی دەکەن و لێی لانادەن، بەڵام کە زانیان یاسا لەگەڵ ئەو ویژدانەی ئەوان هەیانە، لەگەڵ ئەو بەها ئەخلاقییانەی کە ئەوان هەیانە (نێو نەتەوەییە، ئایینییە، یەکسانییە، ئازادییە) دژ وەستایەوە ئەوان جێبەجێی ناکەن و پێچەوانەکەی دەجووڵێنەوە.

گوڵنار: زۆرجار کورد هەوڵی هێنانی کەلتوور و

بەهای بێگانە، یا بەهۆی جل و بەرگەکەیەوە بێت، یا لە ڕێی سۆشیال میدیا و تەکنەلۆژیاوە بێت، یا لە شێوازی ژیانی ڕۆژانەی دا ڕەنگ دەداتەوە، یا بە خۆراک و جل و بەرگەکەیەوە دیارە، ئایا کورد خۆی کەمی بەها و کەلتووری هەیە تا پێویستی بە کەلتوور و بەهای بێگانە بێت؟

د. کەریم: تۆ کە دەڵێی بەها، بەهای مرۆڤایەتی هەموو مرۆڤێک دەگرێتەوە، ئێستا کۆمەڵێک قییەم و بەها هەیە هاوبەشە لەنێوان هەموو مرۆڤەکان دا، بۆیە من ئەگەر بەهایەکی بێگانە خزمەتی کەلتوورەکەم (کەلتوورە ڕاستەکەی خۆم، چونکە کەلتووریش هەڵەی زۆری تیایە) دەکات، وە ئەگەر ئەو بەهایە خزمەتی قییەم و بەها ئەخلاقی و مرۆڤییەکانم دەکا، ئەو کاتە نەک لە ئەورووپا و ئەمریکا، ئەگەر لە ئیسرائیل و باشووری ئەفریقاش بێت دەیهێنم، چونکە سوودمەند دەبم لێی، چونکە ئەوە بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤایەتییە، بەڵام کاتێک قییەم و بەهایەک نەک لە ئەورووپاوە ئەگەر لە براکەمەوە هاتبێت یا لە دراوسێکەمەوە هاتبێت، گەر بزانم دەبێتە هۆی ڕووخاندنی ئەو بەها و قییەمانەی کە چاکن و من باوەڕم پێیانە جێبەجێی ناکەم، ئەمە پەیوەندی بەجۆری بەهاکانەوە هەیە، دوای ئەو زنجیرە دراما و هونەرمەند هێنان و ڤیستیڤاڵە جۆراوجۆرەکان کە هەن، ئەگەر بێت و لە خزمەتی تاکی کوردە، لە خزمەتی نەتەوەی کوردە، لە خزمەتی ئاسایشی کوردە، لە خزمەتی مرۆڤایەتی دا بێت، دەیکەم و قبووڵیان دەکەم، کێشەم نییە لە کوێوە هاتوون و هی کێن! بەڵام کە شتێک بزانم ئەمە ئەخلاقم تێک دەدات، بزانم کە خێزانم تێک دەدات، بزانم کێشەی خێزانیم بۆ درووست دەکات، بزانم کۆمەڵێک قییەمی جوانم هەیە دەیشێوێنێ کە باو و باپیرانمان بە چنگەکرێ هێناوییانە و گەیاندوویانە بە دەستی ئێمە، من ئەو بەهایە ڕەفز دەکەمەوە، من باسی دەرەوە و زنجیرە دراماکان ناکەم، باسی جۆری بەهاکە دەکەم، ئیتر کێشە نییە لە چ سەرچاوەیەکەوە هاتووە یا بەرهەمی چ کەسایەتییەکە؟ تۆ بۆ هەر باسی زنجیرە درامای بیانی دەکەی، جاری وا هەیە لە تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکان دا زنجیرەی وا لێدەدرێت، گۆرانی کوردی وا دەگوترێت کە زۆر لە هی دەرەوە خراپترە، قییەمی وا خراپی تێدایە کە بەرەو لادانت دەبات، ئەوە پەیوەندی بە ئەورووپا و زنجیرە درامای تورکییەوە نییە، پەیوەندی بە جۆری بەهاکانەوە هەیە کە دەیچێنێ، لە ئێستادا لایەن هەیە، ڕێکخراو هەیە، میدیا هەیە، حیزب هەیە لەم کوردستانەدا شتی وا بڵاو دەکاتەوە هیچ زنجیرە درامایەکی تورکی بەو شێوە ناشیرینە بڵاوی ناکاتەوە بەڵام تۆش پێی نازانی، ژەهرێکت پێدەنۆشێ لەناو هەنگوین دایە، تا لێی ورد نەبیتەوە نازانی دەرەنجامەکەی چۆنە. جا لەبەر ئەوە هەر شتێک لە ناوخۆ بێت یا لە دەرەوە بێت بە بەرژەوەندی من و نەتەوەکەم و مرۆڤایەتی تەواو بوو، من لەگەڵیام و بە بەهای درووستی کۆمەڵگەی دەزانم، ئینجا هەموو کەس دەزانێ شتە جوانەکان و بەها باڵاکان چین، کێ هەیە نەزانێ چی خراپە و چی باشە؟ بۆیە هەر بەهایەک دژی ئەخلاقی نەتەوەکەم و خۆم و مرۆڤایەتی بێت منیش دژی دەوەستمەوە!

**گوڵنار: کەوایە تا چەند بەها جوان و ڕەسەن و باڵاکانی ئێمە لە کۆمەڵگەی کوردەواریی دا لە بەردەم هەڕەشەی جیهانگەرایی و عەولەمە و سۆشیال میدیا و مۆدەگەرایی دان؟**

د. کەریم: لە بەردەم هەڕەشەیەکی زۆر مەترسیداردایە، من لە بەرنامەکانی خۆم دا هەمیشە جەختیان لێدەکەمەوە، لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانم و کۆڕ و نووسینەکانم دا بەردەوام باسی ئەو مەترسیی و هەڕەشەیەم کردووە، بەداخەوە ئەم تۆرە کۆمەڵایەتی و سۆشیال میدیایە هاتنە ناومانەوە زۆر بە خێرایی هاتن، ئێمە نەمانتوانی منداڵ و تاک و گەنج و تەنانەت گەورەکانیشمان

له بواری دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە وا پەروەردە بکەین کە باش بەکاری بهێنن، بۆیە زۆر خراپ بەکارمانهێناوە، ڕێژەی جیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی خێزان لەناومان دا زۆر زیادی کردووە، خیانەتی هاوسەرگیری زۆر زیادی کردووە، من بە حوکمی ئیشەکەم هەفتەی دوو ڕۆژ دادەنیشین و خەڵک بۆ ئەو کێشە و گیر و گرفتانە دێنە لامان، هەموو دایک و باوکێک دەناڵێنن بەدەست نەخەوتنی منداڵەکانیان و بەفیڕۆدانی کاتێکی زۆر بە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە، بۆیە دەبینین ئەم جۆرە لە ژیانە دەیان کێشەی بۆمان دروستکردووە، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی خراپ بەکاری دەهێنین! تەکنەلۆجیا بریتییە لە مۆبایل و کۆمپیوتەر و تەلەفزیۆن و کامێراکەی من و تۆ، ئەوانە بێگیانن و ئێمەین گیانی دەکەین بەبەردا، ئێمەین خراپ بەکارمانهێناوە، ئەگینا ئەگەر مۆبایل باش بەکاربهێنرێت خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات، ئەو ئینتەرنێتە هەموو جیهانی هێناوەتە ماڵەکەتەوە ئەگەر باش بەکاری بهێنین خزمەتمان دەکات، کێشەکە لە ئێمەوەیە کە تاکەکانمان باش پەروەردە نەکردووە لەسەر بەها باڵاکان، ئەوە پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟ ئێمە هەمیشە دەڵێین جیاوازی هەیە لەنێوان (تەفکیر و زەکا)دا، بیرکردنەوە و زیرەکی، من هەمیشە دەڵێم زیرەکی وەکو باشترین سەیارە وایە، بەڵام بیرکردنەوەکە وەکو سایەقەکەی وایە، تۆ وەرە باشترین و جوانترین سەیارەی دونیا بهێنە بیدەرە دەست شۆفێرێکی خراپ بزانە چی لێدەکات؟ یا خۆی دەکوژێت یا ماڵی خەڵکی پێ کاول دەکات. ئەو تەکنەلۆژیا باشەش وەک زیرەکییەکە وایە، بەڵام بیرکردنەوە و تەفکیرەکەمان خراپە، بەکارهێنانەکەی خراپ بەکارمانهێناوە، بۆیە دەبینی بووە بە سەرچاوەی شەڕ بۆمان، چەند ئافرەت لەم وڵاتەی من و تۆدا کوژرا تەنها لەبەر ئەوەی بە هەڵە نووکەیەکی بۆ کرا؟! خەڵکی وامان هەیە هیچ لە ئارادا نییە ژنەکەی شک و گومانی لێدەکات و

**بەها باڵاکان و قییەمە ئەخلاقییەکان عەموودی فەقەری کۆمەڵگە و تاکن**

**پێشکەوتنی هەموو دونیات هەبێ، ئەگەر هات و بەهای ئەخلاقی لەگەڵ دا نەبێ کارەساتی لەدوایە**

**هەر بەهایەك دژی ئەخلاقی نەتەوەکەم و خۆم و مرۆڤایەتی بێت منیش دژی دەوەستمەوە**

**بەهای ئەخلاقی سەرەکیترین بەهای گرنگە بۆ مرۆڤ**

دڵی پیسە، جا وەرە نووکەیەکیشی بۆ بکرێت یا ئافرەتێک بە هەڵە تەلەفۆنی بۆ بکات.

لەبەر ئەوە بەڵێ ئەم تەکنەلۆژیایە و سۆشیال میدیا و ئەو هەموو زنجیرە درامایانە هاتنە ناومانەوە و خراپ لەسەرمان کەوتنەوە، تەنها و تەنها لەبەر ئەوەی تاکەکانمان هۆشیار نەبوون لەبارەیانەوە، باش پەروەردەمان نەکردوون، وە ئامێرەکانیشمان خراپ بەکارهێنان.

**گوڵنار: دکتۆر بەشێک لە تاک و خێزانی ئێمە جۆرێک لە سەرسامبوونیان تێدایە بۆ بەها دەرەکی و بێگانەکان و باوەڕیان بۆ کردۆتەوە و پشتیان کردۆتە بەها ڕەسەن و جوانەکانی کۆمەڵگەی خۆیان، ئەم جۆرە لە سەرسامبوونە بە کەلتوور و بەهای بێگانە چ زیانێک بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت، وە کامانەن ئەو شوێنەوار و جێکەوتەی کە لەسەر کۆمەڵگە جێی دەهێڵن؟**

د. کەریم: بەر لە هەر شت کێشەکە ڕێژەییە، ناتوانین گشتاندن بکەین و بڵێین هەموو کورد و کۆمەڵگە وایلێهاتووە، خەڵکێکی زۆر هەیە وەکو من و تۆ سوود دەبینین لەو کەلتوورەی ئەوانیش و ئینحرافیشمان نەکردووە، مۆبایل و ئینتەرنێت و فەیسبووک بەکاردەهێنین، بەڵام بەپێی کاتێکی دیاریکراو و کۆنتڕۆڵمان کردووە، بەڵام بەڵێ زۆرینەمان کە خراپ بەکارمانهێناوە، وایلێکردووین بەرەو ئەو بچین و پشت بکەینە بەها باڵاکانی خۆمان، مەسەلەی سەرەکیش لێرەدا تەنها و تەنها ئاستی هۆشیاریی تاکەکانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەقڵ و هۆشیاریی تاکەکان، کۆمەڵگەیەک ئێستا خەڵکێکی وای تێدایە موراهیقە من لۆمەی ناکەم، تا نەگاتە ٢١ ساڵ پەردەی سەرەوەی مێشک کە بەرپرسە لە پرۆسەی ئەقڵ و مەنتیق گەشە ناکات و بەدەستی من و تۆ نییە ئەوە یاسای گەردوونە، کەوایە کەسی موراهیم گرنگی بە ڕووالەت و جل و بەرگ دەدات و زۆریش ئاساییە، ناچێتە ناو جەوهەری شتەکان چونکە ئەو توانایەشی نییە،

**کە منداڵ دێتە دونیاوە لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا خاوەنی هیچ بەها و قیمەتێك نییە، ئەوە کۆمەڵگەیە بەهای پێدەبەخشێت**

**دەبێ جارێکی تر پەروەدە بکەینەوە بە پێشینەی ئامانج و کارەکانمان**

**مرۆڤ ئەگەر بە تەنهاش بێت و لە ئەشکەوتێکیش دا بێت هەر ئایینێك بۆ خۆی پەیدا دەکات بۆ تێرکردنی بەها ڕووحییەکانی**

بەڵام کێشەکە لەوەدایە ژنێکی گەورەیە، پیاوێکی بە تەمەنە، یا گەنجێکە دێت بە کاریگەریی سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان قژی دادەهێنێت و قژی وەک کڵاوکرە داهێناوە و ڕیشی بە یەک تاڵی دەهێنێتەوە بۆ ژێر چەناگەی، وەک ڕوواڵەتیش تا ئێرە هەر لەگەڵیام، بەڵام کاکی بەرێز، ژن و پیاوی خۆشەویست بۆ ناچیتە جەوهەرەکەشیانەوە؟ ئەم هەموو تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەیان هەیە، ئەم هەموو زانست و داهێنانەیان هەیە، ئەوان زەوییان بەجێهێشت و چوونە سەر مانگ، مانگیان بەجێهێشت و چوونە مەریخ، ئەی بۆچی سوود لە دیوەکەی تریشی ناکەیت وەک چۆن سوودت لە ڕوواڵەتکارییەکەیان بینیوە؟! لەبەر ئەوە کێشەی ئێمە ئەوەیە زۆربەی تاکەکانمان دێن لەبەر ئەوەی ئاستی هۆشیاریان نزمە، ئێمەش هەوڵمان نەداوە لەناو خێزان و ڕاگەیاندنەکانەوە بەرزیان بکەینەوە، زیاتر سەرسامن بە ڕوواڵەت و ڕووکاری دەرەوە، بۆیە من هەست دەکەم کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی هەرزەکاری دایە، زیاتر مەزهەر و ڕوواڵەت و جل و بەرگ و شێوازی ژیان و خواردن لەلایەن زاڵە، نەک جەوهەر و حەقیقەتی شتەکان، من پێشتر باسی قۆناغەکانیشم بۆ کردی لە نموونەی ئەخلاقی. مرۆڤ کە بگاتە ئاستی سێیەم و کۆمەڵێک ویژدان و ئەخلاقی ناوەوەی هەبێت، ئەمە پێویستی بە ئەقڵ هەیە، پێویستی بە مەعریفە هەیە، پێویستی بە قۆناغ و گەشەکردن هەیە، کێشەی ئێمە ئەوەیە گەنجی بیست و پێنج ساڵەی ئێمە تەنها لاسایی جل و بەرگ و ڕوواڵەتەکەی دەرەوەم بۆ دەکاتەوە، نایەت جەوهەر و قییەم و بەها جوانەکان بگوازێتەوە بۆ ژیان و بیرکردنەوە و ناوەوەی خۆی، با ئێمە ستەم نەکەین ئەمریکا و ئەورووپاش شتی زۆر جوانیان هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئێمە چووین زیاتر شتە ڕوواڵەتی و سەتحییەکانمانیان هێناوە کە کاتی و کەمالیاتن، دوای ئەوە ڕاگەیاندنەکانیش ئەو هەموو ڕیکلام و بە شان و باڵ هەڵدانەیان بۆ دەکەن و ئەوەندەی تر لای خەڵک شیرینی دەکەن، ڕاگەیاندنەکانیش ئیشیان بەوە دەڕوا کە ئیش بۆ شتی مەزهەر و ڕوواڵەتی بکەن و ناچنەوە ناو جەوهەر و کرۆکی شتەکانەوە، ناهێڵن ئەقڵ گەشە بکات کە بەردەوام دەتخەنە حاڵەتی کاردانەوە، جا هۆکاری ئەوەش کە خەڵک زۆر سەیری دەکات ئەوەیە کە ئەو زنجیرە درامایانە بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو دەیڕازێننەوە بە مۆسیقا و کوڕ و کچی جوان و سرووشتی ڕازاوە و ئامێرە پێشکەوتووەکان، لای ئێمەش گەنجەکانمان کەبتێکی زۆریان لەسەرە و تینوون، ئەوەش سەرنجیان ڕادەکێشێ، زۆربەی شتەکان کە مرۆڤ دەجووڵێنێ غەریزەی جنسییە، غەریزەی دەسەڵاتە، غەریزەی عودوانە، غەریزەی دەسەڵات و تەمەلوکە، ئەوانیش دێن لەسەر ئەمانە ئیش دەکەن.

**گوڵنار: خاڵیبوونەوەی بەشێک لە تاکەکانی ئێمە لە ڕەهەندە ئەخلاقی و مەعنەویی و بەها باڵاکان و خود سەنتەرییەکە دەبینین، بۆچی تاکی ئێمە خاڵی بووەتەوە لەو ڕووە ئەخلاقی و مەعنەویی و ڕووحییە؟ وە کێ بەرپرسی ئەم خاڵیبوونەوەیەیە؟ وە ئەو خاڵیبوونەوەیە چ کاریگەرییەک لەسەر تاک و خێزان جێدەهێڵێت؟**

د. کەریم: هەموو کۆمەڵگە بەرپرسە سەر تا خوار، حیزبی ئیسلامیی و گوتاری ئایینی، کاتێک خەڵک دەبینێت کە حیزبی ئیسلامیی و جووڵانەوەی ئیسلامیی بۆ ئەم دونیایەی دەکات، ئێ خەڵکەکەش بۆ ئەم دونیایەی دەکات، سەیری هەموو حیزبەکان بکە (پارتی، یەکێتی، گۆڕان) یەکێتی زانایانیان هەیە! من تێناگەم یەکێک سۆشیالە، یەکێک نەتەوەییە، یەکێک مارکسییە، یەکێک ئیسلامییە و هەر هەمووشیان یەکێتی زانایانیان هەیە، کەوایە ئەگەر موسڵمان یەک خەتی و یەک ڕێڕەوی هەبێت دابەش نابێت بەسەر ئەم هەموو بازنەیەدا و ئەو کاتەش ڕووحی پەرت پەرت نابێ و ڕەهەندی مەعنەویی و ئەخلاقی و ڕووحی لەلای

تاک کاڵ نابێتەوە، تۆ هەست ناکەیت ئیسلامییان شێواندووە؟ ئایا قسەکەی موحەممەد عەبدە ڕاست نەگەڕاوە کە دەڵێ: لە ئەورووپا ئیسلامم بینی بەبێ موسڵمان و لە ڕۆژهەڵاتیش موسڵمانی بێ ئیسلام و بێ بەهام بینی.! کاکە لای ئێمە موسڵمان هەیە، ئەگینا کوا قییەم و بەهاکانمان، بڕۆرە وڵاتی یابان لە ڕەوزەوە تا زانکۆ یەک فەڕاش نابینی، لە کاتێک دا هاوکێشەی (پاک و خاوێنی لە ئیمانەوەیە) هی ئیسلامە! دەبێ پێش ئەوە گلەیی لە تێگەیشتنی ئیسلامەکە و ئیسلامییەکان بکەین، کەوایە هەمووی بۆ ئەم دونیای دەکات، بۆ دەسەڵاتی دەکات، بۆیە خەڵکەکەش دابەشبووە بەسەریان دا و زۆر گوێ بە بەها و ڕەهەندی ڕووحی نادا، ئێستا بەس گومانم هەیە لەوانەیە برایانی حیزبی شیوعی یەکێتی زانایانیان نەبێ، دەگونجێ ئەوانیش هەیانبێ بە نهێنی! بۆیە جیاوازی بوون ئەوە دەرەنجامەکەیەتی. یەکێکی وەکو ئەحمەد قوبانچی ئەڵێ: دۆزەخ و بەهەشت بوونیان نییە، ئەم قورئانە درووستکراوی موحەممەدە، بەڵگە چییە کە ئەمە جوبرەئیلە و لەلایەن خوداوە هاتووە؟! ئەو دەڵێ: کاتێک خودا لە ڕەگی لا ملەوە لە مرۆڤ نزیکترە بۆچی خۆی بە پێغەمبەری نەگوتووە؟ بۆچی بە یەکێک دا دەینێرێ؟ کەوایە ئەوەش لێکدانەوەیەکی ترە بۆ ئایین، خەڵک گوێش لەوە دەگرێت. کەوایە کە تۆ دەڵێین بەها ئایینییەکان، ئەوەش بەها ئایینییەکان کە بۆم باسکردی، ئایینەکە شێوێنراوە و خەڵک نازانێ ڕوو بکاتە کوێ؟ با نموونەیەکی سادەت بۆ باس بکەم، لە کۆبوونەوەیەک دانیشتبووم برادەرێک بەرماڵەکەی هێنا و ویستی نوێژەکەی بکات، برادەرێک بە ئاراستەیەک بۆی ڕاخست، یەکێک گوتی ڕووی بکەرەوە ئەولا، یەکێکی تر لە نوێژەکەدا ئەمسەر و ئەوسەری پێکرد، نزیکەی شەش جار بەرماڵەکەیان پێ گۆڕی و نەیانهێشت نوێژەکەی بکات، برادەرێک تووڕە بوو گوتی: کاکە خۆ ئەوە سەحنی سەتەلایت نییە وەری نەگرێ دە لێیگەڕێ! ئایین کەی ئەمەی ویستووە؟ کەی خوا ئەوەندە ئایینی خۆی قورس دەکات؟ کەوایە قییەم و بەها جوانەکانی ئیسلامیش دەستی تێوەردراوە و شێوێندراوە و خەڵک سەری لێشێواوە و نازانێ پەیڕەوی کامیان بکات!

**گوڵنار: کەوایە بۆشیایی ڕەهەندی ئەخلاقی و ڕووحی بەهۆی لاوازی و جیاوازی گوتاری ئایینییە؟**

د. کەریم: بەڵێ بێگومان، هەمووی کۆمەڵگا درووستی کردووە، بەهۆی لاوازی گوتاری ئایینییەوەیە، دوای ئەوە نەبوونی پەروەردە لە خێزان دا، ئەو هەموو ڕاگەیاندنەی کە ئێش لەسەر تاک دەکەن.

**گوڵنار: چی بکرێت بۆ دووبارە گێڕانەوەی ئەو بەها و ڕەهەندە ئەخلاقی و مەعنەویی و ڕووحییەی کە پێویستە تاک هەیبێت و لەدەستی داوە؟**

د. کەریم: سەرەتا دەبێ هەموومان ڕێک بکەوین فەلسەفەیەکی پەروەردەییمان هەبێت، من زۆرجار ئەو گلەییەم لە وەزارەتی پەروەردە کردووە کە تاوەکو ئێستا وەزارەتی پەروەردە لە کوردستان دا فەلسەفەیەکی پەروەردەیی نییە، واتە وەزارەتی پەروەردە دەیەوێ تاکی کورد چۆن پەروەردە بکات؟ پرسیار لە وەزیری وەزارەتی پەروەردە بکە و بلێ بزانم چۆن ئەو تاکە پەروەردە دەکەیت کە دوو ساڵی باخچەی ساوایان و نۆ ساڵی بنەڕەتی و سێ ساڵی ئامادەییەکەی لای تۆیە، دەکرێ پێمان بڵێی ئەم گەنجە کە هات بۆ زانکۆ چۆن پەروەردە بووە؟ چ بەهایەکی هەبێت؟ ئایا کەسێکی عەلمانی بێت؟ کەسێکی ئایینپەروەر بێت؟ ئایینپەروەرێکی وەهابی بێت؟ ئایینپەروەرێکی میانڕەو بێت؟ سوننی بێت یا شیعە بێت؟ نەتەوەیی بێت؟ نیمانە! وەڵام وەرناگریت.! فەلسەفەی پەروەردەمان نییە. پرۆگرامی وامان هەیە لە خوێندنگەکان دا لە تیۆری داروینەوە وەرگیراوە، ئێ دەزانین ئەوە ماددیە، ئایینەکەش لەولاوە دەڵێت: خوا مرۆڤی لە

قوڕ درووستکردووە، خوێندکاریش نازانێ بڕوا بە کامیان بکات، بەڵام لە شوێنێکی وەک ئەمریکا فەلسەفەیەکیان هەیە پێی دەگوترێت: فەلسەفەی پراگماتیکی، هەر هەموو وانەکانی مێژوو و جوگرافیا و ئایین لەو فەلسەفەیەوە سەرچاوەی گرتووە، هیچ شتێکی دژ بەیەک نادۆزیتەوە، کەواتە دەبێت یەکەم شت فەلسەفەیەکی پەروەردەییمان هەبێت کە تاکی کوردی لەسەر پەروەردە بکرێت و بشلێین کە دەمانەوێت تاکی کورد ببێ بە چی؟ ئەگەر کەسێکی وەهابی دەرچێ، ئەی باشە چی لەو هەموو شیعە و مەسیحیی و جیاوازانەی تر دەکات؟ ئایا کەسێک دەرچێت هەرچی کافر بوو دەبێ فیدیە بدات و بیکوژیت؟ ئەی ئەگەر وابێت (لااکراه فی الدین) چی لێ بکەین؟ لەبەر ئەوە کاکە گیان ئایینەکەشمان هەمووی تێکچووە، لە سەردەمی ئەمەوییەکان و عەبباسییەکانەوە خەڵک هاتووە و هەر لایەی کۆمەڵێکی هێناوە و لە بەرژەوەندی خۆیی و گرووپەکەی شتی زیاد و کەم کردووە. تۆ ببینە چی لە فەرموودەی پێغەمبەر دەکەن، چەند هەزار فەرموودەی پێغەمبەر بەناو و بیانووی جیا جیاوە لەناوبران؟ ئیتر نازانی ئایینەکە کامەی ڕاستە و کامەی هەڵەیە؟ ئەوەش حیزبە ئیسلامییەکان، ئەوەش ڕاگەیاندنەکانت، ئەوەش خێزانەکانت، ئەوەش تاکەکانت! ئێ دەتەوێ مرۆڤی داماو چی لێ دەرچێت؟ ئەوەی لێ دەردەچێت کە دەیبینیت! بێگومان تاکیش لە بۆشیایی ڕووحی دا ناچارە لاسایی ئەم و ئەو بکاتەوە، هەر لە ماڵەوە هەر منداڵێک کەمێک بێناز و بێ ئەرزش سەیری بکە، لە دەرەوە هەرکەس بزەیەکی بۆ کرد ئەویش دەچێتە باوەشی ئەوەوە!

**گوڵنار: لەم دۆخەدا ئەرکی تاک خۆی چییە؟ پێویستە تاک چی بکات؟**

د. کەریم: تاک چی بکات؟ ئەقڵی چی گرت ئەوە هەڵدەبژێرێت، من موسڵمانێکم دەبینم بۆ یەک بۆچوون دەیان فەتوا و ڕای جیاواز هەیە، ئێ سەرم لێ تێک دەچێ و نازانم بەگوێی کامیان بکەم، بۆ نموونە لە کاتی هەڵبژاردن بۆ دەستوور خۆتان گوێتان لێ نەبوو کە سیستانی بە ئایەتی قورئان دەیگوت: ئەوەی نەچێت بۆ هەڵبژاردن کافرە! لە بەرامبەریش دا زانایانی سوننە بە ئایەتی قورئان بەرپەرچیان نەدایەوە گوتیان: ئەوەی بچێ بۆ ئەو هەڵبژاردنە کافرە! بۆیە دەبینی ئایینەکە ئیستغلال کراوە و هەر کەسە و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری دەهێنێت. ئەوەتا من پرۆفیسۆرێکم و مامۆستای زانکۆم سەرم لێ تێک چووە، چ جای بگات بە گەنجێکی کەم ئەزموون و موراهیق یا منداڵ و نەخوێندەوارێک. هەر ئێمەش نین کۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وای لێهاتووە. بۆیە کۆمەڵگەی کوردی وا شێواوە بەسەر یەک دا.

**گوڵنار: کەوایە شیرازەپسان و هەڵوەشانەوەی خێزان و زیادبوونی توندوتیژییە خێزانییەکان تا چەندی پەیوەندی بە بەها باڵاکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە؟**

د. کەریم: لە ئێستادا خۆم توێژینەوەیەکم کردووە و دەمەوێ کاری لەسەر بکەم و بیدەم بە وەزارەتی پەروەردە، کە دەبێ ڕێگایەک دابنرێت چۆن لە یابان هەیە (ڕێگایەک بەرەو ئەخلاق) لە یەکی بنەڕەتییەوە دەخوێنرێت تا پۆلی نۆ، دەبێ دابنیشین جارێکی تر پەروەدە بکەینەوە بە پێشینەی ئامانج و کارەکانمان، زۆرجار گلەیی لە وەزارەتی پەروەردە دەکەم و دەڵێم تۆ وازت لە پەروەردە هێناوە و تەنها خەریکی فێرکردنی، ئێمە پەروەردەی کەسەکان ناکەین، ڕەهەندی کەسایەتییان و ئەخلاقییان بەرز ناکەینەوە، کامەیە پەروەردە؟ باسی (پاک و خاوێنی لە ئیمانەوەیە) ی بۆ دەکات بەڵام فێرکردنە نەک پەرورەدەکردن لەسەری، قوتابیش لەبەری کردووە و مامۆستاش لە کۆی دە نمرە دەی پێ داوە، بەڵام سەیری بکە زۆر پیس و چڵمنە، دەبێ تۆ فێری بکەی خۆی پاک ڕاگرێ، دەم و چاوی بشوا، جانتاکەی و

ژوورەکەی پاک بکاتەوە، کتێبەکەی بەرگ تێ بگرێ ئینجا دە لە دەی دەدەمێ، نەک ئەوەی کە لەبەری بکات و تۆش دە لە دەی بدەیتێ. (بەهەشت لەژێر پێی دایکان دایە) قوتابی لەبەری کردووە و دە لە دەی پێ وەردەگرێ، بەڵام کوا پەروەردەکە؟ کاکم دەڕواتەوە لە ماڵەوە شەق لە دایکی هەڵدەدا!!! وەرە فێری بکە دەستی دایکی ماچ بکا، ڕێزی دایکی بگرێ، ڕێزی خوشک و برا گەورەکەی بگرێ، ڕێزی مامۆستاکەی بگرێ ئینجا دە لە دەی دەدەمێ. لەبەر ئەوە پەروەردەمان نییە یا زۆر زۆر لاوازە، ڕاگەیاندنەکان دەبێ یاسایەکیان بۆ دابنرێت، چونکە لە ئێستادا هەریەکە و بە ئارەزووی خۆی بابەتەکە بڵاو دەکاتەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری کە زمانی حکومەتە زمانی نییە، هیچ کەناڵێکی نییە، کەچی بازرگانێک پێنج کەناڵی هەیە، ئەمە کارەساتە، تۆ حکومەتی و بەرپرسی لەم خەڵکە کەچی زمانت نەبێ، کەڕ و لاڵ بیت و بە ئاماژە قسەی لەگەڵ دا بکەی، وەزیرەکەت بچێ لە کەناڵێکی حیزبەکان دەربکەوێ و قسە بکات، حیزبەکانیش وەک خۆت دەزانی هەر یەکە و پەیامی تایبەتی خۆی هەیە و جیاوازە لە پەیامی کۆمەڵگە و خەڵکی، بەڵام کێشە و داخی من ئەوەیە من تا ئێستا ئەو ئیرادەیە نابینم کە بێت ئیش لەسەر ئەو پرەنسیپانە بکات، سەیری خێزان دەکەیت ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو کێشەی زیاتر دەچێ، برۆ بۆ دادگاکان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی جیابوونەوە زیاد دەکات.

**گوڵنار: هۆکاری ئەوە چییە؟**

د. کەریم: هۆکار هەمووی ئەو سەتەلایت و زنجیرە درامایانەیە، ئەو هەموو فەیسبووک و ئینتەرنێتەیە، لە تەمەنێکی بچووک دا شوو دەکات و ژن دەهێنێت، بە نارەوا و لەسەر بنەمایەکی نا زانستی هاوسەرگیری دەکات، شارەزایی نییە لە پەروەردەی منداڵ دا، شارەزایی نییە لە سایکۆلۆژیای ژن و پیاودا، چل ساڵە هاوار دەکەین و باسی ئەو شتانە و مەترسییەکانیان دەکەین، بیست و چوار کتێبم نووسیوە هەمووی باسی هۆکاری ئەو دەرد و کێشانە دەکەم لەگەڵ چارەسەریان.

**گوڵنار: مەترسی پەرت پەرت بوون و هەڵوەشانەوەی خێزانەکان لەسەر کۆمەڵگە و تاک و خودی خێزان خۆی چییە؟**

د. کەریم: پێش هەموو شت منداڵ دەبێت بەقوربانی، منداڵ لەنێوان دایک و باوک دا دەفەوتێ و نموونەمان زۆر لایە، ژنەکەش خۆی زەرەرمەند دەبێت، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ژنێک کە تەڵاق درا بە ئاسانی شوو ناکاتەوە، پیاویش ئەگەر ژنی دووەم بهێنێتەوە منداڵەکەی بۆی کێشە بە نیسبەت ژنی دووەمییەوە و لایەنی دەروونیشی هیچکات ئارام نابێتەوە، دوای ئەوە کۆمەڵگەش کۆمەڵێک خێزانە، کۆمەڵگاش بەرەو لێکترازان دەڕوا، کێشەی کۆمەڵایەتی درووست دەبێت لە نێوان ئەم بەرەبابانەدا، قەناعەتم وایە لە هەر شوێنێک عونسورێکی شەڕ هەبێت زەرەر لە هەموومان دەدات، با دراوسێشت نەبێ، لە مەکتەب شەڕ لەگەڵ منداڵەکەت دا دەکات، لە کۆڵان شوختێک لە سەیارەکەت دەکات، کێشەیەک درووست دەکات. سرووشتی مرۆڤیش وایە کە ڕەهەندی خێر و شەڕمان تێدایە، کۆمەڵگەی ئێمەش هەمیشە شوێنی شەڕ و ململانێ بووە بۆیە هەمیشە شەڕەکە زاڵە، تۆوی شەڕەکەمان سەوز کردووە، تۆوی خێرەکە هەر بە سەوز نەبوویی ماوەتەوە.

**گوڵنار: بەها باڵاکان لەم دۆخەدا دەتوانن چیمان بۆ بکەن؟**

د. کەریم: یەکێک برسی بوو ناتوانێت دادپەروەر بێت، وێڵ دەبێت و دەچێت لوقمە نانێک دەدزێت تا خۆی تێر بکات، ئێمە تیۆری ماسلۆمان هەیە کە پێداویستییەکانی مرۆڤی دابەشکردووە، یەکەم پێداویستی بریتییە لە: پێداویستییە سەرەتاییەکان کە نابێ خەڵک تینوو و برسی بن، ئاوی هەبێت، کارەبای هەبێت، ئەمانە سەرەتایین، دووەم هەست

بە ئەمان بکات، سێیەم خۆشەویستییە، چوارەم ئینتیمایە بۆ وڵاتەکەی، پێنجەم تەحقیقی دادە، ئەم بینایەی ئێمە لە بناغەوە و لە نهۆمی یەکەم و دووەمەوە کێشەی تێدایە، تۆش باسی نهۆمی چوارەم و پێنجەمم بۆ دەکەیت؟! خۆ بینا لەسەر ئەو بۆشاییە دروست نابێت، هەر دەبێت لەسەر ئەو بناغە پتەوە دروست بکرێت.

**گوڵنار: کام یەک لە بوارەکان دەتوانێت بەرگ و گرنگییەک بۆ بەها باڵاکان بگێڕێتەوە؟**

د. کەریم: پەروەردە، پەروەردە، پەروەردە! تەنانەت لە ئایین و سیاسەتیش دا پێویستە پەروەردەی ئایینی و سیاسیی هەبێت، واتە ئەو ڕەهەندە خێرەی کە خوا لە مرۆڤی دا دروست کردووە هەر ئەوە سەوز بکەیت.

**گوڵنار: کەوایە با واز لە زانکۆ و خوێندنگە و کۆمەڵگە و کۆڵان بهێنین، بۆچی لەناو خێزان دا پەروەردە نەماوە؟**

د. کەریم: کە ئەم ژن و پیاوە لەسەر بنەمایەکی زانستی هاوسەرگیریان نەکردبێت، ناتوانن منداڵ پەروەردە بکەن، سایکۆلۆژیای منداڵ چووزانن، توندوتیژی بەرامبەر دەکا، لێی دەدا، دوو تەربییەت دەبێت، نازدار بەخێوی دەکات منداڵەکە سەری لێ تێک دەچێت، سایکۆلۆژیای ژن نازانێ و نازانێ ژن چۆن بیر دەکاتەوە، سایکۆلۆژیای پیاو نازانێت و نازانێ پیاو چی دەوێ و چۆن بیر دەکاتەوە؟ ئەگەر ژن و پیاو لە یەک تێگەیشتن تەڵاق کەم دەبێتەوە، توندوتیژی کەم دەبێتەوە، ئەوە پەروەردەی خێزانە، ئەوەش وەزعی خوێندنگەمان، ڕاگەیاندنمان ئەوە باروودۆخەکەیەتی، سەیری مزگەوت و شوێنەکانی خواپەرستیمان بکە مامۆستایان دژی یەکتر دەوەستنەوە. مامۆستایەک کە کەمێک میانڕەو بێت مامۆستایەکی تری توندڕەو ڕووبەڕووی دەبێتەوە و دەیان قسەی نەشیاوی پێ دەڵێت، وەرە لەماڵەوە باوک شتێک بڵێت و دایک پێچەوانەکەی بجووڵێتەوە بزانە منداڵ چی بەسەر دێت؟

**گوڵنار: لە سەردەمی جیهانگەرایی و ماددە و مۆدێلگەرایی دا، گەڕانەوە بۆ خود و بەها باڵاکان و ڕەهەندە ئەخلاقی و ڕووحییەکان تا چەند گرنگە؟**

د. کەریم: مرۆڤ ئەگەر بە تەنهاش بێت و لە ئەشکەوتێکیش دا بێت هەر ئایینێک بۆ خۆی پەیدا دەکات بۆ تێرکردنی بەها ڕووحییەکانی، چونکە کۆمەڵێک پرسیارە و بەدوای وەڵامەکەیاندا دەگەڕێ: من چیم؟ بۆ کوێ دەچم؟ چیم بەسەر دێ؟ کێ درووستی کردووم؟ کەوایە ئایین پێویستە بەڵام ئەو ئایینە بەو مانایە نا کە ئێستا وایان لێکردووە و هەر کەسە و بەلای خۆی دا ڕادەکێشێ، ئایینێک کە پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و درووستکاری خۆی دا دروست بکات، کە ڕەهەندی ڕووحییەکەی ئەمانی دەست بکەوێت، وەڵامی بەشێک لە پرسیارەکانی دەست بکەوێ کە لە مێشکی دان، ئەوەش لە ئاو و نانەکە بۆی گرنگترە.

**گوڵنار: کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پەرتەوازەیە، ئایا چەمکی کوردایەتی ئەو بەهایەی بۆ هێڵراوەتەوە کە ببێتە کۆکەرەوەی هەموومان و نەهێشتنی ئەو هەموو جیاوازییەی کە هەیە؟**

د. کەریم: مەسەلەی کوردایەتی ئەگەر بڵێم لە سەردەمی حیزبی بەعس دا باشتر بوو بەدڵنیاییەوە ڕاست دەردەچێت، من لەگەڵ ڕێکخراوی (کیدۆ)دا توێژینەوەیەکمان کرد لەسەر چەمکی (هاوڵاتیبوون)، لە سەدا حەفتا بەسەرەوە، واتە سێیەکی ئەو گەنجانەی کە دیدارمان لەگەڵ کردوون باوەڕی بە پێشمەرگە نەماوە، پێی دەڵێت: میلیشیایە! پێی وایە پاسەوانی باغ و ڤێلا و بەرپرسێکە، بازگەیەکی گومرگ دانیشتووە پێی وایە کە دزی لێدەکات، پێشمەرگەی پاک شێوا، پێشمەرگە خۆی پاکە، بەڵام کەسانێکی پیس هاتن ناوی پێشمەرگەیان لە خۆیان نا و پێشمەرگەشیان شێواند، ساڵی ٩١ کە ڕاپەڕین کرا و خەڵک پێشمەرگەی دەبینی دەگریان، ئەوەندە جۆش و حەماسەتی تێدا بوو، دەی ئەوەتا ئێستا خەڵک هەر بەرپرسێک دەبینێ



جنێوی پێ دەدات، خۆشیان لە خۆشیان بێزارن، حەز ناکەن دەربچن، ناتوانن بچنە ناو کۆڕ و کۆبونەوەکەیەکەوە، چی وای لێکردن؟ هەمووی ئەو گەندەڵی و دزی و ستەم و ناعەدالەتییەی کە ئێستا هەیە و ئەنجامی دەدەن، ئیتر کوردبوون چییە کە دەبینێ ئەو هەموو جیاوازییە هەیە لەنێوان دوو تاکی کورددا؟ بە قەناعەتی من کوردایەتی و نەوایەتی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی مرۆڤایەتی، دەبێ ئێستا هەوڵ بدەیت بچیتە دوای ئەو قۆناغەوە، ئەگەر هەر یەکە و قەومییەتێکی هەبێت ئەو کاتە عونسورییەت درووست دەبێت، فارس بۆ خۆی و عەرەب بۆ خۆی و کورد بۆ خۆی و تورک بۆ خۆی، پێم وایە ئەگەر بگەینە سەردەمێک خەڵک هێندە هۆشیار بێت، چەمکی هاوڵاتیبوون باشترین چەمکە کە لەسەری ڕێک بکەوین و بیکەینە خاڵی هاوبەشمان و هەوێنی ژیانمان، واتە دەوڵەت کێ دەیبات بەڕێوە با بیبات بەڕێوە کێشە نییە عەلمانییە یا ئیسلامییە، بەس گرنگ ئەوەیە وەک مرۆڤێک یاسایەک هەبێت ئەرک و مافم بۆ دابنێت و پارێزراو بن، ئێستا دەبینین زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا عەلمانین، خەڵکەکە لێرە ڕێی پێ بدە کەس لەم کوردستانە نامێنێ و هەمووی دەڕوا بۆ ئەوێ، بۆچی؟ چونکە کە چوویتە سوید تۆ وەکو کوردێک لەگەڵ کوڕی پادشای سوید دا جیاوازیت نییە لە یاسادا! ئێ خەڵکیش ئەوەی دەوێ، من لێرە براکەم بەرپرس بێت و مافی من بخوا و بمچەوسێنێتەوە ئیتر برایەتی چی؟! کەواتە چەمک و بەهای هاوڵاتیبوون زۆر زۆر گرنگە ئەگەر ئێمە بتوانین ئەوە بکەین و کاری لەسەر بکەین و کاری بۆ بکەین.

**گوڵنار: لەبارەی بەها باڵاکان و گرنگیان بۆ کۆمەڵگە کۆتا قسەی خۆت بکە؟**

د. کەریم: بەها باڵاکان و قییەمە ئەخلاقییەکان عەموودی فەقەری کۆمەڵگە و تاکن، هەتا بەهای ئەخلاقی گەشە بکات و بچێتە پێشەوە و بتوانین لەناو دڵ و دەروونی منداڵ و گەنج و هەرزەکاردا گەشەی پێ بدەین، ئەوەندەش لادان و سەرەڕۆیی کەم دەبێتەوە.

# مرۆڤ وەك بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی پڕ بەها





**عومەر عەلی**

نووسەر و لێكۆڵەر
هەڵگری بڕوانامەی دكتۆرایە.

سروشتی مرۆڤ بەجۆرێک دروستکراوە بەتەنها نەتوانێت بژی، گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دروستبونی ئادەم داوای کرد کە هاوڕێیەکی هەبێت، خوای گەورەش ئەو هاوڕێی لە خودی خۆی بۆ دروستکرد **(خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ)** (النساء: ١) کە یەکیش بوو بە دوو ئالیەت و بەهاو پێکەوە ژیانی پێویستە، دینە ئاسمانییەکان چەمکە گرنگەکانی ڕاگرتنی ژیانی وەک ئالیەت ناردوە بۆ بنەمای پێکەوە ژیان و کارکردن لەسەری، لەگەڵ ئەوەشدا گشت بەها دروستەکان، بە درێژای مێژوویی مرۆڤایەتی خوای گەورە وەک خەمخۆرو بەرپرسیاریەتی دروستکراوەکانی بەرنامەی بۆ دانان و لە ڕێگەی پەیامبەرەکانەوە داوای پەیرەوییان لێ کراوە، تا ئەو ساتەی بەهاکان شێواون و لە ڕێچەکەو سەر سکەی بنەڕەتی خزێنراوەتە خوارەوە، ئالەو کاتەدا هەم دیسان بە ئالیەتێکی نوێووە دیسان داواکراوە بگەڕێنەوە سەر ڕێچکە بنەڕەتیەکە **(وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ)** (النحل: ٣٦) بەو شێوەیە هاتوە تا کۆتا پەیامبەر، سروشتی دروستیش لە مرۆڤدا (فطرة) بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان دەناسێت، گەر بێت و لەسەر ڕێڕەوەکە لانەدرێت، هەربۆیە زۆر بەهای جوان و ئەخلاقی مابوونەوە لەناو کۆمەڵگەدا، کە کۆتا پەیامبەر هات نەهات بۆ ئەوەی هەرچی شت هەیە بیسرێتەوە، بەڵکو بەجوانی و دروستی هۆکاری هاتنەکەی دەخاتە ڕو کە هاتوە بۆ **(إنَّما بعثت لأتمِّم مكارم الأخلاق)** (رواه احمد) گشت سیسمە یەک لە دوای یەکەکانی جیهانیش گەرچی خۆیان لە دین ببورێن بەهەرهۆکارێک، دواتر دەبێت بەرنامەیەکیان هەبێت بۆ کەمتر بەرکەوتن و بەردەوامی ژیان.

نمونەی وەک (حي ابن يقظان). (١) سەدان ئەفسانەی لە خۆگرتوە، مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە مەگەر دۆخێک لە دۆخەکان لە کۆمەڵگەی دایببڕێت، وەک لە مێژودا عارف هەبووە لەبەر خراپی و نەپاراستنی بەها باڵاکان وایکردووە لە کۆمەڵگە دابڕێت، بەڵام کۆتا پەیامبەر لە تەواوی پەیامەکەیدا بەهەموو شێوەیەک داوای دانەبڕان دەکات: **(المؤمنُ الذي يُخالِطُ الناسِ و يَصبِرُ على أذاهُمْ، أفضلُ من المؤمِنِ الَّذي لا يُخالِطُ النَّاسَ و لا يَصبرُ على أذاهُمْ)**.(٢)

بەڵام ئەمرۆ بە بەرنامەو هەر بەناویش دەیانەوێت خەڵکی لەیەک دابڕن!

گرنگی دین لەوەدایە بەهاو ئەخلاقە باڵاکانی نێو کۆمەڵگە جگە لەوەی بە دەق ڕێگری لە بەریەک کەوتنەکان کردووە، پەیوەستیشی کردوە بە قیامەتەوە.

کە دین جیاکرایەوە یان ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا لاوازبوو ئەوسا بەرکەوتنەکان ئێجگار زۆر دەبێت، ڕۆحەکان لەیەک دوردەکەونەوە، زۆرترین کێشەی خەمۆکیDepression لەو وڵاتانەدایە کە دین پەیرەوناکەن، یان ڕۆڵیان زۆرلاوازکراوە، داتاکان و لە زمانی خۆیانەوە ئەوەمان پێ دەڵێن: بۆ کێشەی خەمۆکی ٣ وڵات ڕیکۆردیان شکاندوە ئەوانیش: صین، هندستان، ئەمەریکا.

یان هەستکردن بە تەنهایی Lonely حەقیقەت و چیرۆکەکانی تەنهایی ئێستە لە چیرۆکی (حي ابن يقظان) نین، ئەمەریکا ٣٢٨ ملیۆنە کەچی زۆرترین کێشەی هەستکردن بە تەنهایی تێدایە، تەنها لە بەریتانیا کە جەزیرەکی بچوکە زیاتر لە ٩ ملیۆن توشبووی خەمۆکی تێدایە! ڕێژەکەش هەردەم لە هەڵکشاندایە.(٣)

پاراستنی بەها باڵا کۆمەڵایەتییەکان بە زۆری تەکنەلۆژیاو جۆریەتی چارەسەرنابێت، داتاکان و ئەزموونیش پێچەوانەمان پێ دەڵێن، بۆیە دەبێت بگەین بەو باوەڕەی هیچ هێزێک وەک دین نەیتوانیوەو و ناتوانێت پارێزگاری لەو بەها باڵانە بکات.

دراوسێکەمان ژیانی لێ تێکدابوین بە سەرەتاتکێ و دەنگی مۆزیقاو بێزارکردنمان! کە

تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەیت دەڵێ: ئەوە کێشەی ئێمە نییە! کەی کێشەی ئەوانە؟ کاتێک بەرکەوتن ڕوویدا! جارێک زۆر تورەبووم لە وەڵامی پۆلیسدا کە وتی: کێشەی ئێمە نییە، وتم گەر هەر ئێستە نەیەن بە دەممەوە، دەیکەم بە کێشەی ئێوە!

وڵاتانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی باشوور بە تایبەتی، بە هەمو شێوەیەک کار بۆ دابڕینی خەڵکەکە دەکەن، چون کە هێز پەرت و بڵاو بو ئەوسا ئاو لێڵ دەبێت، وتراویشە ماسی لە ئاوی لێڵدا باشتر ڕاودەکرێت.

لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆڵی ئایین لاوازکرا لە ڕۆژئاوادا ئێستە بۆ گەڕانەوەی زۆر لە بەهابالاکان پەنا بۆ ئایین دەبەن، نەک هەر تەنها ئایینەکەی خۆیان بەڵکو هەر ئایینێک کە بتوانێت هاوکاریان بێت، چون کار ئەوەندە لەکار ترازاوە، کێشەی مادەی هۆشبەر ئەوەندە زۆرە بە ئاشکرا بۆنەکەی بڵاوە، لە ژیانمدا جگەرەم نەکێشاوە بەڵام بۆنی مادە هۆشبەرەکان بەچاکی دەناسم، چوون ئەوەندە هاتووە بە لوتمدا!

بەڵگەی ناوێت ئەم وتانە وەک توێژینەوەش، ئەزموونی ڕۆژانەو دونیای ڕۆژئاوا هەمووی بەڵگەیە، وڵاتێکی وەک بەریتانیا گرێبەست لەگەڵ کەسایەتی دینیدا (عمرو خالد) دەکات بۆ کەمکردنەوەی ئەم کێشانە(٤) لە کوردستانی باشووریشدا ڕۆڵی بانگخوازەکان لاواز دەکرێت، لە زیندان و تۆمەتبارکردن و دانە دادگاو دوورخستەوە لە وتاردان. لە کاتێکدا ئەو بەها ئەخلاقی و جوانانەی لە دینەوە خەڵکی وەری دەگرێت و پەیوەست دەبێت پێوەی بەهیچ شێوەیەک لە جێگەکانی تردا ناچەسپێت، دین وا لە مرۆڤ دەکات برسی بێت و نان نەخوات، کە هەرە پێویستی ترینی مرۆڤە، بۆ پابەندی بە بەهاو ئەخلاقیەکانیش هەمان ڕەقابەت هەیە، گەرچی کەموکوڕی بکرێت لە پەیڕەویدا بەڵام ئەگەر نسبیەنیش وەری بگرین هێشتا جێگەی تێڕامانە.

سستەمە نا دینیە جیهانییەکان بۆ کورسی و دەستەڵاتی خۆیان دینیان وەلاناو بەردەوام نموونەی ناشرینی نیشانی کۆمەڵگە دەدرێت، بەڵام لەولاشەوە هەزارەها کێشەی تریان بۆ خۆیان دروستکرد، کە برەو بە بەدڕەوشتی دەدرێت دواتر منداڵەکان دەبنە قوربانی، لە وڵاتانی ئیسلامییدا ئەوە ڕوودات عەجەب پەنا بۆ مزگەوت دەبەن و منداڵەکە لەبەردەم مزگەوتدا دادەنێن! لە ئەمەریکاو ئەورووپاش دایەنگاکان پڕی ئەو منداڵانەن و بارقورسی زۆرە بۆ دەوڵەت، جگە لەوەش ڕێژەی بێ باوانی لە منداڵدا ئێستە گەشتوەتە ١٥٣ ملیۆن لە جیهاندا(٥) کە بەشێکی زۆر زۆر کەمی نەبێت هەمووی قوربانی ئەم سستمانەیە، هەرجارەو لەژێر ناوێکدا پێشلی ئەو بەها باڵانە دەکرێت.

وتار بێژی مزگەوتی نور بوم لە بەریتانیا، ڕۆژێک کێشەیەکی کوردانە دەنگە دەنگ دروست بوو، مزگەوتەکەم داخست بە مەبەستی هێوربونەوە، پۆلیس تەلەفۆنی بۆ کردم وتی: بۆ مزگەوتت داخستوە! وتم لەبەر کێشەی ئەمنی تا وەزعەکە هێور ببێتەوە، وتی: من ناتوانم زۆرت لێ بکەم کە مزگەوت بکەیتەوە، بەڵام حەزناکەین مزگەوتەکەتان دابخەن، چون ئێمە دیراسەمان کردووە لەوەتەی ئەو مزگەوتە لەوێدایە کێشە لەو ناوچەیەدا کەم بوەتەوە، هەتا کەسێک لەبەردەم ئەو مزگەوتەدا پێشتر خۆی سوتاندبوو، بە جێگەیەکی پیس ناسراوبوو!

کوردستانی باشوور هەنگاوێکی خراپ و خێرا دەهاوێژێت بۆ لەدەستدانی ئەو بەها بەرزانە، گەر وڵاتانی ڕۆژئاوا بەهۆی حوکمڕانی تاڕادە بەهێز توانیبێتیان کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەن و بەرکەوتنەکان کەم بێت کوردستان ئەزموونی خۆیان پێچەوانەمان پێ دەڵێن.

گەر بە دروستی مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا نەکرێت دونیایەک بەرهەم دێت، باجەکەی کەس لێی قوتار نابێت.

> لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆڵی ئایین لاوازکرا لە رۆژئاوادا ئێستە بۆ گەڕانەوەی زۆر لە بەهاباڵاکان پەنا بۆ ئایین دەبەن.

گەرچی سەردەمانێک کاریگەری فکری ئیلحاد برەویشی پێدرابێت، دەبوو دوای ڕوخانی پەیکەرەکان لە وڵاتانی سۆڤیەت ئیتر بەخۆدا چوونەوە ڕوییبدایە.

بەچاوی خۆم دیم بە چەکوش و داس و پیک بەربوونە پەیکەرەکان، خەڵکی نان و ئەمانی دەوێت، هیچ هێزێکیش نەیتوانیووە نان و ئەمان وەک ئیسلام بە دەقی پیرۆز پارێزراو بکات (الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ)( قريش: ٤)

ئەفسوس لە باشووردا بە یاساش خەڵکی برسی دەکرێت و ئەمانیش هەڵدەگیرێت، تا ئەو رادەی بەقاڵێک ئەمین نەبێت، کەچی لەولاوە ئەو پارەی کە دەبوو بە هاوڵاتی بدرێت بۆ تێکدانی بەهاکانی سەرف دەکرێت.

کە شۆڕش بەسەر کەنیسەدا سەرکەوت لەبەر ستەمەکانی کەنیسە، هەمان ئەزموون لە دەیان ڕێگەوە تا ئێستەش هەوڵی گواستنەوەی بۆ دەدرێت، بەڵام نە پیاوانی ئایینی ئێمە پیاوانی کەنیسە بوون، نە دینەکەش هەمان دین بووە، چون ئەحکامی شەرعەکەشیان جیاوازی هەیە، ئێستە کە ئەزموونەکە لەپێش چاوەو زیانەکان بە داتاو لە دونیای تەکنەلۆژیدا لەبەردەستە دەبێت ئێمە بزانین لە کوێی ئەو پێشکەوتنەدا یان بەدبەختیەداین و ڕێگە بگرین لەو نەهامەتیانەی کە چاوەڕوانی کۆمەڵگەکەمان دەکات.

ڕۆژئاوا ڕۆژبەڕۆژ هەوڵی ئەوە دەدات بەهاکان بگەڕێنێتەوە سەر بنچینەی دروست، گەرچی تەنها بۆ خۆشیان بێت! بەڵام ئەوەندە لە کۆنترۆڵ دەرچووە زۆرجار ناچار دەبێت یاسا بۆ پشتگیرشیان دەربکات، کەسێک گەر جگەرە بکێشێت بەبێ ناسنامە پێی نادەن، ئەگەر منداڵ دیار بێت، بۆ کرینی کحول ئەوە قورسترەو تەمەنەکە زیاترە، بۆ رۆشتن بۆ دیسکۆ دیسان سەرەوەترا ئەمانە بۆ؟ لە کاتێکدا لە کوردستاندا هەتا ئەمانەش پەیرەو ناکرێت. گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو رۆژئاواش سەردەمێک لە ڕووی بەها ئەخلاقییەکانەوە لە ئێستەی خۆماندا بوون، چون ڕێگری لێ نەکراوە گەشتوەتە ئەمرۆ، کە جگە لە پێکدادانەکان رۆژ بەڕۆژ ڕێژەی خەمۆکی و تەنهایی لە هەڵکشاندابێت.

نموونەیەکی توندڕەوی دینی زەقدەکرێتەوە بەجۆرێک هەزاران نموونەی میانڕەوی و دەستی یارمەتی و بەهای بەرزی ناو کۆمەڵگەی پێ دەسڕێتەوە، لە ئەنجامیشدا چون بەهاکان لە ڕێڕەوی خۆی دەرچووە ئێستە ئەوەتا هیچ جێگەیەکی دونیا نییە ئەمانی تەوای تێدا بێت، شەڕەکە ئەوەندە ترسناک بووە، دەکرێت تۆ لە ناوجەرگەی لەندەنداو لەو پەڕی خۆشی و ئاسودەیدا پیاسە دەکەیت لە ناکاوێکدا سەیارەک خۆی بکات بەناو کۆمەڵێک کەسداو بیشێلێت، تەقینەوەیەک بینایەکی گەورە خاپوور بکات، ئەوە گەرچی زۆریش هەڵەیە بەڵام ئەنجامی ڕق و قینێکی قوڵە کە بەو شێوەیە دەری ببڕێت.

پێویستە لە کوردستاندا لە ئێستەدا ڕۆڵی مزگەوت، کەسایەتی دینی، دین وەک خۆی گەورەبکرێت بۆ ئەوەی هەردەم بەهابالاکان بە پیرۆزی بمێنێتەوە، نەک بەناوی دابڕانەوە خەڵکی لە بەها بالاکان دابپرێت و بەناوی کرانەوەوە خەڵکی بکەیتەوە بۆ خراپەو، بەناوی بوێریەوە خەڵکی ڕوتەق بکەیت بەرانبەر یەکتری، کە هەمو ئەوانە بەهاکان نەک لاواز دەکات بەڵکو بە تەواوی لەناوی دەبات.

### ئەخلاق Ethic

زۆرترین قسەی لەسەر دەکرێت و پێناسەی جۆربەجۆری بۆ دەکرێت، زۆرجار شتگەلێک بەناوی ئەخلاقەوە پێچەوانەی ئەخلاق دەکرێت بە یاسا، بەڵام ئەخلاقە ئیسلامییەکان بەدەق دیاری کراوە، هەتا چەمکی حوکمڕانی کە چەند گرنگە بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵگا لە ئیسلامدا تەنها بنەما سەرەکیەکانی باسکراوە، بەڵام چەمکی ئەخلاق هیچی وازی لێ نەهێنراوە بۆ ئیجتیهاد، بە وردی نەک هەر بەشی دەرەوەی ئەخلاق بەڵکو بەشە شاراوەکانیشی باسکراوە.

کێشەی ڕەگەزپەرستی و چینایەتی و بەرکەوتنە جۆربەجۆرەکان کە مەلاین دۆلاری بۆ سەرف دەکرێت بۆ پارێزگاری لێکردنی بە یەک کورتترین دەقی پیرۆز هەموی براوەتەوە، نەک تەنها برانەوەیەک کە بەرکەوتنەکان کەم بکاتەوە بەڵکو بە برانەوەیەک کە هەست و هیمەتی کێ بەرکێی بەرزترین پلەی بەهات تێدا زیندو دەکاتەوە: **(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ)(الحجرات: ١٣)**

جێگەی خۆیەتی شانازی بەم دەقانەوە بکەین و بەچەندین شێواز ڕیکلامی بۆ بکەین، نەک خۆمان لەمانە ببورێنن و دەقی فەیلەسوفێک بکەین بە بەدیل، لە کاتێکدا دەقە شەرعییەکە بە کۆن بزانین و فەیلەسوفەکە بە تازە، لەگەڵ هەبوونی سەنەددا فەرموودەکە بە کۆن و زەعیف وەسف بکەین و دەقی فەیلەسوفەکە بەبێ سەنەد بە سەحیش بزانین!

دین لەبەر سیاسەت پەراویز دەخرێت، کەچی نە سیاسەتەکەش بە دروستی دەکرێت نە بەها ئەخلاقیەکانیش پارێزگاری لێ دەکرێت، بۆیە تا لە دینەوە نزیکتر بین بەهاکان بەرزتر دەبێت، تا دورکەوینەوە لێی بۆ ئاستی زۆر نزم دادەبەزێت **(ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ)( التين: ٥).**

### پەراوێزەکان:


١. ابن طفيل.

٢. ابن عمر، جامع الصغير.

٣.https://www.worldometers.info/world-population/us-population/ ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠١٩/٠٤/٢٣.

٤.https://www.youtube.com/watch?v=e3ScbxwIdCo ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠١٩/٠٤/٢٣.

٥. https://www.hopeeffect.com/153-million-orphans/ ڕۆژی سەردانی کردن ٢٠١٩/٠٤/٢٣.

# بەها جیهانییەکان



**ل: فەتحی حەسەن مەلکاوی**



لەدایکبووی سالّی ١٩٤٣ ئوردن. دکتۆرای هەیە لەپەروەردەی زانستی و فەلسەفەی زانستەکاندا لەزانکۆی ویلایەتی میشگان لەئەمریکا.

## یەکەم: ڕەهەندە مرۆییەکان لە بەهادا:

چەمکی «بەها جیهانییەکان» بەیەکێک لەبابەتەکانی شەڕی فیکری دادەنرێت کە هاوکات لەگەڵ شێوەکانی دیکەی جەنگدا دێت، ئامانجی بەدەستهێنانی عەقڵ و دڵەکانە، لەبوارەکانی فێرکردن و ڕاگەیاندن و کۆنگرە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکاندا دەخولێتەوە، دەوڵەتانی زلهێز دەیانەوێت بنەماو بەهاکانیان تیایدا بڵاوبکەنەوە و بەسەر وڵاتانی کەمدەسەڵاتیدا بسەپێنن. لێرەوە وا پێویست دەکات ئاگاداری چەمکەکان بین و زاراوەی گونجاو بۆ هەریەکەیان بەکاربێنین و، ئاماژەی گونجاوی پێبدرێت، چونکە بێسەروبەری لەبەکارهێنانی زاراوەکاندا، تێکەڵکردن وشێواندن و بەلاڕێدا بردنی لێدەکەوێتەوە، کە هەندێکجار ئەوە مەبەستە. لەوانەیە چەمکی «بەها جیهانییەکان universal values» یەکێک بێت لەو چەمکانەی کەزۆرێک لەڕێکخراو و ئاراستە ئایدۆلۆژییەکان بیانەوێت بیدەنە پاڵ خۆیان، لەکاتێکدا ئەم بانگەشەیە زۆرکات ساختەیە. لەبەر ئەوە زۆربەی دامەزراوە و ڕێکخراوەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەو بەهایانەی باوەڕیان پێی هەیە بەهای بەرزن، شایستەی بەرگریین لەبەرانبەر ئەو فشارانەی لەلایەن کەسانێکەوە دروست دەکرێت، کە مژدەی ئەوانە دەدەن کە بە بەهای جیهانییان داناوە.

گومانی تێدا نییە کە بەهایە مرۆڤ لەبوونەوەرەکانی دیکە جودا دەکاتەوە و خواستەکانی پێکەوەبوونی مرۆڤەکان و ژیانی هاوبەش دێنێتە دی، هیچ کۆبوون و پێکەوە بوونێکیش نییە بێ سیستەم و پێوەر و بەهایەک کەهەمووان پێی ڕازی بن، لەگەڵ ئەوەدا بەهاکان لەگەڵ فیترەتی مرۆڤدا دەگونجێن، پێکهێنەرێکیشە لەپێکهێنەرەکانی، هەربۆیە دەسەڵاتێکی نامۆ نییە پێی، کارێکی لەناکاویش نییە ئەزموونەکانی مرۆڤ و پێویستییەکانیان سەپاندبێتی، بەهەمان شێوە بەها پەیوەندی بەکەرامەتی مرۆڤەوە هەیە، چونکە ژیانی مرۆڤ و ئازادییەکەی بەهایەکی مەزنن، پاراستنیشیان لەمەبەستە باڵاکانە.

بەها باڵاکانیش پێوەرن بۆ بڕیاردان لەسەر کارەکان، ئاکاریش خەسڵەتێکی دەروونییە لەگەڵ مرۆڤدایە و لەکارەکانیدا کاریگەری هەیە، ڕەفتاریش ڕووکاری کرداریی ئاکارە. بەها و ڕەوشت کاتێ کە چاکەی تاک خۆی، یاخود کەمێک لەتاکەکان و، حاڵەتە کاتی و سنووردارەکان تێدەپەڕێنێت، تا دەبێتە سیفەتێکی گشتی لای کۆمەڵگایەکی گەورە یان لای جۆری مرۆیی، جا ئایا ئەمە بەو واتایەیە کەبەهاکان لە کرۆکیاندا کاروباری گشتی، جیهانی، هاوبەشی نێوان خەڵکن و چەسپاو و سەقامگیرن، پاشان بەهای ڕەهان؟! یاخود بەهاکان هەیانە گشتییە و هەیانە ڕەها، هەیانە تایبەت و هەشیانە ڕێژەیی؟ تا ئێستا لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان ئەمەیان یەکلا نەکردووەتەوە، بەڵکو بەسەر دوو بۆچووندا دابەش بوون، ئەوانەی بۆچوونیان وایە بەهاکان ڕەهان پەنایان بۆ بەڵگەی عەقڵی و لۆژیکی بردووە، ئەوانەشی وتوویانە ڕێژەییە پەنایان بۆ ڕووداوە مێژووییەکان بردووە.

کاتێ دەڵێین بەهای مرۆیی هاوبەش هەیە، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەبەهاکان هێزی خودییان هەیە، کەلەفیترەتی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، بەرەو لۆژیکی عەقڵ و لۆژیکی زمان. هەر بۆیە مەرجەعییەتی ئایینی ئیسلام ئەوە پەسەند دەکات کەمرۆڤ بەفیترەت دروستکراوێکی چاکە، بەڵام ئامادەیی تێدایە بۆ هەڵبژاردنی ڕێگای چاک یاخود خراپ، بەگوێرەی تێکەڵبوونی –ئەرێنی و نەرێنی– لەگەڵ ئەو هۆکارە ژینگەییانەی تییدا گەورە دەبێت و شێوازەکانی پێگەیشتن و ئەو پەروەردەیەی وەریدەگرێت.

فیترەتی چاک وادەکات بڕیار بدات کە دادپەروەری چاکە، حەزبکات خۆی پێ بڕازێنێتەوە، ستەمیش خراپە، حەزناکات پێوەی بلکێت، لەبەرئەوە شەرم بەهایەکی ڕەسەنی قوڵە

لەمێژوویی مرۆڤدا، لەو کاتەوەی خەسڵەتە مرۆییە تایبەتەکان بە ژیانی لەسەر زەویدا دەرکەوتن، پاش خواردن لەدارەکە، ئەو کاتەی ئادەم و حەوا بەهای ژیانیان بۆ دەرکەوت و ئاکاری خۆ داپۆشین لایان پەیدابوو: [وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ] {طه: ١٢١}، واتە: (دەستیان کرد بەداپۆشینی لەشییان بەگەڵای درەختەکانی بەهەشت).

خێزان نموونەیەکی دیکەیە لەسەر ئەوەی بەهاکان فیترەتین، خێزانی بچووک (ناوکی) لەپیاو و ئافرەت و کوران و کچان پێکدێت، لەخێزانی گەورەش (درێژەبووەوە)دا (دوو داپیرەو دوو باپیرەو، مام و پوور و خاڵ)یان بۆیان زیاد دەبێت، پیاو و ژن لەدەرەوەی خێزان بوونیان نییە، هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوی دیکەیان، بەبێ خێزان بەهایان تەواو نابێت، کەواتە هەموو چەمکەکانی خێزان: دایکایەتی، باوکایەتی، نەوەیی، مامەیەتی، خاڵەیەتی... هەموویان بەهان لەرشتەبەندی بوونی مرۆییدا، لەکۆنەوەو بۆهەمیشە خێزان لەتێکرای کۆمەڵگا مرۆییەکاندا یەکەی بونیاتنان بووە.

لەکۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا، لەوساتەوەی بەهای تاک لەسەر حسابی بەهای خێزان بەرز دەبێتەوە، ئەم کۆمەڵگایانە پەرتەوازە دەبن و داڕوخانی ڕەوشتییان تووش دەبێت، بەهای ڕیزپەڕ لەناویاندا بڵاو دەبێتەوە، گەیشتوونەتە ئەو حاڵەتەی کە (فۆکایاما) بە«پەرتەوازەیی مەزن- Great Disruption» ناوی دەبات. (فۆکۆیاما) بەمجۆرە ڕاڤەی گەیشتنی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا بەم حاڵەتە دەکات بە «گۆڕانی ڕۆشنبیری و بەهایی کەخۆی لەنەزعەی تاکدا دەبینێتەوە کەکاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە هەبووە، بووەتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزان، لەبەر ئەوە حەبەکانی ڕێگری دووگیانبوون و لەباربردنی بێزیان، بواری ڕەخساند بەبێ ترس لەدەرئەنجامەکان، سێکس ئەنجام بدرێت، ئەمەش وایکرد پیاوان لەو بەهایانە دەربازیان ببێت کەبەرپرسیارێتی چاودێریکردنی خێزانی لەکاتی ڕوودانی دووگیانبووندا دەخستە ئەستۆیان»(١).

بەها و ڕەوشت هەر بەفیترەت لەمرۆڤدا هەیە، بەڵام پێویستییان بەدۆزینەوەیەو، گرنگییان پێ بدرێت، تا گەشە بکەن، چونکە وەک ڕووەک وان، بەگوێرەی فیترەتی خودا لەبوونەوەرەکاندا دەڕوێن، بەڵام ڕووەکی سودبەخش، لەوانەیە لەدەوری ڕووەکی زیانبەخش دەربکەون، ڕکابەرێتی بکەن لەسەر ئەو شێ و خۆراکەی لەزەویدا هەیە، ئەمەش ببێتە هۆی لەناوبردنی، لەبەر ئەوە جووتیاری دانا ڕووەکە زیانبەخشەکان بژار دەکات و، ئاوی پێویست دابین دەکات، تا ڕووەکەکە بەجوانی گەشە بکات و بەرهەمەکەی پێ بگات.

**ڕەوشتیش وەک ڕووەک گەشە دەکا**
**ئەگەر کشتیار بەئاوی ڕێز تێراوی کا**

لۆژیکی عەقڵیش جەخت لەڕەهەندی مرۆیی هاوبەشی بەهاکان دەکاتەوە، چونکە مرۆڤ ڕازی نابێت بەستەمکار، یاخود ناپاک، یان درۆزن وەسف بکرێت، تەنانەت ئەگەر لەهەمووکەس ستەمکارتر یاخود ناپاکتر یان درۆزنتریش بێت!

لەبەر ئەوەی ئەم خەسڵەتانە بێزاراو و ناشرینن، فیترەتی مرۆڤ یاخود ئاوەزی ساغ پێیان ڕازی نابێت.

مرۆڤی هۆشمەند پێی خۆشە بەدادپەروەر و سپاردەپارێز و ڕاستگۆ باس بکرێت، چونکە ئەمانە لەخۆیاندا خەسڵەتی باشن، ناونیشانن بۆ بەها بەرێزەکان کەمرۆڤ پێویستی پێیانە و بەرز سەیری دەکەن.

لۆژیکی زمانیش بەهەمان شێوە جەخت لەڕەهەندی مرۆیی دەکاتەوە، چونکە وشەکانی ستەم و ناپاکی و درۆ لەتێکرای زمانەکانی جیهاندا بێزاری و نارەحەتی لەدەروونڎا دروست دەکەن، وشەکانی دادپەروەری و ئەمەک و ڕاستگۆیی لەتێکرای زمانەکانی جیهاندا مایەی ئارامی و شادی دەروونن.

بەمجۆرە، لۆژیکی عەقڵ و لۆژیکی زمان، وێڕای ڕەهەندی فیترەتی دەروون لەوەسفی بەهاکاندا، وادەکات بەهاکان لەناوەرۆکیاندا خەسڵەتی مرۆیی جیهانی بن، جێگیر و بڵاوبن لەناو خەڵکدا، هەرچەند ڕەگەز و ئایین و زمانیان جودا بێت.

## دووەم: ململانێی بەهاکان یاخود ململانێی بەرژەوەندییەکان؟

بیرۆکەی «نوێگەری و ڕۆشنگەری» لەرۆژئاوای ئەوروپا و ئەمریکادا بیری ئازادی هەڵبژاردنی هێنایە ئارا، ئەمەش گۆڕانکاری و جیاوازی فەرز دەکات و جێگیر و ڕەها لەبوارەکانی ڕەفتاری تاکی و کۆمەڵایەتییدا ڕەت دەکاتەوە، پاشان بنەمای «ڕێژەیی بەهاکان» بەگوێرەی سەردەم هات، هەروەها بیرۆکەی «گەشەکردن» گۆڕانی لەبەهاکاندا سەپاند، بەجۆرێ کە ئیدی بەها کۆنەکان گونجاو نەبن، ئەوەشی پێویستکرد بەهای نوێ شوێنیان بگرنەوە، بیرۆکەی ڕێژەیی بەها بووە هۆی جیاوازی هەڵبژاردنی خەڵکی بەگوێرەی شوێن و واقیعی کۆمەڵایەتی، چونکە بۆچوونی خەڵک لەکۆمەڵگادا مێژوو و دابونەریتی خۆی هەیە، بەها هەیە لای ئەم پەسەندە لەکۆمەڵگایەکی دیکەدا پەسەند نییە، هەروەها ڕێژەیی بەها بووە هۆی جیاوازی هەڵبژاردنەکانی تاک و بەها پەسەندکراوەکانی، بۆ نموونە ئەو بۆ جەستەی خۆی لەپێشترە لەوەی کەدەوروبەری بەسەریدا دەیسەپێنێت، خۆی توانای زیاتری هەڵبژاردنی ئەو شێوازانەی هەڵسوکەوتی هەیە کەبەگونجاویان دەزانێت بەبێ خۆبەستنەوە بەهیچ پێوەرێکی کۆمەڵایەتییەوە. بیرۆکەکانی پاش نوێگەری «ڕێژەیی بەهاکان»ی گۆڕی بۆ «بەهای ڕەها»!

تەنانەت ئەگەر ڕێککەوتنیش لەسەر بەهایەکی دیاریکراو هەبێت، ئەمە وەک پێویست واتای ڕێککەوتنی نەیارەکان و هۆگربوونیان و نەهێشتنی جیاوازی و ململانێی نێوانییان ناگەیەنێت، چونکە قوڵی نەیارێتییەکە جیاوازییەکەیان لەبارەی ئەو ڕێگایەی جێبەجێی دەکەن دەگوازێتەوە بۆ ئەو بەهایەی کۆکن لەسەری، لەوانەیە زۆربەی خەڵکی یەکبن لەسەر ئەوەی کەئازادی بەهایەکی جیهانییە، بەڵام ناکۆکن لەوەی کێ شایستەی ئازادییە، ئازادی ئایینداری بەهایەکی جیهانی هاوبەشە، بەڵام خەڵکی وەک یەک نین لەئازادی گوزارشتکردن لەپابەندی ئایینیدا، یاخود بەهای ئەو شێوازانەی کەپابەندبوونی تێدا دەردەکەوێت، وەک ئەوەی ناویان لێناوە «سیمبوڵە ئایینیەکان»، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە «بەها»ی ئەو بەهایانەی کەهەر کۆمەڵگایەک لەخۆی دەگرێت، زۆربەی کات پەیوەندداره بەهێزی زانستی و ئابووری و سەربازی و سیاسی ئەو کۆمەڵگایەوە، یان هێزی ئەو گروپەی فەرمانڕەوایە لەو کۆمەڵگایەدا، بەمەش ڕکابەرێتی لەبەرگری لەبەهاکان، یاخود بەکارهێنانی فشار لەپێناوی بڵاوکردنەوەی، گوزارشتە لەبەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگاکان یان ئەو گروپانەی ڕکابەرن تێیدا، زیاتر لەوەی کە گوزارشت بێت لەناوەرۆکی ئەخلاقی مەبەست لەو بەهایەدا.

ململانێ لەسەر بەهاکان لەڕاستیدا ململانێیە لەسەر بەرژەوەندییەکان، زاڵبوو لەم ململانێیەدا ئەوەیانە کەبەهاکانی خۆی زاڵتر بەسەر بەها شکستخواردو و لاواز و هەژارەکاندا دەبینێ! ئەی ئەوە نییە دەبینین بەهای مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەت بەهای چاکن بەهۆی ئەوەی ڕەوشێک دێننە ئارا کەبەرژەوەندی هەندێ گروپ و هێزی باڵادەست دەهێنێتەدی؟! ئەو مافی مرۆڤە لەئاییندارییدا ئەو مافە بەکچی موسڵمان ڕەوا نابینێت سەری دابپۆشێت لەقوتابخانە و زانکۆکانی فەرەنسادا، مافی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەی بەندکراوانی «ئەبوغرێب» و «گوانتانامۆ» لەخۆ ناگرێت، مافی بەدەستهێنانی هۆکارەکانی ژیان لەغەزەی تێدا نییە. بەجیهێنانی

> **ئایینەکانیش بەردەوام سەرچاوەی سەرەکی بەها مرۆییە بەرزەکان بوون بەچین و بوارە جیاوازەکانیانەوە.**

دیموکراسییەت بەهایەکی گەورەیە لەرۆشنبیریتی رۆژئاوادا بەگشتی، بەڵام ئەو بەها ویستراوە نییە کاتێ کەدیموکراسییەت هێزێکی نەویستراو لەنێو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا، یان هێزیکی رێگر، یاخود بەرهەڵستکاری باڵادەستی رۆژئاوا دەهێنیتە پێشەوە. ئایا بانگەشەی ئەم بەهایانە تەنها دووڕوویی نییە؟!

لەوانەیە خەلکی لەواتای زارەکی ڕاستەوخۆی مانابەخشینی «بەها جیهانییەکان» و گەڕانەوەی ئەم بەهایانە بۆ بازنەی شارستانیەتێکی دیاریکراو، یاخود هاوبەشبوونی زۆرێک لەبازنە شارستانییەکان لەدەستپێوەگرتن ناکۆک نەبن، بەڵام لە شێوازی تێگەیشتن لەم «بەها جیهانییانە« و ڕێگەی جێبەجێکرانی کرداریی لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە. سزای لەسێدارەدان لەئەوروپا دژە لەگەڵ بەهای مرۆڤ و ڕێزیدا، ئەمریکییەکان بەسزایەکی ڕەوای دەبینن، پشووی سەپێنراوی رۆژانی یەکشەمە لەبازاڕە بازرگانییەکانی زۆربەی کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا بەهایەکی ئایینی و کۆمەڵایەتییە، گوزارشت لەپیرۆزی ئەو رۆژە دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە کەئەمریکییەکان بەوجۆرە سەیری ناکەن. کاتێ سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا لەمانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٨ی زاینییدا پێشنیازێکی خستە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسی، تا ڕێگە بدەن رۆژانی یەکشەمە بازاڕەکان بکەنەوە، دەنگو هەرایەکی زۆری میللی و فەرمی لێکەوتەوە کەهۆشدارییان دەدا سەبارەت بەهاتنی «بەها ئەمریکییەکان» و زۆرهێنانیان بۆ رۆشنبیری فەرەنسی و بەها نەریتییە فەرەنسیەکان.

### سێیەم: رکابەرێتی لەسەر بەها جیهانییەکان و سووربوون لەسەر بەها تایبەتەکان.

بەهاکانی نوێگەری رۆژئاوا لەبازنەی یەک شارستانییەتدا پێکهێنراوە، لەتێکەڵەی: کەلەپووری یۆنانی و ئایینی مەسیحی و پێشکەوتنی زانستی و ئازادی تاک و رۆشنگەری عەقڵانی و، گەشەسەندنی سروشتی و کۆمەڵایەتی و... هتد خۆراکی وەرگرتووە، ئیدی ئەو بەهایانە ناسنامەی رۆژئاوا و رۆحی شارستانیەتی رۆژئاوایی پێکدەهێنن. وڵاتانی رۆژئاوا لەمیانی هەڵمەتەکانی داگیرکاریدا لەگەڵ خۆیان ئەم بەها «سەرکەوتوو» و «شارستانی» و «نوێگەریی» و «پێشکەوتووە«یان هەڵگرتبوو، کەمافی «داگیرکاری» و «ئینتیداب» و «پاراستنی» گەلانی دیکەی جیهانی پێبەخشیبوون، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەو گەلانە لەئەو بەهایانە «دەرباز دەکەن» کەمۆرکی دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی و نەفامی پێداون.

تا ماوەیەکی کەم لەمەوپێش بانگەشەکارانی بیری رۆژئاوا لەئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، لەگەڵیشیاندا ئەوانەی لەئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی کەوتبوونە ژێر کاریگەریانەوە، بانگەشەی باڵادەستی « بەها رۆژئاواییەکان» و، پێویستی دەستگرتن بەو بەهایانەیان لەلایەن

گەلانی جگە لەرۆژئاواوە دەکرد، بەوپێیەی کەئەم بەهایانە بوونەتە بەها جیهانی و، دەستبەرداری بەها تایبەتەکانی خۆیان ببن، بەجۆرێک کەقسەکردن لەتایبەتمەندییەکانی بەهای گەلانی تر و، گومانکردن لەجیهانێتی بەها رۆژئاواییەکان و سەرکەوتنیان، بەس بوو بۆ ئەوەی بەدواکەتوویی ئەو گەلانە لێک بدرێتەوە. بەڵام لەم دوو دەیەی کۆتاییدا ڕەوشەکە جیاوازە، بازنەی ناکۆکی لەمەڕ ناسنامەی «بەها رۆژئاواییەکان» بەجۆرێک فراوان بووە ئیتر روونە، قسەکردنیش سەبارەت بەتایبەتمەندییەکانی گەلانی رۆژئاواو ناسنامە بەهاییەکانیان بووتە ئاسایی.

ئەگەر رۆژئاوا لەزاراوەی جوگرافیدا شوێنێک بگەیەنێت، کەبەرانبەرە بەرۆژهەڵات، ئەوا رۆژهەڵاتیش خاوەن «بەهای رۆژهەڵاتی» یە لەبەرانبەر بەهای رۆژئاواییدا، یاخود تەواوکارە لەگەڵیدا. بەتایبەت کەرۆژهەڵات لانکەی ئایینە ناسراوەکانی رابردوو و ئێستاش بووە، ئایینەکانیش بەردەوام سەرچاوەی سەرەکی بەها مرۆییە بەرزەکان بوون بەچین و بوارە جیاوازەکانیانەوە. رۆژهەڵاتیش، بەو میراتییە شارستانی و ئایینیەی هەیبووە، سەرچاوەی ئیلهام بووە بۆ چەندین کەسایەتی چاکسازیخواز لەسەدەی نۆزدەهەمەوە، لەنموونەی: جەمالەدینی ئەفغانی کەنازناوی: داناى رۆژهەڵات (٢) و، چاکسازی رۆژهەڵات (٣)، بێدارەکەرەوەی رۆژهەڵاتی (٤) پێبەخشرابوو، یەکێک لەیاداشتەکانی کەکتێبی (خاطرات جمال الدين الافغاني) لەخۆی گرتبوو بەناونیشانی: (المحاورة بين الشرق والغرب) (٥) بوو. بەڵام بیرۆکەی بەهای رۆژهەڵاتی هەتا ئێستاش لەچەندین بۆنەدا دەردەکەویت، بەتایبەت لای فەیلەسوف و بیرمەندانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کاتێ کەقسە لەبارەی پێویستی قوربانینەدان بەلایەنە ئەرێنیەکانی ئەو بەهایانە دەکەن کەشارستانیەتی رۆژئاوا هەڵیگرتووە، لەهەمان کاتدا قوربانینەدان بەلایەنە ئەرێنیەکانی بەهاکانی رۆژهەڵات و، پێویستی ڕوخانی دیواری جیاکەرەوەی نێوان «ئەو بەها رۆژئاواییانەی کە پەرە بە بەهای لیبراڵیەت و نەزعەی تاکویستی دەدات.... لەگەڵ ئەو بەها رۆژهەڵاتیانەی کەزیاتر لەبنەمای بەکۆمەڵ نزیک دەبنەوە...، چونکە بەها رۆژئاواییەکان لەخۆیاندا خەسڵەتی تایبەت بەبەهای رۆژهەڵاتیان تێدایە، لەکاتێکدا کەئێمە پێکهێنەری رۆژهەڵاتی –هەروەها- لەپێکهێنەرەکانی بەهای رۆژئاوادا دەبینین»(٦).

کیشوەری ئاسیا پشکێکی زیاتری لە رووبەڕوبوونەوەی شارستانی لەگەڵ داگیرکاری رۆژئاواییدا هەبووە، چونکە ئەم کیشوەرە لەمێژوویدا شارستانیەتی دێرینی بەخۆیەوە بینیووە، بیرمەندان و بانگەشەکارانی رزگاری لەهەریەک لەهیند و چین و ژاپۆن گووتەی بەهێزیان سەبارەت بەڕووبەڕوبوونەوەی رۆشنبیری رۆژئاوایی و، ئاشکراکردنی ساختەیی ئەو بەها رۆژئاواییانە هەیە، لێرەوە بیرۆکەی «بەها ئاسیاییەکان – Asian Values» هات، وەک هەوڵێک بۆ جەختکردنەوە لەسەر بەهای جێگرەوە بۆ بەها رۆژئاواییەکان، ماوەی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکەی سەدەی بیستەمیش مشتومڕی فیکری و فەلسەفی سەبارەت بەتایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانی مانای ئاسیایی بوونی مرۆڤی بەخۆوە بینی. ئەم مشتومڕانە پشتیان بە سیستەمە ئایینەکانی بوزی و کۆنفۆشی و ئیسلامی بەستبوو، لەمبارەیەشەوە هەردوو توێژەر (جۆن کامیرون)ی ئوسترالی و، (ماسامیشی یاماشیتا)ە ژاپۆنی لەگەشەسەندنی بیرۆکەی بەها ئاسیاییەکان و، پەیوەندییان بەسروشتی مرۆڤ و تواناکانیانەوە کۆڵیەوە. (٧)

بەڵام چەمکی «بەها ئاسیاییەکان» لەساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا جاریکی تر بەبەهێزی دەرکەوتەوە، ئەمەش بۆ جەختکردنەوە بوو لە«تایبەتمەندییە رۆشنبیرییەکان»ی وڵاتانی ئاسیایی، بەتایبەت سەنگافورەو مالیزیا و چین

و ژاپۆن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو یاسایانەی کەڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و وڵاتانی ڕۆژئاوا هەوڵی سەپاندنیان دەدا، لەبواری مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی تایبەت، ئەمەش بەپاساوی ئەوەی کەئەم بەهایانە بەهای جیهانین. لەدەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا مشتومڕێکی زۆر سەبارەت بە بانگەشەکانی بەهای ئاسیایی و، بانگەشەکانی دژی کرا، وایان دەخستە ڕوو کە بەرزکردنەوەی دروشمی بەهای ئاسیایی و تایبەتمەندی ڕۆشنبیری هەوڵێکە بۆ پاکانەکردن بۆ پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ (٨). لەبەهێزترین بانگەشەکارانی بەها ئاسیاییەکان مەهاتیر محەمەدی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی مالیزیا بوو، کەنکوڵی لەوە نەدەکرد چەمکی «بەها ئاسیاییەکان» چەمکێکی بەرگرییە، بەڵام بەرگرییە بەڕووی هەوڵە بەردەوامەکانی ڕۆژئاوا بۆ کەمکردنەوەی بەهای ئەوانیتر و، کەمکردنەوەی ئاستیان، چونکە ئەو وای دەبینی کەکاتی ئەوە هاتووە ڕۆژئاوا تێبگات ئاسیا جێگای ڕێزە، لەسەر ئاسیاییەکانیش پێویستە ڕێز لەوڵاتەکانیان و بەها و بیروباوەڕ و ڕۆشنبیرییەکانیان بگرن، هەتا ڕۆژئاواش ناچاربن ڕێزیان بگرن. (٩)

لەگەڵ ئەوەی بەها ڕۆژئاواییەکان لەهەموو کیشوەری ئەوروپا و ئەمریکا ڕەگی داکوتابوو، بەتایبەت پاش جەنگی جیهانی دووەم، کەچی ئێمە لەم دوو دەیەی کۆتاییدا کەلێنێکی دیار لەنێوان باڵی ئەوروپی و، باڵی ئەمریکی جیهانی ڕۆژئاوادا دەبینین. قسەکردنیش سەبارەت بەبەها ئەوروپی و بەها ئەمریکییەکان و، ڕێکخستنی دامەزراوەیی هەردوو چەمکەکە زۆر بووە، زۆر کتێبیش دەرچوون کەباسیان لەرۆحی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکی و ڕۆشنبیری ڕێگری ئەوروپی دەکرد، لەوانەیە کەلێنەکە بگۆڕێت بۆ دابڕانێکی چارەنووسی لەنیوان باڵی ئەوروپی و باڵی ئەمریکی جیهانی ڕۆژئاوا.

کار بەوە گەیشتووە ئەم واقیعە نوێیە پرسیارێکی بنەڕەتی بخاتە ڕوو: ئایا چەمکی ڕۆژئاوا هەتا ئێستاش واتایەکی دیاریکراو یاخود بەراستزانینێکی بەهایی ڕەستەقینەیە!

لەراستیدا ئێستا جیاوازی ناسنامەی ئەوروپی لەناسنامەی ئەمریکی بەڕوونی دیارە، کاتێک هەڵوێستەکانی هەردوو لایەکە زۆر دەبێت قورس نییە جیاوازی بنەڕەتی لەرادەی پابەندی بەپێوەر و پێودانگی «جیهانی» کەپەیوەندداری بەچەمکی دادپەروەری و یەکسانی و ئاشتییەوە ببینین، ئەمەش جیاوازی تێڕوانینی هەردوولا بۆ جیهان دەخاتە ڕوو، یان بەلانی کەم تێڕوانینی هەریەکەیان بۆ پێگەی خۆی لەگۆڕەپانی جیهانی و، بەشی لەبەرژەوەندییەکانی ئەو گۆڕەپانەدا. ئەوەتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵوێستی بەرهەڵستکاری هەیە لەبەرانبەر ئەوەی ئەوروپا لەزۆر بابەتی ڕکابەرێتی سیاسی و بەرژوەندی ئابووریدا دەیخوازێت، نموونەش هەڵویستی نەیارییتی بەرانبەر ڕێککەوتنی دژ بە موشەکی بالیستی، بەڵکو دەیەوێت قەڵغانێکی مووشەکی لەئەوروپا بونیات بنێت، هەروەها ڕێککەوتنامەی قەدەغەکردنی جەنگی بایۆلۆجی و، ڕێککەوتنامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مینی زەمینی ڕەت دەکاتەوە، نەیاری دادگای تاوانی نێودەوڵەتییە، مەرجی ئەوەی هەیە سەربازەکانی بەدەربن لەهەر پابەندییەکی یاسایی، هەروەها نەیاری ڕێکەوتننامەی «کیۆتۆ»یە لەبارەی ژینگەی زەوی و کەش و هەوای جیهانی. وەک ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وایبیینیبێت کەهەر ڕێککەوتنێکی «نێودەوڵەتی» کۆت وبەندە بۆ هەژموونی ئەمریکا و، سنوور بۆ دەسەڵاتی تاکڕەوانەی لەگۆڕەپانی جیهانیدا دادەنێت، ئەمە لەکاتێکدایە کەئەوروپیەکان هەژموونی تاک جەمسەریی ئەمریکا ڕەت دەکەنەوە و، دەیانەویت کە «یەکێتی ئەوروپا» جەمسەرێکی تری بەرانبەر و ڕکابەر بێت، لەبەر ئەوە پێویستە گەلانی یەکێتی

> **ئەگەر گەلان و وڵاتان بەپێی بەهاکانیان جیاواز بن، ئەی بۆ هەر ئایینەو بەبەهای تایبەت بەخۆی لەئایینەکانی تر جودا نەبێت؟!**

ئەورووپا بەهەموویانەوە بەهای تایبەت بەخۆیان هەبێت، دەبێت ئەوەش «بەهای ئەورووپی» بێت.

لەبەر ئەوە دەبینین مەڵبەندی ئەڵمانی بۆ ڕاگەیاندن کەسەر بەوەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیایە لە (١٥ی نیسانی ٢٠٠٨ی زایینی )دا لێدوانێکی ئەنجێلا مێرکلی راویژکاری ئەڵمانیا لە (ستراسبۆرگ) بڵاو دەکاتەوە کەتییدا ئەنجومەنی یەکێتی ئەورووپا بە پاسەوانی «بەها ئەورووپییەکان» ناو دەبات، وەک ڕێزگرتن لەڕۆڵی، لەنێو ئەو بەهایانەشدا: دیموکراسیەت و، دەوڵەتی یاسا و، ئازادی و، هەمەچەشنەیی و، لیبوردەیی و، دادپەروەری و، پاراستنی ڕێزی مرۆڤ، بەوپێیەی کەئەم بەهایانە ئەو بنەڕەتە بوون کەئەورووپایان لەسەر دامەزرا. (١٠)

دەبینین کە سەرۆکایەتی یەکێتی ئەورووپاش کتێبێک بەناوی: ئەورووپا لە دوازدە وانەدا دەردەکات، وانەی یەکەم بەناونیشانی: یەکێتی ئەورووپا بۆچی؟ تییدا باسی پەیامی ئەورووپا لەسەدەی بیست ویەکدا هاتووە، ئەم پەیامە شەش پێکهێنەری لەخۆ گرتووە. یەکیکیان بەناونیشانی: بەهاکانە، تییدا هاتووە: ئەورووپییەکان شانازی دەکەن بەمیراتی دەوڵەمەندیان لەبەهاکان کەباوەڕبوون بەمافەکانی مرۆڤ و، دەستەبەری کۆمەڵایەتی و، هاوبەشێتی ئازاد و، دابەشکردنی یەکسانی بەروبوومەکانی گەشەی ئابووری و، مافی ژینگەی پارێزراو و، ڕێزگرتن لەهەمەچەشنەیی رۆشنبیریی و زامن و ئاییني و، تیکەڵکردنی گونجاوی داب ونەریتەکان و پێشکەوتنی لەخۆ گرتووە. (١١)

کۆبوونەوەی لوتکەی سالانەی نێوان چین و یەکێتی ئەورووپا دواخرا تەنها بەهۆی پێشوازی سەرۆکی فەڕەنساوە لە (دالای لاما) لەسەرەتای مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٨ی زاینیدا، لەمبارەیەوە سەرۆکی فەڕەنسا وتی: «لایەنی فەڕەنسی خوازیاری دەستپێکردنەوەی وتوێژە لەگەڵ چین، بەڵام نابێت لەسەر حسابی دەستهەڵگرتن لەبەها ئەورووپییەکانمان بێت.» ئاژانسی هەواڵەکانی چین (شینخوا رۆژی ١٦ی دسەمبەری ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی) لێدوانێکی «یو جیان تشاوی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چینی بڵاوکردەوە، تییدا هاتبوو: «ئێمە دەستوەردان لەو بەهایانە ناکەین کەوڵاتانی دیکە پەیڕەوی لێدەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا ناتوانین بەکارهێنانی ئەو بەهایانە وەک پاساو بۆ زیانگەیاندن بەبەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی وڵاتان و گەلانی دیکە قبوڵ بکەین.» (١٢)

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وڵاتانەی ئەورووپا کەلەنێو یەکێتی ئەورووپادا کۆبوونەتەوە و، بوونەتە خاوەن بەهایەکی ئەورووپی دەستبەرداری بەها تایبەتەکانی خۆیان نەبوون. لەم دواییانەدا فەڕەنسا کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بەناوی (France ٢٤) دامەزراندووە

هەوڵدەدات ڕکابەرێتی کەناڵەکانی وەک (CNN)و (BBC)و (جەزیرە)ی پێ بکات. گوزارشتی هەرە دیاری پەیامی کەناڵەکەش لایەنداری ڕاشکاوانەیە لە« پێدانی لەپێشتربوون بەبەها فەرەنسیەکان و تێڕاوانینی فەرەنسا بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان.» ئەو بەڵێننامەشی رۆژنامەنووسانی ئەم کەناڵە واژۆیان لەسەر کردووە تییدا هاتووە: «رۆڵی ئێمە بریتییە لە گواستنەوەی ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان بەتێڕوانینێکی فەرەنسی... هەروەها بڵاوکردنەوەی بەها فەرەنسیەکان لەجیهاندا.» (١٣) یاخود وەک ئەوەی بەڕێوەبەری کەناڵەکە (جیرار سان بول) وتی: «گرنگیپێدانی دیکەشمان دەبێت: هونەری ژیان لەسەر شێوازی فەرەنسی، لەیادمان نەچێت کە یەکێک لە ئەرکەکانمان بڵاوکردنەوەی بەها فەرەنسیەکانە.» (١٤)

مەڵبەندی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی ئەمریکا و ڕۆژئاواش کتێبێکی لەنووسینی (نیکۆلاس هیدرسۆن) سەبارەت بە چۆنیەتی پێناسەکردنی بەها بەریتانییەکان بڵاوکردەوە، نموونەی زۆریش هەیە لەبارەی بەها ئەڵمانی و، بەها ئیتاڵی و، بەها ئیسپانییەکان و، بەوشێوەیە، باشە ئیدی بۆ هەر گەلێک بەهای تایبەت بەخۆی و هەر دەوڵەتێک بەهای خۆی نەبێت؟!

بۆ نموونە چین بەهای خۆی هەیە، بەجۆرێک کە وەزارەتی رۆشنبیری چین لەساڵی (٢٠٠٥ز) دا پیشانگایەکی وێنەی بۆ زیندوو ڕاگرتنی یادی پەنجاو شەش ساڵەی دامەزراندنی کۆماری میللی چین کردەوە، لەکتێبی تایبەتی پێشانگاکەدا باسی کاروچالاکییەکانی ئەم پێشانگایەو، تایبەتمەندی شارەکانی چینی لەخۆگرتبوو، لەنێویاندا شاری پەکینی پایتەخت، تێیدا هاتبوو: «رۆشنبیری زیندووی (پەکین)ی پڕ ژیان لە«بەها چینییە« نەریتییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.»(١٥)

ئیسرائیلیش بەهای خۆی هەیە، ئەو وێنەکێشە ئیسرائیلیەی خەڵاتی ئیسرائیلی بەدەستهێنا و، ڕەتی کردەوە لەئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکان ئامادە ببێت، تا ناچار نەبێت تەوقە لەگەڵ یەکێک لەوەزیرەکانی حکومەتی ئیسرائیل بکات، شانازی بەوەوە دەکات کەسانێک هەبن دان بنێن بەهەوڵەکانی لەبواری فیکری ئیسرائیلی و، ڕوونکردنەوەی «بەها ئیسرائیلییەکان.» هەرچەندە ئەو بەڕوونی جیاوازی دەکات لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای ئیسرائیلیدا لەلایەک و، حوکمڕانی کاتی دەوڵەت لەچرکەساتێکدا لەلایەکی ترەوە. (١٦) (نداف ئیال) لە رۆژنامەی (مەعاریف)ی ئیسرائیلیدا نووسیوویەتی: «کۆتا سەرۆک حکومەت کە زاڵبوو بەسەر «دەوڵەتی ئیسرائیل»دا بەدرێژایی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی پۆلیس لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکرد ئیسحاق ڕابین بوو. پاش ئەو سەرەی چوار قەیسەرەکە هات: بنیامین ناتەنیاهۆ، ئێهود باراک، ئێریل شارۆن، ئێهود ئولمرت. مێژوو هیچکامیان بەباشی باس ناکات. کشانەوەی بەها ئیسرائیلییەکان دەخاتە ڕوو.»(١٧)

## چوارەم: بەها ئایینیەکان

ئەگەر گەلان و وڵاتان بەپێی بەهاکانیان جیاواز بن، ئەی بۆ هەر ئایینەو بەبەهای تایبەت بەخۆی لەئایینەکانی تر جودا نەبێت؟! بۆ نموونە «بەها یەهودییەکان»، ئەوەتا «یدیدیا شتیرن» مامۆستای یاسا لەزانکۆی (بار ئایلان) لەڕۆژنامەی (یەدعوت ئەحرانۆت) ژمارەی ڕۆژی پێنجی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی دەنووسێت: « تەنها لەدەوڵەتی یەهودیدا دەسەڵاتی زۆرینەی یەهودی دێتە دی، کە تێیدا دەکرێت بگەڕێین -بۆ زمانی «بەها یەهودییەکان»- لەبەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤ و ئەرکەکانی، ... تەنها لەدەوڵەتی یەهودیدا دەکرێت گفتوگۆ ئەنجام بدرێت، کەبەشێوەیەکی گشتی بێت، لەنێوان بەهاکانی دیموکراسیەت – لیبراڵیەت و بەها یەهودی- یە باوەکان، دەوڵەتی

یەهودی ئامرازی پێویستە بۆ مەبەستی چاکسازی گەل، لەئاستی نێوخۆ و، چاکسازی جیهان، لەئاستی دەرەوە... .» (١٨)

مەسیحیەتیش بەهای خۆیان هەیە، پاپا (بندیکیتی شازدەهەم) سەردانەکەی خۆی لەمانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ بۆ تورکیا کەدەیەوێت ببێتە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا دەقۆزێتەوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر «بەها مەسیحیەکان»ی ئەوروپا: «پاپا بەبەردەوامی لەکاتی گەیشتنیەوە بۆ سەرکورسی پاپایەتی لەمانگی ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٥ی زایینیەوە جەخت لەناسنامەی مەسیحیبوونی ئەوروپا دەکاتەوە... پاپا بانگەشەی ... تێکڕای مەسیحیەکانی کرد... بۆ « نویکردنەوەی هۆشیاری ئەوروپا لەبارەی ڕەگ وریشەو دابونەریت و بەها مەسیحیەکانیان و، زیندووکردنەوەی زێندوویەتییەکەی.»(١٩)

موسڵمانەکان باوەڕیان وایە باوەڕی ئایینی فیترەتێکی مرۆییە، کەژاوەی پەیامهێنەر و نێردراوانیش بەدرێژایی مێژوو یەک کەژاوەبووە. چونکە خودای گەورە لەم سەر زەمینەدا مرۆڤەکان بەبێ ڕێنمایی لێنەگەڕاوە، خوای گەورە هیچ نەتەوەیەک لەنەتەوەکان نییە پەیامهێنەری لەخۆیان بۆ نەناردبن، کەڕێنوێنی پەروەردگار بگەیەنێت پێیان. هەموو پەیامە ئاسمانییەکانیش سەبارەت بەهەمان بەهاکانە، با شەریعەتەکانیش جودا بن. بەڵام موسڵمانان–هەروەها– باوەڕیان وایە کەئەو ئایینانەی ئێستا بوونیان هەیە دەستکاری کراون، ڕێنوێنییەکانی ئێستایان هەمووی ئەو ڕێنوێنییە ڕەسەنانە نین کە پەیامهێنەر و نێردراوان هێناویانە. پەیامی ئیسلامیش ڕاستکردنەوە و تێکڕایی و کۆتایی سروشی پەروەردگارە بۆ خەڵکی سەر زەوی، ئەم پەیامە -بەحوکمی کۆتا پەیام بوونی، خوای گەورەش دەستەبەری پاراستنی لەشێواندن دەکات و، هی سەردەمێکی نزیکە، مرۆڤایەتیش گەشتووەتە ڕادەیەکی تێگەیشتن– هێندە بەهای لەخۆ گرتووە کەبەتەنها بەسن بۆ بەختەوەری مرۆڤ لەم ژیانەدا و، لەو تەمەنەی مرۆڤایەتی کەلەسەر زەوی ماوە. چونکە بەهاکانی ئیسلام ئەو پێوەرەن کەبانگەشەی هەر بەهایەکی دیکەی پێ دەپێورێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلام ڕێز لەپێگەیشتنی مرۆڤایەتی و، کەڵکەبوونی ئەزموونە مرۆییەکان و، تواناکانی لەسەر بەدەستهێنانی زۆرێک لەزانست و دانایی دەگرێت، لەبەر ئەوە موسڵمانان بەڕووی ئەوانەدا کراوەن، لەسەرچاوەکانی گەردوونی ماددی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە فێردەبن و، کەرەستەکانی عەقڵ و هەست و پشکنین لەڕێکخستنی کاروباری خەڵکی و، بەڕێوەبردنی ژیان و، گەشەپێدانی هۆکارەکانی دەخەنە گەڕ.

نارەحەتە موسڵمانێک بدۆزیتەوە کەلەبانگەشەدا –بەمتمانەیەکی تەواوەوە– ئەوە دووبارە بکاتەوە کە ئیسلام بریتییە لەکۆمەڵەیەکی تەواوی بەها و، «بەها ئیسلامییەکان» ئەوانەن کەخوای گەورە بۆ مرۆڤایەتی هەڵبژاردوون لەکۆتا پەیامی ئاسمانیدا. خۆ ئەگەر هەر پەیامهێنەرێک لەپەیامهێنەرانی پێشوو بەتایبەت بۆ گەلەکەی هاتبێت، ئەوا کۆتا پەیامهێنەر کەمحەمەدە (درودی خوای لەسەر بێ) بۆ هەموو خەڵکی هاتووە، پەیامەکەشی پەیامێکی جیهانییە، بەها ئیسلامییەکانیش بریتین لەبەهای جیهانی، ئەگەر خەڵکی لە مانابەخشینی مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلام تیبگەن، ئەوا دەبینن کەئەم مەبەستانە گوزارشتکاری تەواوە لەبەها مرۆییە هاوبەشەکان، کەسیش مشتومڕ سەبارەت بەجیهانیبوونیان ناکات، گەڕانی متمانەداریش بەشوێن بەها جیهانییەکاندا بەگەیشتن بەو بەهایانەی ئیسلام هێناویەتی کۆتای دێت.

بیرۆکەی «جیهانیبوون universality» لەبەهاکاندا بەگوێرەی تێڕوانینی ئیسلامی ئەوە پێویست دەکات کە خەڵکی لەجیهاندا تێیدا بەشداربن لەپێزانین و ڕێزیدا، وەک پێویست لەبەر ئەوەنا کەخەڵکی یەکدەخات و، جیاوازیەکانی نێوانیان ناهیڵێت، چونکە لەوانەیە لەتوانادا نەبێت

ئەو یەکخستنە بەدی بێت و، لەوانەیە پێویستیش نەبێت. ئەگەر ئێمە لەبەها جیهانییە هاوبەشەکانمان دەمانەوێت کەقەبارەی جیاوازییەکان و، قوڵییان لەنێوان گەلاندا سنوور بۆ دابنێت، ئەوا پێویستمان بەپێدانی لەپێشبوون بەهەندێک بەها وپێدانی چاودێری تایبەت پێی هەیە، لەوانەیە لەسەرەوەی لیستی لەپێشبووەکانیشدا بەها هاوبەشەکان هەبن، «بەهای دانپێدانان بەمافی جیاوازی» و ڕێزگرتنی ڕای جیاواز، جیاوازی لەنێو تاکە پێکهێنەرەکانی خودی ئایین یاخود نەتەوە یان زماندا نییە، بەڵکو لەنێو خود لەکۆیدا و ئەویتریشدایە، ئیدی خەسڵەتەکانی ئەویتر و لایەنەکانی جیاوازی لەگەڵیدا هەرچییەک بن.

موسڵمانان باوەڕیان وایە کەجیاوازی سوننەتێکە لەسوننەتەکانی خوای گەورە لەگەردوون و خەڵکیدا، ئایەتێکە لەئایەتەکانی بەڵگەی مەزنی و توانای پەروەردگار: [وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ] {الروم: ٢٢}، لەبەر ئەوە جیاوازی و هەمەچەشنەیی و جیایی ئایەت و نیشانەن بۆ هەرکەس کەخاوەن عیلم بێت، بەهۆی جیاوازی خەڵکیشەوە بۆ گەل و هۆز یەکترناسین و هۆگربوون و هاریکاری لەنێوان جیاوازەکاندا دێتەدی، لەڕەنگ و ڕەگەز و زمان و ئاییندا جیاوازن، جیاوازی و جیاییەکە دەگاتە ئەو وڵاتەی لێی لەدایکبوون و، شوێنی نیشتەجێبوون و، پیشە و، مەزهەب و، حزب، هەموو ئەمانە جیاوازی هەمەچەشنەیین، نەک جیاوازی دژبەیەک.

لەوانەیە ئەم جیاوازیانە گوزارشت بن لەناسنامە جیاوازەکان، بەڵام لەگەڵیاندا لەیەک کۆمەڵەدا، یان یەک تاکە کەسدا، بەپێکەوە گونجانەوە بوونی هەیە، لەوانەشە ئەم خەسڵەتانە بازنەی ئەندامبوون و ئینتیمای بەیەکداچوو بێت، چونکە تاک بۆی هەیە لەبنەڕەتدا ئەفریقی بێت، لەئەمریکا لەدایک بووبێت، بەئایین موسڵمان بێت، بەپیشە پزیشک بێت. زۆرێک لەناوداران بە کۆمەڵێک ناو دەناسرێن کەسەر بە چەند بازنەیەکن، ئیبن خەلدوون – بۆنموونە- بەبنەڕەت حەزرەمییە، لەتونس لەدایکبووە، لەمیسر کۆچی دوایی کردووە، بەزمان عەرەبە، بەئایین موسڵمان، بەمەزهەب مالیکی، وەک ناوبانگ مێژوونووس... هتد. کەواتە بازنەکانی ئەندامێتی زۆرە، هیچ ناتەواوی و دژیەکی لەنێوانیاندا نییە.

یاساکانی ئیسلام، کەئامانجیان پاراستنی «بەها ئیسلامیی» جیهانییەکانە لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا، ئەوەی بۆ خەڵکی پاراستووە کەلەو کۆمەڵگایەدا بەبێ جیاوازی لەنێوانیان لەسەر بنەمای ڕەنگ یان ڕەگەز یاخود زمان یان ئایین بژین، بەهۆی ئەوەی بەشدارن لەدەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵگا و، پاراستنی «بەها ئیسلامییەکان» تێیدا، چونکە ئەم بەهایانە دەستەبەرکاری ڕێزی مافی تاکن لەجیاوازیدا، بەڵام پاش هەڵبژاردنی ئایین و ڕاستگۆیی باوەڕبوونیان پێی، ئەمەیان حسابیان لەسەری لای خوای گەورەیەو، بۆ هیچ یەکێک لەمرۆڤەکان نییە.

**و: ڕێدار ئەحمەد**

## پەراوێزەکان:


1. Fukuyama, Francis. The Great Disruption: Human Nature and the Reconstitution of Social Order, New York: Free Press, 1999, pp. 101-111.

٢. عكاوي، رحاب. جمال الدين الأفغاني (حكيم الشرق)، بيروت: دار الفكر العربي، ١٩٩٣م.

٣. عوض، محمود. جمال الدين الأفغاني/ مصلح الشرق، القاهرة: دار المعارف، ١٩٩٨م.

٤. عمارة، محمد. جمال الدين الأفغاني: موقظ الشرق وفيلسوف الإسلام، القاهرة: دار الشروق، ٢٠٠٨م.

٥. المخزومي، محمد باشا. خاطرات جمال الدين الأفغاني، بيروت: دار الحقيقة، ١٩٨٠م. (نشرت الطبعة الأولى عام ١٩٣١م).

٦. كي، وو تاك. نحو فلسفة علمية، رسالة اليونسكو، العدد٩، ٢٠٠٧م.

7. Cameron, John and Yamashita, Masamichi. Asian Values and Human Capabilities. Norwich, UK: University of East Anglia, 2004.

8. Li, Xiaorong. Asian Values and the Universality of Human Rights, College Park, Md. The Institute for Philosophy and Public Policy.pp.3-5.

9. Asia Pacific Management Forum, Mahathir and the Asia Pacific Management Forum on Asian Values and International Respect, May 21, 1996, WWW.apmforum.com/news/apnm21.htm

10. http://www.almaniainfo.diplo.de/Vertretung/gaic/ar/03/Deutschland__in__der__EU/BK__Europarat__April-08__Seite.html.

11. http://www.delsyr.ec.europa.eu/ab/europe_in_12lessons/1.html

12. www.xinhuanet.com 2008-12-17 08:27:47

13. www.islammemo.cc/tkarer/takrer-motargam/2007/02/01/31215.html

١٤. جريدة الشرق الأوسط العدد١٠١٩٧ تاريخ ٢٨ أكتوبر ٢٠٠٦م.

15. www.chinaculture.org/cnstatic/doc/exhibition/wdbjwa.doc

١٦. اوري سلعي، يديعوت احرونوت، المحلق الأسبوعي، الجمعة ٢٠٠٣/٤/٢٥م، نقلا عن المركز الفلسطيني للدراسات الإسرائيلية.
http://www.madarcenter.org/almash-had/viewarticle.asp?articalid=914

١٧. نداف ايال في جريمة معاريف بتاريخ ٢٠٠٧/١/١١م، بعنوان: «نحتاج إلى زعيم»
http://www.wa3ad.org/index.php?show=news&action=download&id=4665

١٨. يديعوت احرونوت- مقال افتتاحي - ٢٠٠٨/٥/٦.
http://www.group194.net/?page=ShowDetails&Id=1840&table=hebrew_np

19. http://www.alarabiya.net/articles/2006/11/30/29515.html


**تێبینی:**


ئەم بابەتە لەژمارە (٥٦)ی، ساڵی چواردەهەمی، گۆڤاری (إسلامية المعرفة)دا، کە لە بەهاری ساڵی (١٤٣٠کۆچی بەرانبەر بە ٢٠٠٩ زایینی) دەرچووە، لەلاپەڕە (٥-١٧) بڵاو کراوەتەوە.

# تەزکیەی نەفس یانی چی؟






**ئیکرام کەریم**

ئیکرام کریم، ساڵی ١٩٦٥ لەدایکبووە.
بەکالۆریۆس لەشەریعەدا.
چەند بەرهەمێکی چاپ و بڵاو بووەتەوە.

تەزکییەکردنی نەفس و رەوشت باسێکی زۆر گرنگ و پڕبایەخە، ئەبێ هەموو کەسێک خۆی شارەزا بکات لە ئەو رێگانەدا کە بە هۆیانەوە نەفس پاک ئەبێتەوە و تەزکییە ئەبێت.. چونکە خوای گەورە پاش ئەوەی کە یازدە جار سوێند ئەخوات بۆ بەندەکانی ئەفەرمووێ: (قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا (٩) وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا (١٠))، بە دڵنیاییەوە سەرکەوتووە ئەو کەسەی نەفسی خۆی پاک ئەکاتەوەو رەنج خەسارە ئەوەی نەفسی خۆی چڵکن ئەکات.

لە قورئاندا لە چوار ئایەتدا باسی تەزکیە هاتووە وەک ئەرکێک لە ئەرکەکانی پێغەمبەر:

یەکەم: ئایەتی: **كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولًا مِنْكُمْ:**

١. **يتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا**

٢. **ويُزَكِّيكُمْ**

٣. **ويُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ**

٤. **والْحِكْمَةَ**

٥. **ويُعَلِّمُكُمْ مَا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ..**

**فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُوا لِي وَلَا تَكْفُرُونِ)..** « ئەلبەقەرە، ئایەتی،١٥١،١٥٢»، هەر وەک ئێمە لە نێوتاندا پێغەمبەرێکمان لە خۆتان بۆ رەوانە کردوون کە ئایەتەکانی منتان بەسەردا دەخوێنێتەوە و تێتان ئەگەیەنێت تا شوێنی بکەون، دەروو و دەروونتان خاوێن دەکاتەوە، فێری قورئان و حیکمەت و داناییتان دەکات، دەرگای زانستی تازەتان لێئەکاتەوە و ئەو شتانەتان فێر دەکات کە خۆتان نایانزانن. (دەی کەواتە) ئێوەش یادی من بکەن، منیش یادی ئێوە دەکەم، سوپاسگوزاری من بن و سپڵە مەبن.

دووەم: ئایەتی ﴿**لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ**﴾ [ال عمران: ١٦٤]. خوا منەت و بەرەکەتی خۆی رشتووە بەسەر ئیمانداراندا بەوەی لە نێوانیاندا پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ رەوانە کردوون، کە ئایەتەکانی خوایان بەسەردا دەخوێنێتەوە و تێیان ئەگەیەنێت تا شوێنی بکەون، دەروو و دەروونیان خاوێن دەکاتەوەو، فێری قورئان و حیکمەت و داناییان دەکات، هەرچەندە پێشتر لەناو بێئاگاییەکی ئاشکرادا بوون..

سێیەم: ئایەتی ﴿**هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ**﴾ [الجمعة: ٢]. خوا ئەو زاتەیە کە لە نێو نەخوێندەوارەکاندا پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ رەوانە کردوون کە ئایەتەکانی خوایان بەسەردا دەخوێنێتەوە و تێیان ئەگەیەنێت تا شوێنی بکەون، دەروو و دەروونیان خاوێن دەکاتەوەو، فێری قورئان و حیکمەت و داناییتان دەکات، هەرچەندە پێشتر لەناو بێئاگاییەکی ئاشکرادا بوون..

چوارەم: ئایەتی ﴿ **رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ** ﴾ [البقرة: ١٢٩]، ئەی پەروەردگار! لە نێوانیاندا پێغەمبەرێک لە خۆیان رەوانە بکە، کە ئایەتەکانی خوایان بەسەردا بخوێنێتەوە و تێیان بگەیەنێت تا شوێنی بکەون، فێری قورئان و حیکمەت و داناییان بکات و دەر و دەروونیان خاوێن بکاتەوە، هەر تۆ ئەی پەروەردگار دەسەڵاتدار و کاربەجێی..

لە هەر سێ ئایەتی پێشوودا ئەرکی تەزکییە پێش ئەرکی تەعلیم کەوتووە، تەنیا لەم ئایەتەی کۆتاییدا نەبێت کە ئەرکی تەعلیم پێش ئەرکی تەزکییە کەوتووە، هۆکەشی-خوا زاناترە- ئەوەیە کە ئەو سێ ئایەتە قسەی خوان، ئەمەی ئەخیریان قسەی ئیبراهیم و ئیسماعیلە، ئەوانیش بە بیروڕای خۆیان وایان بینیوە کە ئەرکی پێغەمبەران و بانگخوازانی رێگەی دین ئەوەیە کە: بە عیلم و تەعلیم زەمینە بۆ تەزکییەی نەفس بسازێنن، تەعلیم

کاری یەکەمە و تەزکییەش کاری دووەمە، تەعلیم عایدی پێغەمبەرانە، تەزکییەش عایدی خوای پەروەردگارە، تەعلیم بەدەستی پێغەمبەرانە و لە توانایاندایە خەڵکی فێر بکەن، تەزکیە بەدەستی خوایە و پێغەمبەران لە توانایاندا نیە تەزکییەی کەس بکەن، وەک خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَا زَكَىٰ مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ [النور: ٢١، ئەگەر فەزڵی و ڕێزی خوا نەبێ کەس لە ئێوە هیچ کاتێک تەزکییە وەرناگرێت و پاک نابێتەوە، بەڵام خوا هەرکات ویستی تەزکییە ئەبەخشێ، خوا هەم بیسەرە و قسەکانتان ئەبیسێت و هەم زاناشە ئاگای لە نێتەکانتان هەیە.. کەواتە ئەرکی پێغەمبەران و داعیەکانی ڕێگەی خوا ئەوەیە عیلم بڵاوبکەنەوە لەناو خەڵکدا و زەمینە بۆ تەزکییە دروست بکەن، خواش بە پێی نێتی خەڵکەکە تەزکییەیان پێ ئەبەخشێت و تەزکییەی خەڵکیان بۆ ئەکات، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) ئەفەرموێ: (**مَثَلُ ما بعثني الله به من الهُدى والعلم كمَثَل الغيث الكثير أصاب أرضًا، فكان منها نقية قبِلت الماء فأنبتت الكلأ والعشب الكثير، وكانت منها أجادبَ أمسكت الماء، فنفع الله بها الناس فشرِبوا وسقَوا وزرعوا، وأصاب منها طائفة أخرى إنما هي قيعان لا تُمسِك ماءً، ولا تنبت الكلأ، فذلك مَثَل مَن فقه في دين الله ونفعه ما بعثني الله به فعلِم وعلَّم، ومَثَل مَن لم يرفَع بذلك رأسًا، ولم يقبل هدى الله الذي أُرسِلت به). رواه البخاري ومسلم.**. نموونەی ئەم پەیامە پڕزانست و پڕهیدایەتە کە خوا داویەتی بەمن و مایەی زیندووڕاگرتنی ئەم بوونەوەرەیە، وەک پەڵە بارانێکی زۆرە، ئەبارێت بەسەر زەویەکدا، ئەو زەویە هەیەتی پاک و بێ خەوشە و ئاوەکە هەمووی ئەگرێتە خۆی، لەوەڕ و گژوگیایەکی زۆر شین ئەکات، هی واشی هەیە ڕەقەڵانە و ئاوەکە ئەگرێتەخۆی، خوا ئەیکاتە سوود بۆ خەڵکی و ئەیخۆنەوەو ئاوی پێئەدەن و کشتوکاڵ لەبەردەمیدا ئەکەن، ئەو بارانە تووشی هەندێ زەوی تر ئەبێت کە زەوییەکی شۆر و رووتەڵە، نە ئاوەکە ئەگرێتە خۆی و نە هیچ لەوەڕێکیش شین ئەکات، ئەم نموونەیە وەک ئەو کەسانە وایە خۆی لە ئایینی خوا شارەزا ئەبێت و سوود لەم پەیامە وەرئەگرێت و خۆی فێر ئەبێت و خەڵکیش فێر ئەکات، هی واش هەیە ئەم دینە هیچ پلەیەکی پێ نادات و ئەم هیدایەتەی هاتووە بۆ من وەریناگرێت و لێی تێپەڕ ئەکات..

بەرنامەی تەزکییەکردنی نەفس لە دیدی زانایانی ئیسلامیدا ئەکرێ بڵێین پێنج بیردۆزەی لەسەر وتراوە: (تەزکییە یەک خاڵە، تەزکییە دوو خاڵە، تەزکییە سێ خاڵە، تەزکییە چوار خاڵە، تەزکییە پێنج خاڵە):

١- پرۆسەی تەزکییە یانی بژارکردنی نەفس لە خو و رەوشتی خراپ، وەک بژارکردنی باغ و زەراعەتەکەت لە مرۆر و شتی زیان بەخش..

٢- تەزکیەکردن بریتییە لە خۆخاڵیکردنەوە لە خو و رەوشتی ناپەسەند و خۆ پڕکردن لە خوو و رەوشتی پەسەند.

٣- پرۆسەی تەزکییەبوون سێ خاڵە:

أ. جێبەجێکردنی(رەوشتە کۆکراوەکان: الاخلاق الجامعة)، لەگەڵ (خۆت و خەڵک و خوا)دا..

ب. زیندووکردنەوەو زیندووڕاگرتنی رەوشتەکانی پێغەمبەر (صلى اللهعليه وسلم) لەگەڵ (خۆت و خەڵک و خوا)دا..

ت. خۆبەدوورگرتن لەئەخلاق و رەوشتی کافران و مونافیقانو سڕینەوەی نیشانەکانی (نیفاق و کوفر) لە(دەرەوە)و لە(ناوەوە)ی خۆتدا.

٤- پرۆسەی تەزکییە لەسەر چوار دیوار بەرزئەبێتەوە:

أ- خوێندنی ئەسمائولا و هەوڵدان بۆ

> ئەركی پێغەمبەران و داعیەكانی رێگەی خوا ئەوەیە عیلم بڵاوبكەنەوە لەناو خەڵكدا و زەمینە بۆ تەزكییە دروست بكەن.

زیندووكردنەوەی ئەو سیفەتانە-ی كە ئەكرێ چاویان لێبكرێت- لە خۆتدا.

ب- خوێندنەوەی سیرەو سووننەتی پێغەمبەر و زیندووكردنەوەی ئەو سووننەتانە لە خۆتدا.

ت- خوێندنەوەی ژیانی صەحابە و پیاوە گەورەكانی ئیسلام و چاوكردن لێیان.

ث- دووركەوتنەوە لە سیفەتی كافران و مونافیقان.

٥- زانای تری وا هەیە درێژتر قسە لەسەر ئەم پرۆسەی تەزكییە و تەربییە ئەكات و ئەیكاتە پێنج هەنگاو كە بریتین لە:

أ. بژاركردنی ئەخلاق و دەرەوەی خۆت لە رەوشتی خراپ.

ب. بژاركردنی ناخ و ناوەوەی خۆت لە شتی خراپ.

ت. وابەستەبوون بە كەسێكی كامڵتر لە خۆت و گوێگرتن و گوێڕایەڵی بۆی.

ث. زیكری بەردەوام و غافڵ نەبوون.

ج. شوێنكەوتنی سووننەتی بەرزی پێغەمبەر و زیندووكردنەوەیان.

ئێمە ئەم پرۆسەی تەزكییە و تەربییە بە پێی خاڵی سێ و لە سێ بڕگەدا باس ئەكەین كە ئەمانەی لای خوارەوەیە:

بڕگەی یەكەم: جێبەجێكردنی (رەوشتە كۆكراوەكان: الاخلاق الجامعة)، لەگەڵ پەروەردگارو لەگەڵ خەڵكدا..

رەوشتە كۆكراوەكان بریتین لەو رەوشتانەی كە سەرچاوەن بۆ دەیان رەوشتی جوانی تر، بۆنموونە: ئازایەتی، بەخشندەیی، دەستپاكی، پەرێزپاكی.. هەریەك لەو رەوشتانە سەرچاوەن بۆ دەیان رەوشتی تری جوان، بۆنمونە خوای گەورە ئەفەرمووێ: (خذ العفو وأمر بالعرف واعرض عن الجاهلين)، لێبووردەیی (بەخشندەیی) بەدەستەوە بگرە، فەرمان بەوە بكە كە كەلتوورەو چاكە لەناو خەڵكیدا، روو لە كەسانی نەفام وەربگێڕەو لێیان بگەڕێ.

ئیبن قەییمی جەوزییە ئەڵێت: (قد جمع الله له مكارم الاخلاق فی قوله تعالى: خذ العفو وأمر بالعرف واعرض عن الجاهلين)، یانی: خوای گەورە هەموو رەوشتە جوانەكانی لەم ئایەتەدا كۆكردووەتەوە بۆ پێغەمبەر-صەلات و سەلامی خوای لێبێ- كە ئەفەرموێت: خذ العفو وأمر بالعرف واعرض عن الجاهلين. (دەست بگرە بە لێبووردنەوە و فەرمان بەوە بكە لەناو خەڵكیدا چاكە و گوێ مەدە بە خەڵكی نەفام).

زانایان هەریەكەیان ئیجتیهادێكی جیاوازی كردووە بۆ ئەوەی بگاتە ئەوەی سەرچاوەی رەوشتە بەرزەكان كامانەن، هەندێ ئەفەرموون: سەرچاوەی هەموو رەوشتە باشەكان لەو سێ وشەیەی قورئاندایە كە ئەفەرموێ: (خذ العفو وأمر

بالعرف واعرض عن الجاهلين). هەندێکی تر ئەڵێن: پێغەمبەر هەموو ڕەوشتە باش و خراپەکانی لە دوو ووشەدا کۆکردووتەوە کە ئەویش بریتیین لە:»البر»و»الاثم»، وەک ئەفەرموێت: (البر حسن الخلق والاثم ماحاك فی صدرك وكرهت ان يتطلع عليه الناس)، چاکە ئەوەیە کە ڕەوشتت جوان بێت و خراپەش ئەوەیە کە دڵەتەپەت بێت لەکارێک و پێتناخۆشبێت خەڵکی بەو کارە بزانن.

ئیبنو قەییمی ئەلجەوزییەش ئەفەرموێ: سەرچاوەی ڕەوشتە باشەکان بۆ چوار سەرچاوەی سەرەکی ئەگەڕێتەوە، کە بریتین لە: ئارامگرتن، پاکیزەیی، ئازایەتی، دادپەروەری، بەهەمانشێوە ڕەوشتە خراپەکانیش ئەگەڕێنەوە بۆ چوار ڕەوشتی سەرەکی: نەزانین، ستەمکردن، ئارەزووپەرستی، تووڕەبوون. پاشان ئەڵێ: «فالأخلاق الحميدة يولد بعضها بعضا والقبيحة كذلك»، ڕەوشتی باش ڕەوشتی باش بەرهەمدێنێت و ڕەوشتی خراپیش بەهەمانشێوەیە..

بەڵام بە بیروڕای من سەرچاوەکانی ڕەوشتە باشەکان بریتین لە سێ سەرچاوەی سەرەکی: یەکەم: مانا بەرز و جوانەکانی ئەسما و سیفاتی خوای گەورە-جل جلاله- .. دووەم: سوونەتەکانی پێغەمبەر (صلی اللەعلیەوالەوسلم) کە بە درێژی لە کتێبەکانی سیرەو سوونەتدا باسکراون.سێیەم: سیفەت و ڕەوشتی پەسەندی «خەڵکی بەتەقوا» کە لە قورئاندا بە درێژی باسکراون.

هەرچۆن بێت زانایانی دەروناس و ئاکارشوناسی لەسەر ئەوە یەکڕان کە ڕەوشتەکان دوو بەشن:

**یەکەمیان: ڕەوشتە خراپەکان**

**دووەمیان: ڕەوشتە باشەکان**

مرۆڤی موسڵمان داوالێکراوە کە ڕەوشتە خراپەکان لە خۆی بکاتە دەرەوەو لەبەری خۆی دایانبکەنێت و لەبەرانبەریدا ڕەوشتە باشەکان بکاتەبەری و خۆی پێبرازێنێتەوە.

زانایان هەرکەسەیان بە شێوازێک ڕەوشتە باش و خراپەکان هەژمار ئەکەن، هەیانە تا سێ صەد دانە ئەیانبات.. بۆ نمونە مەلا ئەحمەدی قازی پێنجوێنی ئەفەرموێ:

**گەر ڕەزائیلت لێ مەعلوم نیە**
**یاخود نازانی فەزائیل چییە**
**ڕەزیلە خولقی قەبیح و پیسە**
**لە هەر کەسا بێ دەنی و خەسیسە**
**وەک کیبر و غورور یا حیلەبازی**
**وەک ئەمە ئینسان لەخۆی بێ ڕازی**
**بێ وەفائییە و غەدداری و چرووک**
**بێ ئەدەبییە و تەبیعەتی سووک**
**وەک هەرزەخۆیی و وەک فیتنەبازی**
**غەش و ڕووگرژی یا قوماربازی**
**زوبان درێژی و جوێن و شەرارەت**
**یا وردبوونەوەی خەلق بە حەقارەت**
**درۆ و خیانەت توندی و کەللە شەق**
**تانە و موزڕری و ئیستیهزا بە خەلق**
**حیرس و تەماع و نەوسنی بێ حەدد**
**نەزەر لە غەیرە مەحرەم لە ئەمرەد**
**ئارەزووی زینا و خواردنی حەرام**
**سواڵکەر دەرکردن بە قسەی بێ تام**
**وەک ترس و حەسەد یا بوغز و کینە**
**یا لە حوببی خوا خاڵی بێ سینە**
**هەر ئەوەندە نین زۆرن ڕەزائیل**
**ئینجا بێینەسەر باسی فەزائیل**
**هەرچەن کە عەکسی ئەمانەن بەڵام**
**دوویینێ لەویش صەلاحە لە لام**
**ئەدەبە و تەمکین ویقارە و حەیا**
**بێ موبالاتی لەگەڵ ئەم دنیا**
**وەرع و تەوەککول زوهد و تەقوایە**
**مەحەببەتی زۆر لەگەڵ خودایە**

**ویسعەتی سەخا و حیلم و قەناعەت**
**سەبر و سوبات و مەجد و شەجاعەت**
**رووخۆشی و بەشوش شیرین زوبانی**
**راست قسە و گوفتار لە ڕوو و نیهانی**
**عەفو و رەحمەت و دڵ کەیلی سەفا**
**عەمەل بە وەعد و ئیسلاح و وەفا**
**روشد و تەوازوع میوان پەزیری**
**ناموس و عیففەت بە برسی و تێری**
**پۆشینی سیرڕ و کۆمەکی بە خەلق**
**جەودەتی زەکا و عەقڵ و قسەی حەق**
**عیلم و هونەر و فەزڵ و ئەمانەت**
**دین و مروەت و سیلم و مەتانەت**
**پاکی نیهاد و پوختی ئەلبیسە**
**لە فەزائیلیش ئەمەندە بەسە**
**فەزیلەی ئەخلاق ریوایەت وایە**
**حەسری عەدەدی لە سێ صەد دایە**
**دیارە رەزیلەش هەر ئەوەندەیە**
**چونکە هەر یەک زیددێکی هەیە**
**رەزیلەش هەموو بە جارێ یەقین**
**دەرچە لە نەفسی شەیتانی لەعین**
**چ لە فەزیلە چ لە رەزیلە**
**مەراتیب هەیە ئا بەم دەلیلە**
**مەسەلا سێ کەس سەخاوەتدارن**
**هەریەک هەر دارای سێ صەد دینارن**
**یەکێکیان قووەی کەرەمی هەر وا**
**تا دەوری هەشت نۆ دینارێ ئەڕوا**
**دەرەجەی بەزلی دووەمیان قووەی**
**ئەگاتە حەددێ ببەخشێ نیوەی**
**ئەندازەی سەخای سێیەمیان وایە**
**بەخشینی هەمووی لا چڵێ کایە**
**بالاتر لەمیش هەیە بۆ کەرەم**
**نەفسیش ئەبەخشێ نەک تەنیا دیرهەم**
**لەمیش زیاترە هەرکەس بتوانێ**
**هیچ هوونەرێکی لە خۆی نەزانێ**
**بەخشش و وەسفی بەخششی هەر دوو**
**بەخشش خوایە پێی رەوا فەرموو**
**وا بەمە زانیت لە هەر دوو وەسفا**
**دەرەجات هەیە لە قووە و زەعفا**
**جا نۆش کە شەربەت ئیمانی زولاڵ**
**کەوا بەرزتری مەرتەبەی کەماڵ**
**ئەعلای دەرەجات کافەی فەزائیل**
**نوقتەی نیهایەت حوسنی شەمائیل**
**کالان و خودا بڕیونی بە بەر**
**بالای بێ هامتای (سید البشر)**
**بۆیە فەرموویە حەزرەتی عەلیم**
**(انک لعلی خلـــــق عظیم)**
**بەم حەزرەتەدا خالیقی بێچوون**
**ناردوویە بۆمان دەستوور و قانون.**

زانایانی ئیسلامی دوو جۆر بیردۆزە لەم پرۆسەی پتەوکردنی ڕەوشتەدا باس ئەکەن و ڕای جیاواز ئەخەنەڕوو، هەیانە بڕوایان وایە کە پێویستە سەرەتا مرۆڤ خاڵیبکەیتەوە لە خوو و ڕەوشتە خراپەکان، پاش ئەوە ڕەوشتە باشەکانی تێدا بچێنیت، زانای واش هەیە ڕای پێچەوانەی هەیەو قەناعەتی وایە تا خوو و ڕەوشتی باش لە مرۆڤدا نەچێنی ناتوانی دڵنیابی لەوەی ڕەوشتە خراپەکانی تێدا کزو لاواز ئەکەیت و پاشان لە ڕەگ و ریشە دەریان ئەهێنی، چونکە:

«پەروەردە» و «فێرکردن»یان بە زمانی قورئانی «تەزکییە» و «تەعلیم» یەک پرۆسەی پەروەردەییە و پێکەوە گرێدراون و نابێ لە یەکتری ببچڕێن، ڕێئەکەوێ «فێرکردن» پێش «پەروەردە»بکەوێت یان بە پێچەوانەوە، بەڵام پێویستە هەر شانبەشانی یەکتری بڕۆن، قورئانیش هەروای فەرمووە، جارێ ئەمیان پێشئەخات و جارێک ئەویان، بەڵام لە هەردوو جارەکەدا هەر

پێکەوەن، وەک لە ئایەتی (١٢٩)ی سوورەتی (ئەلبەقەرەدا) ئەفەرموێ:

(رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ)

کەچی لە ئایەتی (١٦٤)ی سوورەتی ئالی عیمراندا ئەفەرموێ: (لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ)

ئیمامی بەنناش(بەرەحمەت بێت) رایەکی تایبەتی هەیە لەم مەسەلەیەداو لە»موزەککەرات»ەکەیدا باسیئەکات و لەم مانایەدا ئەفەرموێ: («پڕکردن» پێش»بەتاڵکردنەوە»دێت، چونکە ئەو نوورو بەرەکەتەی کە»پڕکردن»و عیبادەت دروستی ئەکات، ئەتوانێت مرۆڤ»بەتاڵ بکاتەوە» لە هەموو خوویەکی پیس و نارەوا).

کاک ئەحمەدی موفتی زادە ئەفەرمووێت: ئەم پرۆسەی تەزکییەکردنە ئەکرێ وەک چاڵێک بۆی بڕوانین کە ئاوێکی تێدایەو بۆنی کردووە، ئەکرێ بە دوو ڕێگا پاکی بکەینەوە: یەکێکیان ئەوەیە کە ئاوێکی پاکی بخەینەسەرو بەو ئاوە پاکەکە سات دوای سات هەموو گەنیوی و بۆنێکی ناخۆشی بکەینەدەرەوە، ئەشکرێ کە هەموو ئاوە بۆگەن و پیسەکە بکەینەدەرەوەو پاش ئەوە ئاوی پاکی تێبکەین، بەڵام عەمەلیتر ئەوەیە کە ڕێگەی یەکەم بگرینەبەر، چونکە مامەڵە لەگەڵ بەشەردا جیاوازە لەمامەڵە لەگەڵ چاڵ و خۆڵ و بەرددا، مرۆڤ گیاندارەو ئیرادەو جوڵەو دەخالەت و پەرچەکرداری هەیە، بەڵام شتە بێگیانەکان وا نین، مرۆڤ خۆشی ئەتوانێ هاوکارت بێت بۆ ئەو پرۆسەی پەروەردەکردنە، بەڵام شتە بێگیانەکان وانین.

خۆ ئەگەر سەیری مێژووی تەشریعی ئیسلامیش بکەی هەرواکراوە، ئاوی ئیسلام هەڵکراوە بۆسەر دڵ و مێشکی خەڵکی و ئیتر ئەو ئاوە پاکە سات دوای سات هەموو ئەو گەنیوی و کەسافەتەی دەرکردووەتە دەرەوە کە لە ناخاڵێکدا چووەتە ناو دڵ و مێشکیان، خوای گەورە ئەفەرموێ: (أَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ زَبَداً رَّابِياً وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ ابْتِغَاء حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِّثْلُهُ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاء وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الأَرْضِ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللّهُ الأَمْثَالَ) (الرعد: ١٧)،واتە: (خوا لە ئاسمانەوە ئاو ئەبارێنێو خێرا دۆڵەکان هەریەک بە پێی خۆیان ئاو ئەڕژێتە ناویانو لافاوەکەش چی خاشاکو زبڵ هەیە ئەیگرێت بە کۆڵەوە، هەروەها ئەو کاتەش کە ئاگر ئەکەنەوەو خشڵێک گەرم دەکەن بە هەمان شێوە خاشاکو شتی بێ کەڵکی تری وەک زبڵی ناو دۆڵەکە سەر ئاگرەکە ئەکەوێت، بەوشێوەیە خوا نموونە دەهێنێتەوە بۆ (هەق)و بۆ (ناهەق)، جا ئەوەی زبڵو بێ سوودە فڕێ ئەدرێت و ئەوەشی بە سوودە لە زەویدا جێگیر ئەبێتو ئەمێنێتەوە، ئا بەم شێوەیە خوا نموونە دەهێنێتەوە لە قورئاندا).

سەیری ئەم نموونە بکەی دوو پەندی تێدایە: یەکەم پەندێکی ئاوی، دووەم: پەندێکی ئاگری.

- پەندە ئاویەکە: (قورئانی شوبهاندووە بە ئاو)، دۆڵەکانیش بە دڵەکان، (شوبوهات وشەهەوات)ی ناودڵیش بە زبڵاو خاشاک.

کە قورئان چوویەناو دڵ پڕی ئەکات لە (هەقو نوور)و گومان و دوودڵیو ئارەزووبازیو نەفپەرستی سەرئاو ئەکەوێو دێتەدەرەوە.

پەندە ئاگرییەکەش (قورئانی شوبهاندووە بە ئاگر)و مەنجەڵەکانیش بە دڵەکانو (شبهاتو شهوات)ی ناو دڵەکانیش بە چڵکوشتی بێ کەڵک کە قورئانەکە چوویە ناو دڵەکە پڕی ئەکات لە روناکی، گەرموگوڕی ئەکاتەوەو گومانو ئارەزووپەرستی دەرئەکاتە دەرەوە.

لەم دوو نموونەیەوە ئەتوانین لە هەموو رووەکانی رەوانبێژیو دەروونیو پەروەردەییو زانستییەوە پەندو ئامۆژگاری لێوەربگرین.

لە قورئاندا و لە چەندین ئایەتدا رەوشتە باشەکان کۆکراونەتەوە و بە هەمان شێوە لە حەدیسدا و لە چەندین فەرموودەی شیرینی پێغەمبەردا ئەم رەوشتانە کۆکراونەتەوە.. ئەم رەوشتە کۆکراوانە لەناو ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرو نووسین و قسەی زانایاندا باسکراون، هەندێ لەزانایان هەوڵی ئەوەیانداوە کە کتێبی تایبەت بنووسن لەسەر ئەم رەوشتانەو باسی چۆنێتی بەدەستهێنانیان بکەن، وەک کتێبی «مکارم الاخلاق»ی شێخ ئیبن عوسەیمین، یان کتێبی (**الاسباب المفيدة في اكتساب الاخلاق السعيدة**)، لەنووسینی: محمد بن إبراهيم الحمد،کە(٥٥) رەوشتی کۆکراوەی لەوێدا باسکردووەو لەکۆتایی کتێبەکەیدا ئەڵێ: (**هذا ما تيسر جمعه وتقييده من الأسباب والأمور المعينة علي اكتساب حسن الخلق، والله المسؤول أن يهدينا لأرشد أمرنا، والله أعلم وصلي الله وسلم علي نبينا محمد**) ..هەروەها کتێبی» الاخلاق والسير في مداواة النفوس»، ابن حزم الظاهري، یان کتێبی»تذكير المسلمين بصفات المؤمنين»، جمع وتحقيق عبد الله بن جار الله بن إبراهيم الجار الله.

لێرەدا تێبینیەکی پێویست هەیە: راستە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (صلى اللهعليهوالهوسلم) لێوان لێون لە باس و شرۆڤەکردنی رەوشتە بەرزەکاندا، بەڵام لەراستیدا ئیسلام و زانایانی ئیسلام کراوەن بەسەر عەقڵ و فەرهەنگی میللەتانداو بڕوایان وایە کە ئەم رەوشتە کۆکراوانە بەهایەکی هاوبەشن لەنێوان مرۆڤەکانداو ئەکرێت سوود لە سەرچاوەیەکی تریش جگە لە قورئان و حەدیس ببینرێت بۆ بەدەستهێنانی هەندێ لەو رەوشتانە، بۆنموونە:

فەلسەفەی هەندێ لە بیرمەند و فەیلەسوفەکانی پسپۆڕ لە ئەخلاقدا، یان پەندی پێشینان و فەرهەنگ و ئەزموونی میللەتان، ئیبن ئەبی دونیا و ماوەردی و ئیبن حەزمی زاهیری... هەندێکن لەو زانایانەن کە لە کتێبەکانیاندا سوودیان لەم خاڵە زۆر بینیوە و لە فەرهەنگی میللەتان زەخیرەیەکی زۆریشیان گواستوەتەوە بۆ ناو نووسینەکانیان.

بڕگەی دووەم: زیندووکردنەوەو زیندووڕاگرتنی رەوشتەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليهوالهوسلم)، لەگەڵ پەروەردگارو لەگەڵ خۆت و لەگەڵ خەڵکدا.

خوای گەورە کە باسی رەوشتی پێغەمبەری ئیسلام ئەکات لەقورئاندا ئەفەرموێ: (وانك لعلى خلق عظيم)، واتە تۆ بەسەر لوتکەی رەوشتبەرزیەوە راوەستاوی!، پێغەمبەر(صلى اللهعليهوالهوسلم) خۆشی باس لە ئامانجی ناردنی خۆی ئەکات بۆناو خەڵکی و ئەفەرموێت: «إنما بعثت لأتمم صالح الأخلاق».من بۆ ئەوە نێردراوم تا رەوشتە باشەکان تێرو تەواوبکەم.

پێغەمبەر(صلى اللهعليهوالهوسلم) ئەیفەرموو: خوایە دینم سەلامەت بکە چونکە ئەوە کارەکانم ئەپارێزێت، خوایە دونیام بۆ چاکبکە چونکە ژیانم لەدونیادایە، خوایە دوارۆژیشم بۆ چاکبکە چونکە زیندووبوونەوەم لە دوارۆژدایە، خوایە لەژیاندا هەموو شتێکی زیادو بەخێرم بۆ بڕیاربدە، مردنیش بکە بەمایەی پشوودان بۆم لەهەموو خراپەیەک.

بڕگەی سێیەم: دوورکەوتنەوەو وازهێنان لەڕەوشتی کەسانی کافرو دووڕوو:

قورئان و حەدیس بەدرێژی باسی سیفەتەکانی کافران و دووڕووەکانیان کردووە، هەندێ لەزانایانیش کتێبی سەربەخۆیان لەسیفاتی(کافران)، یان (دووڕووەکان)دا داناوەو راڤەو پەراوێزیان لەسەر نووسیوەو موسڵمانانیان ترساندووە لێیان، بۆ نمونە کتێبی: (أحقاق الحق في النفاق، خالد بن

> «پەروەردە» و «فێرکردن»یان بە زمانی قورئانی «تەزکییە»و«تەعلیم»یەك پرۆسەی پەروەردەییە و پێکەوە گرێدراون و نابێ لە یەکتری ببچڕێن.

إبراهيم جرجور)، یان کتێبی(المنافقون والمنافقات خطرهم و صفاتهم فی کتاب الله، ابو احمد)، ئەم نووسەرە(٦٥) صیفەتی دووڕووانی باسکردووە و (١٠)ڕێگەی داناوە بۆ خۆپاراستن لە دووڕوویی و (٨) ڕێگەشی داناوە بۆ چارەسەرکردنی دووڕوویی، یان (صفة المنافق، جعفر بن محمد بن الحسن الفريابی، تحقیق: بدر البدر)، کە باسی سیفەتی دووڕووەکانی کردووەو باسی ئەوانەشی کردووە کە چەندە لە دووڕوویی ترساون و خۆیان لێپارستووە.

لەبەر ئەمانە نابێت کەس ئەو گوناهو کارانە بەکەم بزانێت یان سیفایی مونافیقان و کافران بە ترسناک نەزانێت، و هەروا بەسادەیی بەسەریاندا بڕوات، ئەو تەقسیمبەندییەی کە هەندێ لەزانایان کردوویانە بۆ ئەوەی خەڵک نەکەوێتە ناو تەکفیرکردنەوەو وتوویانە ئەمە(کوفری عەمەلی)یە یان (کوفری لەفزی)یە یان ئەمە (نیفاقی عەمەلی) یەو (نیفاقی عەقیدەیی) نییە، زانایان ناڵێن: هەر کەس ئەگەر ئەو نیفاقە عەمەلییانە یان ئەو (کوفرە لەفزییانە) بکات (مەدالیای ئازایەتی) ئەدرێتی یان لەگوڵێ کاڵتری پێناوترێت و هیچ گوناهبار نابێت، نا، بەڵکو ئەڵێن: ئەو کەسە بەو کارو قسەو کردەوانە گوناهبار ئەبێت و پێویستە دەستی لێهەڵبگرێتو تۆبەی لێبکات، تەنیا ئەوەندە ئەڵێن کە ئەو جۆرە کوفرانە یان نیفاقانە مرۆڤ کافر ناکەنو لەئاگردا بەهەمیشەیی بهێڵێنەوە.ئیبن قەییمی جەوزییە ئەڵێت:

(لو نفع العلم بلا عمل لما ذم الله سبحانه أحبار أهل الكتاب، ولو نفع العمل بلا إخلاص لما ذمالمنافقين). ئەگەر زانست بەبێ ئیشکردن کەڵکی ببوایە ئەوە خوا زەمی زاناکانی ئەهلی کتێبی نەئەکرد، ئەگەر ئیشکردنیش بەبێ دڵسۆزی سوودی هەبوایە ئەوە خوا زەمی دووڕووەکانی نەئەکرد.

لەمانەوە بۆمان روون ئەبێتەوە کە رەوشتبەرزی لە سێ ڕێگاوە دەست ئەکەوێت: یەکەمیان زیندووکردنەوەی رەوشتە کۆکراوەکان-لەگەڵ خواداو لەگەڵ خەڵکی خوادا-، دووەمیان زیندووکردنەوەی سووننەت و رەوشتەکانی پێغەمبەر (صلی اللەعلیەوالەو سلم) لەگەڵ خواداو لەگەڵ خەڵکی خوادا، سێیەمیان خۆبەدوورگرتن لە رەوشتی کافران و دووڕووەکان.

سەبارەت بە تەزکیەی نەفسیش لە دونیاپەرستی و پارەپەرستی بە تایبەتی، ئەوە بە بیرو ڕای زۆرێک لە زانایان بە دوو ڕێگە ئەبێت:

یەکەم: ڕێگایەکی تیۆری: تەنیا بە ڕێگەی حەڵاڵ سامان پێکەوە بنێت و لە هەموو ڕێگەیەکی حەرام دووربکەوێتەوە و دروستیش بۆ ئەو ماڵ و سامانە بڕوانێ و دڵنیابێت کە ماڵ و سامان سپاردەیە لای و هی ئەو نیە و هی خوایە.. وا بۆ ماڵ بڕوانێت کە هەلێکە و بۆی هەڵکەوتووە تا بەهەشت و ڕەزامەندی خواو مەردایەتی پێ بەدەست بهێنێت، بەراوردێک بکات لە نێوان ئەوانەی کە ئەبنە بەندە و کۆیلەی پارەو سامان و ئەوانەی کە سامان و

پارە ئەبێتە بەندەو کۆیلەی ئەوان، بۆ حورمەتی ئەمان و بێ حورمەتی ئەوان بڕوانێت لە لای خەڵک و لە لای خوای خەڵک.


دووەم: ڕێگایەکی کرداری: تەنیا لە ڕێگەی حەڵاڵدا ئەو سامانە خەرجبکات و لە ڕێگەی حەرامدا تاکە دینارێک چییە خەرجی نەکات، یان بەرنامەیەک دابنێت بۆ خەرجکردنی ئەو سامانە لە کاروبارە شەرعی و دروستەکاندا وەک: نەفەقەی ماڵ و منداڵ، کاری خێرخوازی، بەهێزکردنی خزمایەتی، پێشخستنی دین و پشتیوانیکردنی ئەوانەی بۆدین تێئەکۆشن...هتد.

تەزکیە بەردەوام ئەبێت ئەگەر پاش هەموو گوناهێک تۆبەو چاکەیەک بکەیت، پێغەمبەر (صلی الله علیەوالەوسلم) کاتێک کە موعازی کوڕی جەبەلی نارد بۆ یەمەن تا فێری دینیان بکات پێی فەرموو:

ئەی مەعاز! لەهەرشوێنێکدا بووی خۆت لەخوا بپارێزە ئەوەندەی ئەتوانی! ئەوەندەی هێزت تێدایە کار بۆ خوا بکە، لەپەنای هەموو بەردو دارێکدا یادێکی خوا بکە، ئەگەر گوناهێکت کرد خێرا تەوبەیەکی بۆ بکە، ئەگەر بەنهێنی گوناهەکەت کردبوو تۆبەی نهێنی بۆ بکە، ئەگەر بەئاشکراش گوناهەکەت کردبوو تۆبەی ئاشکرای بۆ بکە. لە لەفزێکی تریشدا ئەفەرموێ: کە ویستم بچم بۆ یەمەن عەرزی پێغەمبەرم کرد: من ئەچم بۆ ئەوێ دڵنیام ئەم خەڵکە پرسیاری منت لێئەکەن، بۆیە وەسیەتێکی «کۆکراوە»م بۆ بکە (من چی بکەم باشە)، فەرمووی: ( لەهەرکوێیەکدا بوویت خۆت لە سنوورەکانی خوا بپارێزە، دوای هەموو خراپەیەک چاکەیەک بکە بابیسڕێتەوە، بە رەوشتی جوانیش تێکەڵاوی خەڵک بکە.

ئەوەی دەرکەوتووە ئەوەیە کە هەر زانایەک یان هەر مامۆستایەک یان هەر رێکخستن و حیزبێک ئەم دوو وەزیفەیەی بەیەکەوە ئەنجام نەدابێت ئەوە مایە پووچ بووەتەوە لەدنیاداو ئەمێنێتەوە رۆژی دوایی و وردکردنەوەی پەروەردگار لەگەڵیدا، ئەوەش سەلماوە تاک یان جەمعی بێ عیلم لە درێژەی ژیانیدا ئەکەوێتە دەیان و سەدان بێ شەرعی، تاک یان جەمعی بێ تەزکییەش بەهەمان شێوە، عیلمی بێ تەزکییە مرۆڤ فێری فرت و فێڵ و تەئویل و خۆدزینەوە لەشەرع و ئەرکە شەرعیەکان ئەکات و ئەو بێ ئیلتیزامییە ئەشەرعێنێ بۆ خۆی، تەزکییەی بێ عیلمیش مرۆڤ فێری بیدعەو خورافات ئەکات و لە شەرع و ئەرکە شەرعیەکان دوورئەکەوێتەوە، بەهۆی ئەو بێ علمییەوە، کەواتە بێ هۆ نییە کە ئەم دووانە (تەزکییە)و (تەعلیم) پێکەوە کراوەنەتە وەزیفەی پێغەمبەرو شوێنکەوتەکانی پێغەمبەر(صلی الله علیه واله وسلم). ئەبێ عەقڵی خەڵکی پڕ بکەی لە زانست و بیریان رۆشن بکەیتەوە، دڵیشیان پڕبکەی لە تەزکیە و رۆحیان گەش بکەیتەوە..

# زانستی بەها باڵاکان






**نەرمین مستەفا**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٩

چالاکوان لەبواری پەروەردەو پێگەیاندن.

خاوەنی چەند کتێبێکی چاپکراوە.

زانستی ئیکسۆلۆجیا (Axiologie) لێکۆڵینەوە لەبارەی زانستی بەها باڵاکان دەکات، وەک نموونە باڵاکان و بەها گشتییەکان و ئەوانەی پێکەوە گرێدانیان بە زانست و تایبەتمەندی بیرکردنەوەی زانستی بەو شێوازەی کە مەعریفەی زانستی یەکێکە لە گرنگترین چالاکییە باڵاکانی مرۆڤایەتی، هەروەها لە یەکێک لە سێ تەوەرە سەرەکییەکانی فەلسەفە هەژمار دەکرێت، ئەوانیش: فەلسەفەی بوون و فەلسەفەی مەعریفە و فەلسەفەی بەهایە.

ئەم زانستە بەم شێوازە بوو تا ساڵی (١٩٨٣) مستەفا سویف ڕوونی کردەوە کە زانستی بەها باڵاکان لە بابەتێکی فەلسەفییەوە گۆڕا بۆ زانستی دەروونناسی (سایکۆلۆجی) کاتێک (سیبرانجەر) بیردۆزەی شێوازی کەسایەتیەکانی بڵاوکردەوە کە تیایدا شێوازی کەسایەتییەکانی پۆلێنکرد بەسەر شەش شێوازدا ئەوانیش: شێوازی پراکتیکی و شێوازی کۆمەڵایەتی و شێوازی ئابووری و شێوازی ئایینی و شێوازی سیاسی و شێوازی جوانکارییە، کە دواتر ئاماژە بە هەریەکەیان دەدەین.

## بەهاش چەندەها پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، هەندێک لەو پێناسانە:

١. یوسف القرضاوی: مەبەستم لە بەها مرۆییەکان ئەوانەن کە ڕێز و کەرامەت و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ دەستەبەر دەکەن و هەوڵی پاراستنی عەقڵ و ماڵ و سامان و نامووس و گیانی مرۆڤ دەدەن بە سیفەتی مرۆڤ بوون.

٢. بەها لە ڕوانگەی ئیسلامەوە: کۆمەڵێک ڕەوشتن لە قورئان و فەرموودەوە وەرگیراون، کە پێکهاتەی کەسایەتییەکی ئیسلامی (دیندار) دروست دەکەن و شێوازی کامڵبوون بەخۆوە دەبینێ کە توانای کارلێکی زیندووی هەبێت لەگەڵ کۆمەڵگا و تاکەکانیدا و بەردەوام بێت لە خزمەت و گەشەکردنی لەو بوارەدا.

٣. بەها: کۆمەڵێ پێوەری کۆمەڵایەتییە بۆ ڕەفتاری مرۆڤ بە جۆرێک چاک و خراپ تێدا جیا بکاتەوە لەگەڵ ئەو شتانەی کە دروست و نادروستن، بەهەمان شێوە بەها پێوەریکە بۆ دامەزراوی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە واتە ڕێگە نیشاندەری تاکە لە ڕووی ڕەفتار و گوفتارەوە، وێڕای ئەوەی بەها تەنها چەند سیفەتێکی پراکتیکی نییە، بەڵکو لە شێوازی کرداردا خۆی نمایش دەکات و ئەگەری گۆڕانکاریش بەردەوامە لە بەهاکاندا.

تایبەتمەندی بەها باڵاکان

- پەیوەندی بە دەروون و هەستی مرۆڤەوە هەیە ئەویش لە چوارچێوەی ئارەزوو و مەیل و سۆزەکانیدا خۆی دەبینێتەوە، لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت.

- چەسپاو نییە و قابیلی گۆڕانکارییە: لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دەوروبەری ڕوو دەدەن ئەگەری گۆڕانی هەیە.

- بۆماوەیی نییە و دەستکەوتە، هەر تاکێک دەتوانێ ببێ بە خاوەنی جوانترین بەها.

- زۆری و جیاوازی بەها باڵاکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی پێویستییە جیاجیاکانی مرۆڤ لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە.

- شتێکی نەفسییە: لە ڕێگەی هەست و سۆزەوە دەرکی پێدەکرێت، ئەمەش لە ڕێگەی مەیل کردن یاخود ڕقبوونەوە دیاری دەکرێت.

- ڕێژەییە: لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بەپێی بارودۆخ و کات و شوێن.

- مرۆڤایەتییە: پەیوەندی تەنها بە مرۆڤەوە هەیە و تایبەت نییە بە هیچ بوونەوەرێکی تر.

## پۆلێنکردنی بەهابالاکان

بەها بالاکان بەپێی ئەو بوارانەی کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە دەکرێن بە چەند شێوازێکەوە:

ـ بەها پراکتیکییەکان: واتە ئارەزوومەندی تاک بۆ فێربوون و گەڕان بە دوای زانیارییەکاندا و لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکانیان، خاوەنی ئەم جۆرە بەهایە بەوە دەناسرێتەوە کە توانای رەخنەگرتن و تەماشاکردنی بابەتییانەی هەیە بۆ کاروبارەکان.

ـ بەها کۆمەڵایەتییەکان: ئەمەش لە چوارچێوەی حەز مرۆڤەکان بۆ هاوکاریکردن و گرێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەوێت، هەروەها ئەندازەی توانەوە و تێکەڵبوونی لەگەڵ دەوروبەر و هەوڵدان بۆ ئاسوودەکردنی کەسانی تر یەکێکە لە ئامانجەکانی، نموونەی ئەم بەهایە هاوسۆزی و هاوخەمی و بەرخودان و لێبوردەیی و سنگفراوانییە.

ـ بەها ئاینییەکان: لە روانگەی تێروانینی مرۆڤەوە دیاری دەکرێت بۆ بنچینەی بوون و بوونەوەر لەگەڵ پابەندبوونی بە رێنماییە ئاینییەکان و سووربوون لەسەر وەرگرتنی پاراستنی و دوورکەوتنەوە لەو شتانەی کە هەڕەشە و سزای لەسەر.

ـ بەها ئابوورییەکان: لە روانگەی هەوڵدانی بەردەوام بۆ دەستکەوتنی قازانج و گرنگیدان بە سەروەت و سامان دیاری دەکرێت، هەندێ جاریش خاوەنی ئەم بەهایە تێروانینێکی تەنها مادیانەیان هەیە بۆ شتەکان، چاویان تەنها لە قازانج و زیانە.

ـ بەها جوانکارییەکان: لە روانگەی گەشبینیەوە بە دوای خاڵە جوانەکانی شتەکاندا دەگەڕێت، رێز و بەها بۆ هونەرەکان دادەنێت و هەوڵی سەرکەوتن و برەودان دەدات بە هونەرەکان و بە گشتی سەرجەم هونەرەکانی خۆشدەوێت.

ـ بەها سیاسیەکان: لە روانگەی حەزو خۆشەویستی بۆ هێز و دەسەلات دیاری دەکرێت، بەجۆرێک حەز بە سەپاندنی یاساکان و دەسەڵات دەکات بەسەر تاکەکاندا، ئەمەش لە رێگەی وەرگرتنی پلە و بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتەوە.

بەها کەسییەکان: ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵگا روو دەدەن کاریگەری لەسە تاک دروست دەکەن و کەسایەتی تاک دەنەخشێنن، خێزان بەرپرسیاری یەکەمە لەسەر دیاریکردن و دروستکردنی کەسایەتی تاکەکاندا، کە دواتر رەنگدانەوەی دەبێت لە شێوازی مامەڵەکردنیدا، پاشانیش هاوڕێ و قوتابخانە و کۆمەڵگا کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی کەسایەتی تاک دەبێت.

## پێکهاتەکانی بەها

ـ پێکهاتەی مەعریفی: لە رێگەی هەڵبژاردنی بەهایەک لەنێو کۆمەڵێک بەهای دەستنیشانکراودا و پاشان بەراوردکردنی ئەم بەهایە بەوانیتر و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هەڵبژاردن و دەرەنجامەکەشی.

ـ پێکهاتەی ویژدانی: لە رێگەی شانازیکردن و ئاسوودەیی و لێخۆشبوونی تاکەوە دیاری دەکرێت بەرامبەر بەهایەکی دیاریکراو.

ـ پێکهاتەی رەفتاری: لە رێگەی کارپێکردن و تاقیکردنەوە دیاری دەکرێت بە مومارەسەکردنی بەهایەکی دیاریکراو لە چەند بارودۆخێکی جیاوازدا.

بەها بالاکان چۆن دروست دەبن؟

ـ ئایین: ئایین پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ کۆکردنەوە و پاراستن و پارێزگاری کردن لە تاکەکان، بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگا دیندارەکان. تاکی دیندار لە رێگەی رێنماییە ئایینییەکانەوە حەڵاڵ و حەرام و چاک و خراپ لێک جیادەکاتەوە، پێویستە تاکەکان لە رێگەی شەریعەت و عەقڵەوە قەناعەتیان بۆ دروست بکرێت سەبارەت بە گرنگی بەها بالاکان و

رادەی پێویستی تاک بەو بەها رەوشتییانە.

- هەڵبژاردنی کەسە چاک و نموونەییەکان و کردنیان بە پێشەنگ و سەرمەشق لە ژیاندا.

- یاسا: پێویستە بەها باڵاکان بەشێک بن لە یاسا و دەستووری وڵات و جێبەجێکردنیان بسەپێنرێت بەسەر کۆمەڵگادا ئەمەش لە رێگەی دیاریکردنی بنەمای پاداشت و سزا بۆ کارە چاک و خراپەکان.

- عەقڵ: تاکەکان لە رێگەی ژیرییەوە دەتوانن جیاکاری بۆ کار و دەرەنجامەکانیان بکەن، لەو رێگەیەشەوە چاک و خراپیان بۆ روون دەبێتەوە.

- راگەیاندن: پێویستە سەرجەم سێکتەرەکانی راگەیاندن ئامانجدار بن بە هۆکارێکی سەرەکی بن بۆ رێنماییکردنی تاکەکان و هۆشیارکردنەوەیان بە شێوازێکی بەتەندروست کە رەچاوی ئایین و دابونەریت و بەها باڵاکانی بکات.

- کۆمەڵگا: کۆمەڵگاکان تایبەتمەندی و تێروانینی جیاوازیان هەیە بۆ شتەکان، دەکرێ بەهاکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاواز بێت لە رووی قبوڵکردن و نەکردن یاخود باشتر و لەپێشتربوون. دەکرێ ئەو بەهایەی بۆ کۆمەڵگایەک جوانە بۆ کۆمەڵگایەکی تر وانەبێت، بە گشتی کۆمەڵگا یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە دەتوانرێ بەهاکانی لێوە وەربگیرێت.

## نموونەی ئەو بەها باڵایانەی کە ئایینی ئیسلام ئاماژەی پێکردووە:

- یەک رەچەڵەکی رەگەزی مرۆڤایەتی: سەرجەم مرۆڤەکان لە رەچەڵەکی (ئادەم)ن (علیه السلام)، خوای گەورە دەفەرموێت: [**يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً**] (النساء: ١) .

- رێز و کەرامەتی مرۆڤ: سەرجەم مرۆڤەکان بە نێر و مێ و بە گەورە و بچووکەوە مافی خۆیانە رێزلێگیراو بن وەک خوای گەورە دەفەرموێت: (ولقد كرمنا بنى آدم). بەمەش گیان و ماڵ و سامان و ناموسی مرۆڤ پارێزراو دەبێت.

- قەدەغەکردنی کوشتنی کەسێک بەناحەق: کوشتنی تاکیک بەبێ تاوان لە لای خودا وەک کوشتنی بە کۆمەڵە، پاراستنی تاکێکیش وەک پاراستنی کۆمەڵێکە، خودای گەورە دەفەرموێت: [**مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا**] (المائدة: ٣٢).

- دروست نیە بە زۆر ئایین بسەپێنرێت بەسەر کەسدا: وەک خودای گەورە دەفەرموێت: [لا اكراه فى الدين] (البقرة: ٢٥٦) هاتنە ناو بازنەی ئیسلام بە رەزامەندییە نەک بە فشار.

- پەیوەندییە مرۆییەکان پێویستە لەسەر خورەوشتی بەرز و پیرۆز بینا بکرێن، چاکە و دادپەروەری دوو بنەمای سەرەکین لە ئایینی ئیسلام و ئایینە ئاسمانییەکانی تریشدا، ئیمامی بەیهەقی لە (شعب الإيمان)دا لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتی کردوە کە پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (أكمل المؤمنين إيمانا أحسنهم خلقا).

- هەرچی سەرچاوەی سروشتی سەرزەوی و ژێر زەویە بۆ بۆ بەرژوەندی مرۆڤ دروستکراوە، وەک خودای گەورە دەفەرموێت: [**هُوَ  خَلَقَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا**] (البقرة: ٢٩) پێویستە ئەو کەرەستە خاوانە وەبەرهێنانیان تێدا بکرێت بە شێوازێکی تەندروست و چاک و دادپەروەرانە بۆ بەرژەوەندی هەمووان.

- هەر کەسێک خۆی بەرپرسیارێتی کردەوەکانی خۆی هەڵدەگرێت: کەس ناچێتە ژێر باری تاوانی کەسێکی تر وەک خوای گەورە دەفەرموێت: [**وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى**] (فاطر: ١٨).

- دادگەری مافی سەرجەم مرۆڤەکانە و

> پێویستە بەها باڵاکان بەشێک بن لە یاسا و دەستووری وڵات و جێبەجێکردنیان بسەپێنرێت بەسەر کۆمەڵگادا.

ستەمکردن قەدەغە لە نێوانیاندا ئیتر هەڵگری هەر ئایین و ڕەچەڵەک ڕەنگێک بن: [وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى] (الأنعام: ١٥٢).

## گرنگی بەها باڵاکان

بەها باڵاکان گرنگییەکی یەکجار زۆریان هەیە لەسەر ژیانی تاک و کۆمەڵگا و هۆکارێکیشە بۆ بیناکردنی کەسایەتیەکی تەندروست و سەرکەوتوو، لەوانەش:

- بیناکردنی کەسایەتیەکی بەهێز و پێگەیشتوو و تێگەیشتوو و خاوەن مەبدەء (مبدأ).
- دروستکردنی تاک بەجۆرێک توانای زاڵ بوونی هەبێت بە سەر دەروون و ڕەفتار و گوفتاریدا.
- دروستکردنی کەسێکی چالاک و بەرهەمهێن و ماندوونەناس و قوربانیدەر.
- بەها باڵاکان دەبنە قەڵغانێکی پارێزەر بۆ تاکەکان و لەلادان و هەڵە و تاوان دەیانپارێزێت.
- تاکەکان هەستی ئارامی و ئاسوودەییان لا دروست دەبێت و دوور دەبن لە خەمۆکی.
- تاکەکان هەست بە بەرپرسیاریتی دەکەن بەرامبەر خۆیان و خێزان و کۆمەڵگا.
- بەها باڵاکان ئاراستەی تاک دەکات کە خۆی بگونجێنێ لەگەڵ بارودۆخەکان لەسەر بنەمای قەناعەت و ڕەزامەندی.
- بەها باڵاکان ژیانی تاک بە شێوازێکی تەندروست ڕێک دەخات بەجۆرێک لانەدات لە یاساکان و دابونەریتەکان.
- متمانە و خۆشەویستی دەوروبەر دەستەبەر دەکات بۆ تاک.

## ڕۆڵی بەها باڵاکان لەسەر کۆمەڵگا

بەها باڵاکان گەورەترین ڕۆڵ دەنەخشێنن لە بونیادی کۆمەڵگایەکی تەندروست و پێشکەوتوو، بێگومان پەروەردەی تاکەکان و ڕێنماییکردنیان لەسەر بنەمایەکی تەندروست و هەوڵدان بۆ گەشەکردنی کەسایەتی تاک هەر لە منداڵییەوە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پێگەیاندنی تاک لەسەر بنەما و ڕەوشتییەکان و ڕەچاوکردنی بەها باڵاکان لەسەرجەم قۆناغەکانی ژیاندا لە ڕووی مامەڵە و کار و کاردانەوەی هەر تاکێک بەرامبەر ئەوانیتر.

تاکی خاوەن کەسایەتی و تێگەیشتوو هەوێنی دروستکردنی خێزانێکی نموونەیی و تەندروستە، ئاشکرایە خێزان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بەردی بناغەی کۆمەڵگایە، هەر کۆمەڵگایەکیش تاک و خێزان هۆشیارو پەیرەوکاری بەها باڵاکان بن ئەوا بەردەوام لە گەشەسەندن و بەرەوپێشچووندایە بەجۆرێک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو کامڵبوون هەنگاو دەنێت و لە لوتکەدا خۆی دەبینێتەوە.

بەها باڵاکان کۆمەڵگا دەگەیەنێت بەو ئاستەی سەرجەم تاکەکانی مافەکانیان بۆ دەستەبەر بکرێت

بەبێ جیاوازی لە ڕووی دادگەری کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن و گرنگیدان بە کەرتی تەندروستی و بەرەوپێشبردن و تازەگەری لە پرۆگرامی خوێندن، ئەمەش وادەکات سەرجەم چین و توێژەکان بەیەک دەنگ و هاوهەڵوێست بن لەبەرەوپێشبردنی وڵات وەک یەکیش سوودمەند بن لە دەستکەوتە ماددی و مەعنەوییەکانی وڵات، کاتێک تاک دەگاتە ئەو باوەڕەی کە مافەکانی پارێزراوە ئیتر ئینتمای نیشتمانی بۆ دروست دەبێت و ئامادەیە گیانی خۆی بەخت بکات بۆ پارێزگاری کردن لە نەتەوەکەی.

بەها باڵاکان تاکی بەرهەمهێن و قوربانیدەر دەخوڵقێنێ بە جۆرێک بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا بە بەرەوپێشچوونی خۆی بزانێت و شانازی پێوە بکات و بەپێچەوانەشەوە.

بێگومان بەرپرسیارێتی دروستکردنی وەها تاکێک لە ئەستۆی هەریەک لە خێزان و قوتابخانە و میمبەر و میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کۆمەڵگادیە.

## سەرچاوەکان


- قورئانی پیرۆز.
- القيم الإنسانية فى الإسلام، يوسف القرضاوى.
- البناء القيمى وعلاقته بالتنشئة الاجتماعية والدافعية للانجاز، ابراهيم السيد أحمد.
- القيم الانسانية فى الإسلام، الدكتور عبدالله بن على بصفر.
- القيم الانسانية فى كتاب التربية الإسلامية، اليامنة مدحى بلقاسم.
- أهمية دور معلمى العلوم فى تنمية القيم العلمية، على بن مسعد مطر العربى.

# پەروەردە
# لە ژێر بەرگی جیهانگیریدا





**بوخاری عەبدوڵڵای قەسری**

لەدایکبووی ١٩٩٠ شاری هەولێر. خاوەنی دوو پەرتوکی وەرگێڕدراوە. مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی ئیشق

هیچ شتێک بە ئەندازەی پەروەردە education لە خۆ نوێکردنەوەو خودگۆڕانکاریدا نییە. سروشتی پرۆسەکە وایە کە هەمیشە لە ناخیدا بەشێوەیەکی ئۆرگانیی، قابیلییەتی وەرگرتن و هەڵکێشان و لادان و جێگرتنەوەی فەلسەفەی نوێی هەیە. پەروەردە بەردەوام خۆی دادەڕێژێتەوەو بەرگی کۆن لەخۆی دادەماڵێت و بەرگ و پۆشەری نوێ لەخۆی دەئاڵێنێت. لەگەڵ گۆڕانە مێژوویی و رامیارییە بەردەوامەکانیش، پەروەردە فەلسەفە و فۆرمی جیاواز لەخۆ دەگرێت و دەکەوێتە نێو دۆخی تازەوە. جیهانگیری هەژموونێکی ئاشکرای بەسەر ژیانی مۆدێرنەی مرۆڤی ئێستە هەیە، بەها پەروەردەییەکان لە سەردەمی جیهانگیری و بچوکبوونەوەی دنیا بەئاقاری بەیەکجەمسەربوون، گۆڕانێکی ئاشکرایان لەخۆگرتووە. مرۆڤی نوێ لەسەر ئاکار و دنیابینی و بەهای مرۆڤی کۆن پەروەردە ناکرێت، جیهانگیری هەموو ئاڕاستەکانی گۆڕیوەو پەروەردەی لە دنیابینییەکەوە وەرچەرخاندووە بەرەو دنیابینییەکی تر.

لەم نوسینە کورتەمدا، هەوڵدەدەم رۆشنایی بخەمە سەر ئەو بەها پەروەردەییە هەنوکەییانەی کە بونەتە شوێنگرەوەی بەها پەروەردەییە رەسەنە کۆنەکان و، بیرکردنەوەو دیدی تازەیان بەخشیوە بە مرۆڤی ئەم رۆژگارە، بەشێوەیەک کە بەشێکی بەرچاوی ئەو بەهایانەی پێشوو روو لە مردن و تیاچوون بوونە، وە شوێنپێگەیان لەقبوە، لەبری ئەوان بەهای تازە و تەواو جیاواز شوێنیان گرتۆتەوە. هەموو ئەمانەش دوای لێشاوی جیهانگیری تاکجەمسەریی هاتونەتە ئاراوە.

ئەگەر بخوازین پەروەردە و جیهانگیری لەهەمبەر یەکدیدا رابنوێنین، دەشێت هەردووک پێکەوە پێناسەی خۆیان دابرێژنەوە. دەشێت جیهانگیری بەوە بناسێنین کە بریتیە لە رەنگرێژکردنی شێوەژیانی life style مرۆڤی مۆدێرن لەسەر وێنە و تەرز و شکڵێکی هاوبەشی سەرمایەدارییانە و، وەلاخستنی فرە بازاڕیی و فرە کەلتووریی و فرەدنیابینی نەتەوە جیاوازەکانی جیهان بەوشێوەیەی کە لێکیان جیابکاتەوە، بەرەو یەک جۆر کولتووری هاوبەش و یەک جیهاندیتنی هاوبەش و نەریت و ئاکاری هاوبەش. جیهانگیری کە سیاسەتێکی رۆژئاواییانەیە، لەوپەڕی هەوڵدانی سەرەتاییدا، کولتوورە جیاوازەکانی دنیا لەنێو بۆتەی یەک کولتوری ئاڕاستەکراوی رۆژئاواییانە دەتوێنێتەوە، وە شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤە جیاوازەکانی دنیا دەگۆڕێت بەرەو یەک دنیابینی کە مرۆڤی رۆژئاوایی سەردار و پێشڕەوایەتی دەکات.

پێش هەموو شت، پەروەردە لە هەمبەر جیهانگیریدا مرۆڤی مۆدێرن و هاوچەرخ لەسەر بەهای سەرمایەدارییانە پێدەگەیەنێت. مرۆڤێک کە هێندە گرنگ نییە لە ئاکاریدا»باش» بێت یاخود نا، ئەسڵەن وشەی «باشی» لە فەرهەنگی جیهانگیرییانەی پەروەردەی مۆدێرن دا وشەیەکی ناپەسەند و ناخۆشویستراوەو زۆریش بە نەریتپەرستانە هەژمار دەکرێت، بەڵکو گرنگە ئەو مرۆڤە مۆدێرنە»زیرەک» بێت زیرەکیشەکەشی لە شێوەی بەرهەمهێنانی production ی ئابوورییانەدا بێت، کە ئەو مرۆڤە لە نێو بازاڕی مۆدێرنەدا بەرهەمهێنێکی کارای پارەهێن و مووچەخۆر بێت، بتوانێت لەدنیای پڕ لە جەنجاڵی کێبڕکێی ئابووریدا خۆی بە زیندوویی بهێڵێتەوە. ئەم بیرکردنەوە پەروەردەییە لەخۆوە نایەتەدی، بەڵکو فەلسەفەیەکی داروینیانەی ریشەقوڵ لەپشتەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤی مۆدێرن ناتوانێ لەگۆرەپانی کێبڕکێدا بمێنێتەوە ئەگەر بەهێز نەبێت، چونکە وەک وتراوە (مانەوە لە ژیان بۆ بەهێزترینە!) Survival is for the Fittest.

ئەگەرچی ئەم فەلسەفەیە لە بنەچەدا بۆ ژیانی ئاژەڵانی جەنگەڵستان و دارستان وتراوە، بەڵام پەروەردەی جیهانگیرییانە بەو پەڕی هەوڵدانەوە مرۆڤی ئەم سەردەمەی ئێستای لەسەر ڕادەهێنێت. پەروەردە مرۆڤی مۆدێرن وا پەروەردە دەکات کە هیچ هەلێکی خودمانەوە بەفیڕۆنەدات و، هەمیشە لە چنگەکرێ و شەڕی خۆبردنەپێش و خۆرەپێشکردندا بێت، تاوەکو بتوانێت بمێنێتەوە، چونکێ ژیانی جیهانگیرییانە ئەو شێوە ژیانەیە کە هەرچەندە مرۆڤ ئاکارپەسەندیش بێت، یاخود ڕەوشتبەرز و نیبەتدڵسۆزیش بێت، یان هاوڵاتییەکی تەندروست و بێوەی بێت، بەڵام ئەگەر لەڕووی کێبڕکێی ئابورییانەی بەرهەمهێناندا لاواز بێت ئەوا توانستی خۆ هێشتنەوەی نابێت و، ئەرزشی نابێت و بە کەسێکی بێفەڕ لێی دەنۆڕدرێت، بەجۆرێکی تر بڵێم، وەلا دەنرێت و دەبێتە سفری پشت فاریزە. بۆیە بەکورتی، بەهای مرۆڤی مۆدێرن و جیهانگیریی بەهایەکی بازاڕسالارانەیە، لەسەر ئەوە وەستاوە تاچەندە توانستی دەستخستنی هەلیکار و تاچەندەش توانای خۆهێشتنەوەی هەیە، یاخود تاچەندە توانستی ئەوەی هەیە ڕەوڕەوەی ماکینەی ئابووری بەرەو پێش ببات، بۆیە بەهای پەروەردەیی مرۆڤی مۆدێرن بەهایەکی ئابوورییە، تۆ چەندە بەرهەمبهێنی و چەندەت پارە هەبێت ئەوەندە بوونت لەسەر ئەم زەوییە هەیە، واتە هەژماری هەر مرۆڤێکی مۆدێرن هەژمارێکی داراییانەیە نەک بەهابەند، مرۆڤدۆستانە، ئەخلاقی، یان ئایینی....هتد.

پشت بەستن بەم بیرکردنەوەی سەرەوە، دام و دەسگا پەروەردەییە هاوچەرخەکان کە هەمیشە مۆرکی جیهانگیرییان بەسەردا زاڵە، مرۆڤێک پەروەردە دەکەن کە جەختکردنەوەکانی لەسەر ڕێژەی وەگەڕخستنی زیرەکییە تەکنییەکەی بێت نەک ڕێژەی وەگەڕخستنی هەستە مرۆڤدۆستانەییەکەی. بۆیە زۆر ڕاشکاوانە بڵێم، زانکۆ و دانیشگا و پەیمانگە و خوێندگە مۆدێرنەکانی ئەم ڕۆژگارە کە لەژێر کاریگەریی ڕۆژئاوادا ڕێدەکەن، گرنگی بەوە دەدەن مرۆڤ بۆ شەڕو ململانێی ئابووریی سەرمایەداریی ئامادە بکەن، بۆیە گرنگی بە توانست skills دەدەن، بۆ وێنە زمان و تەکنەلۆژیای زانیاری و ئەنتەرنێت و ڕابەرایەتیکردن و بازارگەریی، مرۆڤێک کە توانستی کارکردنی کۆمپانیاکانی هەبێت، نەک توانستی بەڕێوەبردنی خێزانێکی سەرکەوتوو، یان توانستی زاڵبوون بەسەر شەهوەت و ئارەزووە تاکەکەسییەکانی، یان توانستی خودڕاهێنان لەسەر مرۆڤدۆستیی و ڕەوشتپەروەریی و ڕۆحانیەت و ئایینەدۆستی ....هتد. ئەم توانستە ڕۆحییانە لە پەروەردەی جیهانگریدا گرنگ نین، بەڵکو توانستە بازاڕییەکان گرنگن.

ئەم خاڵە پاڵمان پێوەدەنێت خاڵێکی تریش باس بکەین، ئەویش ئەوەیە کە پەروەردە لە جیهانگریدا کار لەسەر ماددیەتی ژیان دەکات، نەک ڕۆحانییەتەکەی. جەختکردنەوەکانی پەروەردە و فێرکردنی مۆدێرن لەسەر ئەو ئامۆژەو ڕێنمایی و شرۆڤەو یاسا و زانستانەن کە لەبارەی (ماددە) وەن، نەک (ڕۆح)! بۆ وێنە، لە پەروەردەی مۆدێرندا زانست بەپیرۆز گیراوە، تا ئەوپەڕی بە موقەددەس زانینیش! زانست Science کە جەختکردنەوەیە لەسەر ڕێبازی تاقیکردنەوەی بەڵگەکاریی بینراو، بوە بە نمرەی یەکەمی گرنگیپێدانی دانیشگە و زانستگە و زانکۆکان، وە بوە بە پێوەری موتڵەقی گەڕان و دۆزینەوەی (ڕاستیی) truth تا ئەوڕێژەیەی کە بوە بە مەرجەعییەتی قسەکردن لەسەر هەموو دیاردە و بوون و پرس و پرسیار و بابەتێکی فەلسەفی و فیکریش! بۆیە ئێستا لەپەروەردەی

مۆدێرندا هەرشتێک زانست science بتوانێت بیپێوێت و بیتوێژێتەوە و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی ئەوا بە (هەبوو) هەژماردەکرێت، وە بە (ڕاست) دەخەملێنرێت، ئەگینا دەخرێتە خانەی وەلانان و پشتگوێخستنەوە! لێرەدا ئاماژە بە وتەیەکی (ستیڤن هەوکینگ)ی زانای فیزیای گەردووونناس دەکەم کە لە دوایین پەرتووکیدا بەناوی ( وەڵامە پوختەکان بۆ پرسیارە گەورەکان) Brief questions for Big Questions باسی کردووە، دەڵێت:

« پێویستە لەپەروەردەدا هەوڵی ئەوە بدەین کە تێگەیشتنمان بۆ هەر شتێکی ژیان و بوون گەڕانەوە بێت تەنها بۆ یەک شت و بەس، ئەویش زانست!»

ڕاستە ئەم هەوڵدانەی زانست بۆ تێگەیشتنێکی باشتری بەڵگەدارانەیە بۆ ژیان و یاسا گەردوونییەکان، زانست کە دایکی تەکنەلۆژیای مۆدێرنە خزمەتیکی بەرزی پێشکەشکردووە بە پێشخستنی ژیارییانەی ژیان، بەڵام بەپیرۆزکردنی لەڕادەبەدەری زانست جۆرێک لە دۆگمایی ئەکادێمیشی هێناوەتە کایەوە کە پەروەردەی مرۆڤی مۆدێرنی پڕکردۆتەوە لە دیتنی تەنها فیزیک نەک مێتافیزیک، واتە تەنیا دیتنی گەردوون وەک ماددە نەک یاساکانی پشت گەردوون وەک وەدیهێنەر و هێزی نهێنی خودا، دیتنی ژیان وەک بەرهەست نەک شتەکانی پشت ژیان و پەنهان وەک یاسا گەردوونییە خواییەکان! ئەم پەروەردەیە دەیەوێ مرۆڤ تەنێ وەک خوێن و گۆشت ببینێت، وە یان وەک تۆپەڵێک خانەی ماددیانە لە مرۆڤ بنواڕێت، نەک وەک بوونەوەرێکی فرە ڕەهەندی بەهادار و ئەخلاقی و ڕۆحی و هزریی. ئەمجۆرە پەروەردەیەی جیهانگیریی، بە ئامانج و بێ ئامانج، مرۆڤ لە بەها ئەخلاقییە بەرزەکەی دادەڕنێت، کە جێنشینی خودایە لەسەر ڕووی زەمین، پەروەردەی ئایینی پشتگوێ دەخات، مرۆڤ تەنها وەک مەیمونێکی گەشەکردوو revolted ی زیرەک دەخەملێنێت، کە لەڕووی ماددەوە بەرەو پەرەسەندنێکی زۆر ڕۆیشتووە بەڵام لەڕووی بەهای ئەخلاقی و ڕۆحییەوە بەرەو داڕمان و ڕۆچوون ڕۆیشتووە. بۆیە گرنگە لەوە تێبگەین کە پەروەردەی مۆدێرنی ژێر ڕکێفی جیهانگیریی جۆرێکە لە تێگەیشتنی ماددیگەریی بۆ ژیان کە پەروەردەکردنی جەستەییانەی مرۆڤ بە هەند وەردەگرێت لە (تەندروستی و تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت و شۆرشی پەیوەندی و وەرزش و زانست و ...هتد) بەڵام پەروەردەکرنی دەروونی و ڕۆحی و ئەخلاقیی مرۆڤ لەسەر ڕێنماییە ئایینیەکان پشتگوێدەخات.

ڕەهەندێکی تری جەوهەریی لە پشت ئەمجۆرە پەروەردەیەی جیهانگیری بریتییە لە سڕینەوەی جیاوازییە کولتوورییەکانی نەتەوەکانی جیهان و، جەحتکردنەوە لەسەر (یەک) بوونی کەلتووریی و بەهاناسیی و جیهانبینی و ڕوانین بۆ ژیان، ئەویش ئەو جۆرە کەلتوورە باوەی ئێستا جیهان کە بۆن و ڕەنگ و تامی ڕۆژئاوای گرتووە. بێگومان وەک هەمیشە لە نووسینەکانی دیکەی خاڵدا ئەوەم توێژیوەتەوە کە پەروەردە و کولتوور، دوو ددانی لێکگیربووی خلۆکەن، پێکەوە هەڵاوساون و لێکجیانابنەوە، بۆیە هەمیشە یەکێکیان کاریگەریی دەخاتە سەر ئەویتریان و وەک دووانەیەکی پێچەوانەش یەکدی دەسوڕێننەوە. پەروەردە لەسەردەمی جیهانگیریدا کاریگەریی کولتوور و زمان و نەریت و سیاسەتی پەروەردەیی ڕۆژئاوایی، وردتر بڵێم، ئەمەریکی بەسەردا زاڵە. بۆیە پەروەردەی مرۆڤی مۆدێرن لەهەر کونجێکی ئەم دنیایەبێت، بەرەو ئەو ئاقارە هەنگاو دەنێت کە جیهان بچوک دەبێتەوە. دنیا چیتر دۆڵی پچڕپڕی لاپەڕگە نییە، بەڵکو گوندێکی بچوکی یەکپردی

پێکەوەلکاوە.

مرۆڤەکان لێک نزیک دەبنەوە، زمانەکان لاواز دەبن زمانی ئینگلیزی زاڵدەبێت، بۆیەش کەلتوورەکان دەتوێنەوەو لەناو دەچن، کەلتووری هاوبەش دروست دەبن. لێرە هاوکێشەیەکی نەدیاریش هەیە! ئەویش ئەوەیە کە تەکنەلۆژیا خۆی خزاندۆتە ماڵ و حاڵ و ژیان و نیشینگە و گیرفان و دڵ و مێشکی هەموو تاکێکی جیهان، ئیدی لەرێگەی تەکنەلۆژیای شاشەیی زیرەکیشەوە smart screen tech ئەو هەلە زۆر ئاسان بووە کە پەروەردەی تاک لە هەر شوێنێکی دنیا بێت بکەوێتە سەر یەک هێڵی کەلتوورییەوە، ئەویش کولتووری جیهانگیرییانەی رۆژئاواییە. ئێستا شاشەکانی تەکنەلۆژیا، بەتایبەتی مۆبایل، لەرێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبوک و تویتەر و سناپ و ئینستاگرام، بە چرکە و سات، مێشکی مرۆڤی ئێستا دەشۆنەوەو مرۆڤی ئێستا لە دۆخێکی کەلتوورییەوە وەردەچەرخێنن بۆ دۆخێکی ترا! مرۆڤی ئێستا یاخییە لە کەلتوری باوک و باپیرانی، ڕووەو خودگۆڕین و خۆبیناکردن هەنگاوی ناوە، پرۆسەی گۆرینی قەناعەت و دیدو بۆچونی مرۆڤی ئێستا لە وازهێنان و دەستهەڵگرتن لە دید و بۆچون و نەریتی وەچەی پێشوو وە گۆرینی بۆ دید و بۆچون و کەلتوری نوێی زاڵ بونێکی ئاشکرای هەیە، وە ڕۆژانە لەرێگەی ئەو ملیۆنەها گرتەی ڤیدیۆیی و وێنە و ئیمۆجی و وتە و وشە سۆشیالمیدیاییانەوە پرۆسەی کەسایەتی گۆڕین و هزرگۆڕین و قەناعەتدروستکردن بوونێکی خێرای سەرسوڕهێنەری هەیە. بۆیە پەروەردەی جیهانگیری فوو بەم حاڵەتە دەکات و، کەلتووره ڕەسەنە کۆنەکانی هەر نەتەوەیەک لەبەردەم نەوەکانیدا هەرزانفرۆش دەکات و، دەیگۆڕێت بە کولتووری هاوردەکراوی رۆژئاواییانەی نوێ. ئاشکراشە لە هەمبەر لاوازیی ژیاریی نەتەوە ژێردەستەکاندا، بۆ وێنە وڵاتانی ئەفەریقی یان رۆژهەڵاتی ناوین، پەروەردەی نەتەوە ژێردەستەکان بەرەو پوکانەوە دەڕوات و پەروەردەی نەتەوە زاڵەکان پاژێکی خێرا دەدات و بەشێوەیەکی گەشەکردوو بەرجەستە دەبێت. بەم شێوەیە، کولتوورێکی تازە دەخوڵقێت کە زۆر جیاوازە لە کولتووری خۆماڵیی جیاوازی نەتەوەکە وەک خۆی، بەڵکو کولتوورێکی نامۆی تازە دەخزێنرێتە نێو ئەو وڵاتەوە کە لەژێر هەژمونی جیهانگیریدا ڕۆژئاواییدا برەوی پێدەدرێت، ئیدی ئەو کولتووره جلوبەرگ و پۆشین و زمان و ئاخاوتن و شێوەی ژیان و ئاکار و پەیوەندی ڕەگەز و مامەڵەی ئابووریانە و سیاسەت و ئایینناسی و خواردن و خەوتن و سێکس و ...هتد، هەموو شتێکی ئەو نەتەوەیە لە ڕەگ و ریشەوە هەڵدەتەکێنێ و دەیگۆڕێت بۆ شێوە ژیانێکی دیکەی رۆژئاواییانە.

## ئەنجام:

پەروەردە لە بچوکترین ئەرک و پرۆسێسی خۆیدا، مرۆڤ لەسەر شێوەی بیرکردنەوە و ئاکار و فەلسەفەی ژیان ڕادەهێنێت و باردەهێنێت. پەروەردە هەر ڕەنگێک وەربگرێت، ئەو جۆرە لە مرۆڤ بۆ کایەکانی کۆمەڵگە دەخوڵقێنێت. شەڕی ئایدۆلۆژیانەی جیهانگیری هەژموونێکی وای بەسەر پەروەردەدا هێناوە کە چیتر مرۆڤی مۆدێرن کە بە پەروەردەی مۆدێرن گۆشدەکرێت فێری ئاکار و دید و بۆچون و بەها و بیرکردنەوە لۆکاڵییەکانی وڵاتەکەی خۆی ناکرێت، بەڵکو دەبێتە بونەوەرێکی جیهانگرییانە. مرۆڤی جیهانگیریانە گرنگی بە رۆحانیەت نادات، ماددیانە لە ژیان دەڕوانێت، گرنگی بە دیوە رۆحانییە ئایینیەکانی مرۆڤ نادات،

بەڵکو گرنگی بە زیرەکایەتییە پراکتیکییە زیهنییەکانی دەدات، کار لەسەر توانست دەکات نەک بەهایە لۆکاڵییەکانی. ئەم مرۆڤە کولتوور لای گرنگ نییە، لەبری پارێزکردن لە کولتوور و زمان و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی، دەبێتە مرۆڤێکی سەرمایەداریانەی جەختکردوو لەسەر بزاوتنی ئابووری، جەختکردوو لەسەر وەبەرهێنان و بەرهەمهێنانی ئابووری. بۆیە دامەزراوە پەروەردەییە مۆدێرنەکان، بە سیاسەتی زمان و بەسیاسەتی زانست و بەسیاسەتی سەرمایەدارییانەی ئابووری و بەسیاسەتی کرانەوەی کەلتوریی، مرۆڤێکی زۆر جیا بەرهەمدەهێنن کە چیتر بایەخ بەو بەهایانە نادات، لەنێوییشاندا ئایین و زمان، کە پێشتر باب و باپیرانی لەسەر پەروەردە کراون!

پرسیارە جەوهەرییەکە لێرەدا بۆ خوێنەر جێدەهێڵیم: ئایا ئێمەی کورد لەبەردەم پەروەردەی جیهانگیرییانەدا کە ئێستە لە کوردستاندا بەسیاسەتێکی دیاریکراو زۆر برەوی پێدەدرێت چی گرنگمان لەکیس دەچێت کە پێویستە ئێستا لەهەمبەریدا ئاگادار و وشیار بین؟

خوا یار بێت، لە داهاتوودا لەمبارەیەوە شتی تر دەنووسین.

## سەرچاوەکان:

Saodah Abd Rahman & Md SAYED Uddin. THE IMPACT OF GLOBALIZATION ON FAMILY VALUES. International Journal of Advanced Research. Pdf.

Urszula Swadźba. The Impact of Globalization on the Traditional Value . Silesian University in Katowice, Katowice, Poland

Niclas Berggrena,b,*, Therese Nilssona,c . Globalization and the transmission of social values: The case of tolerance. Research Institute of Industrial Economics.

JOHN WHALLEY. GLOBALIZATION AND VALUES. PRESENTED AT CESIFO VENICE SUMMER INSTITUTE, WORKSHOP ON DISSECTING GLOBALIZATION, JULY 2004.

MacLeans A. Geo-JaJa and Suzanne. Effects of Globalization on Education Systems and Developmen.

M. GOVIND KUMAR MENON. GLOBALISATION AND EDUCATION AN OVERVIEW. Pontifical Academy of Social Sciences, Extra Series 7, Vatican City 2006 www.pass.va/content/dam/scienzesociali/pdf/es7/es7-menon.pdf

# بەها ئەخلاقییەکان لە سەردەمی جیهانگیرییدا



**د. ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی**

لە دایكبووی ١٩٧٣. سەرۆكی سەنتەری ئایندە بۆ لێكۆڵینەوە. دكتۆرا لە فەلسەفەی یاساو ڕامیاری. ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان. چەند بەرهەمێكی چاپكراوی هەیە

## پێشەکی:

جیهانگیریی (العولمە - Globalization) دیاردەیەکی جیهانییە، هەندێک بە شۆڕشێک بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و نەهێشتنی سنوورەکان و گۆڕینی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری لە قەڵەم دەدەن و بە پێویستییەکی حەتمی دەزانن، هەندێکی تر پێیان وایە لە سایەی جیهانگیرییدا سەربەخۆیی و سەروەریی گەلان و دەوڵەتانی دنیا لاواز بووە و، هۆکارێکە بۆ سڕینەوەی کلتوری تایبەتی گەلان و تایبەتمەندییە ئایینی و نەتەوەییەکانیان و لێدان لە بەها ئەخلاقییە باڵاکانیان، بە تایبەت لە پەیوەست بە گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامییەوە.

ڕەخنەی زۆر ڕووبەڕووی جیهانگیریی و گلۆبالیزەیشن کراوەتەوە بەوەی هەوڵدەدات هەیمەنە و باڵادەستی ژیار و شارستانیەتێک بە سەر جیهاندا بسەپێنێ و بەهاکانی خۆی بڵاو بکاتەوە بێ حیساب کردن بۆ تایبەتمەندییە کلتوری و فەرهەنگی و نەتەوەیی و ژیارییەکانی گەلانی تر.

لە چەند تەوەرێکدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر بەها ئەخلاقییەکان لە سەردەمی جیهانگیریی دا..

## تەوەری یەکەم
## چەمکی بەها ئەخلاقییەکان و جیهانگیریی

لەم تەوەرەدا تیشک دەخەینە سەر چەمکی بەها ئەخلاقییەکان و جیهانگیریی.

## یەکەم: بەها ئەخلاقییەکان:

بەهای شت لە زماندا واتە نرخ و ڕێز و پایەی ئەو شتە، وشەی بەها (القیمة) لە زانستی ئەخلاقدا بەو شتە ئەوترێت کە وشەی چاکە (الخیر) دەلالەتی لەسەر دەکات بە شێوەیەک نرخ و بەهای کارەکە بە دوای ئەوەیا دێت کە کارەکە لە خێر و چاکە لە خۆی دەگرێت(١).

وشەی (ئەخلاق) کۆی (خلق)ە، بەو سروشت و خەسڵەتە ئەوترێت کە لە دەروونی مرۆڤدا ڕەگی داکوتاوە و دەبێتە بەشێک لێی، یان دەبێتە وێنەیەکی هاوڕێکی خودی کەسەکە(٢).

بەهاکان بە یەکێک لەو پێوەرانە هەژمار دەکرێن کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤیان پێ دەپێورێت، بەها ئەخلاقییەکان بە گشتی بریتین لەو بەهایانەی تایبەتن بە کەسایەتی مرۆڤ و لە میانیاندا تاک ئەو حوکمە ئاکاریانە دەردەکات کە یەکانگیرن لە گەڵ داب و نەریت و یاسا و ڕێسا باوەکانی ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژیت، ئەو هەڵسوکەوت و ئاکارانەش ڕێک و سازن لە گەڵ قەناعەت و بۆچوون و ویژدانی کەسەکە.

لە ئیسلامیشدا بەها ئەخلاقییەکان وا پێناسە دەکرێن کە بریتین لەو کۆمەڵە بنەماو پرەنسیپانە کە ڕەفتاری مرۆڤ ڕێک دەخەن و، پەیوەندی تاکەکان بە یەکەوە دیاری دەکەن بۆ بەدیهاتنی ئامانج لە بوونی مرۆڤ و، کارکردن لە پێناو خۆ و خێزان و بیر و باوەڕدا (٣)، لە نموونەکانی بەها ئەخلاقییەکان: ڕاستگۆیی، دەستپاکی، داوێنپاکی، چاکەکردن لە گەڵ دایباب و دەر و دراوسێ، ڕێزگرتن لە میوان، هاوکاریکردنی هەژاران و بێ نەوایان..

## دووەم: جیهانگیریی:

جیهانگیریی - العولمة - Globalization، ئەو چەمکەیە کە دەلالەت لە سیستمێکی نوێی جیهانی دەکات، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و دەسکەوتی ئابووری و سیاسییەوە، لە گۆشەنیگای ئابوورییەوە وا لێی دەڕوانرێت کە لوتکەی پەرەسەندنە کە سەرمایەداری پێی گەیشتووە، چوون جیهانگیریی

هەوڵ دەدات سەرمایەی نیشتیمانی بگۆڕێت بە سەرمایەی جیهانیی و، ئەوەی پەیوەستە پێیەوە لە گۆڕانکاریی جەوهەری لە تۆڕی پەیوەندییەکان کە مرۆڤ لە واقیعی خۆیەوە بە وی ترەوە دەبەستنەوە لە لایەک و، بە مێژوو و کەلەپوری فەرهەنگی و ژیاریی بە شێوەیەگی گشتی لە لایەکی ترەوە.

بە شێوەیەگی گشتی سێ بۆچوون هەیە سەبارەت بە جیهانگیریی، یەکەمیان وای دەبینێ کە جیهانگیریی قەدەرێکی حەتمییە و پێویستە قبوڵ بکرێ و وەک دیاردەیەکی گەردوونی سوودی لێ وەربگیرێت بۆ خۆ دوورگرتن لە پەراوێز بوون و نەمان و تیاچوون. دووەمیان وای دەبینێ جیهانگیریی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سیستەمی هەژموونی خۆرئاوا و خۆسەپاندنی سەرمایەدارییە بە سەرجیهاندا بۆ دزینی سامان و بەروبوومەکانی و ژێر دەستە کردنی گەلانی و هوشداری دەدات لەم جۆرە جیهانگیرییە. بۆچوونی سێیەمیش دەڵێت جیهانگیریی چەند لایەنێکی هەیە دەکرێ سوودیان لێ وەربگیرێت و بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بقۆزرێنەوە، وەک ئامرازە جۆربەجۆرەکانی پەیوەندیکردنی سەردەم لە ئینتەرنێت و مۆبایل و کەناڵە ئاسمانییەکان و ئامرازە سوودبەخشەکانی تر، واتە مامەڵەیەکی بابەتیانە لە گەڵ دیاردەکەدا بکرێت، هەرچی دژ و پێچەوانەش بوو لە گەڵ نەگۆڕەکانی هەر گەل و نەتەوەیەکدا – نەتەوەیی و نیشتیمانی بێ یان ژیاریی و فەرهەنگیی – کە ئەگەری ئەوەی هەیە هەڕەشە لە قەوارە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کلتوری و داهاتووی رۆڵەکانی دەکات، رەت بکرێتەوە، بە تایبەت جیهانگیریی سەرمایەداریی، ئەم بۆچوونە بە دیدی من رایەکی مامناوەندی و دروست و پەسندە سەبارەت بە جیهانگیریی.

لەوانەی لە بارەی هەڕەشە و مەترسییەکانی جیهانگیریی بەچەمکە خۆرئاواییەکەی نووسیویانە، نووسەری گەورە (رۆجیە گارۆدی)یە کە وای دەبینێ جیهانگیریی بریتییە لە (سیستەمێک کە بەهێزەکان وا لێدەکات دیکتاتۆریەتە نامرۆڤایەتییەکان بسەپێنن، چوون رێگە دەدات بێهێز و چەوساوەکان بخرێنە داوەوە بە پاساوی ئاڵوگۆڕی ئازاد و ئازادی بازاڕ)، هەروەها (هانس بیترمرتان) لە وتارێکی دا بە ناونیشانی: ئایا جیهانگیریی فێڵێکە؟ دەڵێت: (لە خودی خۆیدا فێڵ نییە، بەڵام ئەو رێگایەی پەلکێشمان دەکات بۆی پڕیەتی لە کۆسپ و تەگەرە، لەوانە ئاڵۆزی و تێکچوونەکانی رەوتی بازاڕە قەیراناوییەکانی دراو و سامان لە لایەک و، ئەو بەڕێوەبردنە داراییە خراپەی کە سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی و رێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری سەرپەرشتی دەکەن لە لایەکی ترەوە، کەڵەکە دەبن و ئاماژە دەکەن بە دروستبوونی کارەساتگەلێکی راستەقینە، وەکو ئازار و مەینەتییەکانی سێیەکی دانیشتووانی ئیندۆنیسیا بەهۆی برسێتیەوە لە کاتی ئێستادا..)(٣)

## سێیەم: چەمکی بەها ئەخلاقییەکان لە دیدی فەیلەسوفانەوە:

قوتابخانە فەلسەفییەکان لە دێر زەمانەوە گرنگیان داوە بە لیکۆڵینەوە لە پرسی ئەخلاق و دانانی پێناسە و راڤەیەک بۆی و، دیاریکردنی چەند پێوەر و بنەمایەک بۆ بەها ئەخلاقییەکان.

ئەخلاق لە فەلسەفەدا وا پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی پێوەریی بۆ چاکەو خراپە کە گرنگی بە بەها باڵا و ناوازە و نموونەییەکان دەدات و، مرۆڤ دەگەیەنێت بە پلەیەکی باڵا لە رەفتار و هەڵسوکەوت بە ویستی ئازادانەی مرۆڤ خۆی.

(ئەرستۆ) چاکەخوازیی (الفضیلة) کە بنەمای

ئەخلاقە وا پێناسە دەکات کە بریتییە لە (ئامادە باشییەکی بەدەستهاتووی خۆویستانە، کە بە پێی عەقڵ لە ڕووی پەیوەندیمان بە خودی خۆمانەوە دیاری دەکرێت لە ڕەفتاری مرۆڤێکی چاوکراوەدا، ئەمە مامناوەندە لە نێوان دوو ڕەوشتنزمی و بەدیی (الرذيلة) دا بە زێدەڕۆیی و کەمکردندا)(٤). کەوابوو لای ئەرستۆ ئەخلاق پەیوەستە بە بەختەوەری مرۆڤەوە کە مەبەست و سەرەنجامی کارە لە بوونی مرۆڤدا، واتە ئەخلاق ئەو کار و کردەوانە دەگرێتەوە کە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤن لە پێناو گەیشتن بە خێر و چاکەی باڵا کە بەختەوەرییە.

لای (ئەفلاتوون) ئەخلاق خۆی دەبینێتەوە لە جڵەوگیریی لە ئارەزوو (شهوات)ەکانی مرۆڤ و، بەرزبوونەوە بۆ سەرووی داخوازییەکانی جەستە بە ئاوڕدانەوە لە دەروون و ڕۆح و ئاراستە کردنیان بۆ دەستخستنی چاکە و مەعریفە و دژایەتیکردنی نەزانین.

لای (کانت) ئەخلاق پەیوەستە بەو ئیرادەیەی سەرچاوەی گرتووە لە عەقڵی مرۆڤی هۆشیار، نەک لە ویست و حەزی مرۆڤ، ئەو وای دەبینێ پابەند بوون بە ڕەوشت و ئاکار و ئەنجامدانی کاری ڕاست و دروست ئەرکێکی ئەخلاقییە.

بەڵام لای (جان جاک ڕۆسۆ) پێناسەی ئەخلاق بریتییە لەو هەست و ئیحساسە سروشتییەی وامان لێ دەکات جیاوازی بکەین لە نێوان چاکە و خراپەدا و خۆمان دوور بگرین لەو شتانەی زیان بە خۆمان و ئەوانی تر دەگەیەنن و، بەلای ئەوەدا دەچین کە بە سوود و کەڵکی خۆمان و کۆمەڵگا دەشکێتەوە، دوا جار ئەخلاق ئەوەیە کە لە باقی زیندەوەرەکانی تر جیامان دەکاتەوە.

بە بۆچوونی (نیچە) پێویستە ئەخلاق لە خودی مرۆڤەوە سەرچاوە بگرێت، بۆیە پێویستە لە سەر هەرتاکێک جیهانی ئەخلاقی تایبەتی خۆی بنیات بنێت کە تەنها پشت بە عەقڵ و ئاوەز نەبەستێت، بەڵکو نوێنەرایەتی کۆی مرۆڤ بکات بە کەم و کوڕی و هەڵچوونەکانییەوە بەر لە دانایی و ژیرییەکەی(٥)، پێناسەی ئەخلاق لای فەیلەسوفە مسوڵمانەکانیش نزیکە لەو تاریفەی ئەرستۆ، دواتر دێینە سەری.

## تەوەری دووەم
## پێگەی بەها ئەخلاقییەکان لە ئیسلامدا و ڕۆڵیان لە پێکهاتنی کەسایەتی مرۆڤدا

### یەکەم: پێگەی بەها ئەخلاقییەکان لە ئیسلامدا:

توێژەرانی پەیامی ئیسلام وایان هێناوە کە ئیسلامیان بۆ چوار بەشی سەرەکی دابەشکردووە: بیر و باوەڕ، خوا پەرستی، هەڵسوکەوت و مامەڵە یان بواری تەشریع وەک هەندێک گوزارشتی لێ دەکەن، ئەخلاق، دەتوانین بڵێین ئیسلام بە گشتی لە جەوهەری خۆیدا پەیامێکی ئەخلاقییە.

پەروەردەی ئەخلاقی و ئاکاریی لە ئیسلامدا دوو لایەنی هەیە: ١- لایەنی تیۆریی، کە چوارچێوە فیکرییەکەی دیاری دەکات، ٢- لایەنی کرداریی کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کرداریی لە واقیعدا بەرجەستە دەکات.

ئیسلام کۆمەڵێک بنەمای ئەخلاقی گشتی پێشکەشکردووە کە دیدگای ئەخلاقی ئیسلام پێک دێنن، ئەم بنەمایانە ڕەهەندی مەعریفی و سایکۆلۆژی و سزایی و سلوکی لە خۆ دەگرن، بنەمای ئەخلاقی لە ئیسلام دا گشتگیر و فراوانە، چونکە بازنەی ئەخلاق و بەها باڵا ئاکارییەکان تەنها کار و ڕەفتاری باشی کەسایەتی لە خۆ ناگرێت وەک لای فەیلەسوفە یۆنانیەکان باو بووە، بەڵکو کۆمەڵێکی زۆر لە کار و چاکەخوازیی و فەزیلەت لە خۆ دەگرێت و، ئەخلاق بۆتە سێ ڕەهەند، ڕەهەندی دەروونی کە پەیوەستە بە پەیوەندی تاک لە گەڵ

خودای خۆی، دووەمیان ڕەهەندی غەیبی کە پەیوەستە بە باوەڕی تاک و ئەو شتانەی ئیمانی پێیان هەیە لە ئەحکامی دینی و شتە غەیبییەکان، ڕەهەندی سێیەمیش پەیوەستە بە پەیوەندی تاک بە دەوروبەر و کۆمەڵگاکەیەوە.

بەم شێوەیە دەبینین بەها ئەخلاقییەکان لە ئیسلامدا هەموو کار و ڕەفتاری مرۆڤ دەگرێتەوە چ ئەوانەی تایبەتن بە خۆیەوە یان پەیوەندیدارن بە کەسانی تر و کۆمەڵگاوە، واتە ئیسلام خاوەن سیستەمێکی ئەخلاقی تایبەت بە خۆیەتی کە لە ڕیشەوە لە ئەخلاقی مرۆیی فەلسەفەکانی تر جیای دەکاتەوە!

لە لایەکی ترەوە بنەماکانی پەروەردەی ئیسلامیی بە شێوەیەکی هاوسەنگ داڕێژراون کە هاوسەنگی ڕادەگیرێت لە نێوان بەها ئەخلاقییەکان و بەها سیاسی و کردارییەکان، لە نێوان ڕۆح و جەستە، لە نێوان جیهانی بینراو وجیهانی پەنهان دا..

بەها ئەخلاقییەکان پێگەیەکی بەهێزیان هەیە لە ئیسلامدا، ئەمەش لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک ئامانجی گەورە دێننەی لەوانە: ١- بەرجەستە کردنی بەندایەتی تەنها بۆ خوای گەورە. ٢- پاککردنەوەی دەروون. ٣- هێنانەدی چاکەخوازیی و فەزیلەت. ٤- سەرفرازی و بەختەوەری تەواو بۆ مرۆڤ. ٥- بنیاتناتی مرۆڤ وەک تاک. ٦- پێکهێنانی خێزانی پتەو و بەهێز. ٧- دامەزراندنی کۆمەڵگای چاک. ٨- پێکهێنانی ئوممەتی میانڕەو و وەسەت.٩- یەکترناسین و هاریکاری جیهانیی و مرۆیی(٦).

خودا لە قورئاندا وەسفی پێغەمبەرەکەی خۆی بەوە دەکات کە لە سەر ڕەوشت و ئاکار و خولوقێکی گەورەیە: (وإنک لعلی خلق عظیم)(٧). ئەمەش مەزنی و بایەخی ئەخلاقی جوان لە پەیامی ئیسلامدا دەردەخات.

**دووەم: ڕۆڵی بەها ئەخلاقییەکان لە پێکهاتنی کەسایەتی مرۆڤدا:**

مرۆڤ بوونەوەرێکی مەزنە و خودای گەورە ڕێزی لێناوە، ئەم مرۆڤە لە دوو توخمی (جەستە) و (ڕۆح) پێکهاتووە، جا بوونی سروشتە مادديیەکە لە مرۆڤدا وا دەکات ئارەزوویەکی سروشتی لە ناخ و دەروونی دا هەبێت بۆ زێدەڕۆیی ولە سنوور دەرچوون، جا گەر مرۆڤ وازی لێبهێنرێت بۆ ئارەزووی نەفسی و ئازاد و ڕەها بێت چی ویست بێ هیچ مەرج و سنوورێک ئەنجامی بدات باوەکو کارەکەش لە خانەی ڕەوشتە نزم و خراپ و ناپەسندەکاندا بێت، ئەوە لە چوارچێوەی ئەرکە ئەخلاقییەکەی خۆی دەردەچێت، بەو مانایە دووچاری دژکاری دەبێت لە گەڵ خواستی مانەوەی مرۆڤ لە ژیانێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی پێکەوە هەماهەنگ و هاوکار، لە کاتێکدا ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە پێویست و زەروورە بۆ تێرکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ، چونکە ئەو خۆی بە تەنها ناتوانێ ئەو کارە بکات.

لێرەدا ڕۆڵی لایەنی ڕۆحی دێتە پێشەوە، کە لە جەوهەردا خۆی لە پەیوەندی مرۆڤ بە بەدیهێنەر و پەروەردگاریدا دەبینێتەوە، ئەم لایەنە هاوکێشەکە ڕاست دەکاتەوە یان ڕای دەگرێت ئەمەش وادەکات پێکهاتەی مرۆڤ نرخ و بەهای ڕاستەقینەی بۆ بگەڕێتەوە و تیایا بەرجەستە ببێت.

تەوەری ژیانی ڕۆحی مرۆڤیش بریتییە لە (دڵ) کە لە پەیوەندی نێوان مەعریفە و باوەڕ لە لایەک و ڕفتار و ویست دا لە لایەکی ترەوە بەرجەستە دەبێت. پێشەوا غەزالی ئاوا پێناسەی دڵی کردووە کە بریتییە لە (ڕۆحی مرۆیی هەڵگری ئەمانەتی خودا، ڕازاوە بە مەعریفە و زانین، زانست تیا دانراوە بە فیترەت و خۆڕسکی، تەوحید گۆ بە وشەی بەڵێ شایەتیماندا (بلی شهدنا)، بەم

شێوەیە دڵ دەبێتە شوێنێک بۆ ناسینی خودای پاک و بێگەرد)(٨)

جا کاتێ دڵ بەم ئەرکە ڕۆحیەی خۆی هەڵدەستێت، ژیانی مرۆڤ ڕێک و ڕاست دەبێت و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خوا پەسندانە دەبێت و، ئەو مرۆڤە لە ژیانێکی پڕ لە ئارامی و ئاسودەییدا دەژیت و، ئەوانەی دەوروبەریشی لێی دڵنیا دەبن و لە بەری دەحەسێنەوە، خۆ ئەگەر دڵیش نەخۆش بوو و پەیوەندی پچڕا لە گەڵ بەدیهێنەریدا و بە ئەرکەکانی خۆی هەڵنەستا، ئەوا ژیانی مرۆڤەکە دەخاتە بەرمەترسی و دڵەڕاوکێ و ناجێگیریی و، هەم خۆی ئاسوودە نابێت، هەمیش دەوروبەرەکەی لە بەری ناحەسێنەوە و لێی خاترجەم نابن، بەختەوەری دوا ڕۆژیشی دەست ناکەوێت.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت بەها ئەخلاقییەکان ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگ دەبینن لە ژیانی مرۆڤ و پێکاهتنی کەسایەتییەکەیدا و لە ڕاستکردنەوەی ژیانی دنیای و بەختەوەر بوونی لە دوا ڕۆژدا.

## تەوەری سێیەم
## بەجیهانیکردنی بەها ئەخلاقییەکان

**یەکەم: هەوڵەکانی بەجیهانیکردنی بەها ئەخلاقییەکان:**

جیهانگیریی یان عەولەمە ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە و تۆمەت بووەتەوە لە بواری سیاسی و فەرهەنگی ئابووری و مرۆییەوە، لە بواری سیاسی و فەرهەنگی، خۆی لە ڕەهەندی بەها و ئاکارە ئەخلاقییەکاندا دەبینێتەوە بە شێوەیەکی دیار و ئاشکرا، ڕەخنەکە لەم ڕووەوە دوو پرس دەگرێتەوە: یەکەم: دوانەی سێکس و توندوتیژی لە دەزگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سینەمای جیهانیدا کە ئەمڕۆ خۆی خراندۆتە نێو هەموو ماڵێکەوە و بە هۆیەوە بەها و داب و نەریتی ڕەسەنی چەندین گەل و نەتەوەی زیندوو کە تا هەنووکە بەهاکانی داوێنپاکی و ئەخلاقی بەرز لایان نرخی خۆی هەیە، کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی لە ناو چوون و لە بەر یەک هەڵوەشانەوە، ئەمەش لە میانی بڵاو کردنەوەی ئیباحیەت و شتی نەشاز و بێ بەندوباری. دووەمیش: کارکردن بۆ پەکخستنی بەهاکان لای هەموو گەل و کۆمەڵگاکان لە خواردن و خواردنەوە و پەیوەندییە خێزانییەکان و پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەزدا، هەروەها لە هەر شتێکدا پەیوەندیدار بێت بە ژیانی تاک و کۆمەڵی مرۆڤەوە.

ڕەخنەکان لە جیهانگیری لە بواریی ئابووری و مرۆیی، خۆی لەو نادادپەروەری و نا هاوسەنگییەدا دەبینێتەوە کە لە مامەڵەکردن لە گەڵ گەل و وڵاتانی دنیادا هەستی پێ دەکرێت، ئەوەتا لێکۆڵینەوەو ئاماژەکان دەری دەخەن کە دەوڵەمەند و زەنگینەکانی جیهان کە ڕێژەکەیان لە (٢٠٪)ە دەوڵەمەندییەکەیان بەردەوام لە زیاد بووندایە، کەچی هەژارەکانی کە ڕێژەیان لە (٨٠٪) ە بەردەوام هەژارییەکەیان زیاد دەکات و زیاتر دەقلیشێنەوە(٩).

لە بەر ئەمە، ڕەخنەی توند ئاراستەی جیهانگیریی کراوە و بە جیهانگیریی ترسناک وەسف کراوە و باس لە زەروورەتی بانگەشە بۆ (عەولەمەیەکی مرۆڤایەتی) و (عەولەمەیەکی ئەخلاقی) کراوە، هەر وەک (ماری ڕۆبرتسۆن) کۆمیسیاری باڵای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان داواوی کرد(١٠).

ترس لە جیهانگیریی و گومان لە ئامانجەکانی، تەنها وڵاتانی ئیسلامیی و ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی نەگرتۆتەوە، بەڵکو وڵاتان و گەلانی تریشی گرتۆتەوە، بۆ نموونە فەڕەنسا چەند ساڵێکە هەوڵ دەدات کە شەپۆلی ئەوەی ناوی دەنێت (داگیرکردنی کلتوریی ئەمریکی) رابگرێت کە مەترسی لە سەر

> خۆرئاوا هەوڵدەدات بەهاکان بە جیهانی بکات و لەڕێییەوە بەهاکانی خۆی بە سەر جیهاندا بسەپێنێت.

زمان و فیلمە سینەماییەکان و تایبەتمەندییەکانی دروستکردووە.

جیهانگیریی وەک بانگەشەی بۆ دەکرێت بە ئاراستەی کارلێک و بەرژەوەندی نێوان گەل و نەتەوەکان ناڕوات و هەنگاو نانێت وەک ئەوەی لایەنگرانی بانگەشەی بۆ دەکەن و گوایە جیهانگیریی کۆتایی بە تایبەتمەندییە کلتوری و نەتەوەییەکان دێنێت و جیهان دەکاتە (گوندێکی بچووک)، بە بەڵگەی ئەوەی لە زۆر لە وڵاتانی دنیادا گیانی نەتەوەگەرێتی و ناسیۆنالیزمی و توندڕەوی و تەنانەت ڕەگەز پەرستیش بووژاوەتەوە، لە هەندێکی تریاندا بێداری ئاینیی و، تا دەگات بە هەڵکشانی هێزە ڕاستڕەوە نەتەوە پەرستە توندڕەوەکان لە ئەوروپادا وەک لە هەڵبژاردنەکانی چەند وڵاتێکی ئەوروپی دا وەکو فەرەنسا و نەمسا و هۆڵەندا و ئیتاڵیادا بینرا.

لە گەڵ ئەوەدا کە لە چەند وڵاتێکی ئەوروپی دژایەتی جیهانگیریی دەکرێت، بەڵام بە گشتی ئەمریکا و ئەوروپا بە سەرچاوەی جیهانگیریی هەژمار دەکرێن، هۆکارەکانی بەرهەڵستیکردنی جیهانگیرییش جۆراوجۆرن، هەیە بە پاڵنەری بەها و ئەخلاق و هەیە بە پاڵنەری ئاینی دژایەتی و بەرهەڵستی دەکات، ئەگەر ئێمە هەندێ دیاردەی بەرهەڵستیکردنی جیهانگیریی بە شێوازە ئەمریکییەکەی لە ئەوروپادا دەبینین، هۆکارەکەی نەتەوایەتی یان ڕەگەزپەرستی یاخود ئابووری بن، ئەوە لە جیهانی ئیسلامیی دا زیاتر پاڵنەری ئاینی و فەرهەنگی کاریگەرن کە ئەستەمە جیهانگیریی بتوانێت گۆڕانکاریی تیادا بکات و بە تەواوی لەو بوارەدا زاڵ و سەرکەوتوو بێت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت تەرازووی هێز بە لای بەرژەوەندی خۆرئاوادا دەشکێتەوە، خۆرئاواش بە تایبەتی ئەمریکا خۆی بە خاوەنی جیهان و مەرجەعی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکەی دەزانێت، ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانیش، هەروەها ڕێکخراو و کۆمپانیا و ناوەندەکانی تری هەرێمیی لایەنگری ئەمریکا کاردەکەن بۆ جێگیرکردنی ئەو مەرجەعیەتە، بە دەیان و سەدان کۆنگرە و کۆنفرانس و کۆبوونەوە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتە ئیسلامییەکان ڕێکدەخرێن بۆ تاوتوێکردن و گفتوگۆکردن دەربارەی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت و کۆمەڵگای مەدەنی و توندوتیژی خێزانیی، بە شێوەیەک کە دەبێ بەها و دیدگای خۆرئاوا لەو بوارانەدا قبوڵبکرێن و لە چوارچێوەی یاساکانی ئەو وڵاتانەدا جێیان بۆ بکرێتەوە، تەنانەت دەبێ پڕۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵاش بگۆڕدرێن و دەستکاری بکرێن تا لە گەڵ ئەو بەها و دیدگایانە بگونجێن، بێ لەبەر چاو گرتنی بەها و فەرهەنگ و کلتووری تایبەتی گەلانی ئەو وڵاتانە و یاسا و ڕێسا و داب و نەریت و پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانیان.

هەر وڵات و کۆمپانیا و دەزگا و ڕێکخراوێکیش ئەو بەها و ڕێسایانەی جیهانگیریی ڕەت بکاتەوە یان نادیدەیان بگرێت ڕووبەڕووی ڕەخنە و سزادان دەبێتەوە، بۆ نموونە ڕێکخراوی میسری بۆ مافی مرۆڤ (المنظمة المصرية لحقوق الإنسان) ڕووبەڕووی ڕەخنەی هەندێ ڕێکخراوی ئەوروپی بوویەوە و بڕیاریاندا هاوکارییەکانیان لێی بگرنەوە، چونکە هەڵنەستاوە بە ڕێکخستنی چالاکی پشتیوانی و هاوسۆزی لە گەڵ ئەو (هاوڕەگەزبازانە)ی دەسەڵاتدارانی میسر بە تۆمەتی ئەنجامدانی کاری بەدڕەوشتی و نێربازی (الشذوذ الجنسي) دەستگیری کردبوون(١١).

هەر لەم بەستێنەدا ئاماژە بە پرۆژەیەکی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە لە کۆنگرەی دانیشتووان کە چەند ساڵێک لەمەوبەر بەڕێوە چوو پێشکەشی کردبوو، لە میانیدا هەوڵی دابوو دەقێک تێپەڕێنێت و پەسند بکرێت بۆ (پشتگیری کردن لە خێزان بە هەموو شێوەکانیەوە)، واتە بەو خێزانەش کە لە خودی ڕەگەزەکە خۆی پێک بێت (هاو ڕەگەز بازی)، کە وڵاتانی ئیسلامیی و ڤاتیکان پێکەوە پەلپیان لێدا و ڕەتیان کردەوە(١٢).

لەمەی ڕابرد، بۆمان دەردەکەوێت کە خۆرئاوا هەوڵدەدات بەهاکان بە جیهانی بکات و لەڕێییەوە بەهاکانی خۆی بە سەر جیهاندا بسەپێنێت، وە هەر ڕێگرییەکیش هەبوو ڕووبەڕووی ببێتەوە ئەگەر بە بەکارهێنانی فشاریش بێت، بەڵکو بە بەکارهێنانی هێزیش بێت، لەو سۆنگەشەوە چەندین پرۆژەیان بە ناوی ڕیفۆرم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەش کردووە و ملیاران دۆلاریان لە پێناویدا خەرجکردووە و، لە ڕووی سەربازیشەوە پێگەی خۆیان لە ناوچەکەدا قایم کردووە و، هەوڵەکانیشان بەردەوامە.

**دووەم: هەڵوێست لە جیهانگیریی و چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسییەکانی:**

لە تەوەری یەکەمدا ئاماژەماندا بەو سێ بۆچوونەی لە مەڕ جیهانگیریی هەن، کە یەکەمیان بە ڕەهایی قبوڵیەتی و دووەمیان بە ڕەهایی ڕەتی دەکاتەوە و، سێیەمیشیان نە بە ڕەهایی وەری دەگرێ و نە بە ڕەهاییش ڕەتی دەکاتەوە، بەڵکو پێی وایە پێویستە سوود لە لایەنە باشەکانی وەربگیرێت و لایەنە خراپ و دژەکانی بە نەگۆڕەکانی هەرگەل و نەتەوەیەک ڕەتبکرێنەوە، واتە بە دانایی و هۆشیارییەوە مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت.

بێگومان جیهانگیریی بە چەمکە نوێیەکەی (بە ئەمریکی کردن)، مەبەست لێی تەنها باڵادەستی نییە بە سەر ئابووری و تەنێ تەحەکوم نییە بە سیاسەتی وڵاتانەوە، بەڵکو زۆر لەوە دوورتر دەڕوات و دەخوازێت نموونەیەک یان شێوازێک لە ڕەفتار و ژیان و بەهای نوێ پەیڕەو بکرێت جیا بێت لە ڕەفتار و بەهاو کلتوری ڕابردوو و ئێستای گەلان، دواجار خاوەنی پەیامێکی خۆرئاوایی و کلتورێکی ئەمریکییە و دەخوازرێت بە سەر گەلانی دنیادا بسەپێنرێت، کە ئەمەش خاڵی نییە لە ئاراستەیەکی کۆلۆنیالی (إستعماری) نوێ کە کار لە سەر داگیرکردنی عەقڵ و بیرکردنەوە دەکات تا ڕای بێنێت بە پێی ئامانج و مەرامەکانی خاوەن کلتورەکە کار بکات و هەنگاو بنێت، ئەمەش لە وتاری سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا (جۆرج بۆش) جەختی لە سەر کرایەوە کە لە ئاهەنگێکدا بە بۆنەی سەرکەوتنیان لە شەڕی دووەمی کەنداودا وتی: بێگومان سەدەی داهاتوو بڵاو بوونەوەی بەهاکانی ئەمریکا و شێوازەکانی ژیان و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەمریکا بە خۆوە دەبینێت(١٣).

بۆیە بۆ پاراستنی بەها ئەخلاقییەکان و ڕێسا

و داب و نەریتی ڕەسەنی وڵاتانی ناخۆرئاوایی و بەتایبەت وڵاتانی ئیسلامیی و لە وانەش کوردستان، پێویستە چەند هەنگاوێک بگیرێتە بەر تاوەکو بە هۆی جیهانگیرییەوە نەتوێنەوە و تایبەتمەندییە ئایینی و فەرهەنگی و نەتەوەییەکانیان لە دەست نەدەن.

## چەندین ڕێگا و ئامراز هەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی جیهانگیریی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، لە وانە:

١- لە بواری بیروباوەڕ و بەها ئەخلاقییەکاندا، پێویستە دەوڵەت و حکومەت کار لە سەر پاراستنی ناسنامەی ئیسلامەتی زۆرینەی میللەت بکەن و بەهێزی بکەن، ئەمەش بەوە دەبێت کە نەوەی نوێ لە سەر بیروباوەڕی ئیسلامیی و ئاکار و بەها ڕۆحییەکان پەروەردە بکرێت، چونکە داڕووخانی ڕاستەقینە بریتییە لە داڕووخانی دەروونی لە ناخەوە، ئەگەر لە سەر ناسنامەکەی دامەزرا و ئینتیمای بۆی هەبوو هەرگیز خۆ بەدەستەوە نادات و نابەزێت، ئەم هەنگاوەش ئەوە دەخوازێت کە پرسی بەها ئەخلاقییەکان بخرێتە نێو پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنەوە لە هەموو قۆناغەکاندا تا دەگات بە خوێندنی زانکۆ و خوێندنی باڵا، ئەمەش بە دارشتنی پرۆژەیەکی پەروەردەیی گونجاو و هاوتەریب لە گەڵ واقیعی کۆمەڵگا و بە لە خۆگرتنی چەند بنەمایەکی گرنگی (ئایینی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، سایکۆلۆژی و پەروەردەیی، ئابووری و گەشەپێدان)، هەموو ئەمانە فێرخوازان لە سەریان ڕابهێنرێن و پەروەردە بکرێن تاوەکو نەوەیەکی هوشیاری بە ئاگا و چەکدار بە بەهای باڵا و زانست و مەعریفە پێبگات کە داهاتوو بنیات بنێت بە فەلسەفەیەکی ڕۆشن و بەرچاو ڕوونییەوە.

٢- لە بواری سیاسیدا، بۆ مامەڵە کردن لە گەڵ جیهانگیریی و لێکەوتەکانی، پێویست بە چاکسازیی ناوخۆیی دەکات، بە داخەوە گەندەڵی و ئیستیبداد لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێ و وڵاتانی ئیسلامییدا وای کردووە نەتوانرێت بکەونە سەرخۆیان و ستراتیژێکی ڕوونیان هەبێت بۆ ئێستا و داهاتووی نەوەکانیان.

پەروەردەی دروست و بەرهەمدار بوونی پرۆگرامە تیۆرییەکان و گەشە کردنی بەها ئەخلاقییەکان پێویستیان بە کەشێکی ئازادی دوور لە ستەم و زۆرداری هەیە، لە سایەی سیستەمێکی دادپەروەر و دوور لە ئیستیبداددا ڕەوشت و بەها باڵاکانی وەک ڕاستگۆیی، ئازایەتی، قسەی هەق، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، متمانە بە خۆبوون و بەوانی تر، گرنگیدان بە جێبەجێکردنی ئەرک و فەرمان، وەفا و دڵسۆزی.. گەشە دەکەن و بەرهەمیان دەبێت، بەڵام لە سایەی ستەم و تیرۆر و ئیستیبداددا تەنها ڕەوشتی دزێو و ناپەسندی وەک درۆ و دووزمانی و گومانی خراپ، دوو ڕوویی و ماستاوچێتی و، فەرامۆشکردن و گوێنەدان بە ئەرک و کار، سیخوڕی و خیانەت و ناپاکی.. سەر هەڵدەدەن و بڵاو دەبنەوە.

عەبدوڕڕەحمان کەواکیبی لە کتێبەکەیدا (طبائع الإستبداد و مصارع الإستعباد) ئاماژەی بە زۆرێ لەم خەسڵەتانە کردووە کە لە سایەی ستەم و ئیستیبداد گەشە دەکەن، ئەو پێی وایە دەسەڵاتی جەور و ستەم و ئیستیبداد دەست دەخاتە ناو ئاکار و ڕەوشتەکانەوە و لاوازیان دەکات، یان تێکیان دەدات یاخود هەر لە ناویان دەبات(١٤).

٣- ڕەتکردنەوەی هەر پرۆژەیەکی بێگانە و هاوردەکراو پێویست بە جێگرەوە دەکات، ئەمەش پێویستی بە پرۆژەی سەردەمیانەی زانستی هەیە، بۆ نموونە لە بواری ئابووریدا وڵاتانی

ئیسلامیی دەتوانن لە چوارچێوەی ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامییدا پڕۆژەی (بازاڕی هاوبەش) بخەنە گەڕ کە هەم بەرژەوەندی ئابوورییان دەستەبەردەکات، هەم چەمکی ئینتیما و ناسنامەی هاوبەشی ئیسلامییان قوڵتر دەکاتەوە، هەروەک لە بواری فیلم و دراما و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا دەبێت پڕۆژەی بەدیل هەبێت لە گەڵ وەرگێڕان و گواستنەوەی سەرچاوەکانی زانست و تەکنەلۆژیا لە زمانە زیندووەکانەوە بۆ زمانە ناوخۆییەکان و سوود لێوەرگرتنیان لە پرۆسەی بەرەو پێشچوون و گەشەپێداندا.

٤- لە بواری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا، پێویستە گرنگی بدرێت بە ناسنامە و تایبەتمەندییە نەتەوەیی و کلتورییەکان و داب و نەریتە ڕەسەنەکان، بۆ نموونە لە کوردستاندا خەریکە داب و نەریتە ڕەسەنەکان و کلتوری ڕەسەنی کوردەواری لە ناو دەچن و لە ناو جیهانگیریی و عەولەمەدا دەتوێنەوە، زمانی کوردی بە پلەی یەکەم دەبێ گرنگی پێ بدرێت و، بەها ئەخلاقییە ڕەسەنەکان پارێزگاریان لێ بکرێت، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە دام و دەزگا حکومییەکان و حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ناوەندەکانی خوێندن و مزگەوت و زانایانی ئایینی و نووسەر و ڕۆشنبیران، هەموویان ڕۆڵی خۆیان ببینن و ڕۆڵەکانی گەل هۆشیار بکەنەوە و ڕێنماییان بکەن کە چۆن مامەڵە لە گەڵ جیهانگیریی و تەکنەلۆژیای نوێدا بکەن و هاوسەنگی ڕابگرن لە نێوان وەرگرتنی شتە باشەکانی جیهانگیریی و پارێزگاریکردن لە ناسنامە و تایبەتمەندییە ئایینی و کلتوری و نەتەوەییەکان.

## کۆتایی

لە کۆتایی ئەم نووسینەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەها ئەخلاقییەکان گرنگی و بایەخی زۆریان هەیە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بە تایبەتیش لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، هەروەک ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە ژیانی مرۆڤ و پێکهاتنی کەسایەتییەکەیدا، جیهانگیرییش وەک دیاردەیەکی جیهانی دەکرێ بە هوشیارییەوە مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت و لایەنە باشەکانی وەربگیرێن و سوودیان لێ وەربگیرێت و، لایەنە خراپەکانی ڕەت بکرێنەوە کە لە گەڵ تایبەتمەندییە فەرهەنگی و نەتەوەییەکانی گەلاندا ناگونجێن، بەڵام جیهانگیریی تۆمەتبارە بەوەی کە هەوڵی لاوازکردن و نەهێشتنی بەها ئەخلاقییە ناخۆرئاواییەکان دەدات و دەیەوێت بەهاکان بە جیهانی بکات، بەو مانایە بەهای خۆرئاوا بڵاو بکاتەوە و بەسەر جیهاندا بیسەپێنێت.

جا بۆ پاراستنی بەها ئەخلاقییە باڵاکانی گەلان و داب و نەریتە ڕەسەنەکانیان و ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسییەکانی جیهانگیریی، پێویستە چەند هەنگاوێکی گرنگ بگیرێتە بەر لە بوارەکانی بیروباوەڕ و پەروەردە و سیاسەت و ئابووری و فەرهەنگی و کلتوری و نیشتیمانیدا کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەیان پێدراوە، بەم هەنگاوانە دەتوانرێت سوود لە لایەنە باش و بە سوودەکانی جیهانگیریی وەربگیرێت و، بە پارێزگاریکردن لە ناسنامە و تایبەتمەندییەکانیان بە بوونی پلان و هوشیاری، خۆیان لە لایەنە خراپ و زیانبەخشەکانی بپارێزن و ون نەبن تیایدا.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١. د. جميل صليبا - المعجم الفلسفي، الجزء الثاني، ط١، منشورات ذوي القربى، ايران، ١٣٨٥، هـش، ص٢١٣.

٢. د. يوسف القرضاوي - أخلاق الإسلام، الجزء الاول، ط١، الدار الشامية، تركيا، ١٤٣٩ هـ - ٢٠١٨م، ص ٢٠.

٣. بڕوانە: د. أحمد إبراهيم الورتى – مشاريع الإصلاح في الشرق الاوسط بين طموحات الشعوب و مصالح الدول الكبرى – دراسة تحليلية مقارنة، ط ١، دار الزمان، دمشق، ٢٠١٢، ص ١٦٣ – ١٦٤.

٤. السيد ولد أباه – الدين و السياسة والاخلاق، ط١ جداول للنشر والترجمة والتوزيع، بيروت، ٢٠١٤، ص ١٤٤.

٥. - com.www.mawdoo٣.

٦. بۆ درێژەی ئەم ئامانجانە بڕوانە: د. يوسف القرضاوي – سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧ – ١٣٠.

٧. سورەتی قەلەم، ئایەتی (٤).

٨. د. طلال عتريسي – عولمة القيم والمفاهيم: www.aljazeera.net

٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو بە گواستنەوە لە ڕۆژنامەی (الحياة) لە (٢٠٠١/٨/١)

١٠. سەرچاوەی پێشوو.


١١. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٢. د. محمود شيخانی – التيارات الفكرية المعاصرة والحملة على الإسلام، ط٢، دار قتيبة للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق: سوريا، ١٤٣٥هـ – ٢٠١٤م، ص ١٤٤.

١٣. بڕوانە: عبدالرحمن الكواكبی – طبائع الإستبداد ومصارع الإستعباد، مؤسسة إقرأ للنشر والتوزيع والترجمة، القاهرة، ٢٠١٣، کە تەرخانی کردووە بۆ تاوتوێکردنی پرسی ئیستیبداد، بە تایبەت ل ٧٩ و دواتری.

# گۆڕانی پێش فەرزە ئەخلاقییەکان

## و کاریگەریی لەسەر بکەری ئەخلاقی لەسەردەمی نوێدا



سەبارەت بەو وەرچەرخانەی بە هاتنی سەردەمی نوێ لە بواری ئەخلاقدا هاتۆتە پێش، دەکرێ لە چەند ڕوانگەیەکەوە تێڕامان بکرێت، لەم وتارەدا بە کورتی گرنگترین ئەو ڕووداوانە باس دەکەین کە بۆتە هۆی گۆڕانی پێش فەرزەکانی ڕوانینی مرۆڤ لەوێشەوە مرۆڤی پاڵناوە دووبارە لە بواری ئەخلاقدا جۆرێکی تر ڕەفتاری خۆی دابڕێژێتەوە.




**نعمان محمد ئەڵماس**

لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٧

مامۆستا لەزانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

چەندین لێکۆڵینەوەو کتێبی چاپ بووە.

## پەیوەندی نێوان ڕەفتار و ڕوانینی مرۆڤ

بەو پێیەی مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەقڵانییە، لە پاڵ غەریزە و هەستە جیاوازەکانیدا، لە نێو سەرجەم بوونەوەراندا بە هەبوونی هێزی بیرکردنەوە و دەربڕین دەناسرێتەوە، بە گشتی ڕەفتاری ئەو لە ژێر کاریگەری ڕوانینە زەینییەکانیدایە، تەنانەت ئەوانەش مرۆڤ بە بوونەوەرێکی غەریزە سەنتەر دەناسێنن، ناتوانن ڕۆڵی بیرکردنەوە و ڕوانینە زەینییەکان نادیدە بگرن لە کۆی گشتی ڕەفتار و جوڵەی مرۆڤدا.

بەڵگەی ئەم بابەتە خودی مێژووی ئەخلاق بۆمان ڕوون دەکاتەوە، ئەخلاقی سەردەمی یۆنان ئەخلاقی حیکمەتی کردەیی پشت ئەستور بە فەزیلەتە ئەخلاقییەکانە، ژیانی ئەخلاقی و ژیانی ئەقڵانی دووانەیەکی پێکەوە گرێدراو بوون، چونکە فەزیلەتە ئەخلاقییەکان و شوێنکەوتنی (چاکە) لە ڕێگەی ئەقڵەوە کەشف دەکران.

بە دەرکەوتنی مەسیحییەتی و زاڵبوونی فەرهەنگی ئاگۆستینی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەرچەندە فەزیڵەت و شوێنکەوتنی چاکە لە جێگەی خۆیاندا مانەوە، بەڵام ئەقڵ هەمان پێگەی پێشووتری نەما و چاکەی باڵا فەزیلەتمەند بوون بریتی بوو لە ملکەچی فەرمانە ئیلاهییەکان، دیارە ئەم قۆناغە تایبەت بە ئەورووپا و مەسیحییەت نییە و سەرجەم فەرهەنگە ئایینییەکان بە ئیسلام و ئایینە ڕۆژهەڵاتییەکانیشەوە بە شێوازی خۆیان لەم سیاقەدا دەبینرێنەوە.

بەهاتنی سەردەمی نوێ ڕوانینی ئایینیانە بۆ ئەخلاق لاواز بوو، تیۆریا سکۆلارەکان: خودگەرایی، ئەنجامگەرایی، وەزیفەگەرایی بۆ لێکدانەوەی کردەی ئەخلاقی و ئاڕاستەکردنی، پەیدا بوون، هەرچەندە بناغەی ئەمانیش گەڕانەوە بۆ ئەقڵ بوو، بەڵام پرسیاری ئەمان وەک یۆنانی کۆن لە پێناو چاکەو فەزیلەتدا نەبوو، بەڵکو پرسیاری سەرەکی بریتی بوو لەوەی چ کارێک بە دروست دەزانرێت تا ڕەچاو بکرێت و ئەنجام بدرێت، واتە لە بناغەوە ڕوانین بۆ کردەی ئەخلاقی گۆڕانی بەسەردا هات، لە بری گەڕان بە دوای چاکە و خراپەدا، تیۆریا نوێیەکان خەریکی گەڕان بوون بە دوای دروستی و نادروستیدا.

بەرەنجامی تیۆریا نوێیەکان – سەرەڕای جیاوازییە فراوانەکانیان- لە ژیانی مرۆڤی تایبەتی و گشتیدا بەرچاو بوو، دەرکەوتنی چەمکی ماف و مرۆڤی ماف سەنتەر، بازاڕی ئازاد، ئازادی تاک و تاکگەرایی، بەرژەوەندیخوازی، دواجار جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، پەیوەست دەبێتەوە بەم قۆناغەوە، لێرەشەوە کەمهێنانی ڕوانگەی فەزیلەتگەرایانە و بەدوای چاکەدا گەڕان زەقکرایەوە، گوترا: بەدرێژایی هەردوو سەردەمی یۆنانی و مەسیحی- ئاگوستینی، ئەم قوتابخانەیە نەیتوانی چەمکی (ماف) بەرهەم بهێنێت.

سەردەمی زێڕینی ئەم تیۆریا نوێیانەش زۆر درێژەی نەکێشا، بە ڕوودانی هەردوو جەنگی جیهانی لە سەدەی بیستەمدا، ڕوانینەکانی ئەوانیش کەوتنە ژێر پرسیارەوە و دوبارە بیر لە زیندوو کردنەوەی فەزیلەتگەرایی و پێوەری چاکەو خراپە و چاکبوون و خراپبوون کرایەوە.

خانمە فەیلەسوفی بەریتانی ئانسکۆمب لە ساڵی ١٩٥٨ لە وتارێکی مێژوویدا بە ناوی فەلسەفەی ئەخلاقی مۆدێرن (The modern moral philosophi) پرسیاری لەوە کرد ئەم دوو جەنگە بۆ ڕوویان دا؟ ئایا ئێمە لە چیمان کەمبوو؟ تیۆریای ئەخلاقیمان نەبوو، فەلسەفە و فەیلەسوفمان لە بواری ئەخلاقدا کەمبوو؟ ئەوەی جێگەی باسە ئەم پرسیارانە و ئەو شۆکە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، بێجگە لە قەبارەی گەورەیی کارەساتەکانی جەنگ، پاش سەردەمی ڕۆشنگەریی، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو کەمێک لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیشدا کە زانست و تەکنۆلۆژیا قۆناغی بەرچاویان لە پێشکەوتندا بریبوو کە پێشتر وێنەی نەبوو، بە جۆرێک مرۆڤی دڵخۆش کردبوو، بڕوای وابوو ئیدی ئەمە ئەو بەهەشتەیە کە لە نێو پەیامەکانی مەسیحدا باسکراوە، هەر ئەم خۆشحاڵییەش بنەمای دونیا پەرستی و دونیا گەراییی بوو. بەڵام ڕوودانی جەنگ هەموو خەونە جوانەکانی ورد کرد و ئاقڵەکانی ڕۆژئاوای ڕاچڵەکاند.

ئانسکۆمب ڕایگەیاند فەلسەفەی ئەخلاقی مۆدێرن تووشی گومرایی بووە، هەر خودی چەمکە

سەرەکییەکانی وەزیفەی ئەخلاقی، سوود گەرایی، دروستی و نادروستی، بوونەتە مایەی کێشە و پێویستە لە مەیدانی ئەخلاق دوور خرێنەوە. چونکە کێشەی ئێمە مەعریفەی ئەخلاقی نییە، کێشەی ئێمە بریتییە لە نەبوونی بکەری ئەخلاقی، واتە مرۆڤی فەزیلەتمەند و چاکەخوازمان لە دەستداوە.

## بانگەشەی سەرەکیی ئەم نووسینە

لێرەدا پێویستە ئیددیعای سەرەکی ئەم نووسینە بە پوختی پێشکەش بکەم: لەبەرئەوەی روانینی مرۆڤ بە دەرکەوتنی رۆشنگەریی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەخلاقی مرۆڤیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە رووی کردەییشەوە پابەندی ئەخلاقی کەمتر بۆتەوە و ئامادەیی ئەخلاق لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ بە کەمترین ئاست گەیشتووە، ئەمەش ئەو پەیامە دەگەیەنێت لە بری مەعریفەی ئەخلاقی پێویستمان بە پەروەردەکردنی مرۆڤی چاکەکاری چاکەخواز هەیە، کە هەم بکەری ئەخلاقی بێت و هەم لە مەعریفەی ئەخلاقیش بێ خەبەر نەبێت. لەم میانەیەشدا تیۆریاکانی ئەخلاقی پاش رۆشنگەری سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە وەک ئانسکۆم و دەیان فەیلەسوفی دیکە بانگەشەی بۆ دەکەن، پێویستمان بە گەڕانەوە بۆ فەزیلەتگەرایی و گەڕان بە دوای چاکە و خراپەدا هەیە، ئایینیش زۆرترین پەیامی لەم بوارەدا پێیە.

گرنگترین پێش فەرزەکانی مرۆڤی پاش رۆشنگەری

لە سەرەتاوە وتمان پەیوەندی هەیە لە نێوان ڕوانین و پێش فەرزی مرۆڤ بە جۆری رەفتار و رادەی پابەندی بە ئەخلاقەوە، چونکە پێش فەرزەکان جۆری تێگەیشتن و بیرکردنەوەمان دیاری دەکەن، جۆری بیرکردنەوەشمان کاریگەرە لەسەر رەفتار و هەڵسوکەوتەکانمان.

رووداوگەلێک لە بواری زانست و فەلسەفەدا هاتە ئاراوە کە دواجار روانینی مرۆڤیان گۆڕی، ئەو ڕوانینە نوێیانەش بوونە پێش فەرزی تێگەیشتنێکی نوێ لە ئەخلاق. لێرە بەدواوە ئاماژە بە چەند خاڵێکی سەرەکی دەکرێت وەک گرنگترین ئەو پێش فەرزانەی ئاراستەی مرۆڤیان گۆڕی:

یەکەم: هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی فەلەکناسی نوێوە لەسەر دەستی کۆپەرنیکۆس و کپلەر و دواتر گالیلۆ، ئەو بڕوایە کەم کەم دروست بوو کە مرۆڤ ئەو کائینە گرنگەی گەردوون نییە، ئەوەی پێشتر لە فەلسەفەی کۆن و ئایینە تەوحیدییەکاندا وێنا کرابوو، بە تایبەت پاش ئەوەی کۆپەرنیکۆس رایگەیاند زەوی چەقی گەردوون نییە و ئەگەر گەردوون چەقێکی هەبێت ئەوە خۆرە نەک زەوی.

ئەمە سەرەتای بەرپابوونی جەنگی نێوان زانست و کڵێساش بوو، یەکێک لە پەیامەکانی ئەم راگەیاندنەش لێدان بوو لە پێگەی گرنگی مرۆڤ وەک سەرداری جیهان. لە درێژای سەردەمی رۆشنگەرییدا چەند فەیلەسوفێکی وەک هۆبز دەرکەوتن بانگەشەیان بۆ ئەوەکرد مرۆڤ بوونەوەرێکی غەریزە سەنتەرە و ئەوەندەش ئەقڵانی نییە وەک فەلسەفەی کلاسیک وێنای دەکات. بەڵام گورزی پشت شکێن لەم بوارەدا (تشارلز داروین) وەشاندی، ئەو بە توێژینەوەکانی لەسەر گیانلەبەران و شێوازەکانی ژیانیان، تیۆریای پەرەسەندنی پێشکەشکرد، لە چەندین شوێندا ئەوە رەت دەکاتەوە هەندێک لە زیندەوەرەکان بە تایبەت دروست بووبن و لە دەرەوەی رێسای پەرەسەندن و هەڵبژاردنی سروشتی بن، پوختەی مەبەستەکە ئەوەیە مرۆڤ هیچ پێگەیەکی باڵا یان پیرۆزی نییە و نەک جێنشینی خودا نییە، بەڵکو لە هەندێ رووەوە ئاژەڵەکان لەو باشترن.

وەرچەرخانەکە لێرەدایە، ئەگەر مرۆڤ بەهایەکی تایبەتی نییە و هەمان یاساکانی سروشت بەسەریدا زاڵە وەک سەرجەم گیانلەبەرانی دیکە، کەواتە بۆ دەبێ ژیانی مرۆڤ بەهای زیاتر لە زیندەوەرەکانی تر؟ یان لە بنەرەتدا بڵێی بەهایەک هەبێت؟ مرۆڤێک بەم چاویلکەوە تەماشای مرۆڤ و ژیان بکات کەی دەتوانێت بە دوای چاکە و خراپە و فەزیلەتەکانەوە بێت؟ ئەوەی بۆ مرۆڤێکی لەمجۆرە بە پلەی یەکەم لە ئارادایە، هەوڵدانە بۆ مانەوە و ملدانە بە یاسای ململانێ لە پێناو مانەوەی خۆیدا.

دووەم: لە ڕووی فەلسەفییەوە ئەوەی پێی دەوترێ ئەقڵانییەت و هەقیقەت، کەوتە بەرلێدانی گەورە، فرۆید

> **پێویستمان بە گەڕانەوە بۆ فەزیلەتگەرایی و گەڕان بە دوای چاکە و خراپەدا هەیە، ئایینیش زۆرترین پەیامی لەم بوارەدا پێیە.**

رایگەیاند ئەقڵانیەت ئەگەر هەبێت، دەبێ لە خود ئاگایی دا رووبدات، بەڵام ئێمە بۆمان دەرکەوتووە کە لە سەدا هەشتای پرۆسە زیهنییەکان و بڕیارەکانی مرۆڤ لە ناخود ئاگای مرۆڤدا روودەدات! واتە لە نێو چەند دەرکێک بۆ شتێک یان لە نێو هەڵبژاردنی چەند بژاردەیەکدا، بەوردی نازانرێ چی روودەدات کاتێ یەکێک لە بژاردەکان دیاریدەکرێت لە لایەن زەینەوە، چونکە زۆربەی پرۆسەکە لە ناخودئاگادا روودەدات، ئیتر ئەقڵانیەت و حەقیقەت بەو جۆرەش نیە کە باسی لێوە دەکرێ!

لەو سەرو بەندەدا مارکس رای وابوو هەقیقەت تەنها لە نێو سیاقە جیاوازەکاندا پێناسە دەکرێت، هەقیقەت لای چینە باڵاکان شتێکە و لای چینە نزمەکان شتێکی تر، ئەوەی لای پیاوێکی ئایینی هەقیقەتە لای کەسێکی تر وانیە، کەواتە هەقیقەت لە نێو چینەکاندا دیاریدەکرێ.

دواجار نیچە هەقیقەتی رەتکردەوە و وتی هەقیقەتێک لە ئارادا نییە، ئەوەی هەیە ویستی دەسەڵات و هێزە نەک هەقیقەت، لێرەشەوە هەقیقەتەکان خزمەتکاری خواستەکانی ئێمەن لە پێناو هێز و دەسەڵات و بەرژەوەندیدا، مردنی خوداش رەمزی مردنی هەقیقەتە لای نیچە.

سێیەم: لە سیاقێکی فەرهەنگی وەهادا ئەخلاق لە لایەکەوە رەهەندی قوڵی رۆحی و ویژدانی لە دەست دەدات، لە لایەکی دیکەشەوە بناغەی ئەقڵانی و فەلسەفییەکەی ورد دەبێت، هەر بۆیە دوو ڕەوتی سەرەکی بۆ تەفسیری ئەخلاق دەکەوتن:

یەکێکیان تەفسیری (ئەخلاق) ی بە شێوازی خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگە و مرۆڤەکانی تردا لێکدایەوە، بەو مانایەی مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەوانی تردا بژی و لەبەرئەوەی خۆی توانای دابینکردنی پێداویستیەکانی نییە و هەروەها ئەوەندەش هێزی نییە تا ئەوانی تر بۆ خۆی بەکار بهێنێت، جۆرە پەیمانێک لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا دەبەستێت تا بتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدات. بەم پێیەش ئەخلاق لەم نێوەندەدا نە بنەمای ویژدانی هەیە و نە بەهرەمەندە لە هەقیقەتی باڵا.

دووەمیان: ئەخلاق بریتییە لە شوێنکەوتنی هەست و حەزەکانی خود، بە بێ حسابکردن بۆ کەسانی تر، بەمجۆرەش ئەخلاق پەیوەندی بە کەسانی ترەوە نییە و زۆر تر لە خودرەزامەندی و حەزەکانی خود دا کورت دەبێتەوە.

ئەم هەلو مەرجە فیکرییە بوو جەنگە جیهانییەکانی بەرهەم هێنا و ئەو فەزایەی دروستکردکە بە زبر و بێ سۆز و هێزسەنتەر وەسف دەکرێت، لێرەوەیە نیچەش وتی: ئەخلاق بنەمایەکی نییە و چیرۆکی لاوازەکانە تا دڵی خۆیانی پێ بدەنەوە.

پوختەی قسە ئەوەیە کاتێ مرۆڤ دونیابینی دەگۆڕێت و هەقیقەت لە دەست دەدات، لە خودناسی و مرۆڤناسیدا ئەگاتە ئەو خاڵەی مرۆڤ خاوەنی هیچ کەرامەتێکی تایبەت نییە، لە نێو بونەوەرکاندا هیچ کارە نییە، ئەو شتەی پێی دەوترێت بەهای (مرۆڤایەتی: Hiumanity) دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، ئەمە بێجگە لەوەی دونیا لە چاوی ئەوەدادەبێتە تاریکستان و هیچ پەنجەرەیەک بەرووی روناکی و دونیایەکی تردا نییە، ئەمە ئەو لەحزەیە کە دەبێتە کەسێکی سەرگەردان لە رووی ئەخلاقییەوە و مانایەک بۆ چاکەخوازی و تایبەتمەندی مرۆڤبوون نامێنێتەوە.

# بەها قورئانییەکان و جێکەوتە جیهانییەکانی





نووسینی: د. مستەفا جابر عەلوانی
وەرگێڕانی: خاڵ
پسپۆڕ لەزانستە سیاسییەکان
کولێژی یاساو زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی ئەنبار، کولێژی یاساو زانستە سیاسییەکان.

جیهان لەئەمڕۆدا بەدەست چەندین کێشەوە گیرۆدەیە، لەهەمووکات زیاتر پێویستی بەکاراکردنی بەها مرۆییە گشتییەکان هەیە، کەرێزو شکۆ و پێگەو پێویستی و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ لەدونیاو قیامەتدا دەپارێزێت، ئاکارو هەڵسوکەوتی بەجۆرێک رێکدەخات کە لەگەردووندا سەردار بێت نەک لەسەریدا.

ئوممەتی ئیسلامیش لەئێستادا -وەک ئەوەی دەیانەوێت بۆی- ئوممەتی خاوەن پەیام نەماوە، کەبوونی هەبێت لەگۆڕەپانی زانست و جیهانی پڕ داهێنانی ژیاری ئەم سەردەمەدا، تا ئەویش بەشدار بێت لەبونیاتنانەوەی پەیوەندییە پڕ سۆزەکانیدا بەخەڵکییەوەو کاراکردنی هاریکاری و دەستبەربۆیەکگرتن بە پێشکەشکردنی رێگای دەربازبوون لەو کێشانەی کەهەڕەشەیە بۆ سەری، تا لەرێی ئاشنایەتی بەرنامەی بەهاکان و شارەزایەتییەوە لەحاڵی خەڵک و ئەزموونەکانیان ئاریشەکانی تێبپەڕێنێت، بەڵام ئێستا حاڵی ئوممەت خۆی بووەتە کێشە، نەک ببێتە چارەسەر، تۆمەتبارە بەخراپە، نەک چاکەخواز، ئەمەش لەئەنجامی دوورکەوتنەوەیەتی لەمەنهەجی سەقامگیریی و عیزەت و چاکەکانی.

بەها لەبنەڕەتدا دەربڕینێکی قورئانیی ڕەسەنە، ڕەگوڕیشەی لەزمانی عەرەبیدا هەیە، گوتاری قورئانیی ڕەهەندە چەمکییەکانی و وتاو مانا زۆرەکانی لەخۆ گرتووە.

بەها «القيمة» لەقورئاندا بەچەندین دەربڕین هاتووە، هەموویان واتای بەهاو مانا جیاوازەکانی لەخۆ دەگرن، هەر لەقورئانیشەوە توانای ڕێککردن و ئاراستەکردن و کارایەتی ژیاریی خۆی و چاککردنەوەی ئەوەی مرۆییە وەرگرتووە، بەجۆرێک بەها بووەتە یەکێک لەپێویستییەکانی بونیاتنانی کۆمەڵگاکان و مانەوەیان و کاریگەری هەیە لەسەر چارەنووسی لەقیامەتدا بەجێکەوتەکانی: هۆشداریدان و ڕێنمایکاریەکانیان.

کەواتە بەها چەمکێکی ڕەسەنی قورئانییە، ڕەگ و ڕیشەی بۆ وەحی دەگەڕێتەوە، سەرەتاکەی بەدابەزینی وشەکانی تەوبە بۆ ئادەم بووە، بنچینە تەواوەکانی لەگوتاری قورئانیدا چەسپاوە، لەبەر ئەوە قسەکردن سەبارەت بەبەهاوە تەواو نابێت ئەگەر پەیوەست نەکرێت بەقورئانەوە: **(إِنَّ هَٰذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا) (الإسراء:٩).**

لەڕەهەندە وەصفی و حەرەکییەکانی بەها ئەوەیە: بەها لەخۆیدا سەقامگیرە، پەسەندکار (مرجحة)ە لەنێوان کاروبارەکاندا، توانای چاکسازی هەیە. واتاو پێویستبوون و چارەنووسی ڕوونە، سەرچاوەکەی حەقی ڕەهایە کەئەویش خوای گەورەیە، کەهەر ئەو ڕەواو نارەوای دیاریکردووە، لەواتاکانی: چەسپاوی لەمەنهەجدا، تەواوکاری بەبێ کەم وکورتی، هەروەها بەوتای دادپەروەری و چاودێری و پەروەردە و گەشەپێدان و تەزکییەو گەلێ شتی دیکە دێت. بەها شت لەشوێنی گونجاوی خۆیدا دادەنێت.

ڕشتەبەندی بەها قورئانییەکان چەندین ئاستیان هەیەو هەریەکەشیان: مەقاصیدو تایبەتمەندی و جێکەوتەو بواری تایبەت بەخۆیان هەیە.

ڕشتەبەندی تایبەت بەپەیوەندییە مرۆییەکان ڕوانگەکانی و مەقاصیدەکانی لەسەر بنچینەی جیهانی دادەمەزرێنێت کەهەموو ئادەمیزاد دەگرێتەوە، لەیەکێتی خێزان و یەکێتیماڵیان و یەکێتی چارەنووسیان، ڕێسای گشتی بونیات دەنێت و سنووری گشتی بۆ پەیوەندییە مرۆییەکان و بابەتەکانی دیاری دەکات. دیاریکردنی ڕووکارەکانی نموونەیەک کە گوتاری قورئانی دروستی بکات تا ببێتە ڕوانگەیەکی تایبەت بەپەیوەندییە مرۆییەکان لەهەموو ئاست و بوارەکاندا، لەگەڵیدا دەتوانرێت ئەو کێشانە دیاری بکرێت کەلەپێشترە قسەیان

لەسەر بکرێت، نەک ئەوانەی جیهان بەخۆیانەوە بینیووەو بەخۆیانەوە دەبینێت، ئەوەش حەقیقەتی قورئان و پێگەو توانای دەردەخات لەوەسفی ئەو چارەسەرانەی –سەرچاوەکەیان لەسەرەوەیە– بۆ کێشەکانی جیهان، چونکە خوای گەورە لەپێش دروستبوونی جیهانەوە ئاگادارە بەچارەنووسی، هەر ئەویش توانای دیاریکردنی ئەوەی هەیە کەچارەسەری دەکات: ((ألا يعلم من خلق وهو اللطيف الخبير))( الملك:١٤).

گرنگی و بایەخی بەها لەو ناوەرۆکەیەوە دەردەکەوێت کەهاتووەتە خوارەوە، چونکە پاش هاتنە خوارەی ئادەم وژنەکەی چەندین بنچینە بۆ مافەکانی مرۆڤ –لەچوارچێوەی تاقیکردنەوەو مەبەست «/بەدیهێنانی سەقامگیری خەڵک»– بڕیاری لەسەر دراو بەڕشتەبەندی بەهاکان ناسێنرا. لێرەدا پێناسەی چەمکی بەها ئاسان دەبێت، بەسەرنجدان لەمەبەستی خوای گەورە لە«بنچینەی مافەکانی هاتنەخوارەوە« بۆ بەدیهێنانی کارەکانی مرۆڤ لە: نیشتەجێبوون (مستقر)، کات بەسەربردن (متاع)، ڕینوێنی (الهدى)(٢).

ڕشتەبەندی بەها هەمەکییەکان (القيم الكلية): بریتییە لەتۆڕی ئەو بنچینانەی کەمافەکانی مرۆڤی نەخشاندووە و پەیوەندداره بەتاقیکردنەوەی لەو شوێنەی دابەزێنراون بۆی، ڕێککاری ڕەفتارەکانی مرۆڤە، دەیکاتە دەستکەوتێکی ژیاریی ڕێک، مرۆڤ بەرەو ڕەزامەندی خوای گەورەو سەقامگیربوون (٣) لەبەهەشتەکەیدا بەرز دەکاتەوە.

## دەروازەی یەکەم: جێنشینێتی ڕێکخەری بەها جیهانییە هەمەکییەکانە(٤):

دکتۆر تەها جابر عەلوان سێگۆشەی بەهاکانی بەگەڕانەوە بۆ خیتابی قورئان بەمجۆرە داناوە: یەکخواناسیی (التوحيد)، تەزکییە، ئاوەدانکاریی (العمران)(٥)، تا ببێتە هۆکاری ڕێکوپێکی کردەوەکانی مرۆڤ بەگوێرەی دەقی قورئان و بەلەبەرچاوگرتنی مەقاصیدە هەمەکییە پەیوەنددارەکان بەنیشتەجێبوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، بەوەش بەرهەمی خوی دەدات لە: ڕووی یەکخواناسیی و تەزکییەو ئاوەدانکارییەوە.

یەکخوانسیی پەیوەستە بەپەرستش تەنها بۆ خودای تاقانە، جگە لەئەو هیچ پەرستراوێک نییە، تەوحیدیش پێودانگی خۆی هەیەو ناکرێت لێیان لابدرێت، لەوانە: پێویستە یەکخواناسیی ئیمان بێت لەدڵەوە، کردەوەکانی مرۆڤ ڕەنگدەرەوەیان بێت. بەویست بێت نەک بەزۆرەملێ، وادەخوازێت گونجان بکرێت لەنێوان: بەهای یەکخواناسیی کەمافی خوای گەورەیە، لەگەڵ بەهای سەرپشکبوون لەهەڵبژاردندا کەمافی خەڵکە، بەڵام لەچوارچێوەی تاقیکردنەوەو بەرپرسیارێتیدا.

ڕشتەبەندی بەهاکان پەیوەندییە مرۆییەکان لەچوارچێوەی بەرپرسیارێتی مرۆڤ لەسەر ڕەفتارەکانی و پاشان لێپرسینەوە لەسەریان ڕێکدەخات، بەوپێیەی لێپێچینەوەی لەسەر هەیە و سزا دەیگرێتەوە، وەک لەم فەرمایشتەی خوای گەورەدا هاتووە: ((**ثُمَّ جَعَلْنَاكُمْ خَلَائِفَ فِي الْأَرْضِ مِنْ بَعْدِهِمْ لِنَنْظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ**)) (يونس:١٤).

بەمشێوەیە لەبەردەم وەسفی ڕشتەبەندی بەهاکاندا دەبین کەپەیوەنددارە بەپەیوەندییە مرۆییەکانەوە، مرۆڤ چۆن بنچینەو ڕوانگەو مەقاصیدەکانی لەسەر بناغەی جیهانیبوون دادەمەزرێنێت، کە تێکڕای خەڵک لەچوارچێوەی: یەکەی خێزان، یەکەی ماڵ، یەکبوونی چارەنووس بگرێتەوەو ڕشتەبەندی بناغەیەکی هەمووەکی و سنوورێکی گشتی بۆ پەیوەندییە مرۆییەکان دابمەزرێنێت، ئەو ڕووکارە نیشان بدات کە خیتابی قورئان بونیاتی دەنێت لەسەر بنچینەی تێڕوانینی شارستانی و حەقیقەتە گەردوونییەکانی: خودا، مرۆڤ، گەردوون، گرنگە ڕێکخەری بەهاکان دیاری

> قورئانی پیرۆز-بەوپێەی مەنهەجی ڕێنماییە-کاریگەری سەرەکی هەیە لەڕێکخستنی کۆمەڵگاو ڕێککردنی پەیوەندییەکانی بەبەهاکانییەوە.

بکرێت، کەپەیوەندداره بەپەیوەندییە مرۆییەکانەوە، تا ببێتە بوارێک –بۆ لەدایکبوونی بەهاکان– کەخۆی لەجێنشینێتی لەسەر زەویدا دەبینێتەوە(٦).

**باسی یەکەم: دابەزین بواری دیاریکردنی بەهاکانی جێنشینێتی (الهبوط مجال تحديد قيم الخلافة):**

پاش دابەزینی ئادەم و حەوا بۆ سەر زەوی یەکەمین گۆڕانکاری ئەوەبوو خیتابی خوای گەورە لەبری ڕووی لەدووان (مثنى) بێت بوو بەکۆ (جمع):

– گوتاری دووانەیی ڕووی لەئادەم و حەوا بوو لەبەهەشتدا: ((وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ))( البقرة:٣٥).

– گوتاری کۆ لەپاش خواردنی دارەکەوە لەبەهەشتدا دروستبوو، بوویە هۆی دابەزاندنیشیان بۆ سەر زەوی، ئەمەش ئاستێکی نویی بۆ پەیوەندییە مرۆییەکان دروست کرد بەگوێرەی بڵاوبوونەوە لەچوارچێوەی جێنشینێتیدا: ((وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَىٰ حِينٍ))( البقرة: ٣٦)، یان لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت: ((قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًا فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ))(البقرة:٣٨).لێرەدا مرۆڤ بەدەربڕینی کۆ دەدوێندرێت و فەرمانی دابەزینی پێدەکرێت، ئاماژەی کۆش بەکارهاتووە بەوەی هوداو ڕێنوێنیان بۆ دێت، هەموو ئەمانە گرنگی دروستبوونی پەیوەندییەکان لەپێناوی بەدیهاتنی ئیستیقامە و لەئەنجامی ئەوەشەوە ئاسایش و هێمنایەتی و دڵئارامی و شادی دێتە ئارا وەک ئەوەی کۆمەڵە مەرجێک بن بۆ ئیستیقامەت.

لێرەدا پرسیار سەبارەت بەئەو بوارانەی دیمەنی دابەزین وەک دەروازەیەک بۆ جێنشینێتی لەسەر زەویدا هێنایە ئارا دروست دەبێت.

یەکەم: بواری «کۆی مرۆیی–الجمع الانسانی» کەمەبەستی دابەزینەکە بووە: لەم فەرمایشتەدا: ((قلنا اهبطوا منها جميعاً))، هەموو خەڵکی لێرەدا هەمووان دەگرێتەوە کە بۆسەر زەوی دابەزن، لەکاتێکدا ڕووی گوتارە ڕاستەوخۆ لەئادەم و حەوایە(٧).

**دووەم: «بواری زەوی» شوێنی دابەزینی مرۆڤ:**

لەم فەرمایشتەدا: ((...ولكم في لأرض مستقرٌ ومتاع إلى حين))(البقرة:٣٨) جەخت دەکاتەوەکە زەوی بۆ مرۆڤەکان بەسە، تا تێیدا نیشتەجێ ببن و شوێنی بەدەستهێنانی پێویستییەکانییەتی بەو مەرجەی بەهاکان کارا بکەن لە: پەیوەندییە مرۆییەکان و پەیوەندییان بەزەوییەوەو بەرانبەر ئەوانەی دەبنە جێنشینیان.

سێیەم: بواری تاقیکردنەوە، مەبەستی دابەزین و پاساوەکەی (مجال الابتلاء، مقصد الهبوط ومبرره):

خوای گەورە دەفەرموێت: **(فإمّا يأتينّكم منّي هدى فمن تبع هدايَ...))** ئەمەش بەپەنهانی ئاماژەیە بۆ تاقیکردنەوە، بەگەیشتنی هیدایەت و بەرنامەکەی، ئەوە بۆ هەموو خەڵکی دەستەبەرکارە، ئەگەر بەهاکان لەپەیوەندییە مرۆییەکان و دروستکردنیاندا کارا کران.

## باسی دووەم: ڕشتەبەندی بەهاکانی جێنشینایەتی لەسەر زەویدا (٨):

بەپێی ئەو سێ بوارەی پێشوو دەکرێت ڕشتەبەندی بەها هەمووەکیەکان دیاری بکەین.

**جێمەبەستی یەکەم: کۆمەڵبوون و ڕەچاوکردنی جیاوازی (الجماعية ورعاية الاختلاف):**

خوای گەورە جەخت لە«کۆمەڵبوون»و لەبەرچاوگرتنی «جیاوازی» دەکات: ((قلنا اهبطوا منها جميعا فإما يأتينكم مني هدى))، بەمجۆرە:

خوای گەورە ڕووی لەهەموو خەڵکییە دابەزن بۆ سەر زەوی و ببنە جینشین و بەرپرسیارێتیان لەسەرە لەسەر زەوی. ئەم گوتارە دەستەجەمعییە بەرپرسیارێتی تاکی وەلا نەناوە لەشوێنکەوتنی هیدایەتدا، بەجۆرێک ئازادی تاک لەشوێنکەوتنیدا پارێزراوە بەببێ ئەوەی کار بکاتە سەر مافی کۆمەڵەکە ((فمن تبع هداي)) جەختکردنەوەیە لەشوێنکەوتنی هیدایەت و سەرپشکبوون لەهەڵبژاردنیدا بەلەبەرچاوگرتنی: مافی تاک و عەقڵ.

بۆ پاراستنی بەکۆمەڵبوون و تاکیش لەبەرچاوگرتنی جیاوازی هاتووە. تا ئەو بنەڕەتەی خوای گەورە مرۆڤی لەسەر دروست کردووە بپارێزێت، خەڵکی هەمەجۆرە، لەگەڵ چەسپاندنی ئەوەی لەبازنەی تاقیکردنەوە ناخۆشدا بن، لەگەڵ جیاوازبوونیاندا ئارەزوومەندی بۆ تەواومەندی و دەستبار بۆیەکگرتن دێتەدی، بەمەش سەقامگیری دەستەبەر دەبێت، لەبەر ئەمەشە گوتاری قورئان جیاوازی (اختلاف)ی گرێداوە بە بەماقاصیدەکانی دروستبوونی مرۆڤەوەو دەفەرمووێت: ((**وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ*إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ**))(هود:١١٨-١١٩)، وەک پاساو بۆ دروستبوونی مرۆڤ و جێنشینبوونی.

گرنگی بەکۆمەڵبوونیش لەلەبەرچاوگرتنی پەیوەندییەکانی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت لەجێنشینێتیدا، وەک ئەوەی بەکۆمەڵبوون و بونیاتنانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی مەرجی هاتنی هیدایەت و ڕێنوێنی بێت تا ژیانیان ڕێکبخات، ئەویش بەکاراکردنی ئەوبەهایانەی بەکۆمەڵژیانی مرۆڤەکان و پەیوەندییەکانیان ڕێکدەخات و سوننەتی هاتنی پێغەمبەران و نێردراونیش بۆ هۆزو گەلەکانیان جەخت لەمە دەکاتەوە.

کەواتە کۆمەڵ لەچوارچێوەی جیهانیەتدا لە گوتاری قورئانییدا لەبەرچاوگیراوەو لەخۆی گرتووە، بەهۆی لەبەرچاوگرتنی: بەکۆمەڵبوونی مرۆڤایەتی و مرۆڤی تاک، ئەوانە کەسەکانی نێو پەیوەندییەکانن و گوتارهی قورئان ڕوو لەوانە، بەکۆمەڵبوون بەهایەکی هەمووەکییە بەهاخەرەوەیە لەچوارچێوەی پەیوەندییەکاندا.

**جێمەبەستی دووەم: سەقامگیربوون (الاستقرار):**

باسی سەقامگیربوون لەگەڵ باسی ناردنە خوارەوەدا هاتووە، وەک گوزارشت لەپێویستییەکانی ژیانی نوێ لەسەر زەوی، تا وەرگرتنی مەنهەجی هیدایەت و شوێنکەوتنی ئاسان بێت، دەکرێت تێبینی ئەمانە بکەین:

١- سەقامگیربوون بەهایە، هەمووەکییە، تایبەتە بەکۆمەڵی مرۆڤ هەموویەوە: ((**ولكم في الأرض مستقرٌّ**)) تایبەتە بەو کۆمەڵەی کە گوتارەکە ڕووی لەوانە، ئەوانەی بۆ سەر زەوی دابەزێنراون.

٢- سەقامگیربوونی تەواو لەسەر زەویدا، تا دڵنیایی لەرەوشی هاتنە خوارەوەدا دروست ببێت بۆیان.

٣- سەقامگیربوون مافێکەو لەلایەن خوای گەورەوە دابینکراوە بۆ هەموو ئەوانەی لەسەر زەویدان. بەر لەباسکردنی تەکلیف و تاقیکردنەوە ناوی هاتووە، پەیوەندی نییە بەهەڵوێستی مرۆڤەوە بەرانبەر هیدایەت، شوێنی بکەوێت یان پێچەوانەی بێت، سەقامگیربوون پێش ئەوانەیەو پەیوەستە بەمرۆڤەوە بەچاوپۆشی لەوەی چ بیروباوەڕێکی هەیە، چ کارێکی هەیە، بەڵام بەو مەرجەی ئازادی تاک سنووری ئازادی کۆمەڵ تێنەپەڕێنێت.

٤- سەقامگیربوون -کەبەهایەکی شوێنی و زەرفییە- پەیوەندییەکی بەتینی بەکۆمەڵی مرۆڤەوە هەیە، چونکە سەقامگیربوون بەهۆی رێکبوونی سەرزەوییەوە دێتە ئارا، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی: بەهاکانی گوتاری قورئان، لەخۆیدا سەقامگیربوونیش بەهایەکی جیهانییە، بەهایەکی هەمووەکییە کەئەو بەهایانەی دیکەی لێ دەبێتەوە کەپەیوەندییەکان رێکدەخەن.

٥- لەگەڵ سەقامگیربوو (الاستقرار) باسی چێژبینین (الاستمتاع) کراوە، ئەمەش گوزارشتە لەحاڵی خەڵک، لەچوارچێوەی پێویستییەکانیان لەپێداویستی زەوی، کەبەشی هەموویان دەکات.

**جێمەبەستی سێیەم: راستبوون (الاستقامة):**

ئیستیقامە لەپاش ئەو ئایەتە باسکراوە کەفەرمان دەکات بەدابەزین لەبەهەشتەوە بۆ سەر زەوی: ((قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًا فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ))(البقرة:٣٨)، ئیستیقامە بابەتێکە خوای گەورە ویستوویەتی لەژیانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا لەبەرچاو بگیرێت.

## دەروازەی دووەم: رێنمایی (الهدى) رێکخەری بەهای پەیوەندییە مرۆییەکان:

قورئانی پیرۆز-بەوپێەی مەنهەجی رێنماییە- کاریگەری سەرەکی هەیە لەرێکخستنی کۆمەڵگاو رێککردنی پەیوەندییەکانی بەبەهاکانییەوە، بەجۆرێک مەبەستەکانی ئەو گوتارە هەمووەکییە بهێنێتە دی کەهەیەتی: بەیەکخوانسیی و تەزکییە و ئاوەدانکارییەوە، کەرەستەکانی هێنانەدی بریتییە لە: سەقامگیریی و چێژلێبینین و رێنمایی، ئەمانە ماف بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکەن، کەگوتارەکە وای دارشتووە لەچوارچێوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا.

باسی یەکەم: حەقیقەتەکانی رشتەبەندی بەهاکانی رێنمایی (الهدى) وفەرزیاتەکانی:

ئەمەش ئەو حەقیقەتانەیە کە گوتاری قورئان جەختی لەسەریان کردووەتەوە تا ببێتە تاکە سەرچاوەی رێنمایی و رێکخەری کۆمەڵی مرۆیی لەرێنوێنی بەهاکان و بەهرەمەندبوون لەوانەی رێکی خستووە.

**جێمەبەستی یەکەم: قورئانی پیرۆز بەتەنها مەنهەجی رێنمایی و بەهاکانیەتی:**

ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ((فَلا تَضْرِبُوا لِلَّهِ الْأَمْثَالَ إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ))(النحل: ٧٤) جەخت دەکاتەوە لەسەر:

١. خوای گەورە رشتەبەندی بەهاکای دیاری کردووە چونکە ئەو زاناو ئاگادارە لەخەڵک: رەفتارەکانیان، پەیوەندییەکانیان، هەموو ئەوەی گونجاوە بۆیان، هەر زاتی ئەو زانایە پێیان، نموونەشی هێناوەتەوە تا خەڵکی پەیرەوی لێ بکەن و بەگوێرەی بچن بەرێوە، چونکە خەڵک لەوە بەئاگانین و نازانن چی لەبەرژەوەندییاندایە و چ پەیوەندییەک گونجاوە بۆیان.

٢. نەهیکردن لەوەی مرۆڤ خۆیان نموونە بۆخۆیان دابتاشن، چونکە زانا نین بەبەرژەوەندییەکانی خۆیان وەک ئەوەی خوای گەورە زاناو ئاگادارە پێیان: ((فلا تضربوا لله الأمثال))، سەقامگیربوون تەنها بەمەنهەجی رێنمایی پەروەردگار دێتەدی و جگە لەئەو بەهیچ مەنهەجووکی تر نایەتەدی.

**جێمەبەستی دووەم: سەقامگیریتی شوێنکەوتنی مەنهەجی رێنمایی پەروەردگارو بەلارێداچوونی شوێنکەوتنی جگە لەئەو:**

ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ((ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلا عَبْدًا مَمْلُوكًا لا يَقْدِرُ عَلَى شَيْءٍ وَمَنْ رَزَقْنَاهُ مِنَّا رِزْقًا حَسَنًا فَهُوَ يُنْفِقُ مِنْهُ سِرًّا وَجَهْرًا هَلْ يَسْتَوُونَ الحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمُونَ*وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلا رَجُلَيْنِ أَحَدُهُمَا أَبْكَمُ لا يَقْدِرُ عَلَى شَيْءٍ وَهُوَ كَلٌّ عَلَى مَوْلاهُ أَيْنَمَا يُوَجِّههُ لا يَأْتِ بِخَيرٍ هَلْ يَسْتَوِي هُوَ وَمَنْ يَأْمُرُ بِالعَدْلِ وَهُوَ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ)) (النحل:٧٥-٧٦) دوو شتی لێ وەردەگیرێت:

١- دوو نموونەی کارکردن لەنێوان: شوێنکەوتنی مەنهەجی ڕێنمایی پەروەردگار و ئەوەی شوێنی ناکەوێت، ئەوکەسەی شوێنی کەوتە عیلم بەدەست دەهێنێت، بەجێبەجێکردنی ئەوەی لێی فێربووە.

٢- دوو نموونەی تێدایە بۆ ئەو کەسەی گوێ بۆ گوتاری خوای گەورە ڕادەگرێت و لەسەری سەقامگیر دەبێت، لەگەڵ ئەوکەسەی سوودمەند نابێت لەبیستن و عەقڵ، هەرکەس مافی خۆیان بداتێ ئەوا سەقامگیر دەبێت، هەرکەسیش سەقامگیری نەهێنایەدی ئەوا بەلاڕێدا چووە و نەخۆی سوودی لێ بینیووەو نەکەسی تر، ئەوکەسەی سەقامگیر بووە لەسەری دادپەروەری لەگەڵ خۆی و کەسانی تریش بەدەستهێناوە.

**جێمەبەستی سێیەم: توانای مرۆڤ بۆ هیدایەت وەرگرتن، نەک هیدایەتدان:**

ئەم ئایەتە: ((**وَاللَّهُ أَخْرَجَكُمْ مِنْ بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لا تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ**)) جەخت لەدوو شت دەکاتەوە:

١- مرۆڤ بەفیترەت و دروستبوونی خۆی نازانێت لەژیانییدا سەقامگیر ببێت، ئەمەش بەڕوونی لەو ئایەتەدا دیارە کە ئادەم وشەکانی تەوبەکردنی وەردەگرێت: ((**فَتَلَقَّى آدَمُ مِن رَّبِهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ**))( البقرة:٣٧)

٢- خوای گەورە ویستی وایە مرۆڤ وەربگرێت و مەنهەجی سەقامگیربوون فێر ببێت. ئەم وەرگرتنەش لەزاناتریش زانایان بەحاڵی مرۆڤەوە دەبێت کەخوای گەورەیە.

باسی دووەم: ڕشتەبەندی بەهاکانی ڕێنمایی (منظومة قيم الهدى)

لەبەر ڕۆشنایی ئەو حەقیقەتانەی قورئانی پیرۆز جەختی لەسەر کردووەتەوە، سێ ئاستی بەهاکان دێتە ئارا کەسەقامگیرێتی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەدی دێنێت.

یەکەم: بەهاکانی زمانپاراوی (قيم البيان)

لەم فەرمایشتەی خوای گەورەوە: ((**فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْكَ البَلاغُ المُبِيْنُ**))( النحل: ٨٢) ئەوە وەردەگیرێت کە مەنهەجی هیدایەتدرانی خوای گەورە پێغەمبەرانی دەیگەیەنن، پێڕاگەیاندنی گەیشتن و ڕوون، گەیشتنی مەنهەجی خوای گەورەیە: مەقاصید و حەقیقەتەکان و هەنگاوەکانی ڕێنیشاندانە.

بەهایەکی هەمووەکی لەگوتارێکی زمانپاراودا هەیە کەپەیوەندییەکان دروست دەکات و بەهای لاوەکی لێدەبێتەوە، وادەکات کارابوونی مرۆیی سەقامگیر ببێت و بەکاربردنی بەردەوام بێت تا ئەوکاتەی بۆی دیاری کراوە.

دووەم: بەهاکانی فەرمان (قيم أمر):

لەم فەرمایشتەی خوای گەورەدا: ((**إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي القُرْبَى...**))(النحل: ٩٠)، ناوەرۆکی مەنهەجی ڕێنمایی ڕوونکراوەتەوەو بەهای فەرمانکردنیشی لەخۆ گرتووە لەگوتاری ڕەوانبێژی ڕووندا، زانستیش دوو ئاراستەی هەیە: لەگەڵ خود بەفێربوون، لەگەڵ کەسانی دیکەش بەفێرکردن، گرنگترین بەهاکانیش:

١- دادپەروەری: ئەمیش لەبەهاکانی پەیوەندییەکانە و پارێزەری مافەکان و گرەنتیکاری جێبەجێکرانیەتی، یەکسانی کارا دەکات و کەرەستەیەکی پاراستنی مافەکانە، وەک دادپەروەری لەنێوان ئافرەتاندا، دادپەروەری لەنێوان دوولایەنی ناکۆکدا، دادپەروەری لەداوەریکردندا، کەئەمەیان گشتگیرترەو ململانێکان یەکلا دەکاتەوە و تایبەت بەحاکم و فەرمانڕەواکان، هەروەها دادپەروەری لەشایەتیدان و قسەکردندا.

کەواتە دادپەروەری بوارەکانی پەیوەندییە مرۆییەکان دەگرێتەوە، دەبێتە هۆی سەقامگیربوون بەپێی فەرمانی خوای گەورە.

٢- چاکەکردن (الاحسان): ئەمە زیادەیە بۆ تەواوکردن، لەسەرووی دادپەروەرییەوەیە،

دادپەروەریی بەویژدانییە، بەڵام ئیحسان زیادەی چاکەو باشەیە، وەک بەدەمەوە چوونی قسەو کردار بەشێوەی باشتر، لەتۆڵەکردنەوەدا ئیحسان لەدادپەروەری باڵاترە.

ئیحسانیش بەهایەکی دیکەیە لەڕشتەبەندی پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکاندا، خوای گەورە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەبەشێک لەوەی بەڕێنمایی فەرمانی پێدەکات ئیحسانە، هەر ئەویش ڕێکخەری کردەوەیی مرۆڤە بەشێوەیەکی باش.

ئیحسان لەپێناوی خودا بواری پەیوەندییەکان بونیات دەنێت و بانگەواز کاراتر دەکات و بوونی موسڵمانان لەمەترسی دەرەکی دەپارێزێت.

هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکیش باشتر دەەکات، خۆشەویستی نێوانیان زیاتر دەکات، وادەکات باوەڕدار وەڵامی کارو قسەی خراپ بەقسەی چاک و کردەی باش بداتەوە، ئەمە وێڕای کاریگەری ئیحسان لەکاتی بانگکردنی خەڵکانی دیکەدا.

٣- دەستبارگرتن (التکافل): بەبەدەمەوەچوونی خزمانی نزیک دادەمەزرێت، گرنگیدانە بەسیلەی ڕەحم و کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، تا دەگاتە ئەوەی ببێتە نموونەی برایەتی مرۆیی لەچوارچێوەی دەستبار بۆیەکگرتندا.

دەستباربۆیەکگرتن: هەوڵدانە بۆ هاریکاری و پڕکردنەوەی پێویستییەکان، بارگرانی کەسانی تر دەگرێتە ئەستۆ، وەک کەفالەتکردنی هەتیو، بەوەی قەرەبووی نەمانی بەخێوکارەکەی بۆ بکاتەوەو پێویستییەکانی بۆ دابین بکات.

سێیەم: بەهاکانی نەهیکردن (قیم نهي): لەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ((**وَيَنْهَى عَنِ الفَحْشَاءِ وَالمُنْكَرِ وَالبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ**))( النحل:٩٠) ئەوە وەردەگیرێت، ئەوەی خوای گەورە نەهی کردووە لەئەنجامدانی دژێکی هەیە، بەها ئەو کاتە دەبێت کەواتا دژەکە لەواقیعی پەیوەندییە مرۆییەکاندا بێتەدی.

ئەمیش بەهاکانی دژ بەخراپەکاری لەخۆ دەگرێت، لەبەرچاوگرتنی فیترەتی پاکی مرۆڤ و پێویستییە سروشتییەکانیەتی لەئاشنابوونی ئەوەی خوای گەورە حەرامی کردووە، لەگەڵ هێنانەدی سەقامگیربوون بەوازهێنان لەحەرامکراوەکان، پاراستنی پاکیتی بڕوادار.

## دەروازەی سێیەم: سەقامگیربوون کۆکەرەوەی خەسڵەتەکانی ئوممەتە

### باسی یەکەم: شوێنەکانی سەقامگیریتی دامەزرانی ئوممەت:

یەکەم: تەسبیحات بوژانەوەی هۆکارەکانی ژیانەوەی ئوممەت (التسبيح بعث لعوامل تنشيء الامة)(٩):

ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ((**يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ المَلِكِ القُدُّوسِ العَزِيزِ الْحَكِيمِ* هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الأُمِّيِّينَ رَسُولا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِم آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمْ الكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلالٍ مُّبِيْنٍ**))( الجمعة: ١-٢)، بابەتێک ڕوون دەکاتەوە کەبەتەواوەتی بەگوێرەی ئیرادەی خوای گەورەیە، ئەویش پەیوەندارە بەناردنی پێغەمبەری نازدار (درودی خوای لەسەر بێت) کەلەو کەسانەیە کە بەنەخوێندەوار ناسراون، ئەمەش جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوەی وەها نەگۆڕاون ببنە ئوممەت، لەگەڵ ئەوەی نەخوێندەوارن وەسفێکە و ئاماژەیە بۆ بنچینەی ئوممەت، چونکە لەبەردەم بونیاتنانی ئوممەتداین، لەبەرانبەر بنچینە پێکهێنەرەکانیدایین.

ئەمە پەیامی ئوممەتە لەبونیاتنانی کیانیدا، گۆڕان لەنەخوێندەوارییەکەیانەوە تەنها بەهۆی پەیام و پەیامهێنەرەوە (درودی خوای لەسەر بێت) دەبێت، کەبەخوێندنەوەی ئایەتەکانی تەزکییەیان و

> سەقامگیربوون تەنها بەمەنهەجی ڕێنمایی پەروەردگار دێتەدی و جگە لە ئەو بەهیچ مەنهەجێکی تر نایەتەدی.

قورئان و دانایی فێرکردنیان لەنەخوێندەواری و ونبوونیانەوە دەیانگوازێتەوەو دەیانکاتە ئوممەتێکی موسڵمان.

کاریگەریەکانیشی بەڕوونی دیارە لەسەر ئوممەت، لەهاوبەش بڕیاردانی سەردەمی نەخوێندەوارییانەوە دەیانگوازێتەوە بۆ یەکخواناسیی، کەپاککژکار و پاککەرەوەیانە. ئەوەش دەردەخات کەچۆن تەسبیحات ئیرادەی خوا لەئوممەتدا نیشان دەدات، بەدرێژبوونەوەی تەسبیحاتەکان درێژدەبێتەوە و ئیرادەی نیشان دەدات، تا دەبێتە ئوممەتێکی یەکخواناسیی تەسبیحاتکار، کە ئوممەتە نەخوێندەوارەکە کەرەستەی بونیاتنانی بووە. وامان لێدەکات تەسبیحات بەناوهێنانی القدوس سەرسوڕمانی فریشتەکانمان بێتەوە یاد ئەو کاتەی خوای گەورە کردیە جێشنین لەسەر زەویدا و لەوەڵامیاندا فەرمووی: ((ونحن نسبح بحمدك ونقدس لك)) تا – لەسورەتی جمعەدا- مەبەستی پەیوەندی پێکهێنانی ئوممەتمان بەئیرادەی خواوە تێیدا بۆ دەربخات، کەپەیوەندداره بەجێنشینایەتی مرۆڤەوە لەسەر زەوی و پێویستییەکانی، ئەوانەی کەدەبنە پاساو بۆ مانەوەی ئوممەتی یەکخواناس و ئوممەت جێنشینایەتییەکەی لەسەر هەموو زەوی دێنێتە دی.

مێژووی نەتەوەو پەیامەکان هیچ کەسانێکی بەخۆوە نەبینیووە شایستە بن بەجێنشینایەتی وەک ئوممەت ئەگەر ئەم کاروبارانە ڕەچاو بکات:

١. خەسڵەتەکانی پێکهێنانی ئوممەت و لێهاتووییەکانی جیهانێتیەکەی.

٢. جێنشینبوونەکەی هەموو زەوی بگرێتەوە.

٣. جگە لەخۆی شوێنی نەگرێتەوە.

کەواتە ئوممەت ئوممەتی جێنشینایەتییە، ئوممەتی دیکەی نابێت بەشوێندا بێت، بنەڕەتیش ئەوەیە جێنشینایەتییەکەی هەموو خەڵکی بگرێتەوە.

**دووەم: گۆڕانی ئینتیما لەنەفامییەوە بۆ جیهانێتی:**

پاڕانەوەکەی ئیبراهیم و ئیسماعیل: ((رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُسْلِمَةً لَكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَا إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ))(البقرة: ١٢٨)، تەرکیزی لەسەر پرۆسەی دروستبوونی ئوممەتە -بەر لەهەر شتێک- لەنەوەکانیان، وەک ئەوەی نەوەکەیان کیانێکی دیاری لەدەست دابێت، ئەم زوریەتە بەبوونی بە ئوممەتێکی موسڵمان (أمة مسلمة) دەکاتە ئوممەتێکی خوێنەری زیندوو، لەڕەچەڵکی ئیسماعیلی ئیبراهیمییەوە دەگوڕێت بۆ ڕەچەڵەکی ئیسلامەتی، ئەمەش بەیەکخواناسیی پەروەردگاریان.

سێیەم: گۆڕانی وەلاء لەڕەچەڵەک و نەژادەوە بۆ ئوممەت:

دەستبەرداربوون لەئینتمای ڕەچەڵەکی یەکێکە لەپێویستییەکانی ئامادەسازیی ئوممەت بۆ ئەوە

ببێتە ئوممەتی ئیسلام.

باسی دووەم: ئەزموونی ئوممەت و بەرزی سەرچاوەکەی:

بۆ بەدواداچوونی ئەو ڕووکارە مەعریفیانەی کەئوممەت جیا دەکاتەوە، پێویستە بەدواداچوون بۆ هەندێ تەوەری مەعریفی ڕێنیشاندەر بکەین کەبەشداربووە لەبونیاتنانی «باشترین ئوممەت»و ڕۆشنبیرییەکەیدا، تا بگاتە پایەی سەقامگیریێتی و پلەو پایەی باش ببێت.

**یەکەم: دیمەنی دروستبوونی ئادەم:**

١. نیشاندانی ئیرادەی خوای گەورە لەوەی کردیە جێنشین: ((إني جاعلٌ في الأرض خليفةً)).

٢. سەرسوڕمانی فریشتەکان، چونکە لەوباوەڕدا بوون ئەوەی ببێتە جێنشین دەبێت توانای چاکێتی و چاکسازی تێدا بێت و ئاشتی بەرپا بکات زیکری پیرۆزی خوای گەورە بکات.

٣. جەخت کردنەوە لەسەر شایستەیی ئادەم بۆ جێنشینێتی لەسەر زەویدا: بەوەی فێری هەموو ناوەکانی کرد، هەموو ناوەکانیشی بەفریشتەکان وت، بەوەش دڵنیایی فێربوونی عیلم و مەعریفە درا.

٤. جێنشینایەتی ئەرکە، مەعریفە ئامادەسازییە، عیلمیش ئەنجامە، سەقامگیربوونیش ئامانجە.

٥. کردەی مرۆیی جەخت لەپێویستی ڕێککردنی –بەدیهاتنی سەقامگیربوون– بەیەکخواناسیی و تەزکییەو ئاوەدانکاریی دەکاتەوە، بەوپێیەی بەهای جێنشینێتی و ئامانجیەتی و بەڵگەی هاتنەدی جێنشینایەتییە بەگوێرەی ویستی خوای گەورە، بەوەی مرۆڤ بکاتە سەرداری گەردوون نەک سەردار بێت بەسەریەوە.

**دووەم: دیمەنی نیشتەجێبوونی لەبەهەشت:**

١- بە پرۆسەی فێرکردنی دەستی پێکرد، دوژمنایەتی شەیتانیش دەردەخات، هۆشیاری دەدات بۆ خۆپەنادان لێی، چونکە ئەو هەوڵی دەرکردنی ئادەم و خێزانەکەی دەدات لەبەهەشت، لەگەڵ پێویستی لەبەرچاوگرتنی ئەو تاقیکردنەوانەی لەبەهەشتدا هەیە.

٢- بۆیەکەمجار ئادەم فێری پرۆسەی پابەندبوون کرا: ئەویش فەرمان پێکردنی بوو بەوەی حەزی لەچییە بیخوا «**بأكل ما شاء رغداً**» لەپاڵ ئەمەدا ڕێگری لێ کرا لەخواردنی یەک درەخت، ئەمەش بۆ ناسینی حەڵاڵ و حەرام بوو، هەروەها بواری تاقیکردنەوەش بوو.

٣- پەیوەندی «هاوسەرێتی» بەئادەم ناسێنرا، کە لە هۆکارەکانی بەدیهێنانی نیشتەجێبوون و سەقامگیرییە، لەو بوارانەشە کە تاقیکردنەوەو بەرپرسیارێتی هاوبەشی هەردوو لای هاوسەرگیریەکەی تێدایە: «**اسكنْ أنت وزوجُك**» بەهەمان شێوە فەرمان و نەهیکردنیش بۆ هەردوولایە: «كلا»، «لا تقربا»، «فتكونا من الظالمين»، «فأزلهما»، «يخرجنكما».

٤- ئادەم ئەوە فێری خێزانەکەی دەکات کەنیشتەجێبوون لەبەهەشتدا بەختەوەرییە، دەرچوونیش لێی نارەحەتییە.

**سێیەم: دیمەنی دابەزین بۆ سەر زەوی:**

١. دابەزینەکە دەرئەنجامی سەرپێچی ئادەم و خێزانەکەیەتی و سزای ئەو سەرپێچییەیە.

٢. یەکەم پرۆسەی فێرکردن پاش دابەزینیان بۆ سەر زەوی وشەکانی تەوبەی وەرگرت « **تلقّي كلماتِ التوبةِ** ».

٣. ئادەم دەوروبەرەکەی بەخێزانەکەی دەناسێنێت، لەگەڵ ئەوەی کەلەلایەن خوای گەورەوە بۆیان دابین کراوە: ((**ولكم في الأرض: «مستقرٌّ»، «ومتاعٌ إلى حين**))، ئەویش پرۆسەی گەشەپێدانی مرۆییە، تییدا مرۆڤ ئاشنای ماف و پابەندییەکانی دەکرێت: بەرانبەر بەخودا، بەرانبەر خەڵک، بۆ دووروبەرەکەی، بەرهەمەکەشی: یەکخواناسیی و تەزکییەو ئاوەدانکارییە.

٤. مرۆڤ پەیوەندداره بەپەرپاکردنی شارستانیەت، پێکهێنەرەکانیشی بریتییە لە: هۆشیاریی و هەوڵدان، ئەمەش ئەرکێکی پایەبەرزە، پێویستی بەمەنهەجی ڕێنمایی هەیە، کەئەویش وەحییە: ((**وإما يأتينَّكم منّي هدى فمن تبع هداي فلا خوف عليهم ولا هم يحزنون**)).

٥. لێرەدا دیمەنە هەرە بەرزەکەی «دروستبوون و ژیان و جێنشینێتی» دەردەکەوێت، ئەویش «ئارامی و ئاسایش لەدونیادا» و «خۆشبەختی لەقیامەتدا»، دیارترینیشیان «سەرلەنوێ گەڕانەوەیە بۆ بەهەشت».

**چوارەم: دیمەنی چارەنووس لەقیامەتدا:**

١- مردن و ژیان بواری تاقیکرانەوەی مرۆڤن، تێیاندا کارەکانی مرۆڤ دەکێشرێت: بەچاک و خراپەوە، بەگوێرەی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ((الذي خلق الموت والحياة ليبلوكم أيكم أحسن عملا))( لملك: ٢)) بەوەش سەقامگیرێتی ئوممەت بەفێربوونی دێتەدی.

٢- دیاریکردنی شوێنی دونیاو قیامەت و پەیوەندی نێوانیان، چونکە دونیا بواری هەوڵدان و تاقیکرانەوەیە، قیامەتیش خانەی سەقامگیربوون و پاداشت کرانەوەیە.

٣- پێویستە مرۆڤ هاوسەنگی بکات لەنێوان هەوڵدانی بۆ دونیا و بۆ قیامەت.

٤- حەقیقەتی ڕۆژی دوایی کاریگەری لەسەر سەقامگیربوون ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی کارکردن بەچاکەو خۆلادان لەخراپە.

٥- ئاراستەکانی چارەنووسی ڕۆژیی دوایی: بەڕوونکردنەوەی حەقیقەتەکەیان دابڕان لەنێوان دونیاو قیامەتدا ڕوودەدات: ((**وما هذه الحياة الدنيا إلاَّ لهوٌ ولعبٌ وإنَّ الدارَ الآخرةَ لهي الحيوان لو كانوا يعلمون**)) (**العنكبوت:٦٤**).

٦- ڕۆژی دوایی بەشێکە لەئیمان و پێویستە لەبەرچاو بگیرێت.

## باسی سێیەم: جوڵەی ئوممەت و کاریگەری لەسەر سەقامگیربوونی جیهان:

کارابوونی ئوممەت لەچوارچێوەی پەیوەندییە مرۆییەکاندا ئەوە تێدەپەڕێنێت کە بکەرێکی خاوەن کەسێتی یاسایی و ئیعتیباری و مەعنەوییە و یەکسانە بەکەسانی تر، چونکە ئوممەت بەئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی بەرز دەبێتەوە ئەمەش بەهێنانەدی دەستکەوتەکانی ئەوانی دیکەو بەرپرسیارێتیان لەپەیوەندییە مرۆییەکاندا، کەلەسەر یەکسانی و لەبەرچاوگرتنی مافەکانی بەشداربوون و ئەرکەکانی دامەزرابێت، چونکە ئەرکەکانی ئوممەت لەناو خەڵکدا زیاترە لەئەرکەکانیان، چونکە بونیات و دروستبوونەکەی لەسەر مەنهەجی بەهای جیهانییە.

تەنها لەسەر فاکتەری ئایین بونیات نانرێت، بەڵکو لەسەر جیهانێتی مەنهەجەکەی بونیات دەنرێت، ئەم جیاییەش پەیوەندداره بەتوانای ئوممەت لەدروستکردنی پەیوەندییەکانیدا، بەجۆرێک بێت کەجیهانیبوونی گوتارەکەی بهێنێتەدی.

ئەمەش بەوە دەبێت ئوممەتێکی وەست بێت، گوزارشت لەحەقیقەتی ئیسلام بکات، کار بەمەنهەجی قورئان و کۆتا پەیامهێنەر بکات.

جوڵەی ئوممەت کردەی یەکخواناسیی بێت، بانگهێشتی خەڵکی بکات بۆ یەکخواناسیی، کەدەڵێین ئوممەتێکی وەست بێت، شوینەکەی ئەوەی لەسەر فەرز دەکات جوڵەی هەبێت و چاکەی بۆ خەڵکی بوێت، زیاتر لەوەش، لەدەرەوەی ئوممەتیش چاکەی بۆ خەڵک بوێت، وەستیەتی پەیامی موحەمەدی کردوویەتییە جیهانی و کۆتا پێغەمبەر.

کارابوونی ئوممەتیش چاکەیەکی ژیارییە، کردەوەکانی دونیا بەرهەمەکەیان تەنها بۆ دونیا نییە، بەڵکو بۆ قیامەتیش درێژ دەبێتەوە، کارکردن لەدونیادا بەرژەوەندی سادە تێدەپەڕێنێت وبەرهەمە دیارەکانی تێدەپەڕێنێت، ئوممەتیش بەئەرکی باشەی وەسف کراوە.

چاکە ئوممەت کردەیەکی شارستانییە، وادەکات ئارامگرتن لەسەر نارەحەتی باشێتیەکانی دەربخات، چونکە خاوەن پەیامێکە، بەوەش ئوممەت ژیانی باش و ڕەزامەندانە دەگوزەرێنێت: ((وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ))( هود:١١٧) رۆڵی جیهانیانەی ئوممەت جیهان لەخراپەکاری و تیاچوون رزگار دەکات، بەوەش گوتاری ئوممەت دێتە دی کەتا جیهان مابێت نامرێت، پەیامە جیهانیەکەشی لەنێویاندا کۆتایی نایەت.

## کۆتایی

ئامانجی ژیانی دونیا پەیوەستە بەئیرادەی خوای گەورەوە بۆ مرۆڤ، خوای گەورە کردوویەتییە جێنشین کەگوزارشت لەئیرادەی ئەو دەکات، لەپاڵ ئەو توانایەی ملکەچی و سەرپێچی کە مرۆڤ هەیەتی، لەگەڵ ئەوەوەدا فەرمانی بەملکەچبوون پێکراوەو ڕێگری لێکراوە لەسەرپێچیکردن.

ئەوەشی هاتووەتە خوارەوە: مەنهەجی متمانەپێکراوی جیاکردنەوەیە لەنێوان: گوێڕایەڵی و سەرپێچیکردن، چونکە هەر ئەو مەنهەجی ڕێنماییە، کۆمەڵگا مرۆییەکان هاتنە خوارەوەی وەحی  هاتنی نێردراو پەیامهێنەرانیان بەخۆیانەوە بینیووە بەپێی ویستی خوای گەورە، هەر پەیامهێنەرێک و بەگوێرەی ناوچەو سەردەمەکەی. پیغەمبەرێتی ئادەم زیاتر تەرکیزی هەبووە لەسەر: ناساندنی زەوی و ئەوەی تێیدایە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەشێوەیەک کەلەگەڵ ویستی خوای گەورەدا یەک بگرێتەوە. هەروەها شێوەی بڵاوبوونەوەی مرۆڤەکان و فراوانبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، پاشان شەریعەتەکەی ئادەم هەموو ئەوەی لەخۆ گرتبوو کە بۆ ڕێکخستنی ژیان و داب و نەریتەکانیان و پەیوەندییەکانیان پێویستە.

پاشان مرۆڤایەتی بڵاوەی کردو بووە چەندین نەتەوە، وەحی بۆ نێردراو پەیامهێنەرانیان بۆ دەنێردرا، تا ژیان ڕێکبخات و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خالقیان ڕێک بکات و لەلادان لەوەحی و بەهاکان بیانپارێزێت.

کاروبارەکان پێشکەوتوو تر بوون و بەنی ئیسرائیل بوونە ئوممەتی کتاب و پێغەمبەریش، لەچوارچێوەی ئەو زیادەڕەوی و دەستکاریانەی خستیانە شەریعەتەکەیانەوە کەبووە پاڵنەر بۆیان تا پێغەمبەرەکانیان بکوژن و لەئوممەتی جێنشینەوە گۆڕان و توانای خۆیان لەهەڵگرتن پەیام پەیامهێنەرێتی لەدەستدا.

پاش ئەوە مەنهەجی سەقامگیربوون بووە جیهانی، تاکاری تاقیکردنەوەی هەموو خەڵکی دووبارە بکاتەوە، ئەوانەی پەیوەندارن بەپەیام و بەقورئانەوە، کە بۆ ئەوە هاتووە تاهەموو جیهان چاک بکات، ڕێماییان بکات بۆ ئەوەی چاکەی خۆیان و باشەیماڵەکانیانی و داهاتوویانی تێدایە، لەبەر ئەوە گوتارەکە جیهانی بوو، بەپەیامهێنەری سۆزو بەزیی جیهانی وەسفکرا، ئوممەتیش لەسەردەمی ئەودا بەئوممەتی  پەیام (أمة الرسالة) ناسرا، هەڵگری مەنهەجی سەقامگیرێتی جیهانی بوو.

پاشان: جیهان لەهەموو کات و سەردەمێکدا، دەستبەرداری کارکردنی ئەو سەقامگیریەتییە نا بێت کەقورئان ناوەرۆکی ئەو بەهایانەی لەخۆ گرتووە و گرەنتیکاری سەقامگیرێتییە، هەرچەندی حاڵی پێشبکەوێت و دەستکەوتەکانی لەسەر یەک کەڵکە ببێت (١٠) قورئانی پیرۆز عیلمی نەبڕاوەی خوای گەورەی زاناو دانای تێدایەو ئیرادەی وابووە خەڵک لەتاقیکردنەوەی بەرپرسیارێتیدا بن، کەس لێی بەدەر نییە، چاکبوونیش ناگاتە لوتکە تا مەنهەجی چاکبوون و چاکسازی بەچاکی پەیڕەو نەکرێت، تەرازووش پەیوەندارە بەدادپەروەری خوای گەورەو ئیرادەیەوە، بۆیە هەردەبێت

مەنهەجی جیهانێتی کارا بکرێت، ئەگەرنا ئەوا جیهان سیماو کاریگەرێتی و لەوانەیە ڕێکی و بوونیشی لەدەست بدات.

لەسەر خەڵکی پێویستە مەنهەجی بەهاکان و ڕێنوێنێتی بخوێنێتەوە، ئەوەی تییاندا هاتووە بگوازێتەوە بۆ واقیعی خۆی و لەکاروبارەکانی و پەیوەندییەکانیدا پەیڕەوی لێ بکات، بەجۆرێک کە ئەم ئەنجامەی لێ بکەوێتەوە:

سەقامگیربوون، دامەزراویی، ڕێنوێنی، بەمەش جیهان لەحاڵەتی ڕەچاوکردنی: یەکخواناسیی و تەزکییەو ئاوەدانکارییدا دەبێت. بەوەش ئاسایشی دابین دەبێت و دەگاتە سەقامگیرێتی و خۆشبەختی بۆ دێتەدی.

## پەراوێزەکان:

١. پسپۆڕ لەزانستە سیاسییەکان لەزانکۆی ئەنبار، کولێژی یاساو زانستە سیاسییەکان.

٢. لێرەدا توێژەر دەیەوێت بەپێی پێوەری زمانەوانی یەکیان بخات، بەڵکو بەپێی وەسفی سیاقەکەی، بڕوانە: المقاصد العامة للشريعة الإسلامية د. يوسف حامد العالم, ط٢, الدار العالمية للكتاب الإسلامي, الرياض, والمعهد العالم للفكر الإسلامي, فرجينيا: ١٤١٥هـ – ١٩٩٤م, ص ٩٤.

٣. ناڵێین «نیشتەجێبوون» لەبەهەشتەکەیدا.

٤. التوحيد والتزكية والعمران, محاولات في الكشف عن القيم والمقاصد القرآنية الحاكمة، د. طه جابر العلواني, ط١، دار الهادي، بيروت: ١٤٢٤هـ– ٢٠٠٣م.

٥. بڕوانە: مفهوم الاستخلاف في النظرية السياسية الإسلامية, صبري محمد خليل، ماجستير فلسفة، جامعة الخرطوم, ١٩٩٥م، المقدمة.

٦. بڕوانە: الخلافة في الأرض, د. أحمد حسن فرحات, دار الأرقم, الكويت, ط١: ١٤٠٦هـ– ١٩٨٦م, ص ( ٢٠ – ٢١ ).


٧. بڕوانە؛ جواهر القرآن, ص ٨٦, حول تأكيد اشتراك الناس في الهبوط يؤكده التركيز على الجماعية.

٨. بڕوانە: وينظر: القيم السياسية العالمية في الخطاب القرآني, مصطفى جابر العلواني, ط١, المعهد العالمي للفكر الإسلامي, فرجينيا, ٢٠١٥م.

٩. بڕوانە: عالمية الخطاب القرآني, مصطفى جابر العلواني, مصدر سابق, فصل نشأة الأمة.

١٠. زانایان بەباشێتییە سەرەکییەکانی تەشریعی ئیسلامی و هۆکارەکانی جیهانیبوونیان داناوە، بڕوانە: شريعة الإسلام: خلودها وصلاحها للتطبيق في كل زمان ومكان, مصدر سابق, ص٢٠– ٢٢.

# چەمکی «عەدالەت و یەکسانی» تیشکۆسازییەکی فرەڕا





**زانا ناجی عەبدوڵڵا**

بڕوانامەی ماستەر لە فەلسەفەی ئایینەکان، خاوەنی حەوت کتێبی چاپکراو، توێژەر لە زانکۆی سلێمانی.

وشەی عەدالەت یانەخۆ دادگەری چەمکێکی فرەڕاو هەندرەهەند هاوکات فرە لایەنە، کە دەکرێت تیشکۆسازی جیاوازی لەچەندین لایەنی ئایینی وکۆمەڵایەتی و ئەخلاقی سیاسیو یاسای وسروشتییەوە بۆ بکرێت، تا دەگاتە مەسەلەی بوونی عەدالەت لەبونیادی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەدا، بۆیە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی زۆرێک لەزانایان وبیریارانو فەیلەسوفانی ئایینە جوداوازەکان، ڕاو وبۆچوون وسەرنجی لەیەک جودایان دەربارەی ئەم چەمکە هەبووە، کە لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین گرنگترین ئەو پێناسەو ڕاڤانە بخەینە بەر باسو کۆڵینەوەو گەر بەکورتیش بێت ئاماژەیان پێبکەین. هاودەم پێش چوونە نێوەندی باس وخواس دەربارەی ئەو چەمکە، پێویستە واتای چەمکەکە ڕوونبکرێتەوە، دەکرێت بڵێین: یەکێک لەواتاکانی عەدالەت، هاوسەنگییە، کە پێچەوانەکەی ناهاوسەنگی وناسازییە، ئەمەش پێمان دەڵێت: سەرچاوەی تارو مار بوونی هەموو ژیارو شارستانییەک نەبوونی عەدالەتە.

هەر بۆیە زۆرێک لە فەیلەسوفەکانی جیهان لەنێوانیاندا جۆن ڕاولز(john Rawls) لەپەڕتووکی (نظرية العدالة) پێیوایە: «عەدالەت لەدەمی بوونی هەرەوەزیدا وەک ڕەگەزێکی سیتراتیژی بۆ هێنانەکایەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە، دەکرێت ببێتە ئامانج وبەرکار». جێگەی باسە کە نێوبراو لە زۆربەی ڕاو بۆچوونەکانیدا پشتی بە هەردوو فەیلەسوفی نەفعگەرا (جیریمی بێنیسام)و (جۆن ستیوارت میل) بەستووە. سەرباری سوود وەرگرتنیشیان لەبیری گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەکن (جۆن لۆک و کانت)، هەروەها ئەفلاتۆن لە هەردوو پەڕتووکی (محاورات وجمهوريه)کەیداو لە زۆر شوێنیشدا گوتەی مامۆستاکەی (سۆکرات) دەرهەق بەو چەمکە هێناوە، بۆیە دەکرێت بگوترێت کە:

* چەمکی عەدالەت کۆڵەکەیەکی سەرەکییە لە زانستی ئەخلاقدا، کە فەیلەسوفانی ئیسلام پێیان وایە: عەدالەت بەواتای فەزیلەتێکی نێوەندگیر دێت، کە نمایندەیە لەنێوان دوو دەستەواژەی ناچوونیەکدا، وەک بوونی بەخشندەیی لەنێوان چرووکی و بەفیرۆدانداو ئازایەتی و هەڵەشەیی و ترسدا، سەرباری ئەوەی زۆرێکیش وشەی دادگەری بۆ دادگاو وشەی داد بۆ ئەخلاق بەکار دێنن.

* هەرچی زانستی دەروونزانیشە، پێیوایە لە بوونیادی مرۆڤدا شتێک هەیە پێی دەگوترێت: دادگەری شاراوە، کە مەبەست لێی ئەوەیە ناتوانرێت لەفەزای دەرەوە هیچ شتێک بسەپێنرێت بەسەریداو هاوکات بارودۆخەکەی وێکنەیەتەوە لەتەک خوودەکەیدا، ئەو تیۆرەش بەناوازەیی لە دەمی منداڵیدا وەدەردەکەوێت، شایەنی باسە یەکێک لەو کەسانەی باسی لەم لایەنە کردووە، زانای بەنێوبانگی سویسری (جان بیاجێیە) (jean Paige) و دەڵێت: «ئەو سیستمە لەسەرەتای هاتنە دونیای منداڵەوە دەستپێدەکاتو لەکاتی یاریو گەپکردن بە شتومەکەکانی دەردەکەوێت، بۆیە ئەو دەمەی یاری بە شتێک دەکاو کەسێک بەجۆرێک لە جۆرەکان لێی تێکدەدات، دەگریو توڕە دەبێتو ڕقی لەو کەسە دەبێتەوە کە گەپەکەی لێتێکداوە، هەست دەکات بەرامبەرەکەی مامەڵەی لە شتێکدا کردووە کە مولکی ئەو نییە. بۆیە ئەو عەدالەتە شاراوەی کەلە منداڵدا هەیە لەڕووی ئەرکو وەزیفەوە، دەتوانێت لەداهاتوودا خۆگونجاندن لەگەڵ بونیادی کۆمەڵگەدا دروست بکات» ئەم تیشکۆسازییەی جان بێجێی هەمان یاسای حوسن و قوبحی موعتەزیلەمان وەبیر دێنێتەوە.

* فەیلەسوفان بەشێوەیەکی هەرەمی لە سۆکرات و قوتابییەکەی ئەفلاتۆن تا دەگاتە مێشێل فۆکۆ، پێیانوایە، عەدالەت بەمانای لۆژیکی هێز دێت، واتە کەسە بەهێزەکان گەواهی بەهێزییەکەیان بەوە دەهێننەوە کە ئەوەی ئەوان دەیکەنو دەبێژن

شتگەلێکی درووستەو بەڵکو حەقیقەتێکی رووتە.

هەرچی (جستنیان)ی ئیمپراتۆری رۆمانیشە پێیوایە: «عەدالەت ئارەزوویەکی پتەو و بریارێکی جێبەجێکارە کە تێکرای مافەکان لەشوێن و پێگەی خۆیدا دێنێتە کایەوە»، ئەم پێناسەش هەمان پێناسەی فەیلەسوفانی ئیسلامە کە دەڵێن: (إعطاء کل ذي حق حقه) واتە: هەر کەس شیاوی مافی خۆیەتی و دەبێت پشکداری ببێت.

هەر ئەمەشە وای لەزانایانی زانستی قسە ویژ(علم الکلام) کردووەو پێیانوایە: ئەستەمە ستەم لەخوداوە سەرچاوە بگرێ، لەبەرئەوەی خودا عەدلو عەدالەت بەواتای دانانی شتە لەشوێنی خۆیدا، ئەویش مامەڵە دەکات لەوەی کە موڵکی خۆیەتی و بۆ خۆیەتی وەک دەفەرموێت: **(إنَّا لله وإنا إليه رَاجِعوُن)** ئێمە هەر هی خوداین و هەر بۆ کن ویش دەچینەوە. عەدالەت چەمکێکی بەردەوامی کرداریی بێسنوورو بێکۆتایە، بۆیە هەرگیز بەدرێژایی ژیاری کۆمەڵگەی مرۆیی، نەمانبیستووە لە ماوەیەکی زەمەنیدا گوترابێ عەدالەت کۆتایی هاتووە، یانەخۆ سنووردار کراوەو ئیدی بواری درێژە پێدانی نییە، تەنانەت خودی ئازادی کە زۆرێک پێیانوایە بێسنوورە، دەبێت ئەویش لەشوێنێکدا بووەستێتو بەیاسا رێکبخرێت، ئەوەش لەدەمێکدا کە سنووری ئەویدی نەبەزێنرێت، هەر بۆیە مرۆ بەتەواوی ناتوانێت عەدالەت پەیرەو بکات، لەبەرئەوەی ژیری و زانستی کورتبڕە، وەک دەگوترێت(کم فی السجن من مظالیم) چەندەها کەس لەکونجی بەندیخانەدان، لەبەرئەوەی دادوەریش بەزانستی خۆی بریار دەداو مەعریفەی ئەویش سنووردارەو ناتوانێت تێکرای عەدالەت جێبەجێ بکات، هەر بۆیە پەیامبەری ئیسلام (درووودی خودای لێبێ) دەفەرموێ: **(إنَكُم تَختَصِموُنَ إليّ، ولعل بَعضكُم ألحَنَ بِحُجَتِهِ مِن بَعض، فَمَن قَضيتُ لَهُ بِحَقِ أَخيهِ شَيئَاَ، بِقَولِه: فَإنَمَا أقطع له قَطعة مِن النَار فَلا يَأخُذهَا)** ئەنگۆ گرفتەکانتان دێنن بۆ کنە من، دەشێ هەندێکتان بەو گەواهییەی دەیهێننەوە زمانپاراوتر بێ لەوانی دی، هەر کەس بەهۆی وتەکەیەوە بریارمدا بەمافێک کە هی وی نەبوو، ئەوا پارچەیەک ئاگرم بۆ پچڕاندووە، با وەرینەگرێت.

شایەنی باسە لێبوردەییو عەدالەت یەکێکن لە پایەکانی ئیسلامو، هەردەم پێکەوە باسکراون، بەڵام زانایان پێیان وایە وشەیەکی پڕبەرگی مامەڵەی ئیسلام نییە لەگەڵ ئایینەکانی تردا. بۆیە ئەو حوکمانەی پەیوەندی نێوان بەندەکان رێکدەخەن، مانایەکی تێدا نییە بۆ لێبووردن، چونکە لەسەر بنەمای مافو دادگەری دامەزراوە، بۆیە گەر ووشەی لێبوردنمان بۆ بەکارهێنا، بەواتای لاربوونی تەرازوی دادگەرییو عەدالەت دێت، هەرکات بۆ لایەنێک لێبووردن/ لێخۆشبوون بەکارهات، بێگومان ئەوە ئەودەم نا دادییو ستەم هەیە لەلایەکی دیکەوە. هەربۆیە مامەڵەی ئیسلام لەتەک ئایینەکانی دیدا لەسەر بنەمای گەرەنتی عەدالەتە لە نێوان موسوڵمانانو ئایینەکانی تر لەژێر سایەی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی.

– بۆیە یاسایەک هەیە تێکرای ئاینەکانی: بوزی و کۆنفۆشیۆس و مەسیحی و جوو و ئیسلام، جەختی لێدەکەنەوە کە پێی دەگوترێت: (القاعدة الذهبية) یاسای ئاڵتونی، واتە عەدالەت لەکن ئەم ئایینە جوداوازانە ئەوەتانێ کە: هەرچیت بۆ خۆت پێخۆش بێت بۆ ئەوانی دیکەشت خۆش بوێت.

– لەتەوراتدا دەڵێت: **(إن جميع سبله عدلٌ)** تثنيه: ٤: ٣٢ واتە: کۆی رێگاکانی خودا عەدلە. هەروەها دەڵێت: (كلام الرب مستقيم وكل أفعاله حق،يحب العدل والإنصاف، ومن رحمته تمتلئ الأرض) مزامير: ٣٣: ٤-٥. واتە: گوتەی خودا راستو رەوانەو کارەکانیشی حەقو رێکنو دادگەریشی خۆشەوێتو زەمین بە بەزەیی وی سیخناخ دەبێ. لە ئەشعیاشدا دەڵێت: (عندما يجرى الله العدل، سيعم السلام والامان فى كل الارض).

> **"چەمکی ئەخلاق لەفەزای دادگەریدا نەك سەرەكییە، بەڵكو چەشنی درەختێكە كە دەبێتە سایەو سێبەری عەدالەت، بەڕادەیەك هەركات باس لە تەلاری عەدالەت كرا، دەبێت ئەخلاق بەكۆتا خشتی ئەو تەلارە هەژمار بكرێت**

(أشعيا ١٦:٣٢–١٨). واتە ئەو دەمەی خودا عەدل دەهێنێتە کایەوە، ئاشتیو ئاسایش تێکڕای زەوی دەتەنێ. لەشوێنێکی دیدا ئاماژە دەکاتو دەڵێت: خودا لایەنگری کەس نییەو، سەرجەمی بوونەوەران وەک یەک تەماشا دەکا، هەرکەس لێی بترسێو کاری باش بکات لەکن وی پەسەندکراوە. (الله ليس محابيا، بل فى كل أمة، من يخافه ويعمل البر يكون مقبولا عنده). (أعمال: ٣٤:١٠، ٣٥) کەوابوو هەمووان لەکن خودا یەکسانن. هەروەک لە سیفری تثنیه و ئیسحاحەکانیدا بەجۆرێک لەجۆرەکان ئاماژەی بەمەسەلەی عەدل داوە، وەک: (تثنيه ١٠: ١٨، ٢٤: ١٧، ٢٧: ١٩).

– لەئینجیلدا دەڵێت: **(تحب قَرِيبَكَ كَنَفسِك)** متی:٣٩:٢٢ نزیکەکەتت چەشنی خۆت خۆش بووێت. لەحەبقوقیشدا دەڵێت:((عيناك أطهر من أن تنظرا الشر ولا تستطيع النظر إلى الجور)) حب ١٣:١. چاوەکانت زۆر لەوە پاکیزەترن تا بۆ شەڕ بڕوانێو لاش بەلای ستەمدا بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی دیدی مەسیحی بۆ دادی کۆمەڵایەتی جوداوازە لەدیدە هاوچەرخەکە بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی.

– هەرچی کۆنفۆشیۆسیشە پێیانوایە: یاسای ئەخلاقیو عەدالەت لەبونیادی هەر یەکەماندا بوونی هەسو لێکجوودا نابنەوە، کەوابوو مرۆ بەزانین خراپە ناکات، بەڵکو ئەوە نەزانینە پێیدەکات، هەروەها گەر خێری ناسییەوە ئەوا بەچەشنێکی سروشتی ڕووی لێدەنێ.

– هەرچی ئیسلامیشە عەدالەتی کردووەتە بنەماو دیمەنی هەرە بەرزی خۆی، خودا لە ٢٤ شوێندا وشەی (عدل)ی هێناوە، وەک ئاماژەی پێدەکات و دەفەرموێ: (إن الله يأمر بالعدل والإحسان، وإيتاء ذي القربى، وينهى عن الفحشاء والمنكر والبغي، يعظكم لعلكم تذكرون)، خودا بەعەداڵەت وچاکەو بەخشین بەخزم و کەس وکار، فەرمان دەداو ڕێنادا بەکاری پیس وخراپەو دەسدرێژی. مۆچگاریتان دەکات بەڵکو پەندی لێوەرگرن، لەپێگەیەکی دیدا بەهەمان چەشن دەفەرموێت: **((لَقَد أَرسَلنَا رُسُلنَا بِالبَيِنَاتِ وأَنزَلنَا مَعَهُمُ الكِتَابَ والمِيزانَ لِيقُومَ الناس بِالقِسط))**، ئێمە پەیامبەرانمان نارد بەچەند بەڵگەی ئاشکراوەو وێڕای ئەوان، کتێب وهۆی هەڵسەنگاندنمان ناردە خوار، هەتا خەڵکی بێجیاوازی لەنێو یەکدا ڕەفتار بکەن.

هەرچی دەرهەق بەمانای (یەکسانی/ المساواة) هەیە، ئەوا بەواتای دژی جیاوازی و جیاکاری لەهەموو کاروبارەکانی ژیانی مرۆییدا دێت، بۆیە لە تێکڕای نوسراو و دەستورە بەکاربەرەکانی جیهانو مافی مرۆڤدا، لەدەستپێکیدا نوسراوە **(يولد البَشَرُ مُتَسَاوين)**: مرۆ بەیەکسانی لەدایک بوون.

هەر بۆیە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەیەکسانی سیاسیش بکەین، کە پێمان دەڵێت: هەموو کەسێک مافی هەڵبژاردنو سەرکردایەتی هەبێت، بەوەی کە

تاكە شت تێیدا مافی هاونیشتیمانی بێت نەزیاتر.

- هەرچی دەربارەی عەدالەتی یاسایشە ئەوەتانێ کە: گشت کەس لەبەردەم دادگا وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بێجیاوازی ڕەگەزو پلەی کۆمەڵایەتی .. بۆیە گەورە کۆڵەری فەرەنسی (لویس میۆ) دەڵێت: جیاوازی نێوان یاسای خۆرئاواو ئیسلام ئەوەیە کە ئەوان تەنها بایەخ بەیەکسانی دەدەن، بەوەی تەنها تەماشای بارو دۆخێکی دیاریکراو دەکات، بەڵام ئیسلام مەبەستی سەرەکی لەتێکڕای بارو دۆخەکان، هێنانە کایەی یەکسانیو لەنێویشیدا خودی عەدالەتە. بۆیە فەیلەسوفی گەورەی ڕاستکەرەوەی(النقد)ی ئەڵمانی (ئیمانۆئێل کانت) دەڵێت: «ئەو دەمەی حوکمێکت دەرکرد، ئیدی ئەو بڕیارو حوکمە خراپ بێت یان چاک، لەدەمی دەرکرنی حوکمەکەدا، وابزانە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی دادەنێیت وخۆشت بە بەشێکی دانەبڕاو لێی هەژمار بکەیت».

- دەربارەی یاسای سروشتی یاخود فیتری، کە ڕەگەزی سەرەکی سەرپێکەوتنی ئەم یاسایە، پەیوەندی بنەڕەتیو دێرینییەتی بە چەمکی عەدالەتەوە هەیە، هاوکات یەکێک لە مەزنترینی ئەو کەسانەی لەم بوارەدا قسەی کردووە، شانۆکاری گەورەی یۆنانی (سۆفۆکلیس)ـەو دەڵێت: «یاسای سروشت ئەو یاسایەیە کە نە نوسراوەتەوە»، ئیدی دوا بەدوای ئەو زۆرێک هاتن و قسەیان لەم کایەیەدا کرد، لەنێوانیاندا ئیمپراتۆری ڕۆمانی (جستنیان)ـە کە دەڵێت:» تەنانەت ئەو ڕێسایە لەلای گیاندارانیشدا هێندە زەقەو هێندەش خۆی دەسەپێنێت چەشنی ئەوەی هەستێکی ئەخلاقییان دەرهەق بە عەدالەتو یەکسانی لەکن دروست بوو بێت». بۆیە زۆرێک لە باباواتی کەنیسەی مەسیحی پشتگیری ئەم یاسا سروشتییەیان کردووەو پۆشاکێکی لاهووتیان پێبەخشیوە، هەروەها (تۆما ئەکوینی) کە فەیلەسوفێکی مەزنی قسە وێژی نەصرانییە لەچاخەکانی نێوەندا، باس لەچوار بەشی یاسا دەکات، لەوانە: یاسای جاویدانی (الأزلي)، یاسای سروشتی (الطبيعي)، یاسای خودایی (الإلهي)، هاوکات یاسای مرۆیی (الإنساني)، پێیوایە: « یاسای سروشتی ڕەنگدانەوەی یاسای ئەزلیە، کە خودا ئەوپەڕی گەردوونی پێ بەڕێوەدەبات». هەرچی (گرۆسیۆس)ی گەورەی زانای هۆڵەندیشە، کە - بەباوکی یاسای دەوڵەت ناسراوە- یاسای سروشتی لەکن پەسەندەو پێیوایە یاسای گەلانە.

بەکورتی دەکرێت بڵێین: جەمسەری هەرە گرنگو پڕ بایەخی تێکڕای ئەو چەمکانەی کە لەڕەهەندی کۆمەڵایەتیو ئایینیو یاساییو سایکۆلۆژی تا دەگاتە چەمکی یاسای سروشتی باسمان لێوە کرد، وجودی عەدالەت یەکسانی بەبنەمای سەرەکی هەریەکەیان دادەنرێتو، بگرە ڕەهەندێکی گەلێ مەزنو قوڵو ئامانجگەرای تێدایە. شایەنی باسە لەپاڵ تێکڕای ئەمانەشدا گونجاوە بگوترێت کە چەمکی ئەخلاق لەفەزای دادگەریدا نەک سەرەکییە، بەڵکو چەشنی درەختێکە کە دەبێتە سایەو سێبەری عەدالەت، بەڕادەیەک هەرکات باس لە تەلاری عەدالەت کرا، دەبێت ئەخلاق بەکۆتا خشتی ئەو تەلارە هەژمار بکرێت، کە لەسەر عەدالەت بونیاد نراوە، ئەگین نەبوونی ئەخلاق لەفەزای دادگەریدا لەنگییەکی ئێجگار ناسازو بێ بەهرە دێنێتە کایەوە. بۆیە لەم شیکارییە کورتەدا دەرکەوت بوونی عەدالەتو یەکسانی چەندە بەهای مەزنی لەبونیادی کۆمەڵایەتیو ئایینیو یاسا تا دەگاتە مەسەلەی دەوڵەتی مەدەنی هەیە، چونکە ئەو دەمە دەتوانرێت دەوڵەتێکی دیمۆکراتی مەدەنی تەکنۆکرات دامەزرێت، کە پایەکانی چەمکی ئەخلاق وعەدالەت یەکسانی بە بنکەی سەرەکی دابنرێت لەدرووست بوونیدا، گەرنا، ئەوا لێکترازانو هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە، دەبێتە داکەوتەیەکی چاوەڕوانکراو.

## سەرچاوە و پەراوێزەكان:

### ئەو سەرچاوانەی كە سودمان لێبینیون:


١. الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله (صلي الله عليه وسلم) وسننه وأيامه ـ صحيح البخاري: محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري، المحقق: محمد زهير بن ناصر الناصر، (ط١، ١٤٢٢ هـ رقم الحديث (٢٦٨٠ ).

٢. محاورات جورجياس لأفلاطون، ترجمها عن الفرنسية: محمد حسن ظاظا، راجعها: د. علي سامي النشار، ط١، الهيئة المصرية العامة للطباعة ١٩٧٠ .

٣. جمهورية أفلاطون: د. أميرة حلمي مطر، (ط٢، مكتبة الاسرة ـ القاهرة).

٤. الخلاصة اللاهوتية: للقديس توما الاكويني، نقله من اللاتينية إلي العربية: الخوري بلس عؤاد، (دون عدد الطبعة/ المطبعة العربية ـ بيروت ١٨٩٨ م).

٥. الكتاب المقدس: بإذن الرؤساء: مار روفائيل بيداويد الاول، بطريرك بابل علي الكلدان، العهد القديم ـ الإصدار الثاني١٩٩٥، ط٤، العهد الجديد ـ الإصدار الرابع ١٩٩٣، ط ٣٠، الناشر: جمعية الكتاب المقدس لبنان.

٦. كونفوشيوس رائد الفكر الإنساني: د. صلاح بسيوني رسلان، (ط١| مكتبة الكتب العربية ـ القاهرة).

٧. مدونة جستنيان في الفقه الروماني، بعض قواعد وتقريرات فقهية رومانية وبعض تقديرات أخلاقية: تأليف د. أسمت غنيم، ط١|دار المجمع العلمي ـ جدة ( ١٣٩٧هـ ـ ١٩٧٧م).

٨. نظرية العدالة: جون راولز، ترجمة: د.ليلي الطويل، (ط ٣ | الهيئة العامة السورية للكتاب ٢٠١١م).

٩. دەروازەیەک بۆ پێكەوەژیان: سەرتیپ عەزیز، ژمارە ٢٢ی نەیسانی ٢٠١٩، لا، ٢٥.

١٠.الموقع الالكتروني: Wikipedia. Org.



# بەهاو نەریتی کورد لەدیدی بیانییەکاندا




**سەریاس محەممەد**
بەکالۆریۆس لە مێژودا،
چەند توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەی هەیە.

## پێشەکی:

لێکۆڵینەوە لە بەهاو نەریتی هەر کۆمەڵگەیەک لێکۆڵینەوەیە لە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو گەل و کۆمەڵگەیە چونکە ئەم دوو لایەنە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر یەکتر، لەلایەکەوە هۆشیاری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە دروست بوونی شێوەی ئەو سیستەمە سیاسیەی کە فەمانڕەوایی ئەو گەلە دەکات لە لایەکی دیکەیشەوە دەسەڵاتی سیاسی ڕۆڵی هەیە لە دروست بوون و پەرەپێدانی هەر جۆرێک لە جۆرەکانی بەهاو نەریت لەلای گەلەکەی، بۆ نموونە ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی کە باجی زۆری خستۆتە سەر هاوڵاتیەکانی لە بەرامبەردا باجەکەی بە مەبەستی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیەکانی بەکارنەهێناوەتەوە، ئەوا لە بەرامبەردا هاوڵاتیانی بە زۆری نەریت و ڕەوشتی خۆ دزینەوە لە باج و فێڵ کردن لە ناویاندا پەرەی سەندووە لە بواری نەخستنەڕووی تەواوی داهات و بەرهەمەکانیان، بە جۆرێک لەم هونەرەدا داهێنانیان کردووە ئەم بەهاو نەریتەش لە بارودۆخی کۆتاییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بەڕوونی تێبینی دەکرێت، لە لایەکی دیکەوە ئەو دەسەڵاتەی کە تەنها ئامانجی کۆکردنەوەی سامانە ئەوا دیاریدەی گەندەڵی و بەرتیل ناڕاستەوخۆ پەرە پێ دەدان لە ناو هاوڵاتیەکانیاندا تا ئەوەی هەر کەس پەنا بۆ ئەو حاڵەتە نەبات بە نامۆ و ناتێگەیشتوو دادەنرێت لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا، لە وڵاتی فەرەنسای سەردەمی لویسی شازدەیەمدا ئەم دیاردەیە بەجۆرێک پەرەی سەند تاکو پۆستە باڵاکانیش لە ڕێگەی بەرتیلەوە دەکڕدران، چەندین نموونەی دیکە هەن لە بەهاو نەریت کە سیستەمی سیاسی ڕۆڵی هەبووە لە دروست بوون و پەرە پێدانیاندا، وردبوونەوە لە مێژووی دەوڵەتان چەندین نموونەی دیکەمان دەخاتە بەردەست، لەم سۆنگەیەیشەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە لێکۆڵینەوە لە بەهاو نەریتی هەر کۆمەڵگەیەک ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو گەل و نەتەوەیەوە، هاوکات گەر بمانەوێت لە بەهاو نەریتی هەر کۆمەڵگەیەک بکۆڵینەوە دەبێت سەرنج لە دید و جیهانبینی ئەو کۆمەڵگەیە بدەین سەبارەت بە (چییەتی تاک، چییەتی پەیوەندنی کۆمەڵایەتی، چییەتی سیاسەت، چییەتی جۆری سیستەمی سیاسی و پەیوەندییەکانی نێوان تاک و دەسەڵات...هتد) بەپێی جیهان بینی ئەو کۆمەڵگەیە کە لێکۆڵینەوەکە دەیگرێتەوە.

## چەند پێش گریمانەیەك:

گەلی کورد بەهۆی ئەوەی هەمیشە لەلایەن وڵاتانی دەوورووبەرەوە هێرشی کراوەتە سەر ئەمەش وای کردووە کە بە کەمی ئارامی و ئاسایشی لە ناوچەکەدا بەرقەرار بێت، ئەم دۆخە ناڵەبارەش بووەتە هۆکاری دروستبوونی چەند دەرهاویشتەیەک:

یەکەم:- دروست نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی کە بتوانێت گەلی کورد لە ژێر یەک چەتری ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیدا کۆ بکاتەوە.

دووەم:- ئاکار و ڕەوشتیان لە چوارچێوەی دەشتەکیدا بمێنێتەوە و گەشەنەکات بەرەو قۆناغی شارستانی و مەدەنی، دیارترین کاریگەری ئەم خاڵەش ئەوەیە کە کوردەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن بارودۆخەکان لەگەڵ دید و تێڕوانینەکانی خۆیاندا بگونجێنن نەک دید و بۆچوونەکانیان بەپێی بارودۆخەکان بگۆڕن ئەمەش زیانی گەورە بەسەریاندا شکاوەتەوە بەتایبەت لە بواری سیاسیدا، چونکە سیاسەت کارکردنی ئەگەرەکانە

لەسەر یەکتر، هەر بۆیە گەر هاتوو ئەو ئەگەرانەی کە تۆ لەبەرچاوتگرتووە وەک تەکتیک نەتی گەیاند بە ئامانج (ستراتیج) دەبێت بوونی ئەگەرەکانی دیکەیش لە بەرچاو بگریت بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ئەگەر نەتوانی سوود بە دەست بێنیت لە بەرامبەردا تووشی زیانێکی سەخت نەبیت، بەڵام تاکی کورد بەهۆی دەق گرتن بە یەک جۆر لە بیرکردنەوە وای کردووە هەمیشە لەبواری سیاسەتدا شکست بخوات بۆیە هەمیشە ئاماژە بەوە کراوە کە گەلی کورد براوەی جەنگ و شکست خواردووی سیاسەتە ئەمەش زیاتر خەسڵەتێکی تاکی دەشتەکیە تاکو تاکی شارستانی و مەدەنی.

سێیەم:- بەهۆی ئەوەی کە کوردەکان لەلایەن چەندین دەسەڵاتی جیاجیایەوە بەڕێوەبراون کوردی هەر ناوچەیەک لەرووی بەهاو و داب و نەریتەوە کاریگەر بووە بەو سیستەم و دەسەڵاتەی کە فەرمانڕەوایی کردووە.(١)

چوارەم:- ئەو دیدو بۆچوونانەی کە بیانیەکان سەبارەت بە کورد تۆماریان کردووە، مەرج نیە رەفتار و بەهای هەموو گەلی کورد بن، بۆیە ناتوانین ڕەفتارێک بەسەر هەموو کوردا بسەپێنین،(٢) چونکە لەلایەکەوە هەر گەرێدەیەک چەند ناوچەیەکی دیاریکراو گەڕاوە نەک هەموو کوردستان، لەلایەکی دیکەوە کورد ناوچە جیاجیاکان بەپێی خاڵی پێشوو ئاماژەمان پێکرد جیاوازی هەبووە لە ڕەفتار و ئاکاریاندا، گەر بەشێوەیەکی ڕێژەیش بێت، هەروەها گەلانی دەوروبەر ڕۆڵیان هەبووە لە دروستکردنی چەند پێش داوەریەکی خراپ لای بیانیەکان، (کارستن نیبور)ی گەرێدەی دانیمارکی بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ئەستەنبوڵ پێی وتراوە گەر بۆ وڵاتی کوردان دەچیت ئاگاداربە ڕووت نەکرێیتەوە،(٣) ئەمەش ڕۆڵی خراپی هەبووە، لە تۆمارکردنی بۆچوونەکانیان دەربارەی کورد، هەمیشە بە گومانەوە لە کوردیان ڕوانیووە.

**بەهاو نەریت (پێناسە):**

ئەم چەمکەش وەکو چەمکەکانی تر چەندین پێناسەی جیاجیای بۆ دەکرێت، زۆرێک لە توێژەران ڕایان جیاوازە و کۆک نین لەسەر پێناسەیەکی کۆکەرەوە و تەواو بۆی کە تایبەتمەندییەکانی ڕوون بکاتەوە و حەقیقەتەکەی ئاشکرا بکات.(٤)

لەم ڕوانگەیەشەوە چەندین پێناسەی بۆ کراوە بە پوختی ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:-

- بەها (نەریت): بریتییە لە کۆمەڵێک بیروباوەڕ و بنەما لای تاک کە ڕۆڵی هەیە لە ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانی و ڕێکخستنی، هەروەها دیاریکردنی شێوازەکانی پەیوەندی کردنی لەگەڵ کۆمەڵگەدا لەسەرجەم لایەنەکانی ژیانیدا.(٥)
- هالستد (Hastead):- ئاماژە بەوەدەکات کە (بەهاو نەریت) ئەو بنەما و بیروباوەڕەو بنچینەی و نموونە و پێوەرانەیە کە دەبێتە ڕێبەرێکی گشتی لە ژیانی تاک و کۆمەڵایەتیدا.(٦)
- بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە بەهاونەریت سەرجەم ئەو بیروباوەڕ و ڕەفتارە نموونەیانە دەگرێتەوە کە ڕۆڵیان هەیە لە ئاراستەکردنی ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا» لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی هەمەکی بوون و ڕێژەیی بوونیەتی هەروەها یەکێکە لە خاڵە بنەڕەتیەکانی جیاکردنەوەی کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەیەکی تر.

## دیارترین ئەو بەهایانە کە زۆرینەی بیانیەکان ئاماژەیان پێداوە

### پاراستنی شوناسی نەتەوەیی:

ئەم بەهایەی کورد چەندین بیانی و گەرێدە ئاماژەیان پێداوە کە ((جێی سەرسامییە کە پاش تێپەڕبوونی چەندین سەدە،سەرباری هەموو ئەو لەشکرە داگیرکەرانە کە ناوچەکەیان داگیرکردووە و وێرانیان کردووە، کوردەکان توانیویانە جۆرێک لە نیمچە سەربەخۆیی بە دەست بهێنن، هاوکات پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەییان بکەن.(٧)

هەروەها (ئۆلیڤی) فەرەنسی بە باشی تێبینی ئەم لایەنەی کردووە و نووسیویەتی ((کوردەکان داب و نەریتی خۆیان هەیە کە لە باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە، تێکەڵ بوونیان لەگەڵ تورکەکان کەمەو بەپێی توانا ناهێڵین تورکەکان لە گوندەکانیان نیشتەجێ ببن))ئەم گۆشەگیرییەی کورد وای کردووە کە کورد پارێزگاری لە نەریت و شوناسی نەتەوەییان بکەن.(٨) تەنانەت (ئۆلیڤی) ئاماژەی بەوەش داوە کە کوردەکان هێندە گۆشەگیرن بە ئاسان لە ناوچەکانیان دوورناکەونەوە و لەگەڵ کوردەکانی ناوچەکانی دیکەش تێکەڵ نابن، ئەمەش زیانێکی گەورەی داوە لە گەلی کورد تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت لە دروستکردنی هەستی ناوچە پەرەستی و دروست نەبوونی هەستی یەکێتی گشتی لە نێوانیاندا.

## کورد و میوان دۆست:

میوان دۆستی و حەزکردن بەسەردان و میوانداری بەهاو نەریتێکی تری کورد بووە بۆیە زۆر رێز لە میوان دەگرن، میوان دۆستی لە باشترین ئاکارەکانی سروشتی مرۆڤی کوردە، ئەم کارەش ئاینەکەیان پێی خۆشە، ئەم نەریتە لەنێو میللەتە(موحەمەدیەکان «ص»)دیکەش بەربڵاوە، بەڵام کوردەکان بەرەو پێشیان بردوە و بوەتە هونەرێکی جوان تیایاندا، سەرۆکێکی کورد ئەگەر بە ماڵەکەیدا برۆیت و نەوەستیت بۆ خواردنەوەی پیاڵە چایەک ئەوە بە نەنگیەکی گەورەی دادەنێت.(٩)

کوردەکان لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژون بەڵام ئەمە نەبووەتە بەربەست لەبەردەم ئاکاری میوانداریاندا ئەگەر هاتوو بیانیەک لە ڕەمەزاندا بچێتە ماڵیان، بەهەمان شێوەی پێش ڕەمەزان بەگەرمی پێشوازی لێ دەکەن.(١٠)

کوردەکان بەهۆی دواکەوتووی وڵاتەکەیانەوە بەزۆری دەست کورت و هەژارن بەڵام ئەمە وای نەکردووە کە دەست و دڵ فراوان نەبن بەرامبەر بە میوان، کاتێک چوومە ماڵێک لە گوندێکی سەر ڕێگای سلێمانی پێنجوێن کە زۆر هەژار بوون، بەڵام خۆشترین خواردنیان بۆ لێنان کە چەند مریشکێکی سورەکرا بوو، بەڵام کاتێک ویستم پارەی نانەکەیان بدەمێ ئەوان ڕەتیان کردەوە و وەرگرتنی پارەیان بە سوکایەتی لە قەڵەمدا.(١١)

کوردەکان وەکو ڕێزلێنان لە میوانەکەیان هەموویان لەدەوری میوانەکە کۆدەبنەوە قەت بەتەنیا بەجێی ناهێڵن تەنانەت خزمەکانیشیان بانگهێشت دەکەن بۆ سەردانی میوانەکە،(١٢) ئەم ڕەفتارەشیان هەندێ جار دەبێتە هۆی بێزاری میوان» بۆیە بەرێزەوە داوای تەنهایی دەکات بۆئەوەی پشوو بدات.

## کورد و قسەکردن:

کوردەکان بە بەراورد بە میللەتانی دراوسێیان بە تایبەت(عەرەب) کەم دوو ترن، لەبەر ئەوەی کوردەکان خەڵکی ناوچەشاخاویەکانن، جیاوازن زیاتر کەم دوون، بەزۆری لە سکوتلەندیەکان دەچن،(١٣) ڕێز لە خۆگر و بێدەنگن ، وەک عەرەبەکان پیاهەڵدەر و زمان لوس نین، هەندێ جار هێندە بێدەنگن وەک ئەوە وایە باڵندەیەک لەسەریان نیشتبێتەوە نەیانەوێت بفرێت،(١٤) کرێکاری کورد لە کاتی کاردا بێدەنگن بە پێچەوانەی کرێکاری عەرەب کە بەشێکی زۆر لە وزەیان بە قسەکردن بەفیرۆ دەچێت.(١٥)

## کورد و ناتەبایی:

یەکێک لەو سیفەت و بەهایانەی کە زۆربەی گەڕیدە و بیانیەکان ئاماژەیان پێکردووە سیفەتی ناتەبای و ناکۆکی کوردە لە ناوخۆیدا، هەر ئەمەش وای کردووە کە کورد چەندین دەرفەتی لەباری مێژووی لە دەست بدات، لە گرنگترینیان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨)،

> ”
> تاکی کورد خاوەن سیفەتێکی سەیرە، ئەویش شکاندنی شکۆی براکەیەتی،تەنانەت هەندێکیان پێیان وایە ئەوەی لە گەڵی نەبێت دوژمنیەتی.

چونکە سەرجەم ئەو بەرێوبەرە سیاسیانە کە لەلایەن(ئینگلیز)ەوە دەنێردرانە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەموویان ئاماژەیان بەوە کردووە کە کوردەکان یەکگرتوو نین و خاوەن بۆچوونێکی روون و تەبانین بۆ داهاتوویان، (میسس بێڵ) ئاماژەی بەوە کردووە کە هەرگیز دوو کورد لەسەر شتێک رێکنەدەکەوتن لە پراکتیکدا.(١٦)

سەرەرای ئەمەش هەر ناوچەیەکیان داوایەکی جیاوازی هەیە بۆ سەربەخۆیی، (کەرکوک) نایەوێت بێتە سەر کوردستان بەعێراقسیش رازی نین، هەولێر دەیەوێت هەرچۆن بێت لە موصڵ دانەبرێت، هەندێک لە هۆزەکان خواستی سەربەخۆی کورد بە خەیاڵ دەزانن،(١٧) تاکی کورد خاوەن سیفەتێکی سەیرە، ئەویش شکاندنی شکۆی براکەیەتی،(١٨) تەنانەت هەندێکیان پێیان وایە ئەوەی لە گەڵی نەبێت دوژمنیەتی.(١٩)

(سێر ئارنۆڵد وێڵسن) ئاماژەبەوە دەکات دەتوانین بەسەر کوردەکاندا زاڵبین، نەک لە رێگەی هێزەوە بەڵکو تەنها نانەوەی دوبەرەکی لە نێوان سەرکردەکانیاندا،(٢٠) ئەمانەو چەندین ئاماژەی دیکە لەلایەن بیانیەکانەوە کراوە کە باس لە نایەکگرتووی و ناتەبای کورد دەکات، ئەمەش بوەتە خاڵێکی بەهێز بە دەست بیانیەکانەوە کە توانیویانە سوودی لێوەربگرن بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی خۆیان لە کوردستاندا.

### تاکی کورد و کێشەی چەمك:

بەشێک لە گەرێدەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کوردەکان بە گشتی لەرووی بەکارهێنانی چەمکەوە تووشی گیروگرفت دەبن چونکە هەندێک چەمک هەیە بەدید و هزی ئەوان نامۆیە ناتوانن لێی تێبگەن لەوانە(دابیلو. ئار. هێی) ئاماژە بەوە دەکات کە کوردەکان لە چەمکی لەشفرۆش تێناگەن چونکە ئەوان تارادەی پاکیزەی بە ئەخلاقن ئەو بەد رەوشتیانەی کە لە ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵاتدا هەیە لە ناو کوردیەکاندا باسیان نییە، دەتوانرێت کوردەکان بە پاکیزەیەکی دێرەکانی سەدەکانی ناوەراستی ئەوروپا بەراورد بکرێت، هەروەک ئاشکرایە دێرەکان ئەو نموونە باڵایە بوو کە ئەوروپیەکان دەیان هێنایەوە لە رەوشت پاکیدا، لەلایەکی دیکەوە کوردەکان ناتوانن پارە لە میوان وەربگرن چونکە ئەوان جگە لەوەی بە نەنگی دەزانن لەگەڵ ئەوەشدا بەزۆری لە کرێی خواردن ناگەن، هەر چەندە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەهایەکی مرۆڤ دۆستانەیە بەڵام بۆتە هۆی سەخت کردنی هاتوچۆ بەناو کوردستاندا چونکە گەریدەکان لە کاتی بوونی میوانخانەدا زیاتر ئازاد دەبوون باشتر و ئاسانتر دەیانتوانی هەستن بە کارەکانیان بە بەراورد بەوەی لە ماڵێکی کوردی هەژاردا بمێننەوە بەشێک لە ئازادیەکانیان سنوردار ببێت بەهۆی خەسڵەتی میوان دۆستی نەتوانینی تێگەیشتن لە وەرگرتنی

کرێی خواردن وای کردووە کە میوانخانەکان لە کوردستاندا بە زۆری پەرەنەسێنن.

**جەردەیی و چەتەگەریی لای کورد:**

ئەم نەریتەی کورد بەشێکی زۆر لە گەڕیدەکان کە هاتوونەتە کوردستان ئاماژەیان پێکردووە، لەوانە دکتۆر(ئیڤز) کە لە ساڵی (١٧٥٨ز) هاتۆتە کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات لە ناوچە کوردیەکاندا هەمیشە پاسەوانەکانمان لەسەر هەست بوون نەوەک هێرش بکرێتە سەرمان و تاڵان بکرێین.(٢١)

هەروەها (مێجەر سۆن) بەهەمان شێوە باس لە ترسی خۆی دەکات بەرامبەر جەردە و تاڵانکەرە کوردەکان بە تایبەت لە کاتی تێپەڕینی لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی،(٢٢) ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم سیفەتەی کورد بەزۆری بەهۆی پاڵنەری سیاسیەوە بووە، چونکە لەلایەکەوە باجێکی زۆریان خرابووە سەر بە زۆری لەلایەن کاربەدەستەکانەوە ڕووت دەکرانەوە، ئەوانیش بەهۆی ئەوەی ڕانەهاتبوون کە داوای هاوکاری لە کەس بکەن پەنایان بردۆتە بەر تاڵانکاری،(٢٣) لەلایەکی دیکەوە هەندێ جار ئەم سیفەتە لە ئاستی خۆی زیاتر گەورە کراوە و تەنانەت یەکێک لە گەڕیدەکان دەڵێت کە ئافرەتی کوردیش لە کرداری ڕێگریکردندا بەژدار دەبوون.(٢٤)

## ئەنجام

دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەمان دەکرێت ئاماژە بەچەند خاڵێکی گشتی بکەین:

یەکەم: تاکی کوردی وەکو مرۆڤ خاوەن خەسڵەتی باش و خراپە بووە بەڵام بەزۆری ئەو خەسڵەتانەی کە گەڕیدەکان ئاماژەیان پێداوە خەسڵەتی باش و جوانن چونکە ئەوانەی ئاماژەیان پێکردووە لە دیارترین خەسڵەتەکانی تاکی کوردی بووە لەو دەمانەدا بەجۆرێک بۆ کەسێکی بیانی تازە هاتوویش بۆ ناوچەکە بە ئاسانی دەرکەوتووە و درککراوە.

دووەم: دەتوانرێت لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمی گەڕیدەو و بیانیەکانەوە هەست بە ڕادەی ئەو گۆڕانکاریانە بکرێت کە لەو دەمەوە بۆ ئێستا ڕوویداوە لە بەهاو نەریتی تاکی کوردیدا.

سێیەم: بە سەرنجدانێکی ورد بۆمان دەردەکەوێت بەشێک لەو ڕەفتار و بەهایانەی کە تاکی کوردی لەو دەمانەدا ئەنجامیداون پاڵنەرێکی ئایینی لە پشت بووە، وەک (میوان دۆستی و ڕەوشت پاکی) بەڵام لەئێستادا بەهۆی کرانەوەی کوردەکان بەڕووی جیهانگیری و کاڵبوونەوەی پاڵنەری ئایینی لەلای بەشێکی زۆر لەتاکی کورد بەزۆری بەهاو نەریتەکانیان پاڵنەری کرانەوە و نوێخوازی لە پشتە، هاوکات بەهۆی بەراورد کردنی بەهاو نەریتی ئێستای تاکی کوردی بە بەهاو نەریتی ئەو دەمانەی کە گەریدەکان ئاماژەیان پێداوە ئەوا لایەنی باش و خراپی پاڵنەری ئایین و پاڵنەری جیهانگیرمان بۆ دەردەکەوێت، بەتایبەت کەجیهانگیری جەخت لەسەر بەگەردوونی کردنی بەهاو نەریت و کەلتووری سەرمایەداری دەکات، بەتایبەت کەلتووری ئەمریکی.

## سەرچاوەکان:


١. فایەق گوڵپی، بیرەوەرییەکان کە لێرەوە سەیری ژیانی خۆم دەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، تهران، ٢٠١٨، ل١٦٢.

٢. مێجەرسۆن، گەشتێک بۆ میزۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا، و/ مینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٣٨٧.

٣. سەعدی عوسمان هەروتی، چەند لایەنێکی مێژووی و رامیاری کۆمەڵایەتی و ئابوری کوردستان لە سەردەمی عوسمانیەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٢٠.

٤. عادل شاسواری، ئەرکی بەهاو لاوازی پابەندبوون بە پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە، گۆڤاری(واتە)، کانونی دووەمی (٢٠١٣) ژمارە(٢٧)، ل٢٩٨.

٥. مسیب محمد عبدالله البقی، اسهام الاسرة فی تنمیة القیم الاجتماعیة لدی الشباب، رسائل ماجستیر غیر منشورة، ص٢٠.

٦. عادل شاسواری، س.پ، ل٢٩٨.

٧. مێجەر نۆئێل، یاداشتەکانی مێجەر نۆئێل لە کوردستان، و/حسێن ئەحمەد جاف و حسێن عوسمان نێرگز جاڕی، مکتبة المعارف، بغداد، ل٤٥.

٨. سەعدی عوسمان هەروتی، س.پ، ل١١٧.

٩. دابلیو. ئار. هێی، دوو ساڵ لە کوردستان، و/ لوقمان باپیر، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل ٥٣.

١٠. دابلیو. ئار. هێی،س،پ، ل٢٦٢.

١١. میسس بێڵ، کورد لە نامەکانی میسس بێڵدا، و/ محەمەد حەمە سالح تۆفیق، چاپی یەکەم، چاپخانەی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٢٩.

١٢. لیتن، بیرەوەریەکانی لیتن (سەرکونسوڵی ئەڵمانیا لە تەوریز گەشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی جەگی جیهانی یەکەمدا) ، و/محەمەد حمە باقی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٢٢.

١٣. م.هاملتن، ڕێگایەک بە کوردستاندا، و/ د.علی عەبدولڕەحمان، چاپی یەکەم، خانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٦٧.

١٤. دابلیو. ئار. هێی،س،پ، ل٥٥.

١٥. م. هاملتن، س.پ، ل١٢٧.

١٦. میس بێڵ، س.پ، ل٩١.

١٧. کورد لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی بەریتانیادا (١٩١٨-١٩٢٤)، ل ٤٢١.

١٨. دابلیو. ئار. هێی،، س.پ، ل٦٧.

١٩. سیسل چۆن ئیدمۆنز، کورد تورک عەرەب، و/ حامید گەوهەری، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاودێر، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٧٤.

٢٠. سێر ئارنۆڵد و یڵسن، شۆڕشەکەی عێراق، و/ سەرمەد ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای کوکریان، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٩٦.

٢١. د.سەعدی عوسمان هەروتی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژوویەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٦٤.


٢٢. مێجەرسۆن، گەشتێک بۆ میزۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا، و/ مینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٧٤.

٢٣. کارستن نیبور، سەفەرنامەی نیبور لە سەدەی هەژدەدا، و/ ئەردەڵان عبدالله، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٠.

٢٤. د.سەعدی عوسمان هەروتی، چەند لایەنێکی مێژووی و رامیاری کورد، س.پ، ل١١٩.



# بابەتی گشتیی




## ڕانانێك بۆ كتێبی

# كوردانی كاكەیی

## ئەهلی هەق و شەبەك



**سەڵاح سالار**

ساڵی ١٩٧٤ لەدایكبووە. نزیكەی بیست ساڵە كاری ڕۆژنامەنووسی دەكات. چوار كتێبی چاپكراوی هەیە. چەندین وتاری هەمەچەشنی بڵاوكردووەتەوە.

کتێبی (کوردانی کاکەیی – ئەهلی هەق و شەبەک) لێکۆڵینەوەیەکی (دکتۆر زرار سدیق تۆفیق)ە و ساڵی ڕابردوو لە دووتوێی ١٤٠ لاپەڕەدا کەوتە بەردەستی خوێندەواران.

نووسەر لەم کتێبەیدا بە قووڵیی لە هەر یەکە لە کاکەیی (ئەهلی هەق)ـەکان و هۆزی شەبەک کۆڵیوەتەوە و چووەتە بنج و بناوانی کتێبەکانی مێژووەوە و سەرەداوەکانی مێژووی هەردووکیانی بۆ دۆزیوینەتەوە.

من لێرەدا تەنیا ڕانانی بەشی یەکەمی کتێبەکەی دەکەم، کە تایبەتە بە کاکەییەکان.

لەم بەشەدا سەبارەت بە کاکەییەکان لێکۆڵینەوەکەی دابەشکردووە بۆ سەر دوو بەش. هەربەشێکیش چەند لقێکی خۆی هەیە.

بەشی یەکەمی لەژێر ئەم ناونیشانەدا داناوە: کاکەیی – ئەهلی هەق لەسەرهەڵدانەوە تا سوڵتان سەهاک:

**لە پێشەکی لێکۆڵینەوەکەیدا بەمشێوەیە ئامانجی کۆڵینەوەیمان بۆ دەخاتە ڕوو:**

کاکەیی – ئەهلی هەق، کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەند بیروباوەڕێکی ئایینیی تایبەت و تەواو جیاوازن و دۆنادۆن، یان کراس گۆڕین بنەمایەکی جەوهەریی ئایینەکەیانە و بە هەر ئەندامێکی خۆیان دەڵێن (یار) و زۆربەی هەرە زۆربەیان کوردن و زیاتر لە گوند و شارۆچکە و شەهرستانەکانی هەردوو ئوستانی کرماشان و لوڕستان نیشتەجێن وەک: کەرند، صەحنە، دینەوەر، سەرپولی زەهاب، قەصری شیرین، شاهئاباد، هەرسین، ناوەندی کرماشان، کوهدەشت، نورئاباد، دولفان و چەند گوند و شوێنێکی ئوستانەکانی هەمەدان، زنجان، ئازەربیجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و تەهران. سەرەڕای ئەمانەی کوردستانی باشوور کە بە کاکەیی دەناسرێن و دانیشتووی ژمارەیەک گوندی سەر بە داقوق – کەرکوک و چەند گوندێکی سەر زێی مەزن و گوندی هاواری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە و چەند گوند و شوێنی دیکەی کوردستانی باشوورن.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بەردەوام تێکستە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق چاپ و بڵاودەکرێنەوە هاوکات چ لەلایەن نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەهلی حەقەوە و چ لەلایەن توێژەرانی کورد و فارس و ڕۆژهەڵاتناسانەوە دەیان و سەدان کتێب و لێکۆڵینەوە و گوتار سەبارەت بە ئەهلی هەق نووسراون و تەرخانکراون بۆ ئاخافتن و ڕاوەستان لەسەر کلتوور و ڕێوڕەسمی ئایینی و مۆزیک و دابونەریتی جڤاکی و دەقە پیرۆزەکانیان و کاراکتەرە باڵاکانیان، وەلێ چۆنیەتی و دەستپێکی سەرهەڵدانیان و ڕەوتی مێژوویی گەشەکردنی بیروباوەڕیان کەمتر سۆراخکراوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، پتر لە ڕووی دیرۆکیی بابەتەکە دەکۆڵینەوە و زیاتر هەوڵدەدەین لە سەرچاوەکان سەرەداوێکی سەرهەڵدان و ناسنامەی کەسایەتیە بنەڕەتیەکانی کاکەیی بدۆزینەوە و پابەندییەکی وامان نابێت بە دەقەکانەوە وەک کەرەستەیەکی مێژوویی و خۆمانیش نادەین لە پرسەکانی میتافیزیکا و بیروباوەڕی ئایینی وفەلسەفی و بنیادی کۆمەڵایەتی و خووڕەوشتی میلیی ئەم گرووپە و کاریگەربوونی بە مەسیحیەت و بە زەرادەشتی و فەرهەنگ و شارستانییەت و کلتووری دێرینی ئێران کە لە مێژەوە ورووژێنراون.

نووسەر بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەی دەکاتە دوو تەوەری سەرەکی، لە تەوەری یەکەمی بەشی یەکەمدا بە چوار بەش هەڵسەنگاندن بۆ سەرچاوەکانی کاکەیی، یاخود بڵێین ئەهلی هەق دەکات.

### یەکەم: هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان و دەرکەوتنی کاکەیی- ئەهلی هەق:

١ – هەڵسەنگاندنی سەرچاوە و دەقەکانی ئەهلی هەق:

دیارە ئەهلی هەق گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و هەمەچەشنەی دەستنووسیان هەیە کە دەیان دەفتەر و کەلام و دیوان و یاداشتنامە و کەشکۆڵ لەخۆدەگرێت و دەکرێت بکرێنە کەرستە و سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ لێکۆڵینەوە و دیقچوونی زانستی دەربارەی هزر و بیروباوەڕ و فەلسەفەیان.

بەڵام ئەم دەقانە ئەوەند کۆن نین و لە سەدەی یازدەهەم و دوازدەهەمی کۆچی دێرینتر نین. کۆنترین و پڕبەهاترین سەرمایەی ئەهلی هەق کە کتێبی (سەرئەنجام)ـە و بە کتێبی (چوار مەلیک)یش ناسراوە، لەوە ناچێت هەندە زوو یاداشت کرابێت و ئەو دانەیەی دەست مینۆڕسکی کەوتووە لە ساڵی ١٨٤٣ز نووسراوەتەوە، ناشێت وەک دەقێکی ڕەسەن و ئۆرگیناڵ سەرەدەریی لەتەک بکرێت.

خەوش و کەلێنێکی زل و هاوبەشی سەرلەبەری ئەم دەقانەش: (سەرئەنجام- کلام خزانە)، (شاهنامە حقیقت)، (سرودها دینی یارسان)، (تذکرة أعلي)، (آثار الحق) و (دفتر رموز یارسان)، (گنجینە سلطان صهاک)...هتد ئەوەیە، نووسەرەکانیان کەسیان ئاگای لەوانەی دی نەبووە و هەریەکەو بە شێوازی خۆی و بە گوێرەی ئەو سەرچاوە زارەکییانەی بەدەستی گەیشتووە، شیعر و دەقەکانی یاداشتکردووە و لە ڕێبەر و پێشەواکانیان دواوە و هیچ گوێی بەساڵ و سەردەم نەداوە، وەک بڵێی زەمەن بۆ ئەوان گرنگی و بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت.

تەنانەت لەنێو نووسەرانی دەقەکاندا کەسانی وا هەبووە بەدەگمەن قەڵەمی لەسەر کاغەز گێڕاوە و خۆیشی لە بەیتە شیعرەکان تێنەگەیشووە، هەر بۆیەش حیکایەت و دەقەکانی ئەهلی حەق دەبنە مایەی قووڵکردنەوەی سەرلێشێواوی، نیعمەتوڵای جەیحونئابادی (١٨٧١-١٩٢٠) یەکێک لە ڕێبەرە هەرە ناسراوەکانی ئەهلی حەق و نووسەری کتێبی (فرقان الاخبار) لەوە نیگەرانە کە چۆن ناکۆکی و دژبەیەکی دزەی کردووەتە ناو دەفتەر و یاساکانی ئەهلی حەقەوە.

**لێکۆڵەری ئەم کتێبە ڕەخنەی قووڵ و ورد ئاراستەی نووسەرانی کاکەیی دەکات لەبەرئەوەی سەرچاوەکانیان جێگەی گومانن. لەوبارەیەوە دەڵێت:**

ئەوەی مایەی سەرنجە لەم دەقانەدا، ناوی هۆز و شوێنی وا لە ناساندنی کارەکتەرە پێکهێنەرەکان - دۆنەکان بەرچاو دەکەوێت، زۆر نوێن و زادەی سەردەمی عوسمانین و لە ڕۆژگاری خەملێنراوی ئەواندا، ئەم شوێن و هۆزانە هەر بوونیان نەبووە یان بەو ناونانە نەناسراون، وەک: قەرەداغ، خورماڵ، عەربەت، زاخۆ، هۆزی جاف. هەروەها لە کتێبی سەرئەنجام و لە ریزی پیرانی یاوەری سوڵتان سەهاکدا، ناوی زۆر نامۆ و سەیر و سەمەرەی تێدایە کە لە هەموو مێژووی ئیسلامیدا لە چەشنیان بەدی ناکرێت، وەک: عینوانی کەعبەیی، قانونی شامی، قابیلی سەمەرقەندی، ڕاستگۆی قەرەداغی، قەمەر سوار قماشی، تەیاری خوراسانی، مەیتون عەقراوی، نادری قەرەپاپاقی، ڕەحمەتی بۆمبایی، تەهماسپی کرمانی، سەفەری قەلاجی، نالی مۆردێنی، ئیبراهیمی جاف و ... تد. هەیانە خەڵکی وڵاتی وان کە ئەو دەمانە و چەند سەدەیەکیش پاشتر نەکەوتبوونە چوارچێوەی ئیسلام و حوکمی ئیسلامی، وەک ئەستانبوڵ: حوسێنی ئەستەمبولی. یان بولغار: سیراجەدینی بولغاری.

ئەرێ ئەم پیرانە، کە هەر یەکەیان لە میللەتێکە و خەڵکی وڵاتێکە، چۆن و بۆچی لە یەک کاتدا گشتیان بڕیاریاندا لە پەردیوەر گردببنەوە و چ وا زوو فێری زمانی کوردی بوون تا ئەو ئاستەی بشێن شیعری پێ بهۆننەوە؟ بۆچی کێش و فۆرم وشێوەزاری زمانی شیعریی هەمووشیان چوونیەکە؟

نووسەر لەخاڵی دووەمدا ئەوە دەخاتە ڕوو، کە کاکەیی لە ڕابردوودا هۆز بووە، نەک لقێکی ئایین و ڕێبازێکی دینی.

٢- بنەچەی ناوی کاکەیی- ئەهلی حەق:

کاکایی یان کاه کاهی بۆ یەکەمجار لە سەدەی هەشتەمی کۆچی/ چواردەهەمی زایینی و پێش ئەوەی لە شێوەی کۆمەڵێکی ئایینی بناسرێت و سەرهەڵبدات، هۆزێکی کوردی دانیشتووی ناوچەیەکی سەر بە هەرێمی لوڕستانی بچووک بووە.

لە سەدەی شازدەهەمەوە، بەشێکیان ئاوەدیوی شارەزوور بوون و ئەوەش دەزانین کە عەلی بەگی کاکەیی ماوەیەک قەڵای سرۆچکی بەدەستەوە بووە. کاکەییەکان پاشتر چەند دێهاتێکیان لە دەوروبەری داقوقی سەر بە کەرکووک ئاوەدانکردووە و هەرچەند لەمێژەوە لە ئەهلی حەقن، بەڵام تا رۆژگاری ئەمڕۆش هەر ناوی هۆزەکەیان بەسەردا زاڵە و پتر وەک هۆزێک و هەر بەکاکەیی دەناسرێن و ئەهلی هەقەکانی شوێنەکانی دی بە کاکەیی ناناسرێن، وەک لە یاداشتەکانی زێوەری شاعیر(١٨٧٥-١٩٤٨) و ئەم شیعرەی شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٣١-١٩١٠) رووندەبێتەوە:

## چوار عەشیرەت:
## کاکەیی و وەند و جەباری و داوودە

ئیتیفاقیان کردو هاتن چوارسەد و پەنجا سوار.

بۆیە لەم بارەیەوە نووسەر رای خۆی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:

ئەوەندی من بزانم، بەر لە سەدەی حەڤدەهەم، شتێکی وا لەبارەی کاکەییەوە نەنووسراوە و نە شەرەفخانی بەدلیسی و نە هیچ مێژوونوس و گەڕۆکێکی دی بە راشکاوی باسی هەبوونیانی نەکردووە. صۆفی نەجمەدینی مەحمودی ئەصپەهانی لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچیدا و بۆ دەیان ساڵ و تا مردنی لە دەوروبەری ساڵی ٧٤٠ک/١٣٤٠ز، لە دەڤەری پاوەی کوردستانی رۆژهەڵات ماوەتەوە و هەر لەوێ نێژراوە، دریغیی نەکردووە لە سەرزەنشتکردنی کورد و رەخنەی زبری لە هەڵسوکەوتی ناپەسند و بێدینیی خەڵکی چیاکانی کوردستان گرتووە و گازندە لە پابەند نەبوونیان دەکات بە فەرز و روکنەکانی ئیسلامەوە، وەک زەکاتنەدان و ریباخواردن و نوێژکردنی ساختە و سەرڕووتی و بێ پەچەیی ژنانیان، وا پێدەچێت ئەم کۆمەڵە خەڵکە نامۆ و پێنەگیر بە ئیسلامە هەر ئەندامانی ئەهلی هەق بن، ئەوەتا گەڕۆکی فەڕەنسی جوزیف ئەرتور گۆبینو درکی بەو راستیە کردووە کە ئەهلی هەق بەرواڵەت موسڵمانن، دەنا پێغەمبەریان لەکن قبوڵ نییە و پێ ناکەن بە مزگەوتەکاندا.

لە خاڵی سێیەمدا نووسەر ئەوەمان پێدەڵێت کە کاکەیی لە شیعەگەراییەوە سەرچاوەی گرتووە و هەڵتۆقیون، هەرچەندە لەکۆتاییدا وەک گرووپێکی سەربەخۆ دەیانناسێنێت و لە شیعەکانیان دادەڕنێت.

٣- سەرهەڵدانی بیری توندڕەوی لە کوردستان:

هەرچەند یارانی ئەهلی هەق، سەرەتای دەرکەتنی خوداوەند (مظاهر إلاهي) لە نێوانیاندا دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمانی یەکەمین خەلیفەی عەباسی، وەلێ زۆر ئاستەمە بەوردی بزانرێت کەنگێ یەکەم دەستەی ئەو گرووپە شیعەگەرایانەیەی کەوا لە ئێستادا ناوی کاکەیی- ئەهلی هەق کۆیان دەکاتەوە، لە لوڕستان و کرماشان سەریهەڵدا و چۆن رەگی خۆی داکوتا؟

وەلێ ئەوەی تا هەنووکە ساخبۆتەوە، یەکەم ناوهێنانی راستەوخۆی کاکەیی (الكاكائيه) وەک گرووپێکی شیعیی پەڕگیر، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم و لەو بڕوایەدام پێشتر باسی هەبوونیان بەم ناوە لە ئارادا نەبووە، لە راستیدا تا سەدەی نۆزدەهەم هەندە نەناسرابوون و شتێکی وایان لەبارەوە نەنوسرابوو، تا ئەو دەمەی دەنگوباسیان کەوتە نێو یاداشت و سەرنجی دیبلۆمات و گەڕۆکە ئەوروپیەکانەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە لەم یەکەم دەقەی دەرهەق کاکەیی، هیچ باس و خواسێکی سوڵتان سەهاک-ئیسحاق لە گۆڕێدا نییە، بەڵکو شیعەیەکی هەرە

توندڕەون و ئیمامی(عەلی) یان لەکن هاوئاستی خودایە، محەمەدی کوڕی باباڕەسوڵ کە بۆ خوێندن لە بەرزنجەوە روویکردبووە هەمەدان، دیارە لە نزیکەوە ئاشنایی لەگەڵ پەیداکردوون و لەبارەیانەوە دەڵێت: ئەمانە بە سیامەنصوری و شاه بابایی و صارولیش دەناسرێن، بەلای ئەمانەوە خودا چووەتە ناو جەستەی عەلییەوە، پاشان چووەتە ناو جەستەی یەک لەدووی یەکی کوڕ و نەوەکانیەوە، ئەوجا چووەتە ناو شێخەکەی سەردەمی خۆیانەوە.

هەربەهۆی ئەو باسەی خاڵی سێیەمەوە نووسەر بەراوردی هاوبیریی نێوان کاکەییەکان و ئیسماعیلییە شیعەکان دەکات و تاڕادەیەک لێکیان نزیک دەکاتەوە.

٤ – لەنێوان ئەهلی هەق و شیعەی ئیسماعیلیدا:

لە ڕاستیدا ناکرێت ئەهلی حەق بە پاشکۆ یان لق یان درێژەپێدەری هیچ دەستە و تاقمێکی شیعی دابنرێن، بەڵکو کۆمەڵەیەکی سەربەخۆن.

کرۆکی بیروباوەڕی ئیسماعیلی لەسەر دەرکەوتنی حەوت جاری خوداوەندە لە شێوەی مرۆڤ بنیادنراوە و ئەمە پوختەکەیەتی:

خوداوەند حەوت جار لەسەر گۆی زەوی دەردەکەوێت چونکە ژمارە حەوت تایبەتمەندی وپیرۆزیی خۆی هەیە و ئەوەتا حەوت ئاسمان و حەوت زەوی و حەوت هەسارەی گەڕۆک هەیە و ڕۆژەکانی حەفتەش هەر حەوتن، بۆیە خوداوەندەش لە ئەزەلەوە تا ڕۆژی دوایی تەنها حەوت جار دەردەکەوێت، هەر جارێکیش لە شێوەی پێغەمبەرێک و ئەم پێغەمبەرانە لە قورئاندا بە **(أولو العزم)** دانراون **(فَاصْبِرْكَمَا صَبَرَ أُولُوالْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ)** کە بریتین لە ئادەم و نوح و ئیبراهیم وعیسا و موسا و محەممەد، ئیمام محەممەدی کوڕی ئیسماعیلیش دەبێتە حەوتەم و کۆتایی.

کەلامخوانان و دەفتەردارانی ئەهلی حەق، بۆ پڕکردنەوەی شوێنی کارەکتەرە بنەڕەتی و پێکهێنەرەکانی ئایینەکەیان و تەواوکردنی پەیکەر و سیناریۆی لێکدانەوەی ئایینەکەیان لەسەر بنەمای دید و ئایدیای شیعەی ئیسماعیلی، پێویستیان بەداتاشین یان خواستنی کەسایەتی هەبووە، ئەوجا یان خەیاڵیان بەگەڕخستووە و کەسایەتیی ڕەمزییان داهێناوە وەک پیربنیامین و پیرداود و کاکەڕەدا و بابا فەقێ ودەیانی دی، یان دامەزرێنەران و ڕێبەرانی حیزبە شیعەکانیان هێناوە و بەکوردییان کردوون و پایەی (شاه) و (بابا) یان پێبەخشیون وەک: الامام المبارک- موبارەکشاه و ناووس- بابا ناووس.

تەوەری دووەمی بەشی یەکەمیش تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕابەر و پیشەواکانی ئەهلی هەق و کاکەیی و بە پێنج خاڵ لێکۆڵینەوەکەی دەگەیەنێتە پایان.

## دووەم: کۆششێك بۆ ناسینەوەی پێشەواکانی ئەهلی هەق:

### ١. شاخۆشین موبارەکشاه و قەومی خۆشینان:

لەبارەی زیندەگیی شاخۆشینەوە، ئاستەنگ لەوەدایە، ئەمیش وەک زۆربەی دۆنەکان لە کتێبەکانی (سەرئەنجام) و (شاهنامە حقیقت) و (سرودها دینی یارسان) و دەقەکانی دیدا، کەسێکی نامۆیە و ژیانی تەمومژاوییە و بەسەرهاتی ئاڵۆزە و ناکۆکییەکی فرە لەسەر ناسنامەی بەدیدەکرێت و زیاتر وەک کەسایەتیەکی نائاسایی بگرە ئەفسانەیی وێناکراوە، ئەوەتا بە موعجیزە و بەبێ باوک لە دایک بووە و دایکی مامە جەلالەیە کە کچە تاقانەی میرزا ئەمانەی سەرداری دەستڕۆیشتووی کورد بووە لە لوڕستان، یان کچی سەرداری هۆزی جاف (؟) بووە لە شێروانەی شارەزور، مامە جەلالە کیژۆڵەیەکی پاکیزەی نازدار بووە و لە دەمێکدا بەیانیانێک لە تیشکی هەتاو رادەمێنێت، گەردێک لە نوری خۆر شۆڕبۆتەوە و لەلای چەپیەوە چووەتە ناو زگییەوە و ئاووس بووە.

**٢. بابا ناووس- الناووسية:**

ناووسی- الناووسیە حیزبێکی دیکەی شیعیە و راستەوخۆ پاش مردنی جەعفەری صادق سەریهەڵدا و هەڵسوڕاوە دڵسۆز و سەرسەختەکانی ئیمامی مردووی لەخۆدەگرت، کە بەلای هەواڵزانان و مەرجەعەکانی شیعەی دوازدە ئیمامیەوە، کەسانی گومڕا و سەرلێشێواون و فەرموودەی ساختە و ئاخافتنی درۆ لە زاری ئیمام جەعفەری صادقەوە دەگێڕنەوە.

بە گوێرەی دەقەکان، باباناووس ناوی سەید ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەدە و بە بلە یان بلە شێت – کورتکراوەی ئیبراهیم- ناسراوە و گوایە خۆی لە شیعرێکدا ئەم راستییەی درکاندووە و لە سەدەی ٥ک/١١ز بەموعجیزە و بەبێ باوک و لە دایکێک بە ناوی (دایە خەزان) لە گوندی سەرگەتی هەورامان هاتووەتە دونیاوە و ژیاوە و سەر بە هۆزی جافە و بە باباناووسی جافیش ناسراوە، هەر لە سەرگەتیش مردووە و نێژراوە، لەگەڵ ئەوەی لەو دەمانە و تا ناوەڕاستی سەردەمی عوسمانییش نە هۆزی جاف ناو و بوونی هەیە و نە خەڵکی گوندی سەرگەت و سەرجەم گوندەکانی هەورامانی ئەمدیویش پەیوەندییان بە ئەهلی هەقەوە هەیە. کەچی بەگوێرەی سۆراخکردنی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئەم سەید ئیبراهیمە هەمان ئەو کەسەیە کە بە کابلە - کاکە بلە - دەناسرا و نەوەی سەید عیسای بەرزنجی بووە، لە کاتێکدا سەید عیسا لە سەدەی ٨ک/ ١٤ز ژیاوە، لێرە بە راشکاوی دەردەکەوێت کە چ ئاڵۆزی و ناکۆکییەک لە ئارادایە.

**٣. سوڵتان سەهاک:**

وەک روونە سوڵتان سەهاک - ئیسحاق بە دامەزرێنەر و بناغەدارێژی بنەڕەتیی ئەهلی هەقە دادەنرێت و لەکن یاراندا بە کەسی یەکەم و ستوونی سەرەکی دەژمێردرێت و لای هەموو دەستە و بنەماڵەکانیان شکۆدار و پایەبەرز و دانپێدانراوە، کەچی ئەوەی مایەی سەرنجە، نە لە یاداشتی ئەوروپییەکان و نە لە سەرچاوە ناوخۆییەکانی وەک نووسینەکانی زین العابدینی گۆرانی و محەمەدی کوڕی بابا رەسوڵی بەرزنجی و نە لە شیعرەکەی شێخ رەزای تاڵەبانی کە ناوی سێ چوار کەسایەتی پیرۆزی کاکەیی هێناوە، باسوخواسی لە ئارادا نیە، تەنانەت جۆزێف گۆبینو کە یەکەم کەسە لە ساڵانی ١٨٥٥-١٨٥٨ تێکەڵی خەڵکانی ئەهلی هەق بووە و راستەوخۆ بە دابونەریت و هەڵسوکەوتیان ئاشنابووە و زانیاریی ورد و نوێی لەسەر یاداشتکردوون و چەندین جار لە پیر و رێبەرە سەرەکییەکانیان دەدوێت، وەک: شاە خۆشین و پیر بنیامین و پیر رزق بار- رەزبار- و پیر داود و پیر موسا، کەچی ناوی سوڵتان سەهاک ناهێنێت.

بەوپێیەی زۆربەی رێبەران و مەزنانی ئەهلی حەق بەبێ باوک یان بەبێ باوک ودایک پەیدابوون، سوڵتان سەهاکیش هەرچەند بەڕواڵەت بە کوڕی عیسای بەرزنجیی بەساڵاچووە دانراوە و گوایە لە تەمەنی دووسەد ساڵیدا (؟) ئەم کوڕەی بووە، بەڵام ئەویش هەر بەم رێسایە هاتووەتە دنیاوە و لە شێوەی باڵندەیەکی سپی بەدامێنی دایراک خاتوون- خاتوو رەزبارەوە نیشتووەتەوە.

لە خاڵی چوارەمدا نووسەر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سوڵتان ئیسحاق کە گۆڕەکەی لە هەورامانی لهۆنە و کاکەییەکان بە ڕێبەری خۆیانی دەزانن، پەیوەندیی بەوانەوە نییە و سەهاکەی ئەوان جێگەی گومانە و خاوەنی ئەم گۆڕە نییە و تەنانەت گومانیش هەیە کە کوڕی شێخ عیسای بەرزنجە بێت.

**٤- لە نێوان سوڵتان سەهاک و سوڵتان ئیسحاقی هەوراماندا:**

ئەوەی تا ئێستا من زانیومە، یەکەم ناوهێنانی ئاشکرا و رەوانی سوڵتان ئیسحاقی هەورامان لە دەقێکی مێژوویی باوەڕپێکراو و جێگەی متمانە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاهی سەدەی حەڤدەهەم، سەید

> ناكرێت ئەهلی حەق بە پاشكۆ یان لق یان درێژەپێدەری هیچ دەستە و تاقمێكی شیعی دابنرێن، بەڵكو كۆمەڵەیەكی سەربەخۆن.

عەبدولصەمەدی تودار لە كتێبی (نور الانوار) كە لە ساڵی ١٠٩٩ك/١٦٨٨ز دایناوە، زانیاریی وردی دەربارەی ساداتی بەرزنجە و بنەماڵە بەناو ساداتەكانی دیكەی هەورامان وشارەزوور و سنە یاداشتكردووە، لە ناساندنی كوڕەكانی جەعفەری صادقدا دێتەسەر (ابومحمد إسحاق مؤتمن) و دەڵێت ڕۆیشتووە بۆ ولایەتی هەورامانی كوردان و بە سوڵتان ئیسحاق بەناووبانگە و لە دامێنی ئاوایی نەوسود و لهۆن نێژراوە و وەچەی لێكەوتۆتەوە.

لەگەڵ ئەوەی بەدووری دەزانین ئەم سوڵتان ئیسحاقە، هەمان ئیسحاقی كوڕی جەعفەری صادق بێت، بەڵام لێرە ئەو ڕاستیە ڕووندەبێتەوە كە سوڵتان ئیسحاقی هەورامان كێ بێت و كەنگی ژیابێت، تا ئەو دەمانە هێشتا نە بە كوڕی شێخ عیسای بەرزنجی هەژماركراوە ونە بە ڕێبەر و پێشەوایەكی ئەهلی حەقیش دانراوە.

ئەوەی لەمیانەی سەردانی مەزاری سوڵتان ئیسحاق سەرنجی ڕاكێشام و بووە مایەی پرسیار و ڕامان لەلام، كە پێشتر بە بیرمدا نەهاتبوو و باوەڕیش ناكەم كەسی دی سەرنجی دابێت، ئەوەیە كە ئایینی ئەهلی هەق سەركەوتن و گەشەكردنێكی ئەوتۆی لە دەڤەری هەورامان و لەنێو هەورامیەكان بەدەست نەهێناوە و دانیشتوانی ئاواییەكانی هەر چوار دەوری مەزاری سوڵتان ئیسحاق بە خودی گوندی شێخانی بارەگا و ئارامگای سوڵتانەوە، بگرە دانیشتوانی شارۆچكەكانی پاوە و نەوسوود و نۆدشە و پاڵنگان و تەوێڵە و بیارە كە لە ڕووی زارەوە ماچۆ- هەورامی- ن و لە ڕووی مەزهەبیشەوە سوننەی شافعین، هیچ نزیكی وپەیوەندییەكیان بە شیعەگەری و بیروباوەڕی ئەهلی هەقەوە نیە و تاكە دوو گوندی ئەهلی هەق لە هەورامان كە لە شێخانەوە نزیك بێت هاوار و دەرەكوێیە لە بەشی ئەمدیو، ئەوانیش بە كرمانجیی خواروو دەدوێن نەك بە هەورامی.

**٥ – بابا یادگار:**

دیارە بابا یادگاریش ژیانی تەمومژاویە و هەواڵە میللییەكان زانیارییەكی وایان تێدا نییە جێگەی قەناعەت و متمانە بێت و سەرچاوەكان پشتڕاستی بكەنەوە، خورشید پاشا لە ساڵی ١٨٣٢ بەخۆی سەردانی گڵكۆی بابا یادگاری كردووە لەسەر چیای بانی زەرد لە گوندی سەیدانی نزیك سەرپولی زەهاو و دەڵێت: شوێنێكی یەكجار پیرۆزە و لە خەڵكەكەم بیستووە كە بابا یادگار ناوی سەید محەمەدی كوڕی سەید عەلیی كوڕی شێخ موسای بەرزنجییە، ئەمە لە كاتێكدا موسای بەرزنجی بەگەنجی كوژراوە و شێخ عیسای برای ژنەكەی خواستووەتەوە. كەچی بەپێی دەقەكانی ئەهلی حەق، دایكی بابا یادگار كچێكی پاكیزە و بێگەرد بووە و هیچ پیاوێك توخنی نەكەوتووە و لە كاتی پاككردنەوەی جمەخانەكەی پەردیوەردا، دەنكە هەنارێكی بینیوە و یەكسەر زگی پڕ بووە.

بەدەر لەم ئاخافتنە ئەفسانە ئامێزانە، بابا یادگار

حەقیقەتێکی هەیە و لە سەدەی ١٠ک/١٦ز ژیاوە و پەیوەندیی بە سوڵتان سەهاکەوە ناڕوونە.

نووسەر لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەیدا بەم ئەنجامە کۆتایی بەم باسە ئاڵۆز و پڕ گوماناوەییە دەهێنێت.

**ئەنجام:**

کاکەیی- ئەهلی هەق کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەن ئایینێکی تایبەتن و دۆنادۆنی بنەمایەکی جەوهەریی ئایینەکەیانە و زۆربەی هەرە زۆربەیان کوردی ڕەسەنن و یەکەم ئاماژە بۆ کاکەیی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕستی سەدەی حەڤدەهەم و ڕەنگە ناویشیان لە وشەی کاکەوە وەرگیرابێت بە واتای برا گەورە و ئەوانەی ئەودیویش- ئوستانی کرماشان لە یاداشتی گەڕۆکە ئەوروپییەکانی سەدەی نۆزدە بە عەلی ئیلاهی ناودەبرێن.

گرفت و ئاستەنگی سەرەکیی توێژەر لە مێژوو و سەربوردەی ئەهلی حەق لەوەدایە کە نە لە سەرچاوە تۆمارکراوەکاندا دەنگوباسی بوونیان هەیە تا بیکاتە کەرەستەی تۆژینەوە و نە دەقە پیرۆزەکانی خۆیانیش کەڵک و بەهایێکی مێژوویی وەهایان هەیە.

ڕەنگە سەرەتا وەک چەند شانەیەکی کپ و خامۆش بووبێتن و لە گوندگەلێکی لاڕێی ناوجەرگەی چیاکان گیرسابێتنەوە و ناکرێت بە پاشکۆ یان لق یان درێژەپێدەری کوتومتی هیچ دەستە و گرووپ و تاقمێکی شیعی دابنرێن، بەڵکو کۆمەڵەیەکی سەربەخۆن و پاشماوەی بیروباوەڕی مەزدەکی و خورەمیان تیا بەدیدەکرێت، بەڵام دواتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی تەواوی ئایدیا و بەرنامە و دنیابینیی شیعەی ئیسماعیلیەوە، کە لەسەر بنەمای حەوت جار دەرکەوتنی خوداوەندە لە شێوەی مرۆڤ، سەرەڕای کاریگەربوون بە ئایینەکانی دی و سەدەکانی ٨-٩ک/١٤-١٥ز بە سەردەمی دەرکەوتنیان دەخەمڵێندرێت.


کەلامخوانان و دەفتەردارانی ئەهلی حەق، بۆ پڕکردنەوەی شوێنی کارەکتەرە بنەڕەتی و پێکهێنەرەکانی ئایینەکەیان، پێویستییان بەداتاشین، یان خواستنی کەسایەتی هەبووە، ئەوجا یان خەیاڵیان بەگەڕخستووە و کەسایەتیی وەهمیان داهێناوە، یان دامەزرێنەران و ڕێبەرانی گرووپە شیعیەکانیان هێناوە و بەکوردیان کردوون و پایەی (شاه) و (بابا) یان پێبەخشیون وەک شاخۆشین و بابا ناووس و...

شاخۆشین سێهەم بەرجەستەبوونی خوداوەندە و یەکەمیانە لە کوردستان و شوێنکەوتووانی بە خۆشینان دەناسران، باباناووس و سوڵتان ئیسحاقیش چوارەم و پێنجەمن و هەر یەک لەم دۆنانە وەک ئیسماعیلیە، پێنج یاوەریان هەیە و چواریان ڕۆڵی فریشتەکان دەگێڕن و پێنجەمیشیان ژنە و دایکی دۆنەکەیە، یان ڕۆڵی فاتیمەی کچی پێغەمبەر دەگێڕێت و ئەم کەسایەتییانە بە موعجیزە و بەبێ باوک لەدایک بوون.

سوڵتان سەهاک کەسی یەکەمی ئاینی کاکەیی- ئەهلی حەقە و تەجەلای خوداوەندە لە کوردستان و لای هەموو دەستە و لقەکانی ئەهلی حەق شکۆدار و پایەرز و دانپێنراوە، کەچی ژیانی هەتا بڵێی ئاڵۆز و تەمومژاوییە و بەدروستی نازاندرێت لە چ سەردەمێک ژیاوە تا ئەو ڕادەیەی گومان لە هەبوونی بکرێت و لەنێو دەقەکاندا جیاوازییەکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی لە چ سەردەمێکدا ژیاوە، لێرەوە بۆمان ساخ بووەوە کە لە سەدەی ٨ک/١٤ز ژیاوە و گومانیش هەیە کە ئەو سوڵتان ئیسحاقە بێت ئەوەی گۆڕەکەی لە گوندی شێخانی هەورامانە.

# ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەنێوان کەلتوورو دەقدا





**کامەران جەمال**
لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٢
مامۆستا لەزابکۆی کۆیە.
تا ئێستا دوو کتێبی چاپ بووە.

## باسی یەکەم:
## پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەئیسلامدا

پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەئیسلامدا لە دەلاقەیەکی فەلسەفییەوە پەخش دەبێت کە ئەو دەلاقەیەش لەسەر ڕێزگرتنی جیاوازی بەرامبەر جێگیر بووە، جا جیاوازییەکە فکری و ئایدۆلۆژی بێت، یاخود ئاینی و مەزهەبی بێت، هەروەها لەسەر قبوولبوونی بەرامبەر ڕاوەستاوە، ئەمەش بەوە دەبێت بۆ دروستکردنی شارستانییەتێکی کۆمەڵایەتی کە هەوڵ و کۆششەکانی ئەم شارستانیە سوودی مرۆڤەکانە بەگشتی تێبکۆشین.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان لەسەر سێ بنەمای سەرەکی ڕاوەستاوە کەبریتییە لە:

١- جیاوازی و ڕا جیایی نیشانەو بەڵگەیەکی خوداییە: بەڵێ جیاوازی بۆچونەکان و بیروباوەڕو زمانەکان سونەتێکی خوداییە، خوای گەورە دەفەرموێت: (ولو شاء ربک لجعل الناس أمة واحدة ولا یزالون مختلفون)( هود: ١١٨). واتە: ئەگەر خودا بیویستایە ئێمە هەموو یەک دین و بیرو بۆچونمان دەبوو، بەڵام خوای گەورە ویستی ئێمە جیاوازو هەمە چەشن بین بۆیە هەر بەو شێوەش دەمێنینەوە.

هەتا هەندێ لەڕاڤەکەرانی قورئان دەڵێن: (وللإختلاف خلقهم) واتە: هەر بۆ ئەو جیاوازی و هەمە جۆرییە خوای گەورە دروستی کردوون.

٢- دینی ئیسلام دانی ناوە بەئازادی و جیاوازی ئاینییدا: مادام جیاوازی نێوان مرۆڤەکان نیشانەو بەڵگەیەک بێت لەنیشانەو بەڵگەکانی ئەم گەردوونە، کارێکی ئێجگار ئەستەمە کەوا مرۆڤەکان هەموویان لەسەر یەکجۆرە بیرکردنەوە ڕێک بکەون، کەواتە بەهیچ جۆرێکیش ناتوانن لەسەر یەک دین و بیروباوەڕی هاوبەش بن، وازانراویشە کە ئاینی ئیسلام بریتییە لەو ئاینە ئاسمانییە بەرزو پیرۆزەی کەدان دەنێت بەبونی هەموو بیروڕا جیاوازەکاندا، لێش دەگەڕێت کەهەرکەسەو لەسەر دینی خۆی بێ، بەمەرجێ ڕێگری نەکات لە بانگەوازی ڕێگای حەق و ڕاستی، وەک لەفەرمودەی خوای دلۆڤاندا هاتووە: (لکم دینکم ولی الدین) (الکافرون: ٢) واتە: دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم.

٣- هیدایەت و ڕێنمویکردن بۆ ڕێگای ڕاست تەنهاو تەنها لەدەستی خودایە کەکێ هیدایەت دەدات و کێ هیدایەت نادات و پاداشت و سزاش هەر لەدەستی ئەودایە.

موسڵمان باوەڕی وایە کە هیدایەت و ڕێنمویکردن لەدەستی ئەودا نییە بۆ هیچ کەسێک بەڵکو لەدەستی پەروەردگارایە بەتەنها.

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت بە پێغەمبەرەکەی: ( لیس علیک هداهم ولکن الله یهدی من یشاء) (البقرة،: ٢٧٢). واتە: (تۆ ناتوانی ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) بیانکەیت بە ئیماندار بەڵکو ئەوە خوای باڵا دەستە کە هیدایەتی لەژێر دەستدایەو ڕینومایی مرۆڤەکان دەکات بۆ ڕێگای حەق.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تەنها داوای لێکراوە کە پەیامی ڕاستی خودا بگەیەنێت و بیدا بەگوێی مرۆڤایەتیدا، وەک خوای گەورە دەفەرموێت: (فإن أعرضوا فما أرسلناک علیهم حفیظا إن علیک  إلا البلاغ) (الشوری: ٤٨) واتە: ئەگەر پشتیان تێکردی خۆ ئێمە تۆمان نەناردووە تا ببیتە چاودێر بەسەریانەوە بەڵکو تۆ تەنها پەیامی خودا دەگەیەنیت پێیان.

جا بە پشت بەستن بەوەی کە ڕابوورد نابێت موسڵمان لێپرسینەوە بکات لەگەڵ ئەو کەسانەی کەوا ئەم بانگەوازە وەرناگرن، بەڵکو لێپرسینەوە تایبەتە بە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها لە ڕۆژی قیامەتدا، خوای گەورە دەفەرموێت: ( فإن جادلوک فقل الله أعلم بما تعملون، الله یحکم بینکم یوم القیامة فیما کنتم فیه تختلفون) (الحج: ٦٨) واتە: ئەگەر موناقەشەیان لەگەڵ کردی بڵێ خوا ئاگادارە

بەوەی کە ئێوە دەیکەن، بەڕاستی خوای گەورە خۆی بڕیار دەدا لەڕۆژی دوایدا لەسەر ئەوەی کەوا ئێستا ڕای جیاوازتان هەیە لەبارەیەوە.

پاشان پێویستە بزانین سێ پەیوەندی پتەو هەیە هەموو مرۆڤەکان بە تێکڕا پێکەوە دەبەستێتەوە بەهەموو جیاوازییە ئاینی و تێڕوانینە فەلسەفیەکانیانەوە:

یەکەم: مرۆڤەکان بەگشتی بەبێ جیاوازی ڕەنگ و زمان و دین و بیروباوەڕیانەوە بران و دەچنەوە سەر یەک بەرەباب، خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (یا أیها الناس اتقوا ربکم الذی خلقکم من نفس واحدة) (النساء: ٢١) واتە: ئەی نەوەکانی ئادەم لەخودایە بترسن و پەرستشی بۆ بکەن کە هەمووتانی لەیەک کەسەوە دروست کردووە.

پێغەمبەریشمان (درودی خوای لێبێت) دەفەرموێت: (كلكم بنو آدم وآدم خلق من تراب)(١)، واتە: واتە ئێوە هەموو تێکڕا لە ئادەمن، ئادەمیش لە خۆڵە.

دووەم: ئێمە هەندێجار جگە لەبرایەتی مرۆڤایەتی برایەتییەکی دیکەش کۆمان دەکاتەوە کە بریتییە لە برایەتی نیشتمانی، وەک دەبینین خوای گەورە لە چەندەها ئایەتی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بۆ ئەم دەستە واژە دەکات، بۆ نموونە: (وإلى ثمود أخاهم صالحا) (الأعراف: ٧٣) واتە: ئێمە بۆ لای هۆزی سەمود براکەیان کەپێغەمبەر صالحە ناردمان، خۆ گومانی تێدا نییە ئەم برایەتییە هیچ پەیوەندی بە برایەتی دینییەوە نییە، چونکە هۆزی سەمودو پێغەمبەر صالح دینیان جیاواز بوو بەڵکو تەنها برایەتییەکی هاونیشتمانی بوون بووە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا. یاخود خوای گەورە لەشوێنێکی کەدا دەفەرموێت: (وإذ قال لهم أخوهم لوط ألا تتقون) (الشعراء: ١٦٠) یاخود:(وإلى مدين أخاهم شعيبا) (الأعراف: ٨٥) کە هەموو ئەم برایەتیانەی باسکراوە برایەتی هاونیشتمانی بوونە.

سێیەم: پێویستە بزانرێت جگە لەبرایەتی مرۆڤایەتی و هاونیشتمان بوون هەندێجار برایەتییەکی دیکەش پێکەوەمان دەبەستێتەوە، ئەویش برایەتی دینییە، هەر لەم ڕوانگەوەیە کەخوای پەروەردگار دەفەرموێت: (إنما المؤمنون اخوة)( الحجرات: ١٠) واتە: بەڕاستی موسڵمانان برای یەکدین.

لەپاش ئەم پێشەکییە دێینە سەر کرۆکی باسەکەی خۆمان کە بریتییە لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە نێوان کلتورو دەقدا:

بەڕاستی دروستبوونی ئاشتەوای کۆمەڵایەتی پێویستی بەچەند خاڵێک هەیە گرنگترینی ئەو خاڵانەش بریتیە لە:

١. سۆزو میهرەبانی: پێشەوا بوخاری دەگێڕێتەوە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) کەوا فەرمویەتی: (قبل النبي (صلى الله عليه وسلم) الحسن بن علي (رضى الله عنهما) وعنده الأقرع بن حابس، فقال الأقرع: إن لى عشرة من الولد ما قبلت منهم أحدا، فنظر اليه رسول الله (صلى الله عليه وسلم) فقال: من لا يرحم، لا يرحم) (٢) واتە: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لێبێت) جارێک ماچی حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی دەکرد لەوکاتەشدا ئەقرەعی کوڕی حابسی لابوو، ئەقرەع کەئەم ڕوداوەی بینی وتی: وەڵا من دە کوڕم هەیە بەڵام تا ئێستا ماچی هیچیانم نەکردووە، پێغەمبەریش (درودی خوای لێبێت) سەیرێکی کردوو فەرموی: ئەوەی سۆزو میهرەبانی بۆ بەندەکانی خوا نەبێت خواش سۆزو میهرەبانی بۆ ئەو نابێت).

یان پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (الساعى على الأرملة والمسكين كالمجاهد فى سبيل الله) (٣) واتە: ئەوکەسەی سۆزو میهرەبانی دەرژێنێت بەسەر بێوەژن و هەژاراندا پلەو پایەی وەک جەنگاوەر وایە

لەپێناوی خوادا.

٢. یەکێکی دی لەو خاڵانەی کە بە دەستپێکی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دادەنرێت بریتییە لە یەکگرتویی و یەکدەنگی لەسەر کاری خێرو چاکە، هەروەها یەکگرتویی نێوان کۆمەڵانی خەڵک لەکاری خێرو یارمەتیدانی کۆمەڵگادا، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (وتعاونوا على البروالتقوى، ولا تعاونوا على الإثم والعدوان) (المائدة: ٢) واتە: لەسەر کاری خێرو چاکە هاوکارو یارمەتی دەری یەکبن، بەڵام لەسەر کاری چەوت و ناشرین پاڵپشتی یەکدی مەبن).

٣. خۆشویستنی مرۆڤەکان بەگشتی: پێغەمبەری خودا( صلى الله عليه وسلم) ڕێنویمان دەکات بۆ دروستبوونی ئەو خۆشەویستییەو دەفەرموێت: (ألا أدلكم على شئ إذا فعلتموه تحاببتم، أفشوا السلام بينكم)(٤) واتە: ئایا شتێکتان پێ بڵێم کە ئەگەر جێ بەجێی کەن خۆشەویستی لەنێوانتان دروست ئەبێت: کەواتە سەلام لەیەکدی بکەن و هەواڵی یەکتری بپرسن هەتا لای یەک خۆشەویست بن.

٤. گفتوگۆی بەکۆمەڵ لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکدا هەتا لێکتێگەشتن و خۆشەویستی لەنێوانیان زیاتر بێت.

بەڵێ ڕەچاوکردنی ئەو سێ خاڵەی پێشو زۆر گرنگە بۆ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی چونکە مرۆڤەکان ئەگەر ئەم ئاشتەواییە نەبێت لە نێوانیاندا ئەوە لەناو ئاژاوەو گێژاوی گومڕایدا دەژین، ئەو کات لەناو جەنگەڵستانێکدا دەبن کە یاسای دارستان لەنێویاندا پەیڕەو دەکرێت، واتە: (بەهێز بێهێز دەخوات)، کەواتە مرۆڤ ئەوکات دەبێتە گورگ بۆ براکەی و هەوڵ دەدات بیخوات.

خاڵی جیاکەرەوەی زەمەنی جەنگەڵستان و شارستانیی بریتییە لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، واتە مرۆڤ ئەگەر بهاتبایە ئەو ئاشتەواییە کۆمەڵایەتیەی نەدیبایە ئەوا نەدەگەشتە ئەم پێشکەوتنەی ئەمڕۆی.

## باسی دووەم: هەندێ نموونەی زیندوو لەسەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی دەقەکانی مێژووی ئیسلام و کەلتوری وڵاتی کوردان:

یەکەم: ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی تێکستە ئیسلامیەکان:

أ- بەزۆر کەس ناکرێت بەموسوڵمان هەرچەند ئەو کەسە بگەڕێتەوە بۆ بنەچەیەکی ئیماندار، ئیمامی تەبەری و سیوتی بەسەنەدی خۆیان دەگێڕنەوە لە ئیبن عەباسەوە (ڕەزای خوا لەخۆی و باوکی بێت) کەوا دەگێڕێتەوە: (أن أبا حصين الأنصارى كان له ابنان قد تنصرا قبل الهجرة ولحقا بالشام، ثم عادا إلى المدينة فلزمهما، وأراد اجبارهما على الإسلام فأبيا، ثم احتكم الى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم) ليكرههما على الإسلام، وكان حجة والدهما قوله: يارسول الله أيدخل بعضي النار، وأنا أنظر؟) فأنزل الله تعالى: {لا إكراه فى الدين....} فخلى سبيلهما)( ٥) واتە: ئەبا حەصین کەلەپشتیوانانی مەدینە بوو دووکوڕی هەبوو کە بووبوون بە مەسیحی پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا کۆچ بکات بۆ مەدینە و دوای ئیمان هێنانیان بە مەسیحییەت کۆچیان کردبوو بۆ شام لەدوای هاتنی پێغەمبەری خوا بۆ مەدینە ئەوانیش گەڕانەوە، باوکیان کەبەهاتنەوەیانی زانی ڕۆشت گرتنی و دەیویست بەزۆر بیانکاتە موسوڵمان، بەڵام ئەوان ڕازی نەدەبون بەو پێشنیارەی باوکیان، پاشان باوکی حەصین عەرزو حاڵی خۆی گەیاندە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بەئومێدی ئەوەی پێغەمبەری خوا زۆریان لێبکات تا ببن بەموسڵمان، وەبەڵگەشی بۆ ئەم کارەی ئەوە بوو کە دەیوت ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) من چۆن بهێڵم هەندێک لە جەستەم لە دۆزەخدا بێت و خۆشم تەماشای بکەم! کەمەبەستی لەوەش کوڕەکانی بوو، جا لەم کاتەدا خوای گەورە ئایەتی (لا اكره فى الدين) نازڵ کرد، واتە بەزۆر کەس ناکرێت بە موسوڵمان هەرچەند

ئەو زۆر کردنە لەلایەن باوکیشەوە بێت.

ب- فەرمودەی حەجیماڵئاوایی کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەفەرمووێت: (فلا ترجعوا بعدی کفارا یضرب بعضکم رقاب بعض)(٦) واتە: لەدوای من مەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی بێدینی و نەفامی هەندێکتان لەگەردنی هەندێکی کەتان بدەن. وەک دەبینین پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئاژاوەو شێواندنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی شوبهاند بە بێدینی.

ت- جارێک جەنازەیەک تێپەڕی بەلای پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم)، ئەویش لەبەری هەستا، هاوەڵان پێیان وت: ئەوە جەنازەی جولەکە بوو ئەی ڕەهبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، لە وەڵامدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بۆ مەگەر ئەویش نەفسێک نییە وەکو ئێمە؟ ( وقد مرت بالنبی (صلى الله عليه وسلم) جنازة فقام، فقيل له إنها جنازة يهودي! فقال: أليست نفسا).(٧)

ئەم ڕەفتارەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بریتییە دەرخەری ئەو ڕێزەی کەوا خوای گەورە داویتی بە مرۆڤەکان بەگشتی بەبێ جیاوازی ئایین و مەزهەب و ڕەنگ و دەنگیان، هەروەک خوای گەورە لەشوێنێکی دیکەدا جەختی لەسەر دەکاتەوەو دەفەرموێت: (ولقد كرمنا بنی آدم وحملنهام فی البر والبحر) (الإسراء: ٧٠) واتە: بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لەنەوەکانی ئادەم گرتووە ......

ث- نموونەیەک لەسەر ڕاسترەوی و بێلایەنی دادگا لەسەردەمی زێڕینی ئیسلامیدا: خەلیفەی موسوڵمان عەلی کوڕی ئەبو تالب لەگەڵ جولەکەیەکدا بوو بەکێشەیان لەسەر قەڵغانێک، خەلیفە دەیوت قەڵغانی منەو بردووتە، جولەکەکەش دانی بەوەدا نەدەنا، بۆیە کێشەکەیان برد بۆلای قازی شورەیح، قازی شورەیحیش ڕووی کردە ئیمامی عەلی و فەرمووی: ئەی گەورەی ئیمانداران ئایە شایەتت هەیە؟ ئیمامی عەلیش فەرمووی: بەڵێ حەسەنی کوڕم شایەتیم بۆ ئەدات کە ئەم قەڵغانە هی منە، قازی شورەیحیش وتی: ئەی گەورەی ئیمانداران شایەتی کوڕ بۆ باوک وەرناگیرێت و ناخوات، ئیمامی عەلیش فەرمووی: سبحان الله گەواهی دانی کەسێک کەوا موژدەی بەهەشتی پێدراوە ناخوا؟ قازی شورەیحیش وتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران ئەوە مژدەی ئەو دونیایە ئێمە ئێستا باسی ئەم دونیا دەکەین، لەم دونیاش گەواهی کوڕ بۆ باوکی ناخوات، ئیمامی عەلیش فەرمووی: ڕاستت کرد قەڵغانەکە هی جولەکەکەیە، لەم کاتەدا جولەکەکە وتی: سەیرە گەورەی بڕواداران دەمباتە لای قازی خۆی ئەویش فەرمان دەدات بەدژی ئەو! بەڕاستی ئەم دینەی کەئەوانی لەسەرن دینێکی ڕاست و دروستە و لەلایەن خواوە هاتووە بۆیە دەڵێم: (أشهد أن لا اله الا الله وأشهد أن محمدا رسول الله) پاشان وتی: بەڕاستی قەڵغانەکە قەڵغانی خۆتە ئەی ئەمیری موسڵمانان، شەو کەدەرۆشتی لێت کەوت و من هەڵم گرتەوە، ئیمامی عەلیش لەپاداشتی ئەوەی کە بڕوای بەخوا تاقانە هێنا قەڵغانەکەی پێبەخشي(٨).

ئەمەیە بنەمای دادپەروەری لە ئیسلامدا کەباسی لێوە دەکەین، لەگەڵ ئەم بنەمایەشدا بنەمایە دیکەمان هەیە پێی دەوترێت بنەمای ئازادی لەژێر ڕۆشنای ئایەتی: (فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر)( الكهف: ٢٩) واتە: کێ دەیەوێت با باوەڕ بێنێت کێش دەیەوێت با بێباوەڕ بێت.

ج- ئیمامی بوخاری لە کتێبی (الأدب المفرد)دا دەفەرمووێت: لە موجاهیدەوە دەگێڕنەوە گوێی لە عەبدوڵای کوڕی عومەر بووە دەیوت بەبەندەیەک لەبەندەکانی کەحەیوانی بۆ پاک دەکرد هەرکات لێبویتەوە لە چاککردنی حەیوانەکەو لەتکردنی لەدراوسێ جولەکەکەمانەوە دەست پێ بکە، یەکێ لەدانیشتوانی مەجلیسەکە وتی: لە جولەکەکەوە دەست پێ بکات خوا بتخاتە سەر ڕێی ڕاست!

ئەویش فەرموی: (سمعت النبی (صلى الله عليه وسلم) يوصي بالجار حتى خشينا أنه سيورثه) (٩). واتە: گوێمان لەپێغەمەر بوو (درودی خوای لێبێت) هێندە وەسیەتی دەکرد بەدراوسێ هەتا وا گومانمان دەبرد کەدراوسێ میرات لە دراوسێ دەبات.

دووەم: هەندێک نمونە لەسەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی کلتووری کوردەوارییەوە:

أ- دوای کۆتایی هاتنی ئاگربەست لەنێوان ڕێچارد دڵی شێر (ریچارد قلب الأسد) و صەلاحەدینی ئەیوبیدا، ڕێچارد نەخۆشییەکی قورسی توش بوو، بۆیە نوێنەری خۆی نارد بۆلای صەلاحەدینی ئەیوبی و دوای میوەو سەهۆڵی لێکردا، صەلاحەدینیش فەرمانی کرد کەوا هەردەوکیانی بۆ ببرێت(١٠).

ب- لەکاتێکدا شەڕ ڕوویدا لەنێوان صەلاحەدین و ڕێچارد دڵی شێردا، ئەسپەکەی ڕێچارد لەناو مەیدانی جەنگدا پێکراو مردار بووەوە، بۆیە بەناچاری ڕێچارد بەبێ ئەسپ لەسەر زەوی شەڕی دەکرد، لەکاتێکدا کەئەو لەو حاڵ و گوزەرانەدا بوو گوێی لەدەنگێک بوو کەبەرز دەبووەوە لە نێو سەربازگەی موسڵمانانەوە کەچەند سەربازێک بەرو رووی سەربازگەی ئەمان دەهاتن و دەیان وت دوور کەونەوە لەپاشای فەرەنسا، تا لەکۆتاییدا یەکێک لەسوارەکان بەنێو سەربازانی خاچپەرستاندا تێپەڕی و هات بەرەو ڕوی ڕێچارد کەخۆی لەسەر ئەسپێک بوو وەئەسپێکی کەشی بەدەستەوە بوو کەنزیکی ڕێچارد بووەوە هەردوو ئەسپەکەی پێش کەش کرد، پاشان وتی: صەلاحەدین کاتێک بینیویەتی کەوا پاشاتان بەبێ ئەسپ شەڕ دەکات ئەم دوو ئەسپەی بۆ نارد کەبەڕاستی لەهەرە ئەسپە باشەکانی ئێمەن، هۆکاری ئەم کارەشی ئەوە بوو کەوا تا شەڕەکە کۆتایی دێت ئەو لەسەر ئەسپ بێت، چونکە پاشایەکی وەک ئەو شایستەی ئەوەیە هەر بەسواری بجەنگێت(١١).

ت- لەکاتی جەنگی نێوان موسڵمانان و خاچپەرستاندا ژنێک لە خاچپەرستەکان هات بۆ بارەگای صەلاحەدین و دەگریا کەپرسیاریان لێکرد بۆ دەگریت وتی: چونکە منداڵەکەی لێ ون بووە، صەلاحەدین ( ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرمانیدا بە کۆمەڵێک لە پاسەوانەکانی کەوا بڕۆن بگەڕێن تا منداڵەکەی بۆ بدۆزنەوەو بیدەنەوە دەستی(١٢).

ث- بۆچونی شێخ سەعیدی نوورسی دەربارەی مەسیحێکان: لەکاتێکدا کەوا شێخ سەعیدی نوورسی کرابوو بە لێپرسراوی هێزی سوارەی حەمیدییە لە دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەم هێزەش بارەگاکەیان لەناوچەی (موش) بوو، هەر لەم کاتەدا کە جەنابیان ئەم بەرپرسیارێتەیان هەبووە، جەنراڵێکی تورکی کەناوي: (نور وەیس) بووە فەرمانی پێدەکات کە هەر ئەرمەنییەک لەوناچەی ژێر دەستی ئەودا دەژین کۆیان بکاتەوە بەبێ گوێدانە جیاوازی ڕەگەزو تەمەنیان بیان کوژێت، بۆیە نوورسیش ڕەحمەتی خوای لێبێت (١٥٠٠) ئەرمەنی کۆکردەوە لەهەردوو ڕەگەز پاشان فەرمانی کردوو بردنییە پێشەوەی بەرەکانی جەنگ تا نزیکی کردنەوە لەهێڵی بەیەک گەشتنی هێزەکانی ڕوس و تورکە عوسمانییەکان، هەر لەوجێگەیەدا لە شیوێکدا جێگیری کردن و نان و ئاوی پێدان هەتا عەسریان بەسەردا هات، پاشان فەرمانی کرد بەیەکێک لە ئەرمەنەکان کەوا بڕوات بۆلای سوپای ڕوسیاو ئامۆژگاری کرد کەوا تا دەگاتە ناو سەنگەری ئەوان بەهەمیشەی هاوار بکات و بڵێت ئەرمەنم ئەرمەنم هەتا نەکوژرێت، وتی: کە گەشتیتە لایان بزانە ئامادە باشییان تێدایە تا ڕێگا واڵاکەن لەڕۆشتنی ئەرمەنەکانی دیکە بۆلایان، تا لەکوشتار قوتاریان ببێت؟ دەڵێن: ئەرمەنییەکە کە گەشتە لای سەربازانی ڕوسی فەرماندەکەیان ئامادە باشی خۆی دەربڕی بۆ وەرگرتنی هەموو ئەرمەنەکان، بەم ڕێگەیە شێخ سەعیدی نوورسی توانی نزیکەی (١٥٠٠) ئەرمەنی بێتاوان لەمردن

> هەتا ئێستاش موسڵمان و مەسیحی وکاکەییەکانی کوردستان بەدەمر خۆشی وناخۆشی یەکەوەن.

ڕزگار بکات(١٣).

ج- هەڵوێستی شێخ عەبدول سەلامی بەرزانی بەرام بەر بە کریستانەکان: مەندوبی بەریتانی لە عێراق بەڕاشکاوی ستایشی ڕۆڵی شێخ عەبدول سەلامی بەرزانی دەکات لەپاراستنی کریستانەکان و دەڵێت: شێخ عەبدول سەلام پارێزەری مەسیحێکانە لە کوردستاندا (١٤).

ح- دەڵێن جارێک کاک ئەحمەدی شێخ بەگاورێک دەڵێت بۆ موسڵمان نابیت؟ ئەویش دەڵێت: بەخوا یاشێخ ئەگەر موسڵمانی وەک تۆ وابێت ئەوا من ئەو هەموو ئیلتیزاماتەم بۆ جێ بەجێ ناکرێت، ئەگەر موسڵمانێتی وەک ئەو خەڵکە دەست بڕەی ناو بازاڕیش بێت ئەوە هەر گاورێکەی خۆم باشترە(١٥).

خ- هەتا ئێستاش موسڵمانان و مەسیحی و کاکەییەکانی کوردستان بەدەم خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکەوەن و لەکاتی بۆنە جیاوازەکاندا سەردانی یەکتری دەکەن.

د- مامۆستایەکی قوتابخانەی کۆیە بۆی گێڕامەوە، لەکاتی لەدایکبوونی سەروەری مرۆڤایەتی محمد (درودی خوای لێبێت) بانگهێشتنامەمان نارد بۆ هەموو دایکان و باوکانی قوتابیانی قوتابخانەکەمان کە ئامادە بن لە ئاهەنگێک بەو بۆنەیەوە سازدەکرێت، وتی لەبیرمان نەبوو یەکێک لە قوتابییەکانمان مەسیحییە، بانگهێشتنامەمان نارد بۆ دایک و باوکی ئەویش، وتی بیرمان بوایە بۆمان نەدەنارد تاوەکو احراج نەبێت، ئەگەر ئامادەبوونی لەو بۆنەدا پێ خۆش نەبێت، لەبەر جیاوازی ئایین، گێڕایەوەو وتی: بەڵام کەبەیانی هات و میوانان ئامادە بوون دایک و باوکە مەسیحیەکە ئامادە بوون و کێکێکی گەورەشیان هێنابوو بەو بۆنەیەوە!(١٦). بەڕاستی ئەمە تاکە شتێک کەدەریدەخات بریتییە لەڕێزی دینە جیاوازەکان بەرامبەر بەیەکتر لەکوردستاندا.

لەکۆتاییدا بەقسەیەکی ئیمامی شافعی کۆتایی بە باسەکەم دێنم دەفەرمووێت: ( رأی أجده صائبا ویحتمل الخطأ، ورأی غیری أجده خاطئا ویحتمل الصواب)(١٧).

واتە: واتە بۆچونی خۆم بەڕاست دەبینم بەڵام دەشکرێ هەڵە بێت، بۆچونی غەیری خۆم بەهەڵە دەبینم بەڵام دەشکرێ ڕاست بێت.

# پەڕاوێزەکان


١.	البحر الزخار المشهور بمسند البزار، تأليف: أبوبكر أحمد بن عمرو بن عبدالخالق المعروف بالبزار، الناشر: مكتبة العلوم والحكم، المدينة المنورة- السعودية، ط(١) ٢٠٠٩م، ج٧، ص٣٤٠.

٢.	مسند الإمام أحمد بن الحنبل، أبو عبدالله أحمد بن محمد بن حنبل الشيباني، الناشر: مؤسسة الرسالة، ط(١) ٢٠٠١م، ج١٦، ص٣٩٣، رقم الحديث: ١٠٦٧٣.

٣.	موطأ الإمام مالك، مالك بن أنس الأصبحي، الناشر: مؤسسة الرسالة، ط(١) ١٤١٢هـ ج٢، ص٨٦، رقم الحديث: ١٩١٥.

٤.	الجامع الكبير المشهور بسنن الترمذي، محمد بن عيسى بن سورة الترمذي، المحقق: بشار عواد معروف، الناشر: دار الغرب الإسلامي، بيروت- لبنان، ط(١) ١٩٩٨م، ج٤،ص٣٤٩، رقم الحديث: ٢٦٨٨.

٥.	الكشف والبيان عن تفسير القرآن، أحمد بن محمد بن ابراهيم الثعلبي، الناشر: دار احياء التراث العربي، بيروت- لبنان، ط(١) ٢٠٠٢م، ج٢، ص٢٣٤.

٦.	المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم)، مسلم بن الحجاج النيسابوري، الناشر: دار احياء التراث العربي، بيروت- لبنان،، ط(١) بدون سنة الطبع، ج١، ص٨١، رقم الحديث: ٢٩.

٧.	الصحيح البخاري، محمد بن اسماعيل البخاري، دار الطوق النجاة، ط(١) ١٤٢٢هـ ج٢، ص٨٥، رقم الحديث: ١٣١٢.

٨.	السنن الكبرى، أحمد بن الحسين بن موسى البيهقي، الناشر: دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، ط(٢)، ٢٠٠٣م، ج(١٠)، ص٢٣٠، رقم الحديث: ٢٠٤٦٥.

٩.	الأدب المفرد، محمد بن اسماعيل البخاري، تحقيق: فؤاد عبدالباقي، الناشر: دار البشائر الإسلامية، ط(٣) ١٩٨٨م، ج١، ص٥٨، رقم الحديث: ١٢٨.

١٠.	النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية، ابن شداد، تحقيق: جمال الدين الشيال، ط(١) القاهرة: ١٩٦٤م، ص١٢٧.

١١.	المصدر نفسه، ص: ١٢

١٢.	المصدر نفسه، ص: ١٦١.

١٣.	الآغا والشيخ والدولة، مارتن فان برونسون، ترجمة: أمجد حسين، بيروت، ط(١) ٢٠٠٨م، ج٢، ص٥٥١.

١٤.	بهدينان فى أواخر العهد العثمانى ١٨٧٦-١٩١٤، أربيل- العراق، مطبعة: خاني، ط(١) ٢٠٠٧م، ص١٣٩.

١٥.	لەزۆرێک لەکەسە بەتەمەنەکانم بیستووە.

١٦.	م. ساز جواد فقى، مامۆستا لەقوتابخانەى کورد جینێس لەشارى کۆیە، ١٢/١٢/ ٢٠١٨.

١٧.	الأشباه والنظائر على مذاهب أبى حنيفة النعمان، زين الدين بن ابراهيم بن محمد المعروف بابن نجيم المصري، الناشر: دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، ط(١) ١٩٩٩م، ص٣٣.



# گرنگی پرسیار و وەڵام و ئادابەکانی



**ئیمداد تەها**
لەدایکبووی ١٩٩٠
بەکالۆریۆس لە زانستە ئیسلامییەکان.
چەندین وتاری بڵاوکراوەی هەیە

پرسیارکردن, گرنگییەکی تایبەت بە خۆی هەیە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەر (د.خ), یەکێکە لەو ڕێگەیانەی کەوا بەهۆیەیەوە فێرخواز و هەرکەسێک مەبەستی بێت بە ڕاستی بگات و لە بابەتێک تێبگات دەتوانێن, ئەم ڕێگەیە بگرێتە بەر و لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە, بە مەبەستی خۆی بگات.

زانایانیش زۆر باسیان لەم ڕێگەیەی خۆڕۆشنبیرکردن و وەدەستخستنی زانیارییە کردوە و گرنگی تایبەتیان پێداوە.

لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزدا خودای گەورە ئاماژەی بە بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە کردوە و دنەی خەڵکی داوە پرسیار بکەن. دەفەرموێت: **(وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ إِلا رِجَالاً نُوحِي إِلَيْهِمْ فَاسْأَلوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ)**. بە گەلی قورەیش دەفەرموێت: ئەگەر ئێوە گومانتان وایە کەوا پێش ئەم پێغەمبەرە (محمد) هەر پێغەمبەرێکی دیکەمان ناردبێت ئەوا لە مرۆڤایەتی نەبووە و فریشتە بووە، با پرسیار لە زانایانی گاور و جولەکە بکەن، کە ئەوان دەزانن و زانستیان دەربارەی پێغەمبەران هەیە(١).

هەروەها, لە هەندێک فەرموودەدا گرنگی پرسیارکردن دەردەکەوێت, لەم فەرموودانەدا پێغەمبەر درودی خودای لێبێت هانی هاوەڵان و ئامادەبوانی دانیشتنەکانی داوە کەوا پرسیاری لێبکەن:

((عن أبي زرعة عن أبي هريرة قال قال رسول الله صلى الله عليه و سلم سلوني فهابوه أن يسألوه فجاء رجل فجلس عند ركبتيه فقال يا رسول الله ما الإسلام ؟ قال لا تشرك بالله شيئا وتقيم الصلاة وتؤتى الزكاة وتصوم رمضان..)(٢). عن ابن شهاب أخبرني أنس بن مالك أن رسول الله صلى الله عليه و سلم خرج حين زاغت الشمس فصلى لهم صلاة الظهر فلما سلم قام على المنبر فذكر الساعة وذكر أن قبلها أمورا عظاما ثم قال من أحب أن يسألني عن شيء فليسألني عنه فوالله لا تسألوني عن شيء إلا أخبرتكم به ما دمت في مقامي هذا)).(٣)

هەروەها, لە چەند فەرموودەیەکی دیکەشدا پێغەمبەر (د.خ), شێوازی پرسیارکردنی کردووە بە ڕێگەیەک بۆ فێرکردنی خەڵک و گەیاندنی زانیاری پێیان و ویستبێتی زانیاریەکیان پێ بدات دەربارەی شتێک لێی پرسیوون ئایا دەزانن فیسارشت چییە؟ چۆنە؟ یان فەرموویەتی ئایا هەواڵتان پێنەدەم دەربارەی فیسارشت و فیسارشت. بۆ نموونە: ((قال أتدرون ما الكوثر ؟ (٤). فقال (أتدرون أي يوم هذا؟) (٥). قال أتدرون ما المفلس ؟( ٦). قال أتدرون ما الغيبة ؟ (٧). قال النبي صلى الله عليه وسلم (ألا أنبئكم بأكبر الكبائر))(٨).

هەروەها, هەندێک جاریش پێغەمبەر (د.خ) بەجۆرێک فەرمایشتێکی فەرمووە کەوا بە پرسیارکردن لێی تێبگەن و داوای ڕوونکردنەوەی لێبکەن. هەڵبەت دەکرێت مەبەست لەمکارەی ئەوەبوبێت تاوەکو لەڕێگەی ئەم پرسیارکردن و دوای ڕوونکردنەوەوە باشتر تێی بگەن و گرنگی زیاتری پێبدەن. چونکە ئاشکرایە وتەیەک بە یەکجاربیستن تێی بگەیت و پێویستی بە ڕوونکردنەوە و پرسیارکردنی لەدوو نەبێت گرنگیدات تێیدا کەمترە، لە تێگەشتن لە شتێک بە پرسیار و ڕوونکردنەوە تێی دەگەیت.

ئەمجۆرە ڕەفتارکردنە لە کەلتووری کوردیشدا هەیە و زۆرجار گوێمان لێبووە, کاتێک دووکەس پێکەوە گفتوگۆیان کردوە یەکێکیان قسەیەکی کردوە و بە بەرامبەرەکەی وتووە: تۆ بڵێ چۆن؟ بۆئەوەی زیاتر تێی بگەیەنێت. هەر لە سەرەتاوە بۆجۆرێک قسەکەی ناکات پێویست نەکات ئەو پرسیارە بکات.

نموونە: (عن أنس رضي الله عنه قال: قال رسول الله صلى الله عليه و سلم (انصر أخاك ظالما أو مظلوما). قالوا يا رسول الله هذا ننصره مظلوما فكيف ننصره ظالما ؟ قال (تأخذ فوق يديه). (٩)

هەروەها, عەلی کوڕی ئەبی تالیب, دەیگێڕێتەوە,

پێغەمبەر درودی خودای لێبێت فەرموویەتی: «العلم خزائن، ومفتاحه السؤال, فاسألوا يرحمكم الله, فإنه يؤجر فيه أربعة: السائل, والمعلم, والمستمع, والمحب لهم».(١٠) واتە: زانست گەنجینەیەوە و کلیلەکەی پرسیارکردنە, بپرسن ڕەحمەتی خوداتان لێبێت, لە پرسینیدا چوار کەس پاداشت وەردەگرێت: پرسیارکار, مامۆستا, ئەوەی گوێیان لێدەگرێت, ئەوەی حەز بەو گفتوگۆیە دەکات و پێی خۆشە.

پێشەوا ئیبن عەبدولبەڕ لەمبارەیەوە دەروازەیەکی کردوەتەوە لە ژێر ناوی: (**بَابُ حَمْدِ السُّؤَالِ وَالْإِلْحَاحِ فِي طَلَبِ الْعِلْمِ وَذَمِّ مَا مُنِعَ مِنْهُ**). ئەم فەرموودە و وتانەی هێناوە لەسەر پرسیارکردن.

خاتوو عائیشە دەربارەی گرنگی پرسیارکردن دەفەرموێت: «**رَحِمَ اللَّهُ نِسَاءَ الْأَنْصَارِ لَمْ يَمْنَعْهُنَّ الْحَيَاءُ أَنْ يَسْأَلْنَ عَنْ أَمْرِ دِينِهِنَّ**». واتە: ڕەحمەتی خودا لە ئافرەتە پشتیوانەکان بێت شەرمکردن ڕێگری لێنەکردن لە پرسیارکردن دەربارەی کاروباری دینەکەیان.

عەبدوڵای کوڕی مەسعود پرسیارکردنی بە ڕێگەی تێگەشتنی زانست داناوە و هانی خەڵکی داوە بۆ ئەوەی زانست وەربگرن و ئەوەی نایزانن فێری بن( گەرەکیەتی پێمان بڵێت بپرسن). دەفەرموێت: «**زِيَادَةُ الْعِلْمِ الِابْتِغَاءُ، وَدَرْكُ الْعِلْمِ السُّؤَالُ فَتَعَلَّمْ مَا جَهِلْتَ وَاعْمَلْ بِمَا عَلِمْتَ**».

هەروەها پێغەمبەر درودی خودای لێبێت لە پاش ئەوەی بەسەرهاتی ئەو پیاوەیان بۆ گێڕایەوە کەوا سەری توشی برین بووە و دواتر توشی لەشگرانی بووە، داوای مۆڵەتی کردوە خۆی نەشۆرێت, بەڵام فەرمانیان پێکردوە خۆی بشۆرێت و کابرا بەهۆی ئەو خۆشۆرینەوە برینەکەی سیرایەتی کردووە و مردووە. پێغەمبەر (د.خ) کاتێک ئەمەی بیستوە فەرموویەتی: کوشتیان خوا بیانکوژێت مەگەر نازانن چارەسەری دەردی نەزانی پرسیارکردنە؟ با خۆی بشۆرییایە و شوێنی برینەکەی نەشۆرریایە.

هەروەها گێڕدراوەتەوە لە هۆنراوەیەکدا, نەزانییان چواندوە بە کوێری و چارەسەرەکەشیان بە پرسیارکردن داناوە: (**إِذَا كُنْتَ فِي بَلَدٍ جَاهِلًا ... وَلِلْعِلْمِ مُلْتَمِسًا فَاسْأَلِ**
**فَإِنَّ السُّؤَالَ شِفَاءُ الْعَمَى ... كَمَا قِيلَ فِي الْمَثَلِ الْأَوَّلِ**).

فەرزدەق وویەتی: (**أَلَا خَبِّرُونِي أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَا ... سَأَلْتُ وَمَنْ يَسْأَلْ عَنِ الْعِلْمِ يَعْلَمِ**
**سُؤَالُ امْرِئٍ لَمْ يَعْقِلِ الْعِلْمَ صَدْرُهُ ... وَمَا السَّائِلُ الْوَاعِي الْأَحَادِيثَ كَالْعَمِ**).

ئیمامی عومەریش فەرموویەتی: (**مَنْ عَلِمَ فَلْيُعَلِّمْ وَمَنْ لَمْ يَعْلَمْ فَلْيَسْأَلِ الْعُلَمَاءَ..**). هەرکەس فێربووە با خەڵک فێر بکات, هەرکەسێکیش فێر نەبوە با پرسیار لە زانایان بکات.

عەبدولعەزیزی کوڕی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرموویەتی: «**مَا شَيْءٌ إِلَّا وَقَدْ عَلِمْتُ مِنْهُ إِلَّا أَشْيَاءَ كُنْتُ أَسْتَحِي أَنْ أَسْأَلَ عَنْهَا فَكَبِرْتُ وَفِيَّ جَهَالَتُهَا**». هیچ شتێک نیە لە بارەیەوە نەمزانیبێت, مەگەر شتانێک کەوا شەرمم کردبێت لە بارەیەوە بپرسم و تاوەکو گەورەش بووم ئەو نەزانینەم تێدایە دەربارەی.(١١).

## تایبەتمەندییەکانی پرسیارکردن لە قورئاندا

١/ پرسیارە قورئانییەکان چارەسەری کۆمەڵێک کێشە و گرفتی کردووە کەوا بەرۆکی خەڵکی گرتووە, چەند بوارێکی گرتوەتەوە: أ- کۆمەڵە بابەتێک کەوا نهێنی و پەنهانن, وەک پرسیارکردن دەربارەی هاتنی ڕۆژی دوایی. قورئانی پیرۆز هاتووە ئەو پرسیارەی خەڵکی کە لە پێغەمبەریان کردوە (د.خ) هێناویەتی و پاشانیش بە جوانترین شێوە و بە شێوەیەکی بڕواپێهێنەر وەڵامی داوەتەوە. دەفەرموێت: {**يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ**}. الأعراف: ١٨٧.

ب- پرسیارکردن دەربارەی بەخشین و ئەوبابەتانەی پەیوەستن بە داراییەوە. دەفەرموێت: {**يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ**}. البقرة: ٢٥٢.

ج- پرسیارکردن دەربارەی جەنگ و خەزاکردن و کات و شوێنی جەنگان لەگەڵ بێباوەڕان. (**يَسْأَلُونَكَ**

> قورئانی پیرۆز گفتوگۆی پرسیار ئامێزی کردووە بەڕێگەیەک تاوەکو مرۆڤ بەهۆیەوە بیروباوەڕی ڕاست بدۆزێتەوە.

عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ}. (البقرة: ٢١٧.)

د- پرسیارکردن دەربارەی شتانێک کەوا خودای گەورە دەیەوێت حوکمی یەکلاکەرەوە لەبارەیانەوە بدات. {يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ}. البقرة: ٢١٩.

هـ- شتانێک کە پەیوەندیان بە باری تەندرووستییەوە هەیە: {وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ}. (البقرة: ٢٢٢)

و- پرسیارکردن دەربارەی مێژو و بەسەرهاتی ڕابردووان: {وَيَسْأَلُونَكَ عَنْ ذِي الْقَرْنَيْنِ}.( الكهف: ٨٣)

ز- پرسیارکردن دەربارەی شتانێک لە مرۆڤایەتی نادیار و ناڕوونە: {وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ}. (الإسراء: ٨٥)

ح- پرسیارکردن دەربارەی هەندێک لە دیاردە گەردوونییەکان: {وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْجِبَالِ}. (طه: ١٠٥)

ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئەم ڕێبازە بگیرێتە بەر لە پەروەردەکردندا و کەسی شارەزا و وانەبێژ بوار بۆ فێرخوازان بڕەخسێنێت تاوەکو پرسیار لە هەربوارێک بکەن کەوا گرفتیان دەربارەی هەیە. (١٢)

٢/ لە قورئانی پیرۆزدا گفتوگۆی پرسیارئامێزی کردووە بە ڕێگەیەک تاوەکو مرۆڤ بە هۆیەوە بیروباوەڕی ڕاست بدۆزێتەوە و خۆی لە بێباوەڕی و گومان بارێزێت: {وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ}. (العنكبوت: ٦١).

قورئانی پیرۆز فەرمانمان پێدەکات لەکاتی گفتوگۆ کردن لەگەڵ بێباوەڕان و بۆ بڕواپێهێنانیان لەگەڵ عەقڵ و بیریان بدوێین و بەم پرسیارانە کە دەفەرموێتلێییان بپرسن کێیە ژێنەر، مرێنەر، ڕۆزیدەر، هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی گەردوون.. هتد. بێگومان لە وەڵامدا دەڵێن تەنها خودایە و، لەوێشەوە ئەوەیان خودای گەورە ویستی لێیێت ڕێنمونی وەردەگرێت و بۆی ڕووندەبێتەوە خودایەک ئەم هەموو کارەی بۆ بکات، نابێت هاوەڵی بۆ بریار بدرێت و دەبێت بە تەنێ بپەرسسترێت.

٣/ ڕێنومایمان دەکات لە کاتی پرسیارکردن و گەران بە شوێن ڕاستیدا لە سەرچاوەری خۆی و کەسانی شارەزا و شیاو بپرسین و وەڵامیان لێوەربگرین. دەفەرموێت: {فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ}. (النحل: ٤٣)

### تایبەتمەندییەکانی وەڵام لە قورئانی پیرۆزدا

ئەو وەڵامانەی قورئان داویەتییەوە کۆمەڵە تایبەتمەندییەکیان هەیە، ئەر هەریەکێک لەو تایبەتمەندیانە ڕەچاوبکرێن و لەبەرچاو بگیرێن کەسی پرسیارکار دەتوانێت بڕوا بهێنێت. هەروەها کەسی وانەبێژ کاتێک وەڵامی پرسیاری فێرخوازان دەداتەوە هەوڵ بدات وەڵامەکەی یەکێک لەم تایبەتمەندیانەی تێدا بێت فێرخواز دەتوانێت بڕوای پێبهێنێت باش لە وانەکە تێبگات و پەروەردە ببێت.

١/ وەڵامی پرسیارەکان بە شێوەیەک دراوەتەوە کەوا پەیوەستی بارودۆخ و لێکەوتەکانی پرسیارلێکراو کراوە. لایەنە ئەرێنی

و نەرێنییەکانی خراوەتە ڕوو. ئەو مەبەستەی کە قورئان ویستویەتی بیگەیەنێت بەجۆرێک گەیاندوویەتی کەسی پەرسا بەجۆرێک وەڵامی دەستکەوتووە کەوا بەچاوی خۆی و بیبینێت و بچێتە نێو بارودۆخەکەوە. دەفەرموێت: {يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِما}. (البقرة: ٢١٩)، قورئان وەڵامی ئەوکەسەی داوەتەوە دەربارەی شەراب و قومار پرسیاری کردووە, کەوا بەڵێ سوودیان هەیە، بەڵام زیانەکەیان زیاترە. ئەمەش شتێکی بینراوە و کەسەکە بۆخۆی لەناو دۆخەکەدایە.

٢/ لەکاتی وەڵامدانەوەدا ڕەچاوی لایەنی باشە و خراپە (الخير والشر) ی کردووە و هەوڵیداوە ئاستی خێر و شەڕی تێدا دیاری بکات و ئەوجا حوکمەکەی باس بکات, جا ئەوکاتەش کەسی پرسیارکار دەتوانێت بەچاوبرینە لایەنە زۆرەکەی تێیدا بروا بهێنێت. وەک لەو ئایەتەدا دەردەکەوێت کە باس لە حەرامبوونی شەراب و قومار دەکات، پێمان دەفەرموێت شەڕ و خراپەی لە خێری زیاترە.

هەڵبەت دیاریکردنی خێر و شەڕیش لە ئیسلامدا پێودانگی تایبەت بە خۆی هەیە و جیاوازە لە دیاریکردنی خاوەن دیدەکانی دیکە. ئەگەر بەلای خەڵکانێکەوە پێوەری دیاریکردن و هەژمارکردنی شتێک بە خێر, تەنها چاوبرین بێت لە دوونیا ئەوە لە ئیسلامدا ڕەچاوی قیامەتیش کراوە و ئەر کردەوەیەک هەرچەن لە دوونیادا بۆ خاوەنەکەی سوودی هەبێت، بەڵام لە قیامەت زیانی هەبێت، ئەوە بە خێر هەژمار ناکرێت.

٤/ لە کاتێکدا قورئان وەڵامی پرسیارێکی داوەتەوە کە پرسیویانە دەربارەی خراپەیەک, ئەوە قورئان لەگەڵ ئەوەدا باسی خراپەیەکی دیکەی بۆ کردوون تاوەکو بەو پرسیارەی کە دەیانەوێت موسوڵمانان عەیبدار بکەن, نەنگییەکانی خۆیان وەبیر بێتەوە کە تێیدان. دەفەرموێت: {يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِنْدَ اللَّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ}. (البقرة: ٢١٧)

٥/ لە کاتی وەڵامدانەوەدا ڕێنمونی مرۆڤەکان دەکات کە ئاخۆ کردنی ئەم پرسیارە کەڵکێکی هەیە بۆیان نییەتی، هانیشی داون تاوەکو کارێک بکەن لە کردنی ئەم پرسیارە باشتر بێت بۆیان. {يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا فِيمَ أَنْتَ مِنْ ذِكْرَاهَا إِلَى رَبِّكَ مُنْتَهَاهَا إِنَّمَا أَنْتَ مُنْذِرُ مَنْ يَخْشَاهَا}. (النازعات: ٤٢ – ٤٥)، لەکاتێکدا پرسیویانە دەربارەی هاتنی ڕۆژی دوایی ئەوەی ڕوون کردوەتەوە کەوا ئەنجامدانی کردەوەی باش لە کردنی ئەم پرسیارە باشترە و با خۆیانی پێوە سەرقاڵ نەکەن.

٦/ وەڵامەکانی قورئان لە هەندێک باردا پڕاوپڕ هێندەی پرسیارەکەن و بە هێندەی پرسیارەکە وەڵام هاتووە. لە هەندێک باریشدا وەڵامێک هاتووە کۆمەڵەشتانێکی دیکەش دەگرێتەوە کە لە پرسیارەکەدا نەهاتووە, بۆ نمونە دەفەرموێت: {مَنْ يُنَجِّيكُمْ مِنْ ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ}. (الأنعام: ٦٣)، لەوەڵامدا دەفەرموێت: {قُلِ اللَّهُ يُنَجِّيكُمْ مِنْهَا وَمِنْ كُلِّ كَرْبٍ}. (الأنعام: ٦٤)، لە هەندێک باریشدا وەڵامێک هاتووە کورتتر لە پرسیارەکە، چونکە دەتوانرێت بە تێگەشتن لەم وەڵامە وەڵامی پرسیارەکەی دیکەشمان دەستبکەوێت. بۆ نمونە: {ائْتِ بِقُرْآنٍ غَيْرِ هَذَا أَوْ بَدِّلْهُ}. (یونس: ١٥)، بێباوەڕان داوایان کرد لە پێغەمبەر (د.خ) قورئانێکی جگە لەم قورئانە بهێنێت، یان بیگۆڕێت. قورئان بەمشێوەیە وەڵامی دایەوە: {قُلْ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أُبَدِّلَهُ مِنْ تِلْقَاءِ نَفْسِي}. واتە: بێژە من ناتوانم لە خۆمەوە بیگۆڕم. لە وەڵامدا تەنها باسی گۆڕینی کرد چونکە گۆڕینی ئەم قورئانە ئاسانترە لە هێنانی قورئانێکی دیکە و لەم ڕێگەیەوە وەڵامی داوایەکەی یەکەمیشیان دەستکەوت. (١٣)

ئادابەکانی پرسیارکردن

کۆمەڵە ئادابێک دانراون کەوا پێویستە ڕەچاوبکرێت لەکاتی پرسیار و وەڵامدا، قورئان فێرمان دەکات لەلایەن فێرخواز و مامۆستاوە، ڕەچاو بکرێن.

## ئادابەکانی پرسیار لەلایەن فێرخوازەوە:

١/ بەرگەگرتن لەسەر ئەو نارەحەتی و ئازارانەی لەکاتی فێربووندا توشی دێت و ئارامگرتن لەسەر ئازارەکان، هەروەها شەرمنەکردن و خۆبەگەورەنەزانین لە فێربوون و پرسیار نەکردندا، مرۆڤ نابێت کەسێک هەرچەندە پێگەی لە خۆشی بچوکتر بێت و زانستییەکی لەلابێت شەرم بیگرێت یان خۆی بە گەورە بزانێت و پرسیار لەو کەسە نەکات. لەمبارەیەوە خودای گەورە بەسەرهاتی موسا و خزرمان بۆدەگێڕێتەوە سەلامی خودایان لێبێت. وەک ئیمامی نەسەفی دەفەرموێت: (وفيه دليل على أنه لا ينبغي لأحد أن يترك طلب العلم وأن كان قد بلغ نهايته وإن يتواضع لمن هو أعلم منه). (١٤). واتە: بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەوا بۆ هیچکەسێک ڕەوا نییە دەست لە فێربوونی زانست هەڵبگرێت، ئەگەر گەشتبێت کۆتا پلەش و، دەبێت خۆبەکەمزانی تێدابێت بۆ هەرکەسێک کە لەو شارەزاترە.

٢/ دەبێت پرسیارکار دەربارەی زانستی بە کەڵک بپرسێت و خۆی فێری ئەو زانستە بکات کەوا چاکە و ڕێنومای تێدایە بۆ ڕەزامەندی خودای گەورە سوودی بۆ مرۆڤایەتی هەیە. مرۆڤ خۆی بپارێزێت لەو پرسیارانەی سوودێکی پێ ناگەیەنن و خێری تێدا نییە بۆی. یان پرسیار دەربارەی شتێک نەکات کەوا پەیوەست نییە بە ئەمەوە، بەڵکە پرسیار لە شتێک بکات کەڵکی هەیە و پەیوەستە بە ئەوەوە.

٣/ هەروەها نابێت مرۆڤ پرسیار دەربارەی شتێک بکات کە دەبێتە هۆی غەمگین کردنی، لە عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە، پێغەمبەر درودی خودای لێبێت بە هاوەڵانی فەرمووە: (**لَا يُبَلِّغْنِي أَحَدٌ عَنْ أَحَدٍ مِنْ أَصْحَابِي شَيْئًا؛ فَإِنِّي أُحِبُّ أَنْ أَخْرُجَ إِلَيْكُمْ وَأَنَا سَلِيمُ الصَّدْرِ**).(١٥). واتە: هەیچ کەسێک شتم بۆ نەگێڕێتەوە لەکەسێکی دیکەوە لە هاوەڵانم، من پێم خۆشە بێمە نێوتانەوە و سینەم ساف بێت. هەروەها، خودای گەورە دەفەرموێت: (**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِنْ تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِنْ تَسْأَلُوا عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ الْقُرْآنُ تُبْدَ لَكُمْ عَفَا اللَّهُ عَنْهَا وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ * قَدْ سَأَلَهَا قَوْمٌ مِنْ قَبْلِكُمْ ثُمَّ أَصْبَحُوا بِهَا كَافِرِينَ**). (المائدة: ١٠١ – ١٠٢) خودای گەورە ڕێگری لە بەندەکانی دەکات پرسیار لەبارەی شتانێکەوە بکەن کەوا بە زانینیان غەمگین و دڵگران دەبن، وەک پرسیاری هەندێک کەس لە پێغەمبەر درودی خودای لێبێت دەربارەی باوکیان کە لە سەردەمی نەفامیدا مردبوون، کە ئایا لە بەهەشتدان یان لە ئاگردا، ئەم پرسیارانە سوودی بۆ ئەوان نیە. هەندێکجار پرسیاریان دەبووە هۆکاری بارگرانی، یان ئەو پرسیارانەی سوودیان نیە، ئەم جۆرە پرسیارانە ڕێگری لێکراون بەڵام ئەو پرسیارانەی نەبنە هۆکاری ئەو شتانە( بێسوود بێت – بە زانینی پرسیار لێکراو دڵگرانن ببیت – بارگرانی درووست بکرێت و شتێک حەرام نەبوە بەهۆیەوە حەرام بکرێت)، ئەوە ڕەوایە و فەرمانی پێکراوە وەک خودای گەورە دەفەرموێت: (**فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ**). هەروەها، دەفەرموێت خۆ ئەر پرسیار لە بارەی تێگەشتن لە ئایەتێکەوە بکەن کاتێک قورئان دادەبەزێت ئەوە بۆتان ڕووندەبێتەوە، ئەگەر نا، بێدەنگ بن لەو شتانەی خودای گەورە لێی بێدەنگ بووە. خودای گەورە لێی بێدەنگ بووە (واتە: حوکمی لە بارەوە نەداوە)، لێخۆشبوون و ڕێگەپێدانێکە لە خۆیەوە، خودای گەورە لێبوردەی میهرەبانە و لە دووی بەزەی و میهرەبانییەکەی بگەڕێن. جۆری ئەم پرسیارانەی ئێوە دەیکەن خەڵکانێک لە پێش ئێوە کردیان و کاتێک وەڵامەکەیان پێ وترا بێباوەڕبوون.(١٦)

٤/ پەلەنەکردن لە کاتی فێربوون و زۆرپرسیارنەکردن لە مامۆستا دەربارەی شتانێک کە ئێستا کاتی ئەوەنییە فێرخواز تێی بگات و کاتی ماوە لە مەبەستی زانست یان کاری مامۆستاکەی تێبگات. هەرلە بەسەرهاتەکەی موسا و خزرەوە

ئەتوانین ئەوە وەربگرین, دەفەرموێت: {قَالَ فَإِنِ اتَّبَعْتَنِي فَلا تَسْأَلْنِي عَنْ شَيْءٍ حَتَّى أُحْدِثَ لَكَ مِنْهُ ذِكْراً}. (الكهف: ٧٠)، کاتێک موسا بوبە هاورێی خزر، ئەوەی لەسەر بە مەرج دانا کەوا هەرکارێک بکات، موسا پرسیاری لێنەکات تاوەکو لە دواتردا بۆخۆی هۆکار و مەبەستەکەی بۆ ڕووندەکاتەوە. بەڵام بەهۆی کەمئارامی موساوە سەلامی خودای لێبێت پرسیاری لەسەر کارەکانی خزر کرد و خزر ماوەی هاوڕێیەتییەکەی کۆتای پێهێنا.

٥/ پرسیارنەکردن بۆ بێڕێزیکردن بە مامۆستا, یان بۆ دەستەوسان کردنی. یەکێکی دیکە لە ئادابەکانی پرسیارکردن دەبێت بۆ خۆفێرکردن بێت, نەوەک کەسەکە پرسیارێک دەستەوسانکەر لە مامۆستا بکات و بیەوێت بەهۆی ئەوەی مامۆستا وەڵامەکەی نەزانێت لە پێگەی کەم بکاتەوە و شکۆی دابەزێنێت. کە ئەمەش پێچەوانەی ئادابی جوان پپرسیارکردنە و مەبەستیش تێیدا تێگەشتن نیە لە بابەتێک و وەدەستخستنی سوودێک نییە.

٦/ پرسیار دەربارەی شتانێک نەکرێت کەوا لە بابەتە نەگۆڕەکانن و جێگیرن و یەکلا کراونەتەوە کەوا ڕاستن و ڕوودەدەن. بۆئەوەی خەڵک لێیان بکەوێتە گومانەوە و بێبڕوا ببێت پێیان یان شتانێکی دوونیایی بن و خەڵک بەهۆی پرسیارەکانی تووە کەڵکی لێ وەرنەگرن.

## ئادابی ڕەچاوکراو لەلایەن مامۆستاوە یان وەڵامدانەوەی پرسیار

لە باسکردنی تایبەتمەندییەکانی وەڵامدانەوەکانی قورئانی پیرۆز بۆ پرسیارەکان, ئاماژەمان بەوە کرد کەوا ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی ئێمە ئەم تایبتمەندیانە بەپێی توانا لە خۆماندا جێبەجێ بکەین و بتوانین ئەتوارمان قورئانیانە بێت و پرسیارمان لێکرا وەڵامی قورئانئاسا بدەینەوە. هەروەها کۆمەڵە ئادابێکی دیکەش هەن پێویستە ڕەچاو بکرێن لەلایەن کەسێکەوە پرسیاری ئاراستە دەکرێت:

١/ پێویستە ئەوزانیاریەی پێیەتی و پرسیاری لەبارەوە کراوە, بەتەواوەتی بیگەیەنێت بە پرسیارکار و نەیشارێتەوە. چون پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (من سئل عن علم فكتمه جيء به يوم القيامة و قد ألجم بلجام من نار). (١٧). واتە: هەرکەسێک پرسیاری لێبکرێت دەربارەی زانستێک و بیشارێتەوە لە ڕۆژی دووایدا لەقاوێکی ئاگرین ئەکرێتە دەمییەوە.

٢/ لە کاتێکدا کەسێک لەسەر ڕێگەیەک دانیشتووە یان وەستاوە و کەسێک پرسیارێکی لێدەکات دەربارەی جێگەیەک یان هەرپێویستیەکی هەیە و لە توانای ئەمدا هەیە بۆی جێبەجێ بکات، ئەر بەدەمیەوە بچێت و وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە ئەوە بەر ئەم مژدەخۆشەی پێغەمبەر (د.خ) دەکەوێت کە دەفەرموێت: (ومن كان في حاجة أخيه كان الله في حاجته). (١٨). واتە: هەرکەسێک بەدەم جێبەجێکردنی پێویستیەکی برایەکیەوە بچێت خودای گەورەبەدەم جێبەجێکردنی پێداویستیەکانییەوە دەچێت. هەروەها بریتییە لە مافی ڕێگە، کە پێغەمبەر درودی خودا لێبێت فەرموویەتی: ئەگەر لە سەرەڕێگە دانیشتن مافی ڕێگە بدەن, مافەکانیش ئەمانە: (غض البصر وكف الأذى ورد السلام وأمر بالمعروف ونهي عن المنكر). (١٩). بۆیە وەڵامدانەوەی پرسیار بەجوانترین شێوە و ڕێنومای خەڵکی بۆ چاکە لە وەڵامدا فەرمانە بە چاکە.

٣/ پێویستە مامۆستا گرنگی پرسیاری لەلابێت و گفتوگۆی پرسیارئامێز لەگەڵ فێرخوازان ئەنجام بدات و بواریان بۆ برەخسێنێت پرسیارەکانیان بکەن و ئەوزانیاریانەی وەریان گرتووە و گەشەی پێبکەن و لە هەربابەتێک بە هەڵە تێگەشتبن بۆیان ڕاستبکاتەوە و ئاستی تێگەشتنیانی بۆ دەربکەوێت. هانی خوێندکاران بدات لەسەر پرسیارکردن و ڕێنومایی کردنیان و خۆئامادەکردن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان.

٤/ پێویستە ئەگەر پرسیارێکی لێکرا و نەیدەزانی بێ پێچ وپەنا بڵێت نازانم، نەوەک بە هەڵە وەڵام بداتەوە. بەتایبەت ئەگەر پرسیاری ئایینی لێکرا ئەوە نابێت لەبەرئەوەی پێی نەنگییە و وا دەزانێت لە شکۆی کەم دەبێتەوە نەلێت نازانم. بەڵکە دەبێت بلێت نازانم و زانستەکەی بداتە پال خودای گەورە. ئەمە ئەتواری هاوەڵانی پێغەمبەر بوە (د.خ) هەرگا لێی پرسیبن دەربارەی شتێک و نەیانزانیبێت ئەوە زانستەکەیان داوەتە پاڵ خودای گەورە و پێغەمبەرەکەی و فەرموویانە خودا و پێغەمبەرەکەی دەیزانن. لە مەسروقەوە، لە عەبدوڵاوە، گوێی لێی بووە فەرموویەتی: « **أَيُّهَا النَّاسُ مَنْ عَلِمَ مِنْكُمْ شَيْئًا فَلْيَقُلْ، وَمَنْ لَمْ يَعْلَمْ فَلْيَقُلْ لِمَا لَا يَعْلَمُ: اللَّهُ أَعْلَمُ؛ فَإِنَّ مِنْ عِلْمِ الْمَرْءِ أَنْ يَقُولَ لِمَا لَا يَعْلَمُ: اللَّهُ أَعْلَمُ...**) واتە: ئەی خەڵکینە هەریەکێک لە ئێوە شتێک دەزانێت با بیلێت، هەرشتێکیشی نەزانی با بلێت: خودا دەیزانێت، بەڕاستی ئەوە نیشانەی زانابیە مرۆڤ شتێکی نەزانی بلێت خودا دەیزانێت. هەروەها هاتووە لە نافیعەوە، لە ئیبن عومەرەوە پرسیاری لێکراوە دەربارەی شتێک و ئیبن عومەر فەرموویەتی: «لا أدري) نازانم. پاش ئەوەی کابرای پرسیارکەر ڕۆشتووە ئیبن عومەر فەرموویەتی: « **نِعِّمَا قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ، سُئِلَ عَمَّا لَا يَعْلَمُ فَقَالَ: لَا عِلْمَ لِي بِهِ** «. عەبدوڵای کوری عومەر باشترین قسەی کرد، پرسیاری لێکرا دەربارەی شتێک کە نەیدەزانی, وتی: نایزانم.

هەروەها پێشەوا مالیک دەربارەی عەبدوڵای کوڕی یەزید دواوە و لێیەوە گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی: «**إِنِّي لَأُحِبُّ أَنْ يَكُونَ مِنْ بَقَايَا الْعَالِمِ بَعْدَهُ: لَا أَدْرِي؛ لِيَأْخُذَ بِهِ مَنْ بَعْدَهُ** «. واتە: من پێمخۆشە ئەوەی زانایەک لە دوای خۆی بەجێی دەهێڵێت (نازانم ) بێت – هەڵبەت مەبەستی ئەوەیە لە وەڵامی ئەوشتانەی کەوا نایزانێت– خەڵک لەدوای ئەو کاری پێبکەن.

لە عوقبەی کوڕی موسلیمەوە, دەڵێت: سي وچوارمانگ هاورێیەتی ئیبن عومەرم کرد لە وەڵامی زۆرپرسیارێکدا کە لێی دەکرا دەیفەرموو: نازانم، پاشان رووی لە من کرد و وتی دەزانی ئەم خەڵکانە چیان دەوێت: دەیانەوێت سەرپشتمان بکەن بە پردێک بیانگەیەنێت بە دۆزەخ.

هەروەها گێڕدراوەتەوە لە زانایانەوە فەرموویانە: نازانم نیوەی زانستە. ئەتوانین شرۆڤەی ئەم وتەیە بە وتەیەکی دیکەی زانایان بەوە بکەین کەوا فەرموویانە: «**تَعَلَّمْ لَا أَدْرِي؛ فَإِنَّكَ إِنْ قُلْتَ: لَا أَدْرِي عَلَّمُوكَ حَتَّى تَدْرِيَ وَإِنْ قُلْتَ: أَدْرِي سَأَلُوكَ حَتَّى لَا تَدْرِيَ**». واتە: فێری نازانم ببە, ئەگەر تۆ وتت نازانم, ئەوە پێیان فێریان کردوویت بزانیت و زانست دەربارەی ئەوە وەدەست بخەیت کە نایزانیت، ئهگەر بشڵێیت دەزانم، ئەوە داوایان لێکردوویت تاوەکو نەزانبیت.(٢٠).

ئەنجام

پرسیارکردن وەک ڕێگە و هۆکارێک بۆ ڕۆشنبیربوون و وەدەستخستنی زانست تەماشاکراوە و بەکارهێنراوە بەچەند شێوەیەکی جۆرا و لە قورئان و فەرموودە و زانایانی موسوڵمان چەندین وتەی جوانیان لە بارەیەوە هەیە و بەچاوی گرنگەوە لێیان ڕوانیوە. هەروەها, کۆمەڵە ئادابێک هەیە پێویستە ڕەچاو بکرێت لە کاتی پرسیارکردندا لەلایەن پرسیارکارە و هەروەها لەلایەن وەڵامدەرەوە.

## سەرچاوەکان


١/ تفسير الطبري (جامع البيان في تأويل القرآن)، محمد بن جرير الطبري، التح: أحمد شاكر، مؤسسة الرسالة، ط١، ٢٠٠٠م، (١٧/ ٢٠٨).

٢/ صحيح مسلم, التح: محمد فؤاد عبد الباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت، (١/ ٤٠).

٣/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، (٤/ ١٨٣٢).

٤/ صحيح مسلم، (١/ ٣٠٠).

٥/ صحيح مسلم، (٣/ ١٣٠٥).

٦/ صحيح مسلم، (٤/ ١٩٩٧).

٧/ صحيح مسلم، (٤/ ٢٠٠١).

٨/ صحيح البخاري، دار ابن كثير، اليمامة، بيروت، ط٣،١٩٨٧م، (٢/ ٩٣٩).

٩/ صحيح البخاري، (٢/ ٨٦٣).

١٠/ الفقيه والمتفقه، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي، المعروف بالخطيب البغدادي(٣٩٢-٤٦٣هـ )، التح: عادل بن يوسف العزازي، دار ابن الجوزي بالسعودية، ١٤١٧هـ (١/ ٣٧١).

١١/ بڕوانە: جامع بيان العلم وفضله، أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي، (المتوفى: ٤٦٣هـ)، التح: أبي الأشبال الزهيري، دار ابن الجوزي، المملكة العربية السعودية، (١/ ٣٧٣).

١٢/ بڕوانە: السؤال في القرآن الكريم وأثره في التربية والتعليم، أحمد بن عبد الفتاح ضليمي، الجامعة الإسلامية بالمدينة المنورة، الطبعة: السنة الثالثة والثلاثون - العدد١١١ - ١٤٢١هـ/٢٠٠١م، ص: ٢٩١.

١٣/ بروانە: مباحث في علوم القرآن، مناع القطان، مكتبة المعارف، الرياض، ط٨، ١٩٨١م،ص: ٢٠٥.

١٤/ تفسير النسفي (مدارك التنزيل وحقائق التأويل)، أبو البركات عبد الله بن أحمد النسفي (المتوفى: ٧١٠هـ)، حققه وخرج أحاديثه: يوسف علي بديوي، راجعه وقدم له: محيي الدين ديب مستو، دار الكلم الطيب، بيروت، ط١، ١٩٩٨م، (٢/ ٣١١).

١٥/ مسند أحمد, التح: شعيب الأنؤوط وآخرون, مؤسسة الرسالة, ط٢, ١٩٩٩م, (٦/ ٣٠١).

١٦/ تيسير الكريم المنان، عبد الرحمن بن ناصر السعدي، التح: عبد الرحمن بن معلا اللويحق، مؤسسة الرسالة، ط١, ٢٠٠٠م, (١/ ٢٤٥).

١٧/ المستدرك على الصحيحين، محمد عبد الله الحاكم النيسابوري، التح: مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت، ط، ١٩٩٠م, (١/ ١٨١). هذا حديث تداوله الناس بأسانيد كثيرة تجمع و يذاكر بها و هذا الإسناد صحيح على شرط الشيخين و لم يخرجاه.

١٨/ صحيح البخاري، (٢/ ٨٦٢).

١٩/ صحيح البخاري، (٢/ ٨٧٠).

٢٠/ بروانە: جامع بيان العلم وفضله، (٢/ ٨٤٢).

## له بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی



# بڵاوکراوەی نوێ کتێبی خاڵ ژمارە (٢٩)



## دواخاڵ



# ڕێگاچارەیەك بۆ پاراستنی بەها باڵاكان

تۆفیق کەریم

مرۆڤ بە سروشتی خۆی هۆگری بەها باڵاکانە و لە ناخەوە بە پیرۆز لێیان دەڕوانێت، ئەم هەستە تیایدا خوداکردە و داهێنراوی خۆی نییە، ڕەنگە بارودۆخ و گۆڕانکارییەکان کاریگەرییەکانیان هەبێت لە پۆلێنکردنی بەها باڵاکان و گرنگترین و لەپێشینەکانیان، دەشکرێت شۆڕشی تەکنەلۆجی لە قۆناغێکدا و لە هەندێک ناوچەدا بایەخی بەشێک لەو بەها باڵایانە کاڵ بکاتەوە، تەنانەت سیاسەتی دەسەڵاتدارانیش دەشێت جێگۆڕکێ بەو بەهایانە بکات، یاخود لە نرخیان کەم بکاتەوە، بەڵام ڕاماڵین و نەهێشتنیان پرۆسەیەکی ئەستەمە و ئەگەری سەرگرتنی نییە، لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

یەکەم: کۆمەڵگەی مرۆظایەتی بەبێ بوونی بەها باڵاکان پەیوەستبوونیان پێکەوە تێکدەچێت و وەک کۆمەڵگایەک نامێننەوە، بەڵکو بێ شیرازە و بێ ناسنامە دەبێت، بەرگەی وەها کارەساتێک ناگرێت و لەبەر خۆی هەڵدەوەشێتەوە.

دووهەم: بەشێوەیەکی گشتی بەها باڵاکان بەشێکە لە پێکهاتە مەعنەوی و نامادیەکەی مرۆڤ، مرۆڤبوون بەبێ وی ناکامڵ دەردەچێت.

ئەگەر بە زمانی ئاینیانە دەربڕین دەڵێین: خودای پەروەردگار کە مرۆظی خوڵقاندووە بەها باڵاکانیشی بەشێوەیەکی گشتی تێدا بەدیهێناوە و کردونییەتە بەشێک لە بونیادی، بۆیە بوونی مرۆظ بەبێ بوونی بەهای باڵا وێنا ناکرێت، یاخود وێنایەکی شێواوی لێ دەردەچێت.

بوونی مرۆڤ بەبێ بوونی بەهای باڵا لە خودی خۆیدا دەبێتە جێگەی پرسیار

و گومان، ئەم قسەیە بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی ئایین و زمان و.....، ڕاستە و نکوڵی لێناکرێت، بەڵام وەک وتمان کاریگەری جۆراوجۆر هەن لەسەر کاڵبوونەوەی بەهاکان و کەمبوونەوەی ڕەنگدانەوەی لە کۆمەڵگەدا، کە بێگومان ئەو کاریگەرییانەش ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بن دەبنە هەڕەشە بۆ سەر کۆمەڵگە، جا ئەگەر لەم سۆنگەوە سەرنجی کۆمەڵگەی کوردەواریمان بدەین، ئەم هەڕەشەیە بەرچاو و دیارترە.

ئێمە کۆمەڵگەیەکین خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆ نین، خاوەنی سەروەری خۆمان نین، دەستوورێکمان نییە، ئابووریەکی سەربەخۆمان نییە، بە کورتی لە زۆربەی بوارەکاندا ڕیشەمان دانەکوتاوە، جێگیر و گۆڕاوەکانمان لا تێکەڵ بووە، بۆیە دەبینین ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانە لە دەوروبەرماندا ڕوودەدەن زیاتر لە هەموو گەلانی دیکە کاریگەرییان لەسەرمان جێدەهێڵن.

بەها باڵاکان لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەڕەشەی ڕاستەقینەی لەسەرە، لیکترازان و بێشیرازەیی لەناوماندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زەقتر دەردەکەون، نەوەیەک بەڕێوەیە: سەرگەردان، شێواو، بێسەروبەر، نابەرپرس، بەهاباڵاکان لایان بێبەها و پشتگوێخراوە.

ئا لەم دۆخە تایبەت و هەستیارەدا ئەرکی نوخبەی کۆمەڵگە کە بریتین لە خەڵکە هۆشیارە دڵسۆزەکە دەردەکەوێت، چونکە ئەوان پاش دەرککردن بە قەبارەی مەترسیەکە، دەبێت هەوڵ بدەن سەرجەم ئەو کەلێنانە پڕ بکەنەوە کە ئاماژەمان پێدان، ئەوەش ئەرکێکی سەخت و دژوارە، جگە لە دڵسۆزی پێویستی بە لێبڕان و ورە و هیمەتبەرزییە.

پرۆسەیەکی ئا بەو شێوەیەش دەبێت کاری پێکەوەیی تاک و دەستە و گرووپە جیاوازەکان بێت، کۆڕ و سیمینار و دیداری بەردەوام ساز بکەن تا دەگەنە پرۆژەیەکی هاوبەشی سەردەمیانە و واقیعیانە، کە پێکەوە بتوانن جێبەجێکاری بن.

لە پێناو کاڵکردنەوەی ئەو هەڕەشە ڕاستەقینەیەی کە ئەمڕۆ لەسەر بەها باڵاکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەوارییە.

# ڕێنماییەکان بۆ نوسەرانی خۆشەویستی گۆڤاری خاڵ

یەکەم: داوا لە نوسەران و توێژەرانی خۆشەویستی گۆڤارەکەمان دەکەین، کە پابەندی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بن لە ناردنی بابەتەکانیاندا بۆ گۆڤارەکە:

١ـ ناونیشانەکان کورت و پوخت بن.

٢ ـ ناوەڕۆکی بابەتەکان دەبێت تەعبیر بێت لە ناونیشان و بە پێچەوانەشەوە.

٣ ـ نوسینەکان دەبێت زانستی و پوخت بێت و لە (٣٠٠٠) وشە زیاتر نەبێت.

٤ـ بە وردی ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکان بکرێت.

٥ـ ڕەچاوی خاڵبەندی بکەن.

٦ـ بابەتەکانیان بە فۆنتی کوردی(یونیکورد/Unikurd goran) بنوسن و ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستە و سەرچاوانەشی کە عەرەبین بە فۆنتی(Ali K sahifa bold)بنوسن.

٧ـ نوسەران بەر لە ناردنی بابەتەکانیان هەڵەچنی زمانەوانی وردی بکەن.

٨ـ لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا، وێنەیەکی ڕوون و پرۆفایلێکی کورتی خۆیان بەوشێوەی کە لە ژمارەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

دووەم: هەر لە گۆڤارەکەدا ڕێگە دەدرێت بە بڵاوکردنەوەی: گفتوگۆی زانستی، خوێندنەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە قورسایی زانستی و ڕۆشنبیرییان هەیە لەگەڵ کورتە و پوختەی ئەو کتێب و نامە ئەکادیمییانەی کە بە شێوازێکی زانستی نوسراون و دەکرێت خوێنەر لە ڕێگەی ئەو پوختەیەوە شارەزای ناوەڕۆکی ئەو نوسینانە ببێت.